# رابـــوون

گۆڤارێکی کولتووریی گشتییه - ژماره ١٠و١١ - ١٩٩٤

بابه‌ته‌کان:

* له شاخه‌وه بۆ شار، ڕۆڵی حزب و حکومه‌ت!
* ئیمپراتۆریه‌ت بۆ حزب، یان قه‌واره بۆ گه‌لێکی بێده‌وڵه‌ت؟
* ده‌وڵه‌تێکی کوردی: به‌شدارییه‌کی پێویسته بۆ پاراستنی ئاشتی له خۆرهه‌ڵاتی نزیکدا!
* دیموکراتبوون، یان دیموکراتیبه‌کارهێنان؟
* مێ وه‌چاغی له کوردستان
* له پێناوی ژیانه‌وه‌ی ئافره‌تدا

هەواڵنامەی کتێب

# رابـــوون

گۆڤارێکی کولتووریی گشتییه – ژماره ١٠و١١ – ١٩٩٤

سەرنووسەر: ڕەفیق سابیر

دەستەی نووسەران

کەمال میراودەلی
هاشم کۆچانی
کاروان عەبدوڵڵا

بەرپرسیاری هونەری: دیلان دەرسیم

ناونیشان:-
RaBûN
Box 25161
750 25 Uppsala
Sweden

ژمارەی پۆستگیرۆ: 9211995-7

ISSN 1102-4372

٦٩

## دەروازە

کوردەکان ئەگەر کارێکی ناپەسندیان هەبێ هەر ئەوەندەیە کەسیان سەر بۆ کەسیان ناچەمێنێ و بۆ یەکتر نایەنە بەر کەمەند و هەروەک تاکە تاکە تێکرایی ناکەن و پشتی یەکتری ناگرن و نابنە یەک.

دەربارەی ئەم کارە نالەبارە مامۆستای زانا مەلا سەعدەدین کە فێرکاری سوڵتان مرادخان بووە لە کتێبە مێژووییەکەیدا (تاج التواریخ) کە بۆ عوسمانییەکانی داناوە لەمەڕ کوردیشەوە دواوە و دەڵێ:

"هەموو کوردێک بۆ خۆی سەربەخۆیەکە و ئاڵای ملهوڕی و زۆرداری بەرزکردۆتەوە و لەناو ئەو شاخ و کێوانەدا بەسەربەستی دەژی. ئەگەر سەرنج بدەیە باری یەکدیگیری و هاوبیری و هاوکارییانەوە تەنیا لە شادە و ئیمانهێناندا نەبێ لە هیچ شتی تردا یەکتر ناگرنەوە."

**شەرەفنامەی شەرفخانی بدلیسی**

**هەژار کردوویە بە کوردی-ل٣٦**

# ئەمنستی جیهانی،
# داوا لە سەرکردایەتی کورد دەکا
# کۆتایی بە خراپ بەکارهێنانی مافی مرۆڤ بهێنێ

News service/1

نیشانە: MDE14/WU 01/94

عیراق: ئەمنستی جیهانی داوا لە سەرکردایەتی کورد دەکا کۆتایی بە خراپ بەکارهێنانی مافی مرۆڤ بهێنێ.

ئەمڕۆ ئەمنستی جیهانی بانگەوازی سەرۆکی پارتە سیاسیە کوردەکانی هەرێم دەکا کوشتنی بە مەبەست و ئەتککردنی زیندانییەکان و ڕفاندن و کوشتن و ئەشکەنجەدانی کەسانی مەدەنی لەبەر بۆچوونی سیاسییان بوەستێنن.

**ئەمنستی ئینتەرناشناڵ دەڵێ:**

"ئەمە شەرمەزارییە بۆ کوردەکان، خۆیان بۆ ماوەیەکی یەکجار درێژ بوویوونە قوربانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەلایەن هێزەکانی حکوومەتی عێراقەوە، کەچی ئێستا جارێکی تر تووشی ئەو نەگبەتییە بن، بەڵام ئەمجارەیان لەسەر دەستی سەرۆکی حیزبە سیاسییەکانی خۆیان." لە یەکی ئایارەوە، کە گرفتەکە بە هۆی ناکۆکی زەوییەوە لە قەڵادزێ دەستی پێ کرد، ئەمنیستی چەند دەرزەنێک ڕاپۆرتی خراپ بەکارهێنانی مافی مرۆڤی لە کوردستان پێ گەیشتووە. کە دەڵێن لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی کوردستانەوە کراون. هەرچەندە کارێکی گرانە لەم قۆناغەدا بە شێوەیەکی سەربەخۆ ڕاستی و دروستی ئەو ڕاپۆرتانە بسەلمێندرێ. ئەمنستی دەڵێ: لە سێ ساڵ لەمەوبەرەوە کە ناوچەکە کەوتووەتە ژێر دەسەڵاتی کورد، خراپکاری تری لەم جۆرە ڕوویان داوە.

لە مانگی ڕابردوودا چەند سەد پێشمەرگە و کادر لە لایەن هەردوو حیزبەوە بە دیل گیراون، چەندانیان بە گۆڕینەوە بەردراون، بەڵام دەوترێ پارتی و یەکێتی هەردووکیان بە مەبەست گیراوەکانیان کوشتووە. ئەمنستی ئینتەرناشنال زانیاری و ناوی ٥١ ئەندامی پ.د.ک.ی پێگەیشتووە کە دەوترێ لە لایەن ی.ن.ک.وە، دوای گرتنیان، لە ٣ تا ٢٣/٥ لە قەڵادزە، ڕانیە، کفری، هەڵەبجە، کۆیە، سولەیمانی، دەربەندیخان و چوارقورنە کوژراون. هەروەها ناو و زانیاری دەربارەی ٤٩ ئەندامی ی.ن.ک.ی پێگەیشتووە کە دەوترێ لە لایەن پ.د.ک.، دوای گرتنیان، لە ٤ تا ٢٨/٥ لە خورماڵ، سەلاحەدین، ئاکرێ، حاجی هۆمەران و بەردەرەش کوژراون. هەروەها دەوترێ لە خورماڵ هێزەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی شانبەشانی پ.د.ک. خەڵکیان کوشتووە. پدک و ینک دان بەوەدا نانێن کە دیلیان کوشتووە و دەڵێن کە ئەوانە لە شەڕدا کوژراون، دەوترێ کە هەندێ لە قوربانییەکانی هەردوو لا پێش کوشتنیان ئەشکەنجە دراون و دوایش لاشەکانیان ناشرین کراوە.

هەروەها ڕووداوی گرتن و کوشتن و ئەشکەنجەدانی تاکەکەسان بە هۆی بیر و پێوەندی سیاسییانەوە لە لایەن ئەمنستییەوە لێی دەکۆڵرێتەوە.

شەڕی یەک مانگە، بەخێرایی، بوو بە شەڕێکی سەربازی گەورە لە نێوان هەردوو حیزبەکەدا لە سلێمانی و کەرکووک و هەولێر و دهۆک. ینک دەڵێ کە هێزەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی و کۆمەڵێکی بچووکتری حیزبووڵڵای شۆڕشگێڕی کورد و پاسەوانانی ئێرانی شانبەشانی پدک شەڕیان کردووە، بەڵام پدک و بزووتنەوەی ئیسلامی نکۆڵی لەمە دەکەن.
لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا، لێکدانی گەورە کە بەکارهێنانی تۆپیشی تێدابوو، ناوشاری هەولێری گرتەوە، کە نێوەندی ئیداری هەرێمە و تا ئێستا بە (ناوچەیەکی بێلایەن) دیاری کرابوو.

ئەم شەڕە ئیدارەی کوردی، هەروەها پەرلەمانی کوردی (لە داگیرکردنیەوە لە لایەن ینک لە ٣/٥وە) ئیفلیج کردووە. بینای تری گشتیش لە هەولێر داگیرکراون، لەوانە "ئەخۆشخانەی ڕزگاری" هێزەکانی پدک ی تێدان.

نێوبژێکردن لە لایەن ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراقەوە بە لای کەمەوە بووەتە هۆی مۆرکردنی دوو ڕێکەوتننامە لە نێوان پدک و ینک دا. بەڵام بەردەوام لێیان لادراوە. داواکاری کۆتاییهێنان بە شەڕ لە لایەن خۆپێشاندەرانی مەدەنییەوە لە لایەن سەرکردایەتی کوردەوە فەرامۆش کراوە.

دوای هەڵبژاردنی پەرلەمان لە مایسی ١٩٩٢ و دامەزراندنی ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان، هەندێ هەنگاوی باش بۆ چاودێری مافی مرۆڤ لە کوردستاندا هەڵگیران. بەهەرحاڵ، قووڵبوونەوەی کێشەی سیاسی کە تا ڕادەیەکی زۆر لە ئەنجامی ناکۆکی

دەربارەی دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان پدک و ینک دا بووە، بۆتە هۆی بەرەبەرە داوەشانی مافی مرۆڤ. بۆ نموونە کوشتنی خەڵک بە هۆی پاڵنەری سیاسیەوە لەناو پدک و ینک و بزووتنەوەی ئیسلامیدا زیادی کرد. ئەمە بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٩٣دا لە ناوچەی بادینان بەرچاو بوو، کە لەوێدا پدک هەندێ کادری سیاسی سەر بە کۆمەڵەی بچووکی مارکسی و کۆمۆنیستی کوشت.

دوای سەردانێکی کوردستان بۆ مەبەستی ئاشکراکردنی ڕاستییەکان لە شوباتی ١٩٩٤دا، ئەمنستی گەیشتە ئەو ئەنجامە کە ینک و بزووتنەوەی ئیسلامی بە مەبەست هەندێ دیلی یەکتریان لە کانونی یەکەمی ١٩٩٣دا کوشتووە. هەروەها بەڵگەی پزیشکی و فۆتۆگرافی هەبوو کە هەردوو لا دیلەکانیان ئەشکەنجەداوە و لەشی هەندێ لە کوژراوەکانیان بڕیوە و ناشرین کردووە.

لێپرسراوانی هەردوو حیزبەکە یەکتریان بە ڕەشبکوژی تاوانبار کردووە، بەڵام تا ئەو ڕادەیەی ئەمنستی ئاگادارە هیچ لایەنێکیان لەو تومەتانەیان نەکۆڵیوەتەوە کە دژ بە ئەندامانی خۆیان کراوە، تا ئێستاش کەس نەدراوەتە دادگا!.

# بانگەوازێکی جیهانیی بۆ پشتگیری کردنی گەلی باکووری کوردستان

لۆمۆند ١٩٩٤/٦/٨
وەرگێڕانی: ئەزەند بەگیخانی، پاریس

لە کاتێکدا ئێمە لە ئاهەنگی پەنجا ساڵەی هێرشی هاوپەیمانەکان بۆ سەر سووپای هیتلەری دەگێڕین و ڕێزو شەرەف لە قوربانییەکانی ئەو بەربەریزمەی ڕابردوو دەنێین، لە نزیکمانەوە، لە وڵاتێکی دۆست کە لە لایەن پیاوە دیموکراتیەکانمانەوە پڕ چەک دەکرێ و یارمەتی دەدرێ، میللەتێک کە مێژوو لەگەڵیان خراپ بووە، لە کاتێکدا ڕای گشتی بێباکە لێیان، ئەوان سیاسەتی وێرانکردنی بەردەوامی گوندەکانیان و ئاوارە کردنی بەزۆر و لە ناوبردنی دەستەی هەڵبژاردەی سیاسی و ڕۆشنبیرەکانیان دە چێژن.

هەموو مانگێک، لە ناو بێدەنگی جیهانیدا ، نزیکەی سی (٣٠) گوندی کوردی لە سەر نەخشە دەسڕێنەوە، دارستانەکانی دەسووتێنرێن.

لە بەرامبەر هێرشی بە هێزی شێواندنی هەواڵەکان لە لایەن ئەنقەرەوە ، کە دەیەوێت کێشەی شەرعی و دیموکراتی ١٥ ملیۆن کوردی تورکیا لە چوارچێوەی تیرۆریزمی پ.ک.ک. دا بچووک بکاتەوە، ئەو ڕێکخراوە نادەوڵەتیانەی خوارەوە کە پشتگیری کورد دەکەن و دژی هەموو جۆرە توندو تیژییەکن، دەیانەوێ ئەم ڕاستییانەی ژێرەوە بە ڕای

گشتی بناسین:

یەکەم: لیستی ئەو گوندە کوردییانەی لە لایەن سووپای تورکییەوە ویران کراون: (لیستی زیاتر لە ۸۰۰ گوندی وێران کراو، کە لە هەنگاودا ناتوانین لەبەر زۆری بڵاویان بکەینەوە.)

بەشێکی زۆری شارە کوردییەکانی وەکو شیرناک، کوڵپ، لیجە و چکورچە ویران کراون. نیوەی دانیشتوانی شارەکانی دیکەی وەک جەزیرە، سلیڤان، ئیدل، میدیات و نوسەیبین بە هۆی سیاسەتی کوشتن و تۆقاندن لە لایەن دەسەلاتداری تایبەتی تورکییەوە لە ناو بردراون. ئەو دەسەلاتدارە تایبەتییانە لە ماوەی دوو ساڵدا ۱۶۳۸ رۆشنبیر و پیاوی سیاسی و نەقابی و مامۆستای دیموکراتی کوردیان کوشتووە. لەوانە شاعیری کورد مووسا عەنتەر کە تەمەنی ۸٤ ساڵ بوو، نوینەری ماردین موحەممەد سنجار و ۷۲ کەسی دیکەی سەر بە پارتەکەی، لەگەڵ ۳٤ رۆژنامەنووس و دابەشکەرانی رۆژنامە. چەندەها هەزار شۆڕشگێڕی کورد لەبەر ئەوەی خاوەنی رای جیاوازن خراونەتە بەندیخانەوە، لەوانە: ئەندامانی پەرلەمان لەیلا زانا، موحەممەد ئەلیناک، خەتیب دیجلە، ئۆرهان دۆگان، سیری سەقیق و ئەحمەد تورک کە لە چواری نیسانەوە خراونەتە بەندیخانەوەو هەرەشەی سزای مەرگیان لێ دەکرێت. مەهدی زانا، پارێزگاری کۆنی دیاربەکر کە پێشوو ۱۵ ساڵ ژیانی لە بەندیخانە بەسەر بردووە، لەبەر ئەوەی لە پەرلەمانی ئەورووپی بە راستی دواوە، چوار ساڵ حوکمی زیندانی لەسەر دراوە.

ئیسماعیل بێشکچی کە پێشتر لە ئەنجامی نووسین نووسینەکانی دەربارەی کورد ۱۳ ساڵ ژیانی لە بەندیخانە بەسەر بردووە، لەبەر دوو کتێبی تۆتی پێنج ساڵ حوکم دراوە. ئەمانە و ٦٤ رۆژنامە نووس و کۆمەڵێ پرۆفیسۆری دانیشگا و پارێزەریش.

لە کانوونی یەکەمی ۱۹۹٤ ەوە بەلای کەمەوە ۵۸۹۹ کەس خراونەتە بەندیخانەوە و ئازار دراون. لەماوەی پانزە رۆژدا ٦٤ یان مردوون و لە ناوبراون. لە ئەنجامی تیرۆریزمی دەوڵەت کە لە ساڵی ۱۹۸۰ وە لە کوردستانی تورکیا پەیڕەودەکرێت، نیوەی دانیشتوانی کوردستان لە ناوچوون، بە ئاشکرا وا دیارە مەبەستی دەسەلاتدارانی تورک چۆڵکردنی کوردستان و تێکشکاندنی زەمینەی کێشەی کورد و پەرت و بڵاوکردنەوەی خەڵکی کوردە بۆ تواندنەوەیان لە ناو چوارچێوەی پرۆژەی تەقلیدی «پێکهاتەوەی رەگەزی وڵات» کە بە جینۆسایدی ئەرمەنییەکان دەستی پێکرد و دەرکردنی یەک ملیۆن و دووسەد هەزار

یۆنانی لە سـالانی ١٩٢٠ دا لە ئەناتۆلیا، بە دوادا هات و دەیانەوێ بە پەرت و بلاوکردنەوەی کورد کۆتایی پێ بهێنن.

حکومەتەکانمان ئاگاداری ئەو کردەوانەی تورکیان و دەشزانن کە شەڕی کوردستان تا ئێستە بۆتە هۆی لە ناوچوونی پانزە هەزار کەس و تەرخان کردنی ٢٥ ملیار دۆلار لە بودجەی تورکی.

ئێمە شەرمەزارین بەرامبەر بە هەلوێست وەرنەگرتنی حکومەتەکانمان و بەرامبەر بەوەی کە دەزگا رۆژئاواییەکانی وەکو ئەنجومەنی ئەوروپی و ناتۆ بەردەوام پێشوازی تورکیا دەکەن لە نێوان خۆیاندا و کارتی رەفتار چاکی پێدەبەخشن.

ئەو رێکخراوانەی ئەم بانگەوازەیان ئیمزا کردووە، لەو باوەڕەدان کە لە باری ئێستادا هەر وولاتیک چەک بە تورکیا بفرۆشێت یا یارمەتی ئابووری بدات، کە لە ئەنجامدا لە شەڕدا بەکار دەهێنرێت، هاوکاری ئەو هێرشەی تورکیا دەکەن بۆ وێران کردن و چۆلکردنی کوردستانی تورکیا.

ئەم رێکخراوانە داوا لە دیموکراسییە رۆژئاواییەکان دەکەن، هەلوێست وەربگرن ، یان داوا لە تورکیای دۆستیان بکەن واز لەم سیاسەتەی لەناوبردن بهێنێ و لە ژێر یەکیتی ئەوروپی یا CSCE یان UN چارەسەریکی سیاسی بۆ کێشەی کورد دابنێت. یان ئەگەر ئەنقەرە لە سیاسەتی ئێستای بەردەوام بێت، ئەوا هەموو یارمەتییەکی سیاسی و ئابووری و سەربازی لێ قەدەغە بکریت و لە دەزگا رۆژئاواییەکانیش دەربکریت، چونکە مانەوەی لەم دەزگایانە بۆ ئێمە شەرمەزارییە.

ئیمزاکراوە لە لایەن:

Agir Ensemble Pour Les Droits de l'Homme, Agir Ici, CGT, CIMADE, Comité National de Solidarité au Peule Kurde, CRIDEF, Fédération Internationale des Ligues des Droits de l'Homme, Fédération Internationale des SOS Racisme, Fondation France Liberté, FSU, LICRA, Maison du Monde, Médecin du Monde, MRAP, Nouveaux Droits de l'Homme, Peuples Solidaires; SNES, SOS Racisme, Terre des Hommes-France, Comité de Défence des Liberté et des Droits de l'Homme.

# کێ بەرپرسیارە لە تێکشکانی ئەزموونی باشوری کوردستان؟

کاروان عەبدوڵڵا

دوای دوو ساڵ لە پێکهێنانی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان، هێزە حوکمڕانەکانی کوردستان، چوغزی ئەو پەیوەندییە لەرزۆک و چرووکەیان شکاند و چیتر نەیانتوانی تەحەممولی هاودەسەڵاتێتی پەنجا بە پەنجای یەکتر بکەن و سەنگەری جیابوونەوە و تۆڵە و یەکلاکردنەوەیان لەسەر خاک و گەلی یەکبووی کوردستانی خواروو دامەزراند و لوولەی تفەنگەکانیان ڕووبەڕووی یەکدی ڕاگرت... بەڵێ ئەوانە ڕێگایەکی ئەوتۆیان هەڵبژارد، کە بە دڵی دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان بوو.

زۆریان گوت: نەکەن! فتیلەی شەڕ ئەگەر هەڵگیرسێ، دامرکانەوەی زەحمەتە... ڕەگی فتیلە لە دەروونداية و گڕەکەشی لە مێشک! خۆ دەزانن گڕی فتیلەی شەڕیش خوێنی گەرمەکە خوێن!

بەر لە شەڕ و سەنگەرلێدان، زۆرمان گوت، مانای شەڕ و ئازادی، گەل و سەربەستی، دیمۆکراسی و پەرلەمان، حکومەت و یاسا ...هتد هەموو ئەو شتانە ڕوون دەکرانەوە... لەولاوەش زمانتان، ڕۆژنامەکانتان، سەرکردەکانتان، بە دڵی خەڵک دەئاخڤین... دەمانگوت ڕەنگبێ سەرکردەکان، لە ئێمە دڵسۆزتر بن، زانا و تێگەیشتووتر بن، هەر هیچ نەبێ ڕەنگبێ وەکو من و تۆ بیر بکەنەوە، ئەوانیش ئەو ڕاستیە بزانن، کە شەڕی خۆبەخۆیی، تێچووتی هەموو لایەک دەگەیەنێ.

گەلی کوردستان هەر دوای (ڕاپەڕین و کۆچڕەو و گەڕانەوە و پاراستنی نێودەوڵەتان) بە ئیرادەی خۆی و بە حەماسەتێکی یەکجار بەرز بەشداری لە هەڵبژاردندا کرد، لەو قۆناغەدا زۆربەی دەنگەکانی بە دوو هێزی سەرەکی دا، هێزەکانی تر لەگەڵ ئەوەی لە پەرلەمان و حکومەتدا بێبەش کران، بەلام نەبوون بە هێزی ئۆپۆزیسیۆنی سلبی و چەکیان بە ڕووی ئاکامەکانی هەڵبژاردندا بەرز نەکردەوە. دوو هێزە سەرەکییەکە لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە پەرلەمان و حکومەت دابەش بکەن و پێکەوە لە بەڕێوەبردن و ئاوەدانی و ئەمن و ئاسایشی کوردستان بەشداری بکەن.

ئەم گەلە کە رای هەرە زۆری بەو دوو هێزە دا بۆ ئەوە نەبوو یەکێک ئەوی دی لە قاف بنێ... بۆ ئەوە بوو ئەو مەسئولیەتە مێژووییە بخەنە سەرشان و سنووری بەرژەوەندییەکانی گەل نەبەزێنن. ئەو دوو هێزە بۆ ئەوە نەهاتن کە ئارەزووی هەفتا ساڵەی رژێمە داگیرکەرەکان بێننە دی... هەفتا ساڵە کورد لە کوردستانی خوارووداا بۆ رزگاربوون لە جوغزی لەعنەتی (راپەرین، تێشکان، هەڵسانەوە) هیچ ئەما ئەیکا و ئەیبەخشێ، ناتوانێ لە نێوان زنجیرەیەک دڕندە و لەسەر خاکێکی وێرانکراو و خەڵکێکی رەشپۆش وماڵوێران، دەستی سەرکەوتن رووە و ئاسۆی گەش بەرێ و خۆی بداتە بەر شنەبای دیمۆکراسی و ئازادی سەردەم.. ئەم گەلە بۆ یەکەمین جار هەستی بە تام و چێژی ئازادی کرد، هیوا و ئومێدەکانی، لەو فەزایەدا زۆرتر و گەورەتر بوون. بێگومان، دیارە گەلێکی زیندانیکراو و تۆقێنراو و بەکیمیاویکراو، لە دوای رزگاربوون، چەندە رێز لە بەهای ئازادی دەنێ. گەل بەڵێنی خۆی بەجێگەیاند، گەل راپەڕی و ئازادی وە دەست هێنا. رۆڵە نیگەران و دووداڵ و یاخیبووەکان و شۆڕشگێڕانی خۆی (کە لەسەر لێواری مردن بوون) لە پەنا شاخ و دۆڵ و عاسێکانی کوردستاندا دەرهێنا و گوڵی ئازادی پێ بەخشین.

بەڵێ ئەو هێزانەی، لە هێزی شاخ و شەکەتی و بێتوانایبدا کرد بە هێزی شار و هەراو و بەرفراوان. باوەڕی وا بوو، کە بوونەتە هێزی شارستانی و خزمەتگوزاریی گەل و خاکی کوردستان... ئەم گەلە لە خۆی را ئەدیت، کە ببێتە نموونەیەکی بەرچاوی ناوچەی رۆژهەڵات لە پاراستنی مافی مرۆڤ و چەسپاندنی حوکمی یاسا و بەرقەرارکردنی سیستمی چەند حزبێتی. لە هەمووی گرنگتر باوەڕی وا بوو، کە ئەو دوو هێزە دەتوانن کێشە نێوخۆییەکانیان بە رێگەی گفتوگۆی ئاشتیانە چارەسەر بکەن، کەچی هەر دوای پێکهێنانی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان، ئەو مەبدەئە پیرۆز و کاریگەرانە لەسەر دەستی ئەو دوو هێزە شوێنیان لەق بوو و بەتەواوی پێشێل کران و پەیمان و بەڵێنە میللییەکانیش کە هێزە حوکمڕانەکان خۆیان پێناساندبوو، خرایە ژێر پێ و وەفاداری تەنیا بۆ پاراستنی حزب و لایەنگرەکانیان بەجێهێنرا.

زۆرمان گوت: بنەمای بەرەوپێشبردنی ئەو ئەزموونە بە ئەنتی دیمۆکراتیک ناکرێ... گوتمان: ئاگادار بن، هەر لە نێو جەستەی هەردووکتان کرمی ئەنتی دیمۆکراتیک لە حاڵی زاوزێ دایە. وەک ئەختەبوت هەموو لایێکتان لێ دەگرن، دەخزێنە نێو کاریگەرترین ئەندامی بڕیاردان. دەگەنە نێو نووکی قەڵەمەکانتان. ئیرادەتان لێ دەسێنن، ئەگەر بگا بەو ئاکامە خۆشتان دەستەوئەژنۆ دادەمێنن، خۆشتان نازانن بۆ بڕیارەکانتان هەناسە نادەن، بۆ ناتوانن هیچ برینێک سارێژ بکەن، شوێندڕاوێک بدروونەوە، شەڕ و ئاژاوە دامرکێننەوە؟ دەزانن بۆ؟ چونکە هەر لە بنەوانەوە جڵەوی هێزەکانتان لە دەست دەرچووە و ئێستاش بە یاسای پرۆسێسی سیاسەتی زۆروبۆر و خۆپەرستی بەڕێوە دەچێ. دیارە هەر هێزێکیش، لە هەر شوێنێک و هەر کێش سەرکردەی بێ، لەمە زیاتر چاوەڕوانی هیچی تری لێ ناکرێ.

ئێوە سەرتان لە خەڵکی کوردستان شێواندووە، هەردووکتان خوازیاری شەڕ نین، کەچی

شەڕیش دەکەن و شەقیش لە ئاشتی هەڵدەدەن. هەرچی درۆ و دەلەسە و بڕ و بیانوو و بەڵگەی دروستکراو هەیە دەیخەنە ڕوو، دوایش دەڵێن: ئێمە شەڕخواز نین... لە بڵاوکراوە و تەلەفزیۆن و ئێزگەکانتاندا مەسەلەی گەل و خاک و دەستکەوتەکان پیرۆزترین ئامانجن، کەچی لە عەمەلدا کەمترین هەلیش لە دەست نادرێ بۆ پێشێلکردنی کەرامەتی خەڵک و لەقورهەڵکێشانی مافی مرۆڤ و بەفیڕۆدانی کەسانی دڵسۆز. ئەم شەڕە خوێنێکی پاک بۆ مەبەستێکی چەپەڵ لە جەستەی گەل دەڕژێنێ. ئەوانەی نوقمی خوێنی خۆشیان دەبن، جێی شانازی و دڵخۆشی کەس نابن، چونکە بە دەستی هاوسەنگەر و هاوئامانج و براکانیان کوژراون.

خەڵکی کوردستان لە هەردووکتان دەپرسێ: ئێوە بۆچی و لەسەر چی شەڕ دەکەن؟ ڕەنگبێ وەڵامی هەر یەکتان هەر ئەوە بێ: من نیم، خەتا لە تەرەفەکەی ترە!

ئێستا و لە داهاتووشدا، ڕەشوڕووتی کوردستان لە هیچتان ناگەن، کە ئێوە کامتان دڵسۆزترن، کوردترن، شۆڕشگێڕترن. بۆ ئەوان تەنیا ئەو دوو ساڵەی حوکمڕانیتان بەس بوو: مەحەکێکی گەورە و چارەنووسساز بوو، کە تا چەند قابیلی ئەوەن تاجی ئەو پرۆسێسە مەزنە بەسەر سەری ئێوە بێ. ئێوە شەڕەکانتان بەهەق نە شەڕی ئایدۆلۆژیا و چینایەتی و نەتەوەخوازی بوو، نە شەڕی چەپ و ڕاست و بۆرژوا و دەرەبەگ و هەژار و دەوڵەمەند بوو، شەڕەکانتان شەڕی عەقڵی پاشکەوتوو، پاشکۆیی عەقڵ، شەڕی بەر لە شارستانی و مەنتیقی دیکتاتۆری و بۆچوونی تاکحزبی و شەڕی پاراستن و بەپیرۆزکردنی (تقدیس) سەرکردە و بڕیارەکانی بوو.

لە دوو توێی ئەم شەڕانەدا پرسیارێکی گرنگ سەری هەڵدا، ئەویش ئایا (گەل) چ مانایەکی هەبووە لە قامووسی ئەو دوو هێزەدا؟ دیارە چارەنووسی گەلی کوردستان، بەو ئەزموونە گرێدرابوو، کە دەبوو بە هەر نرخێک بووایە بپارێزێ، کەچی گەل وەک (وەسیلە)یەک بۆ قازانج و مانەوەی حزب (ئامانج) بەکارهێنرا. چونکە لە مەنتیقی هەردوو هێزەکەدا سەرخستنی حزب، کە لە نێویدا خاوەنبەرژەوەندەکان کۆ دەبنەوە، مەسەلەیەکی حەیاتی و مان و نەمان بوو، نموونەش ئەوەتا خەڵکی کوردستان لە زەمانی بەعسیش شەڕی نێو شارەکانی بەو شێوە خەتەرناکە نەبینیوە و ئەوەی زەرەر و زیانیشی پێ دەکەوێ (سەرەڕای چەشتنی زەحمەتی باری ئابووری ئەمڕۆی کوردستان) هەر خەڵکە هەژار و بێدەسەلاتەکەیە. لەمەش ترسناکتر بە سووتەمەڕۆکردنی هەمان ئەو خەڵکە بێدەرەتانەیە، کە ناچار دەکرێن بیانخەنە سەنگەری براکوژی و ببنە قوربانی ئەو لوقمەنانە بە لوغم پێچراوە!

دیارە شەڕێکی وا، لە سەردەم و ناوچەیەکی وا، قەت لەو سنوورەدا نامێنێتەوە، بەربڵاوبوونی شەڕیش وەگەڕخستنی بەردەوامی چەک و تفاق و پارە و پوولە، ئەم

وەگەڕخستنەش هەر بۆ ماوەیەک بە کورد دەکرێ، دوایی دەبێ هۆکاری دەرەوە ئیدامەی پێ بدا، کە مەسەلەکەش بگا بە ئێرە ئیدی جڵەو لە دەست کورد دەردەچێ و سەد خۆزگە بە کارەساتەکانی پێشوو!

دیارە ئەو دوو هێزە بیریان لە دوارۆژی پەرەسەندنی عەقلی پۆزەتیڤانەی خەڵکیش کردۆتەوە بۆیە لەگەڵ شەڕ و پێکدادانەکانیشیان هەوڵ ئەدەن نەهێڵن جەماوەر بە تاقیکردنەوەی سەربەخۆیانەی خۆی ڕاستی و دروستی ئەم شەڕە و ئەم هێزانەی بەتەواوی بۆ دەرکەوێ، چونکە کەمترین هێمنی و بیرکردنەوەی ئازاد و سەربەخۆ چاوی خەڵک دەکاتەوە و هێزی شیکردنەوەی پێ دەبەخشێ و خۆی دەبێ بە تەرەفی یەکلاکەرەوە. ئەو یەکلاکردنەوەیەش قەت لەسەر ئەوە نابێ کە لای یەکێ بگرێ و لاکەی تر تاوانبار بکا. چونکە ئاکامی شەڕ بۆ جەماوەر لەدەستدانی هەموو شتێک بووە، واتە هەموو شتێک کە خۆی خاوەنەکەی بووە و ئەو دوو هێزە شەڕیان لەسەر کردووە و ناوەڕۆکە پڕبەهاکەیان لەنێوبردووە.

هەر چۆن بووبێ و چیتریش لە دوارۆژدا ڕوو بدا، خەتا لە کام لا بووبێ و کێ ویستبێتی ببێ بە دیکتاتۆری کوردستان، بە لای خەڵکەوە گرنگ نیە، ئەوەی گرنگە و خەڵکی بەو ڕاستیە گەیاند، ئەوەیە کە ئەو دوو هێزە بکوژی گەورەی ئەزموونی گەلی کوردستان بوون، هیچ هەنجەت و بەڵگەیەکیش ئەو تاوانە مێژووییە لە نێو چاوانی ئەوان ناسڕێتەوە و قەتیش گەلی کوردستان لە کۆریەی زیندەبەچاڵکراوی خۆی خۆش نابێ و هاکا جارێکی تر چارەنووسی خۆی ڕاگەیاندەوە و حوکمی خۆی دا.

# ئیمپراتۆریەت بۆ حزب
# یان قەوارە بۆ گەلێکی بێدەوڵەت؟

هاشم کۆچانی

ڕاپەڕین و کۆڕەوەکە سەرنجی دنیایان بۆ لای کێشەی گەلەکەمان ڕاکێشا. هەڵبژاردنی دیموکراتیانەی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەت و ڕاگەیاندنی فیدرالیزم، سەرەتایەکی ئەوتۆیان خوڵقاند، کە باس لە ئەزموونی بەجیا هەڵکەوتووی باشووری کوردستان بکرێ. لێرە و لەوێش بەرامبەر بە تاقیکردنەوەی خوێناوی دەوڵەتانی وەک ئەفغانستان و سۆمالیا و شوێنی تر، ئاماژە بۆ تاقیکردنەوە و پێکەوەهەڵکردنی کوردستان دەکرا و، لە هەندێ ڕووشەوە لەچاو وڵاتانی ناوچەکە، کوردستان بە وڵاتێکی لەبارتر دەبینرا بۆ سەرهەڵدانی دیموکراسی سیاسی و پلورالیزم و پاراستنی مافی مرۆڤ. ئەمەش پلە و پایە و متمانە پەیداکردنێکی مەزن بوو بۆ کێشەکەمان و، ڕێگایەکی لەبار بوو بۆ بە جیهانیکردنی کێشەکە و خۆسەلماندن.

بەلام هەردوو حزبە حوکمڕانەکە (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) کە بە هەڵگیرساندنی شەڕی ئێستایان، لە خەتی نیشتمانی لایانداوە، تاقیکردنەوەکەیان دووچاری مەترسییەکی گەورە کردۆتەوە و زەبرێکی کوشندەیان لەو پلەوپایە جیهانییە وەشاند و، تا ڕادەیەکی زۆریش ئەو دۆست و لایەن و دەزگا جیهانیانەیان ڕەشبین کرد لەوەی کە پێیان وابوو کوردستان چلۆنایەتییەکی جودای لە وڵاتانی ناوچەکە هەیە و، لە گۆڕانکارییە نوێیەکانی ئەمڕۆی جیهانەوە نزیکە.

## حوکمڕانی ... یان حزبڕانی؟

هەر لە سەرەتای پرۆسەکەی باشووری کوردستانەوە، هەردوو حزبی حوکمڕان کەڵکی خراپیان لەو متمانەیە وەرگرت کە گەلەکەمان لە هەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩٩٢دا پێی بەخشین. ئەوان هەنگاو بە هەنگاو لاسایی یەکتر و ڕقەبەریی یەکدییان دەکرد و لەکاردا بوون تا (پەرلەمان و حکومەت)یان کرد بە دوو دەزگای کزەڵۆک و پاشکۆی حزبەکانیان و لە ناوەرۆکی نیشتمانی ڕووتیان کردنەوە. ڕەنگە ئەمە بە یەکەمین هەڵگەڕانەوەی ئەو دوو حزبە دابنرێ لەو پەیمان و بەڵێنانەی لە کاتی هەڵبژاردندا بە گەلەکەمانیان دا و، لەو ئامانجە نیشتمانیانەی لە پرۆگرامەکانیاندا هاتوون. ئەوان لەجیاتی ئەوەی حوکمڕانی وڵاتەکەمان بکەن و، شایستە و دڵسۆزی متمانەی گەلەکەمان بن و لە هەلومەرجی نوێی

جیهان تێگەیشتبان و هەوڵیان بدابا مۆرکێکی یاسایی بەبەر تاقیکردنەوەکەدا بکەن و، دامودەزگاکانی دەوڵەتی نوێ، بەرەو سەربەخۆیی پێکبێنن، کەچی ئەم دوو حزبە کۆمەڵگای کوردستانیان ڕاپێچی حزبرانی کرد و، لە سەرەوە بۆ خوارەوە گەلەکەمانیان کرد بە دوو بەشەوە. ئەم کولتورە دواکەتووە حزبییەشیان لە گشت شار و شارۆچکە و لە تەواوی ئیدارەکانی دەوڵەتدا، نەزەرتەنگانە خستە پراکتیک و پیادەکردنەوە. بەمەش شوناسنامەی حزبایەتیان خستە پێش شوناسنامەی نیشتمانییەوە. لێرەشەوە سوودی خراپیان لە وزە و تواناى گەلەکەمان و پلەوپایەی پەرلەمان و حکومەت و ئەو سۆز و پشتیوانییە جیهانیەی لە کێشەکەمان دەکرا وەرگرت بۆ قایمترکردنی ئیمپراتۆریەتی حزبەکانیان.

حوکمڕانییەک کە بەم شێوەیە بکرێ، بەتایبەتی لە وڵاتێکی کاولکراوی وەک باشووری کوردستاندا، کە پۆخڵەواتی ٧٠ساڵی داگیرکەری تیا ماوە و، دوو ئابڵۆقەی ئابووری لەسەرە و، شمشێری دەوڵەتی عێراقی بەسەرەوە هەڵواسراوە و، پیلانی سێ دەوڵەتەکەی تری لە دژ بەردەوامە و، UN و ئەمریکا و ئەورووپاش سیاسەتێکی دووفاقی و دووڕوویانەی دەرهەق پەیڕەو دەکەن، چاوەڕوان و ئەگەری ئەوەی لێ دەکرا بە بنبەست بگات و تا بیناقاقای لە قەیراندا بچەقێ.

سیاسەت و شەڕی ئێستای دوو حزبە حوکمڕانەکە، پرۆسەی باشووری کوردستانیان دووچاری دووڕییانێک کردۆتەوە، پاراستن یان لەبارچوواندنی پرۆسەکە بە تاڵەموویەکەوە بەندە. ئایا ئەو تاڵەموەی ماوەتەوە بپچڕێنین و پرۆسەکە لەبار بەرین، یان تاڵەمووەکە ئەستوور بکرێ و پرۆسەکە لەو شەڕە نەگریس و ناوخۆییە و لە پیلانی داگیرکەران دەرباز بکرێ؟

کۆماری دیموکراتی کوردستان و مەملەکەتی خوارووی کوردستان، بە دەستی دوژمنانی گەلەکەمان و خەتەری دەرەکی رووخێندران. خەتەری ناوەکی گەر ڕۆڵێکیشی هەبووبێ لاوەکی بووە. بەڵام ئایا تاقیکردنەوەی ئەمجارەمان کە سێ ساڵە خۆی بە پێوە ڕاگرتووە و، تا ئێستا هۆکاری جیهانیی چوار دەوڵەتەکەی لە پەلاماردان و لەشکرکێشی گشتی بۆ جڵەوکردووین، بە کوێ دەگات. ئاخۆ ئەمجارەیان خۆمان ئارەزوومەندانە و لەجیاتی ئەوان ئەم کارە ئەنجام دەدەین و گەلەکەمان ناچار دەکەین پاش سێ ساڵی ڕزگاری، کەوشی هەرەس لە پێ بکات؟

ئەی تاکەی ئەم شەڕە ڕا ناگیرێ!؟ تا ئەو کاتەی کۆنترۆڵ و ڕاگرتنی لە دەستی خۆماندا نامێنێ و، چوار دەوڵەتەکە پێکەوە یان بەشێکیان پیلانەکانیان بە (برغویەک) لەگەڵ شەڕە ناوخۆییەکەدا تێهەڵکێش دەکەن و، جارێکی تر مێژوو بە چەشنی کۆمیدیا خۆی دووبارە دەکاتەوە؟

ئاخۆ هێندە بە داهاتووی خۆمان دوژمن بین، لە گەلێک ڕووەوە ناکەوینە ژێر پرسیارەوە؟ ئایا لای ئێمە ئینتما بۆ خێڵ، بۆ حزب یان بۆ نیشتمان، کامیان سەرووەرە؟

ئەی ئەم قەیران و سەقەتییە لە سەرکردایەتی و دامودەزگا سیاسییەکان و فکر و ئایدۆلۆژیای بزووتنەوەکەماندایە؟ یان لە خودی گەلەکەمان؟ بڵێی ئەو گەلەی کە لە ٢٠ ڕۆژی ڕاپەریندا پاڵتۆی داگیرکراویی داماڵی و دەوڵەتی عێراقی لە کوردستاندا ڕادا، مل بەوە بدات جارێکی تر ئەو پاڵتۆیەی پێ بپۆشن و بۆ بەر لە ڕاپەڕین بیگێڕنەوە؟

## ناوچەی ئاسایش

دوابەدوای کۆڕەوەکە، وڵاتانی هاوپەیمان هێڵی ٣٦یان بە ناوچەی ئاسایش بۆ گەلەکەمان دیاری کرد. هەر ئەو وڵاتانەش پەیمانی پاراستنی ئەو بەشەی کوردستانیان دا کە دەکەوێتە ناو ئەو هێڵەوە. UNیش بە نۆرەی خۆی بڕیاری ژمارە ٦٨٨ی دەرکرد. ئەم سێ خاڵە دەستکەوتێکی گەورەی جیهانیی بوون بۆ کێشەکەمان.

ئاشکرایە بەشێکی ئەو هەڵوێست وەرگرتنەی ئەوان، لە ژێر کارتێکردنی کۆڕەوەکە و مەترسی پەڕینەوەی پریشکی کۆچەکە بوو بۆ وڵاتانی ناوچەکە بەتایبەتی بۆ تورکیا. بەشێکی تریشی ئەوەیە، کە ئەو وڵاتانە بەرنامەیەکی گشتییان سەبارەت بە عێراق و ناوچەکە بە دەستەوەیە، بوونیان لە ناوچەکەدا و پاراستنی گەلی کورد بەو شێوەیەی ڕایانگەیاندووە لەگەڵ بەرنامەکەیاندا ناکۆک نییە. بەڵام هەر کاتێک بەرنامە و مەرامەکانی خۆیان لە ناوچەکەدا ئەنجام بدەن، چیتر نەک ٦ مانگ، بەڵکو ٦ ڕۆژیش ئامادە نابن گەلەکەمان بپارێزن و، سەرەتای کارێکی لەم چەشنەش لە سەرەتاتکیدایە. ڕاستە ئەو دەوڵەتانە ڕێگەی لەشکرکێشییان، دژی باشووری کوردستان، نەداوە. بەڵام بە کردەوە گەلی کورد لەو ناوچەیەدا تەنیا لە دەوڵەتی عێراق دەپارێزن. واتە لە ناوچەی ٣٦یشدا بە درێژایی خەت لەسەر هەر کارێکی گەورە و بچووک کە پێوەندی بە ئەمنیەتی کوردەوە هەبێ بە دەنگ نایەن. ئەوەتا چەندان جارە تورکیا لە زەوی و ئاسمانەوە بە بیانووی جیاجیا حورمەتی خاکی کوردستان و ئەو زۆنەی ئەوان هێڵیان بۆ کێشاوە دەشکێنێ و ئێرانیش بەردەوام لە سنوورەکاندا هەمان کار ئەنجام دەدا.

هەر لەو ڕۆژەشەوە بڕیاری هێڵی ٣٦ دراوە، هەر چوار دەوڵەتەکە و زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی عەرەب و ئیسلام لە کەناڵی جیاجیاوە داوا و فشاری جۆربەجۆر دەخەنە سەر وڵاتە هاوپەیمانەکان و هەندێ جاریش بەئاشکرا لە کەریدۆر و پەراوێزی کۆبوونەوەکانی UNدا ئەوە دەدرکێنن کە 'باکووری عێراق' بە بارێکی نائاساییدا تێدەپەڕێ و، پێویستە ئەو ناوچەیە بخرێتەوە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی عێراق.

هاوپەیمانەکان و UNیش لە درشت و ورددا لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا ناکۆک نین. ڕەنگە

ڕۆژێک دابێ (پێدەچێ ئەو ڕۆژەش دوور نەبێ) لەو خاڵانەی ئێستا ناکۆکن پێکبێن. ئەو کاتەش چاو بەتەواوی هەڵوێستەکانی خۆیاندا سەبارە بە عێراق و کوردستان دەگێڕنەوە. کەواتە ئەم ناوچەی ئاسایشە کە بۆ ئێمە دانراوە، ناوچەیەکی ئەبەدی نییە و لە هەر دەم و سات و وەرچەرخانێکی سیاسیدا قابیلی گۆڕانە.

ئێمە دەبێ لە هەوڵی ئەوەدا بین کە تا چارێکی بنەڕەتی بۆ کێشەکەمان دەدۆزرێتەوە، هێڵ و پاراستنێکی هەمیشەیی دابین بکەین و، هێڵی ٣٦ بکرێ بە ٣٤ تا تەواوی خاکی باشووری وڵاتەکەمان بگرێتەوە. کەچی لەجیاتی ئەنجامدانی ئەو کارانە، خودی دوو حزبە حوکمڕانەکە ئەمنیەتی ناوچەی ئاسایشی هێڵی ٣٦ تێک دەدەن و دەیکەنە سەرچاوەیەکی پشێوی و ترسناکی ئەوتۆ کە هەڕەشە لە پرۆسەکە و چارەنووسی نەتەوەکەمان بکات.

### شەڕی سەرانسەریی ئێستا

شەڕی ئێستای نێوان دوو حزبەکە، شەڕی دەسەڵات و نفووزە و ڕەگ و گەرای هەمەجۆری هەیە. لە وڵاتانی دیموکراتدا ئەم جۆرە ناکۆکییانە لە ڕێگەی بەرنامە و کۆمەڵانی خەڵک و سندووقی دەنگدانەوە یەکالا دەکرێتەوە. بەڵام لەو وڵاتانەی کە تفەنگ و تۆڵەسەندنەوە کۆنترۆڵی عەقڵ دەکەن و، یەکترسڕینەوە جێگەی مەنتیق دەگرێتەوە، ئەو کارە بە ڕەوتی شەڕ و کارەسات و کاولکاریدا دەڕوا.

ئەم شەڕە تواناى بەشەری و پێشمەرگەیی گەلەکەمان هەڵدەلووشێ و، وزەی ئابووری و دارایی وڵاتەکەمان بە فیڕۆ دەدا، کە چەندان ملیۆن دینار خەرجی ڕۆژانەیەتی و، باری ئاسایش و ژیانی هاووڵاتیان و مافی مرۆڤ پێشێل دەکا و، گرانی و قاتوقڕی و برسێتی تەشەنە پێدەدا و، هەڕەشەی ڕاستەوخۆ لە پارووی دەمی خەڵکی ڕەنجدەر و کەمدەرامەت دەکات، کە زۆربەی گەلەکەمان پێکدێنن و، ئەو بارە ئابوورییە کەم و هەژارەش کە هەمانبوو بە تەواوەتی لە تاقەت دەخا.

دەبێ ئێستا بانک و خەزێنەی حکومەتی کوردستان لای کام تەرەفی شەڕەکە بێ و، کێ مەعاش و مانگانەی دەیان هەزار کارمەند و کرێکار و خانەنشین و خێزانی شەهیدان بدات؟

شەڕی کوردستان، شەڕی ئەفغانستان و ڕواندا و یەمەن نییە. ڕاستە یاسای گشتی شەڕ، لە هەر جێگایەکدا ڕوو بدات، ئەوەیە کە کارەسات و کاولکاری وماڵوێرانی دەهێنێ، بەڵام ئەو گەلانە کە خودانی دەوڵەتی نیشتمانین، لەم شەڕانەدا چارەنووسی نیشتمانی و ئاییندەی نەتەوەییان، وەک کوردستان، ناکەوێتە مەترسییەوە. ئێمە لە قۆناغی ڕزگاریخوازیی نیشتمانیداین و، چەندان دەوڵەت و لایەنی دەستڕۆیشتوو لە ناوچەکە و جیهاندا گرەو لەسەر ئەوە دەکەن کە کورد گەلێکی خێڵەکی و نەگونجاوە و بەبێ چوار دەوڵەتەکە ناتوانێ خۆی بەڕێوەبەرێ.

## پاپۆڕەکە غەرق مەکەن!

گەلێک جار حزبی (ا) یان (ب) بڕوبیانوو بۆ شەڕی ئێستا دەهێنێتەوە. من پێم وایە هەر بڕوبیانووهێنانەوەیەک بۆ ئەم شەڕە هەوڵدانێکی بێفەڕە و دەیەوێ شەرعیەت بە شەڕەکە بدات.

هەندێ جار قسەی وا بڵاودەکرێتەوە گوایە لایەنی (ا) گفتوگۆ دەخوازێ و لایەنی (ب) شەڕ دژی گفتوگۆ دەکات. لێرەدا من چ کارم بە درۆ یان ڕاستی ئەم خەبەرە یان خەبەرەکانی تری لەم چەشنە نییە کە دوو لایەنی شەڕەکە بۆ پاساودان و پاکانەکردن بۆ خۆیان بڵاوی دەکەنەوە. ئەم بڕوبیانووانە نەک ناتوانن شەرعیەت بە شەڕەکە بدەن، بەڵکو دواکەوتوویی و نادیموکراتیەتی هەردوو لایەنی (ا و ب) دەردەبڕن بۆ چاری ناکۆکییەکان. گریمان گفتوگۆ هەیە و حزبێک لە دووانەکە بەرەو بەغدا مل دەنێ. باشە لە کوردستاندا کە پەرلەمان و حکومەت و پرۆسەیەکی ڕەنگاوڕەنگی تیایە، نەدەکرا ناکۆکی نێوان دوو بەرنامەی "گفتوگۆ" و "دژەگفتوگۆ" بە ڕێگایەکی ئاشتیانە و شارستانیانە چار بکرایە و لە دواییدا لەجیاتی هەڵگیرساندنی شەڕ پەنا بۆ کۆمەڵانی خەڵک و دەنگدان ببردرایە؟. لەمەش بترازێ ئایا گەر سبەی (ا) هەڵخزایە ئامێزی دەوڵەتی عێراقەوە، تەرەفەکەی تر (ب) چ دەکات. ئەی ئەو هەڵناخزێتە ئامێزی یەکێک لە ٣ دەوڵەتە داگیرکەرەکەی ترەوە؟
ئەم شەڕە زەمینەی بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو پیلانە خۆش کرد، کە ٣ دەوڵەتە داگیرکەرەکە کۆبوونەوەی یەک لەدوای یەکی وەزیرەکانی دەرەوەیان بۆ دەکرد و لە ئەنجامدانیدا دەستەپاچە بوون. ئەو دەوڵەتانە ئێستا دەتوانن پرۆژەکەی خۆیان بەسەر باشووردا بسەپێنن. پرۆژەی هەڵوەشاندنەوەی فیدراڵی و بەناوخۆییکردنەوەی کێشەکە و فشار خستنە سەر هەردوو حزبەکە تا پێکەوە یان بەتاقکردنەوەیان، ناچاری چوونە بەغدا و هێناوەنەی لەشکر و دەوڵەتی عێراق بۆ کوردستان بکرێن.

سەرکردایەتی ئەم دوو حزبە کارێکیان کرد، دەبا نەیانکردبا. ئێستاش دەبێ باشتر لەو ڕاستییە بگەن کە کوردستان و گەلەکەی لە پاپۆڕێکدان، جا بە هەق بێ یان ناهەق ئەوان بوونەتە کەشتیوانی ئەو پاپۆڕە هێشتاش بواری ئەوە ماوەتەوە پاپۆڕەکە لە غەرقبوون دەرباز بکرێ. ئایا ئەوان ئەم کارە دەکەن؟ بەقەد چاوتروکانێک کات ماوە، بەرلەوەی یەکتر ناچاری هیچ هەڵخزاندنێک بکەن، یان ملکەچی هیچ پرۆژەیەکی خۆبەدەستەوەدان بە داگیرکەران بن، پێویستە بگەڕێنەوە سەر مێزی گفتوگۆ و گوێ لە بانگەوازی هەقخوازانەی گەلەکەمان بگرن.

بڵێی سەرکردایەتی پدک و ینک لەم کاتەدا لە خۆیان نەپرسن، گەر سبەی ئەم دەستکەوتەی باشووری کوردستان لە شەڕی نێوان ئەواندا لەبار ببرێ، مێژوو دەیانخاتە چ خانەیەکەوە؟ یان بڵێی ئەوە نەزانن کە بە غەرقبوونی پاپۆڕەکە، ئیمپراتۆرە زەرد و سەوزەکەی ئەوان و ڕەنگەکانی تریش غەرق دەبن؟

**ئاڵترناتیف چییە؟**

ڕەگ و گەرای ئەم شەڕەی وڵاتی ئێمە، یان هەرچ شەڕێکی ناوخۆیی لە هەر کوێدا بێ، پەیوەندی بە لایەنی ئابووری و دەسەڵاتی سیاسی و حقوقی و کۆمەڵایەتی و مێژووی و گەلێک بابەتی ترەوە هەیە. بەڵام ئەم شەڕانە بەگشتی لە هەر قۆناغێکدا چەکەرە بکەن، یەکێک لەو لایەنانە دەبێتە هۆی سەرەکی و ئەوانی تر تێکەڵ بە سەرەکییەکە دەبن.

من پێم وایە ئاڵترناتیف بۆ ئەو تەنگوچەڵەمەیەی پرۆسەکەی تیا چەقیووە، دیاریکردن و ئەنجامدانی دوو کۆمەڵە ئەرک دەخوازێ کە بەسەر دوو قۆناغی پێکڕا گرێدراودا دابەش دەبن. بەشێکیان زۆر بەپەلەن و دەبێ یەکسەر ئەنجام بدرێن تا ڕێگا بۆ بەشی دووەمیان خۆش بکات، کە ئەنجامدانی ماوەیەکی زۆرتر دەخوازێ.

**قۆناغی یەکەم:**

یەکەم: دوو قۆڵی و دەسبەجێ و سەرانسەری و بێ قەید و شەرت، شەڕ ڕابگیرێ و، شاڵاوی ڕاگەیاندن و بوختانهەڵبەستن بۆ یەکتر بوەستێنرێ.

دووەم: هێزە چەکدارەکانی هەردوو لا لەو شوێنانەی بەرامبەر بەیەکدی لە سەنگەر تراون بکێشرێنەوە و بۆ سنوورەکانی کوردستان بنێردرێن.

سێیەم: پۆلیس و ئاسایش وەکار بخرێنەوە و، لە شار و شارۆچکە و ئۆردوگاکاندا، کۆمیتەیەک لە جەماوەر پێکبێ، هەم بۆ چاودێریکردنی پۆلیس و ئاسایش، هەم بۆ زیاتر کۆنترۆڵکردنی بارودۆخ و ئەمنیەتی شار و ئۆردوگاکان.

چوارەم: دەزگای پەرلەمان و حکومەت وەگەڕبخرێنەوە. گەرچی لەم شەڕەدا ئەم دوو دەزگایە شەرعیەتی خۆیان لەدەستدا، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی واقیعییەتی کوردستان دەبێ بە شێوەیەکی وەختی و تا دۆزینەوەی چارێکی سەقامگیر بخرێنەوە کار.

پێنجەم: لە کەسانی سەربەخۆ و ڕووناکبیر و ڕابردووپاک و لە نوێنەری حزب و هێزە سیاسییەکان، ئەنجوومەنێک پێکبێ، کە لە سێ یەکی پەرلەمان کەمتر نەبێ و پاشان تێکەڵ بە پەرلەمان بکرێ. ئەمەش بۆ تێکدانی ٥٠ بە ٥٠ بەدناوەکە و، بۆ ئەوەی تا هەڵبژاردنی تازە ئەم پەرلەمانە وەک دەزگایەکی وەختی بتوانێ کار بکا و نیمچە شەرعیەتێکیش بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی بە دەست بێنێ.

شەشەم: حکومەتێکی کاتی و نیشتمانی، بەناوی حکومەتی تەنگانە و پاراستنی دەستکەوتەکان پێکبێ. پۆستی وەزارەتەکانی ئەم کابینەیە بکرێ بە ٣ بەشی یەکسانەوە.

بەشێکیان بەتایبەتی وەزارەتە حەساسەکان بدرێن بە کەسانی سەربەخۆ و دیموکراتخواز. بەشی دووەمیان نیوانیو بۆ پدک و ینک بێ و، بەشی سێیەمیشی بە حزبە نیشتمانییەکانی تر بدرێ.

حەوتەم: ئەو کۆمەک و یارمەتییانەی بۆ گەلەکەمان دەنێردرێ، بە سەلامەتی بە حکومەت بگات و، کەس نەتوانێ لێی گل بداتەوە و، پەرلەمان بە یاسایەکی ڕەسمی (منحە)ی مانگانەی ئەو دوو حزبە حوکمڕانە بە جۆرێکی وا دیاری بکات کە لەگەڵ داهاتی حکومەتدا یەکتر بخوێننەوە. ئەو جۆرەجۆرەش بە حزبەکانی تر دەدرێ لە ڕووی یاساییەوە کۆنترۆڵ بکرێ.

هەشتەم: کۆنترۆڵکردنێکی یاساییانە و شارستانیانەی ڕاگەیاندن، بە جۆرێک کە ئەوپەڕی ئازادی و دیموکراسی بێ قەید و شەرت زامن بکرێ. بەڵام ڕێگەی ئەوە نەدرێ ئەم بوارە پڕ حەساسە بکرێتە زەمینەخۆشکەری میلیشیاچێتی و شەڕی ناوخۆیی.

با هەردوو حزبە حوکمڕانەکە و ئەوانی تریش، ئەو دەزگایانەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن کە هەیانە، بدەن بە حکومەتی کوردستان. تا ئەم فرە ئاراستەیی و فرە سازدانە نەمێنێ. گەر حزبێکیش ڕازی نابێ، با بەپێی یاسایەکی تایبەت ئەو دەزگایانە کۆنترۆڵ بکرێ، بۆ نموونە:

ا- کەناڵی تەلەفزیۆن و ئێستگەی ڕادیۆ بەپێی مۆڵەتی یاسایی بێ.
ب- وەک دەزگایەکی کەرتی ناحوکومی باجی لەسەر دابندرێ.
جـ- زمانحاڵی حزب نەبێ.

ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستاندایە، ڕوویەکی دزێو و زەقی میلیشیاگەرییە و، عەقلی پاشکۆ و عەقلی خێڵ و یاساشکێنی لە پەنایدا حەشاردراوە.

لێرەدا ڕەنگە شوێنی خۆی بێ سەرنجی دوو حزبە حوکمڕانەکە و ئەوانی تریش بۆ ئەوە ڕابکێشرێ کە لە گشت ڕێککەوتننامە و گفتوگۆکانی نێوان ئەو حزبانە و دەوڵەتی عێراق. یەکێک لەو خاڵانەی دەوڵەتی عێراق پێی لەسەر داگرتووە و ئەمانیش پێی ڕازی بوون. ئەوە بووە کە یەکسەر ڕادیۆکانیان دابخەن و پاش ماوەیەکیش ڕادیۆ و چەکەقورسەکانیان تەسلیمی دەوڵەتی عێراق بکەن.

ئەی دەبێ هۆی چبێ وا ٢ ساڵ بەسەر حکومەتی کوردستاندا تێپەڕی، ئەم حزبانە ئامادەنین لەو دەرزەنە کەناڵە تەلەفزیۆنی و ڕادیۆ و سەدان چەکەقورس و تانک و زرێپۆشانەی هەیانە، حکومەتە بێ ڕادیۆ و بێ کەناڵی تەلەفزیۆن و بێ چەکەقورسەکەی خۆیانی پێ پۆشتە بکەنەوە؟

نۆیەم: ئاژانسێکی دەنگوباسی سەربەخۆ و پسپۆڕ و دابڕاو لە حزبەکان پێکبێ.

دەیەم: هاتوچۆ بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عێراق و، دیوی ئێران و سوریا، وەک ئەوەی لەسەر سنووری کوردستان بە دیوی تورکیادا هەیە، کۆنترۆڵ بکرێ.

یانزەیەم: لە هەر پارێزگایەکدا کۆمیتەیەک لە ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان و لە کەسایەتی کۆمەڵایەتی و ئایینی و ڕووناکبیر لە ژن و پیاو پێکبێ، بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو کاولکاری و کوشتار و پێشێلکردنانەی مافی مرۆڤ لە ڕۆژانی شەڕدا پەیرەوکراون و لەدوایدا لێکۆڵینەوەکە بخرێتە بەردەم دادگایەکی تایبەتی بۆ بڕیاردان و، ئاکامی ئەو لێکۆڵینەوەیەش بۆ گەلەکەمان ئاشکرا بکرێ و، پەرلەمانیش ڕاپۆرتێک لەو لێکۆڵینەوەیە ئامادە بکات و بۆ کۆمیتەی مافی مرۆڤی سەر بە UN و ڕێکخراوە جیهانییەکانی بنێرێ.

پێم وایە ئەو خاڵانەی سەرەوە و چەندانی تری لەو چەشنە و هاوپێوەند بەوانەوە هەن. گەر نیازپاکیی هەبێ، ڕەنگە بە هۆیانەوە بتوانرێ بارودۆخی کوردستان ئاسایی بکرێتەوە و ئەو گرژی و ترسناکییەی هەیە خاوبکرێتەوە و ڕێگاش بۆ بەشی دووەمی ئاڵترناتیڤەکە برەخسێنرێ.

دڵنیام کەسانی وا هەن ئەنجامدانی ئەو جۆرە پێشنیارانە بە کارێکی خەیاڵی دەزانن. ڕەنگە هەشبن مەزهەبییانە سیاسەت بکەن و ئەم قسانە بە (کفر) دابنێن. سەبارەت بەو چەشنە ڕایانە دەڵێم: شەڕی ئێستا شەڕی دەسەڵات و نفوزە، شەڕێکە دەیان هۆی کەڵەکبووی هەیە. شەڕی نێوان دوو حزبی حوکمڕانە لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی نیشتمانیدا کە بەرهەمی ڕاستەوخۆی ڕاپەڕینی گەلێکی چەند ملیۆن کەسیە و، خەون و ئیرادەی نەتەوەیەکی ٣٠ ملیۆنی دەردەبڕێ کە لە سادەترین مافەکانی مرۆڤایەتی بێبەشە و، بۆ یەکەمجاریشە دەستکەوتێکی نیشتمانی گەلی کوردستان، ئەم ماوەدا و واتا جیهانییەی ئێستا بگرێتە خۆی. ئەگینا گەر شەڕی هەمان ئەم دوو حزبە با لە (شاخ) ئێستا زۆربەی هەرە زۆری ئەو پێشنیارانە لێرەدا نەدەبینران.

گەلی ئێمە چاوی لەوەیە ئەم پرۆسەیە ببێتە بنچینەیەک و قەوارەی نیشتمانی فیدراڵی ئێستای لەسەر شین بێ و، گەرای قەوارەی ئایندەی سەربەخۆیمان بۆ دابنێ.

### قۆناغی دووەمی ئاڵترناتیڤەکە

لەگەڵ ئاساییبوونەوەی بارودۆخەکە، ڕوو بکرێتە ئەو کارانەی کە بنچینەی نیشتمانی و سیاسی و دیموکراسی پرۆسەکە پێکدێنن و، سەرچاوەی سەرهەڵدانی مەیل و حەزی شەڕی ناوخۆیی جڵەو دەکەن و، لە ماوەیەکی دوورتردا بەتەواوی بنەبڕی دەکەن.

یەکەم: هەڵبژاردنێکی دیموکراتی نوێ ڕێک بخرێ و، یاسایەکی نوێ بۆ هەڵبژاردن و کارە پەیوەستەکان بە هەڵبژاردنەوە، دەر بکرێ.

دووەم: دەستوورێک بۆ کوردستان دابنرێ، کە ژیانی دەوڵەت و بەرژەوەندی باڵای نیشتمان و داهاتووی وڵاتەکەمان و دیموکراسی و مافی مرۆڤ و مافی گەلانی غەیرەکورد لە کوردستان و پەیوەندی بە دەوروبەر و جیهان...هتد دیاری بکات و ببێتە زەمینە و سەرچاوەی گشت یاسا و بڕیارێک کە لە لایەن پەرلەمانەوە دەردەچێ و هەر کارێک کە حکومەت پەیرەوی دەکات.

سێیەم: دەستەی سەرۆکایەتی هەڵبوەشێنرێتەوە و، لەجیاتی ئەو دەسەڵاتی قەزایی دابمەزرێنرێت و، هەر سێ دەسەڵاتی قەزایی و یاسادانان و ڕاپەڕاندن لێک جیا بکرێنەوە.

چوارەم: ئاڵای کوردستان وەک ئاڵای نیشتمان و حکومەتی فیدراڵ بناسێنرێ و، کۆتایی بە شەڕەپەڕۆ بهێنرێ. ئاڵای حزبەکان بە گشت ڕەنگەکانیانەوە تەنیا بۆ ناساندنی حزبەکان و لێکترجیاکردنەوەیانە و، هەڵکردنیان لە شوێنە گشتییەکاندا قەدەغە بکرێ و، نابێ هیچ پەڕۆیەک شوێنی ئاڵای کوردستان بگرێتەوە، یان لە قامەتی ئەو ئاڵایە بەرزتر بێ.

پێنجەم: سوپای کوردستانی فیدراڵ، بۆ خزمەتی ئاڵای نیشتمان و پاراستنی دەستوور و سنووری کوردستان پێکبێ و ژمارەی سوپاکە دیاری بکرێ و یەکسەر لە هێزی پێشمەرگە بەتێکەڵاویی ناوچەیی و ئینتما سیاسیە جیاجیاکانەوە دروست بکرێ و پاش ٦ مانگ مەوالیدی بۆ بانگ بکرێ و، کاری حزبایەتی لەناودا قەدەغە بکرێ.

شەشەم: تەشکیلاتە بەدناوەکانی دەوڵەتی عێراق (فەوجە خەفیفەکان) و (مفارز خاصە)، کە ئێستا وەک خۆیان لەناو ئەم حزب و ئەویتردا ماونەتەوە، هەڵبوەشێنرێنەوە و، دامەزراندنی سەرانی ئەو تەشکیلاتانە لە دامودەزگا حەساسەکانی حکومەتدا قەدەغە بکرێ. (وا سێ ساڵ بەسەر ڕاپەڕین و دوو ساڵ بەسەر حکومەتدا تێپەڕی، کەچی هێشتا پەیکەری ئەو تەشکیلاتانە وەکو خۆیان ماونەتەوە، تەنیا ئەوەندە نەبێ پاڵتۆی سەوز یان زەردیان پۆشیوە).

حەوتەم: یاسایەکی ڕاشکاو سەبارەت بە شەڕی ناوخۆیی دەربکرێ. هەر کاتێک شەڕ لە نێوان دوو حزب یان کۆمەڵەگروپێکی سیاسیدا ڕوویدا، ئیجازەی ئەو حزبانە ڕاگیرێ و بدرێن بە دادگا و بڕیاری پێویستیان سەبارەت وەربگیرێ. هەر حزبێکی باشووری کوردستان یارمەتی ڕاستەخۆ یان ناڕاستەوخۆی هەرچ یەکێ لە دەوڵەتە داگیرکەرەکان دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان لە پارچەکانی تردا بدات، بە هەمان جۆر خۆی و ئیجازەکەی بخرێنە ژێر پرسیاری دادگاوە.

هەشتەم: یاسایەک بۆ یەکخستنی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان دەربکرێ و، ئەوە ساغ بکرێتەوە کە هەر توێژ و پیشەیەک دەبێ تەنیا یەک قەوارەی یاسایی و پیشەیی هەبێ.

ئەگەر پێویستی بە ڕێکخراوی زیاتر بوو، دەبێ بەڵگەی یاسایی ئەو مەسەلەیە بسەلمێنێ، نەک ڕەنگی پەڕۆکان و عەقڵی حزبەکان. بۆ ئەوەی ئەو ڕێکخراوانە لە مۆرکی حزبایەتی دەرباز بکرێن و، بە هەق ڕێکخراوی پیشەیی و دیموکراتی بن و دیفاع لە کێشەکانی خۆیان بکەن و، ببنە بەشێکی کاریگەر بۆ سەرهەڵدان و کامڵبوونی ڕای گشتی لە وڵاتەکەماندا.

نۆیەم: لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاپۆرتەی کە سەبارەت بە هەڵگیرساندنی شەڕەکە و ئەو پێشێلکردنانەی ئەنجام دراون، ئامادە دەکرێ. ڕابەری هەردوو حزبەکە بۆ بەردەم باڵاترین دادگای کوردستان بانگ بکرێن. بەو پێیەی بەر لە هەر کەسێک بەرپرسێتیی ئەدەبی دەکەوێتە ئەستۆی ئەوان. بۆ ئەوەی شەڕی ئەمجارە دوایەمین شەڕی وا گەورە و خەتەرناکی ناوخۆیی بێ و، ئەو خەتە سوورە ڕابکێشرێ کە نە ئەم دوو حزبە و نە هیچ حزبێکی تری حوکمڕان لە ئایندەدا نەوێرن ئەو خەتە ببەزێنن و گەمە بە چارەنووسی گەل و نیشتمانەکەمانەوە بکەن.

### خەتی سێ چ دەکات؟

ئەم کارەساتەی شەڕی ئێستا بەرهەمی فکر و سیاسەتی خۆمانە. درەنگ یان زوو، مێژوو ئەم ڕاستیە وەک خۆی و دوور لە کەفوکوڵی حزبایەتی و بتپەرستی تۆمار دەکات و، بەرپرسیاری ڕاستەوخۆی هەڵگیرساندنی شەڕ و حورمەتنەگرتنی ڕێکەوتننامەکانی ڕاگرتنی شەڕەکە، دەخاتە ئەستۆی (پارتی) و (یەکێتی). جا کامیان زیاتر لەوی تریان کاولکاری و کوشتاری بڵاوکردۆتەوە و ئازادی قەدەغەکردووە و مافی مرۆڤی پێشێل کردووە، دیارە مێژوو قورستر حوکمی ئەو لایەنە دەدا.

خەتی سێ بە هەموو لاباڵەکانییەوە، لەم بەرەی چەپەوە تا ئەوبەری ڕاست، لەم قۆناغەدا تا ئەو شوێنەی دەکرێ، پێویستە کۆمەڵانی خەڵک ساز و هان بدات و کەڵک لە وزە و توانا و پشتیوانی بزووتنەوەی گەلەکەمان لە پارچەکانی تری کوردستاندا وەرگرێ، بۆ فشار خستنە سەر (ی.ن.ک) و (پ.د.ک)، تا واز لە عەقلیەتی تۆڵەسەندنەوە بێنن و، کۆنەدەفتەری یەکتر نەخوێننەوە، ناچاری بە جدی ڕاگرتنی شەڕ و پێکەوەدانیشتن و گەڕانەوە بۆ مەنتیق بکرێن.

پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، وەک دوو دەزگای سیاسیی کوردستانی (بۆ یەکتر) و (لە یەکتر)ەوە نزیکترن، تا ئەوان و چوار دەوڵەتە داگیرکەرەکە.

جا ئایا ئەم دوو حزبە تەنازول بۆ یەکتر و پاشان پێکەوە تەنازول بۆ گەلی کوردستان بکەن باشتر نییە لەوەی لەبەردەم داگیرکەراندا بە چۆکدا بێن؟ بێگومان هەرچ لایەکیان ئامادە بێ زیاتر بۆ گەل تەنازول بکات و بەرامبەر تەرەفەکەی تر نەرم بێ و، دەرهەق بە

داگیرکەران ڕەق بێ، لە ئایندەدا گەلەکەمان حورمەتی ئەویان زیاتر دەگرێ.

بەڵام گەر (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) ڕاستگۆیانە نەهاتنەوە سەر مەنتیق و عەقل و ڕەوتی پاراستنی دەستکەوتەکان، ئەو کاتە پێویستە (خەتی سێ) لەوە نەپرینگێتەوە کە بە یەکگرتوویی و هاودەنگی نێوان لایاڵەکانی و پشتبەستن بە گەلەکەمان و کارگونجاندن لەگەڵ هێزەکانی باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستاندا، ئیدارەیەکی کاتی وەک سومبولی پرۆسەکە دامەزرێنێ و، داوا لە کۆمەڵانی خەڵک بکات بۆ درێژەدان بە ڕەوتی ڕاپەڕین و لە گشت گۆشە و قوژبنێکی وڵاتەکەماندا بەشەکانی ئەو ئیدارەیە پێکبێنن و، لە هەمان کاتدا داوا لە ئەندام و پێشمەرگەی دوو حزبەکە بکرێ سەنگەری شەڕی ناوخۆیی جێبهێڵن و لایەنی گەلەکەیان بگرن.

ئەی گەر خەتی سێ لەبەر لاوازی خۆی و، توانا و دەستڕۆیشتوویی (پارتی و یەکێتی) و ئاڵۆزی و ناسکی بارودۆخی کوردستان، ئەم کارەی پێ نەکرا؟

ئەو کاتە دەبێ ڕاستەخۆ لە ناوخۆ و دەرەوەدا، خۆپیشاندان و مانگرتن و چالاکی جۆربەجۆر پێکبێ و، داوا لە UN و وڵاتە هاوپەیمانەکان بکرێ، تەقە و شەڕ و چەک لە هێڵی ٣٦دا قەدەغە بکەن و، هەردوو حزبەکە چەک بکەن و، حوکمی ماندات، یان ئیدارەیەکی مەدەنی، یان هەر کارێکی لەو چەشنە بە سەرپەرشتی ئەوان پێکبێ و، ڕێگای ئەوە نەدرێ گەلی کوردستان بە زەلیلی و ئایندەی نیشتمان و کێشەکەمان بەتاریکی بخرێتەوە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی عێراقەوە.

* ئەم گوتارە پوختەی ئەو ڕا و تێبینیانەن کە لە دوو پەنێلی ڕادیۆیی و پەنێلێک لە کۆپنهاگن و چەند کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا لە مانگی ئایار لە ستۆکهۆلم، پێشکەشکراون.

# دیموکراتبوون، یان دیموکراتییەکارهێنان؟

**# ئەوانەی لایان وایە دیموکراتی لە کوردستانا بەربڵاوە تۆپی باغە و مێلکە لەیەکتریی جیاناکەنەوە.**
**# لەسەر پیاز کرکەوتوین، دڵمان پێی خۆشە، بەلام هیچ هەڵ ناهێنێت.**

**نالە هەفید**

*ئێمە لە سەردەمی پێش هاتنە سەر کاری دیوکراتیدا ناژین، کەوتوینەتە وەختێکەوە کە دیوکراتی لە بەشێکی جیهانا خێری داوەتەوە. پێ بە پێی ئەوەی هیچ حوکم و دەسەلاتێک نالێت من خراپم و سەرتان ئەکەم بە قوڕا ئەوا بۆ خۆشاردنەوە و خەلکفریودان کەم و زۆر نیشی ئەکەوێتە دیوکراتی. یەکێک لەو دەستیارە گرنگانەی کە لەکێشەی دیوکراتیدا دێتە پێشەوە "هەڵبژاردنە"*

## نموونەی عێراقی سەددام

هێنانەوەی نمونەی سەدام لەبەر چەند هۆیەکە :-

١- **بۆ هەڵسەنگاندنی هەر شتێک پێویستە ئەمسەر و ئەوسەری ئەو پێوەرانەی کە بە کاریان ئەهێنین دیار بن.** چۆن؟. کاتێک دەڵێین هەوا بیست پلە گەرمە، ئەوەمان دێتە بەر هەست کە لەمسەرەوە٢٠ پلە لە بەستنەوە و لەوسەرەوە ١٧,٥ لە پلەی گەرمیی لەشەوە دوورە. شوێنی ئەو خاڵە لەبەینی ئەم دوو جەمسەرەدا پێمان ئەڵێت دنیا ساردە، فێنکە یان گەرمە. یاخود مەترێک کە بریتییە لە (٠-١٠٠سم)، کیلۆیەک (٠-١٠٠٠گرام). هەڵبژاردنە زۆرەملیەکەی ڕژێمێکی ئاوا خوێنڕێژ باشترین جەمسەری سفری پێوەری هەڵسەنگاندنی هەڵبژاردنە. واتە هەر هەڵبژاردنێک چەند دوور بێت لەوەی سەددامەوە ئەوەندە پلە وەردەگرێت. واشی دانێ سەرە پڕەکەی وڵاتێکی وەکو سویدە. ئێستا هەمووومان سەرە سفرەکەی کە عێراقە باش ئەناسین. بەلام لە سەرە پڕەکەی کە سویددە هیچ حاڵی نین. ئەگەر گوندی هۆمەراغ بەڕاستی بێت، بیر لەوە ئەکاتەوە کەی وەکو چوارتای لێدێت نەک وەکو بەغداد. چاکتر وایە بڵێین ئەم بنمیچە ٣م بەرزە نەک ٠,٠٠٣کم کە ئەوسەریمان لەبەردەستا نیە. واتە، ئێمە لەو شوێنەداین کە پێویستە بزانین چەند زۆردار و دیکتاتۆر نین، نەک چەند دیموکرات و شارستانی. بەلام لەم دوو جەمسەرییەدا مرۆڤ ئەوەش ئەبینێت کە: ڕێگایەکی پانوپۆری ڕاکێشراو بەرەو شارستانی هەیە. ئەم ڕێگا کراوەیە

تەنها خۆت ئەتوانیت لەسەر خۆتی داخەیت. بە سترەکتوری دیکتاتۆرەوە ناتوانیت هەنگاوی دیموکراتیانە بنێیت. بەدیموکراتکردن کێشەی ناوەڕۆکە نەک قاوغ. بەبێ گۆڕانکاریی لە خودی خۆتا (وەکو ڕێکخراو،کۆمەڵ،یان تاک) هەنگاوی دیموکراتیانە مەحاڵە. ئەو گۆڕانکارییەی، وەکو مەلەفێربوون، لە ناوەوەی خۆتەوە دێتە دەرەوە و یەکێکی تر ناتوانێت بۆت بکات. واتە کێشەی سترەکتور و مومارەسەیە. ئاسن بەوە سەر ئاو ناکەوێت ڕەسمی تەختەی لەسەر بکەیت.

٢- **بە شتێکی ئەمڕۆ باشتر لە شتێکی تری ئەمڕۆ تێ دەگەین** . ئەگەر بمانەوێت پێشکەوتن و گۆڕانکاریی بکەین (نەک ناپێخواردن) ڕاست ئەوەیە خەریکی ئەو زەمانە بین کە تیایدا ئەژین و بە بەرچاوی هەموومانەوەیە، لەوەی کە هەیە کەرەسە و دەستیاوەکانمان دروست بکەین. خستنە بەرچاوی ئەو دژوارییانەی کە دیمان و لە ئاکامەکانیاتا دەژین هەڵمان دەسڵەمێنێتەوە بەرەو پێچەوانەکەی لە ئەمڕۆدا کۆنکرێت و بینراو. بە خراپەکانی ئەمڕۆ ئەتوانین دەستنیشانی باشەکانی سەردەم بکەین. ئەو پەخشانتنووسینە تیوریەی کە لە بازاڕەوە هەڵ ناقوڵێت لەگەڵ زانستا نایەتەوە، نەی خەینە تەنەکەی خۆڵەوە تەمەنێکی تریشمان بە تاریکیی ئەسپێرێت.

هەموومان ئەوەمان لەبەرچاوە کە ڕژێمی سەدام خەڵکەکەی ڕاپێچ کرد بۆ هۆڵەکان و بەزۆر دەنگی پێ ئەدان. ئەم دەنگپێدانەش نەک مرۆڤی لە یەکسانی و ئازادی و خۆهەبوونی تاک نزیک نەئەکردەوە، بەڵکو ئیهانەیەکی گەورەش بوو. یەکێک لە مەرجە سەرەتاییەکانی هەڵبژاردنی دیموکراتانە ماف و ئازادیی دەنگدان و خۆهەڵبژاردنە کە بە ئاشکرا ئەمان بینی زۆربەی هەرە زۆر نەی ئەویست هەر قاچیشی بخاتە هۆڵەکانەوە بەڵام کەم ئەیتوانی بۆ دەنگنەدانێک خۆی بۆ سزا و ئازاردان و ترس ئامادە بکات. لە ڕۆژانی دەنگپێداناتا لەجیاتی گەشکەی هیوا و چاوەڕوانکردنی دەستکەوتی نوێ تێکشکاویی و بێمانایی ژیان خەڵکەکەی داگیر کردبوو. ئەوانەی کە دەنگیان بۆ ئەدرا دیار بوو کێ بوون. کۆمەڵێک بوون ڕژێم خۆی دەستنیشانی کردبوون. بەڵام ئایە ڕژێم کێ دائەنێت؟ جۆرێتی کاندیداتەکان نیشانەیە بۆ مەبەستی دەزگا-کاندیداتدەرەکان . دیکتاتۆر هەمیشە بۆ پڕکردنەوەی کورسیەکانی ڕێکەوت نیە کە هەلپەرستی مردووخۆر و، کەسانی بێتوانا دێنێتە پێشەوە. ئەو خەڵکە نەزان و لاوازەی کە لە کۆمەڵگای دیموکراتدا دەستی یارمەتی کۆمەڵایەتیان بۆ درێژ ئەکرێت، لە کۆمەڵگای دیکتاتۆرا ئەیانکەن بە دەزگا و بەردەستی تاوان. ئەوەندەی تر بەوە وێرانیان ئەکەن کە لەجیاتی ئەوەی دایانبنێن بۆ ئەوەی چەپڵە بۆ فوتبۆڵێن لێ بدەن ئەیانخەنە پەرلەمان و حکومەتەوە بۆ چەپڵەلێدان بۆ بڕیاری جەنگ و خراپەکاریی.

لای هەموومان ئاشکرایە، کە بە هەبوونی مەجلیسی وەتەنی و تەشریعی و تەنفیزی، عێراق خرابووە ژێر جەنگی هەشت ساڵەی ئێران و داگیرکردنی کوێت و پاشانیش عێراق داکردن بۆ بۆمبای ئەمەریکا و وڵاتە بەشدارەکانی تر. ئەمە جگە لە بەکارهێنانی چەکی

کیمیاوی و ڕەشەکوژیی کورد و، کوشتن و لەناوبردنی هەموو دەنگێکی نابەعسی لە عێراق و کوردستانا. بەکورتیەکەی لە عێراق و کوردستانی مەجلیسی وەتەنی و ئۆتۆنۆمی دا، تەنها یەک دەنگ هەبووە ئەویش دەنگی خوێناویی سەدام حوسەین. ئیتر ئەوانەی کورسیان پێ پڕ ئەکرێتەوە ئیشیان بەوە نیە کە دیکتاتۆر چی ئەڵێت: ئاشتی یان حەرب !، سور یان شین ! ئەوان ئەرکی سەرشانی خۆیان ئەزانن : **چەپڵە** .

خەڵکی کوردستانیش ئۆتۆنۆمیەکەی ناساندبوو : **کارتۆنی** . چونکە کێشەی نەتەوایەتی لە ئارادایە ماف و دەزگا کارتۆنیەکان ، یاخود بەکارهێنانیان زووتر دەرئەکەوێت، لەبەرئەوەی هەرلەڕێوە خەڵک ڕژێم لە هی خۆی و بە هی خۆی نازانێت. بۆیە، بەکارتۆنیکردن بە گشتی ، یاخود بە شێوەیەکی تایبەتی دیموکراتیبەکارهێنان لە لایەن پارت و دەسەڵاتی هەمان نەتەوەوە کاریگەرترە و درەنگتر چرووک ئەکرێت. هۆیەکەشی ئەوەیە کە لە حاڵەتی یەکەمدا شتەکە لە دەرەوەی تۆوە دێت، دیارە کە ڕەنگ و مادەیەکی ترە هەر لەپێشەوە هەڵوێستت نێگەتیڤە ، بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا کەوتویتەتە ناویەوە، شتێکە لە ناوەوە دەردێت، هەمان ڕەنگە و لە هەمان ماتریال دروست ئەکرێت کە تیایدا ئەژیت ، ناتوانیت یەکسەر بەگرمۆڵەیی لە دەرەوەی خۆتی ببینیت. بۆیە بە گوێرەی ئەم بۆچونە ئەبێت لە کوردستانا لە پێشتر، دیموکراتیبەکارهێنان پووچەڵ ببێتەوە. بۆ فەحسکردنی دیموکراتی لە هەر وڵاتێکا، نەتەوەی ژێردەست هەمیشە ئامێری ژێردەستیی نەتەوەیی بەدەستەوەیە کە ئەتوانێت پێشتر بێ ناوەڕۆکیی دیموکراتیی هەست پێ بکات.

## هۆکاریی دیموکراتیبەکارهێنان :

١- **یەکسەر ڕەتکردنەوە**: مەبەستم لە یەکسەر ڕەتکردنەوە ئەوەیە بۆ نموونە ئەگەر دەسەڵاتێک بڵێت ئێمە فاشیستین ئەوا چونکە فاشیستیی نێگەتیڤە و پیاو دەبێت دژی بێت خەڵکەکە یەکسەر بەبێ ئەوەی پێویست بە ئەملا و ئەولا بکات خۆی بە بەرەنگارکراو ئەزانێت. بەڵام کاتێک حوکم خۆی لەژێر پەردەی دیموکراتی و مافی مرۆڤ و سۆسیالیزمدا ئەشارێتەوە، وەختێکی زۆری ئەوێت تا ئەو ناوەڕۆکە نادیارە سیمایەکی پۆزەتیڤدیار لای خەڵک نێگەتیڤ بکاتەوە. لە ڕووی سایکۆلۆجیشەوە هەندێک جار مرۆڤ خۆشی، بۆ ئەوەی خۆی لە ئەرکێک بدزێتەوە، پێی خۆشە خۆی بخەڵەتێنێت .

٢- سیمایەکی مرۆڤویستانە لە سیاسەتی جیهانیدا. جگە لەوەی کە دەستەڵاتە زۆردارەکان ئەیانەوێت بە جلوبەرگی مرۆڤایەتیەوە بچنە پێشەوە، وڵاتانی تریش بەتایبەتی پێشکەوتوەکان، بە شێوەیەک مەرجی ئەوەیان لەسەرە کە لەگەڵ کێ دائەنیشن. بۆ نموونە، کۆمپانیای بوفۆش لە سوید، بۆی نیە چەک بە وڵاتێک بفرۆشێت کە لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤا بەکاری بهێنێت، بەڵام ئایا لە پراکتیکا چۆن ئەکەوێتەوە؟ پێتەر گابرێت لە ڕاپۆرتێکا

کە لە لایەن دەستەیەکی تایبەتیەوە بۆ ئەنجومەنی پیرانی ئەمەریکا ئامادەکراوەو لە لایەن "ئازاد حەمە شەریف"ەوە کراوە بە کوردی و لە ڕابوونی ژمارە ٩دا بڵاو بۆتەوە، ئەنووسێت : "١"( *ڕی ی ماک گراث ڕق و کینەی لەو کۆمپانیا ئەورووپیانەیە کە ئەو لەغمانەیان فرۆشتووە بە عێراق و وەک ئاشکرایە گوێ بەوە نەدراوە عێراق چۆن ئەو لوغمانە بەکاردێنێت. ماک گراث لەو باوەڕەدایە عێراق لە ناتەوەی ئەو لوغمانەدا یاسای جیهانی شکاندووە. بۆ نموونە شکاندنی ئەو ڕێککەوتننامەیە لەو لایەنەوەیە کە دەبێ کێڵگەکانی مین دیار بکرێن و بەکارهێنانیان یاساغ کراوە لەو شوێنانای خەڵکی مەدەنی پێ بریندار دەبن. هەروەها ماک ڕای وایە ئەو کۆمپانیایانەی ناردوشیانە زانیویانە مەسەلەکە هەر وایە... مادەی ٦ ی پەیماننامەی دادگای نۆرینبێرگ تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی وا پێناسە ئاکات: کوشتن، لەناوبردن، بەکۆیلەکردن، لەوڵات بەدەرنانیان هەر کارێکی نا مرۆڤانەی دی کە دژ بە دانیشتوانی مەدەنی بکرێت پێشی شەڕ و لە کاتی شەڕا یان هەر چەوساندنەوە و جەربەزەدانێکی دی لەسەر بناغەی سیاسی، ڕەگەز یا ئاین لە کاتی بەجێ گەیاندنی هەر تاوانێک یا هەرچی پەیوەندی بە تاوانەوە هەبێت، جا ئەمە بە شکاندن یان نەشکاندنی یاسای ناوخۆیی ئەو وڵاتە بێت کە کاری پێ دەکات)*

سەدام بە وڵاتی ئۆتۆنۆمی و مەجلیسی وەتەنی لوغم ئەکرێ و کوردلەناوبردن و ڕەشەکوژیی پیادە ئەکات. گومانی تیا نیە ئەو وڵاتانەی چەک و تفاقی پەیوەندییەچەکەوەیان بە سەدام فرۆشتووە زانیویانە ئەوەی لە عێراقدا ڕوو ئەدات ئەوە نیە کە پیشان ئەدرێت. ئەگەر ئەمە کارەکتەرێکی سیاسەت نەبێت ئەوا زۆر جار ئەوێرم بڵێم : چاوی سیاسەت ئەوەندە کزە زەحمەتە بەبێ زەرەبینی بەرژەوەندییەک مافی مرۆڤ ببینێت. بۆیە بەکارتۆنیکردن لە وڵاتە نادیموکراتەکانا سیاسەتی بەرژەوەندیی ئابووریی ئەوان ئاسانتر ئەکات. وام دێتە بەرچاو کە: وڵاتانی ڕۆژئاوا ئەیانەوێت دەستێکی پیس بە دەستکێشەوە تەوقەیان لەگەڵدا بکات. بۆیە لە حاڵەتێکدا ئەگەر کێشەی کورد لە تورکیا نەکوژێتەوە، وڵاتانی ئەورووپایی بۆ ئەوەی تورکیا ببەنە بازاڕی ئەورووپییەوە، بە لایەنی کەمەوە ئەبێت دەستکێشێک لە دەستی تورکیا هەڵکێشن. مافێکی کارتۆنی بدەن بە کورد.

٣- **خۆبوون و خۆنەبوون** : ڤیکتۆر فرانکل، باسی ئەوە ئەکات کە لە ئۆردوگای نازیەکانا پاسەوانەکە بەسەریا ئەخوڕێ: بازرگان بوویت وەختی خۆی، ها؟.ئەویش لە وەڵامدا ئەڵێت: نا پزیشک بووم. "٢"پاسەوانەکە هاوار ئەکات بەسەریا: ئاخۆ چۆن ئازاری نەخۆشەکانی دابێت؟ کاتێک ڤیکتور پێی ئەڵێت کە بە خۆڕاییش چارەسەری هەزارانی کردووە، پاسەوانەکە ئەڕووخێت بەسەریا، دەست بە لێدانی ئەکات. ئەم ڕووداوە ئەمەی خوارەوە بە من ئەڵێت: پاسەوانەکە ناتوانێت بە خۆی بڵێت: خراپ. بۆ ئەوەی لە سەر کارەکەی بەردەوام بێت بیانو بۆ خۆی ئەهێنێتەوە، وەکو ئەوەی لە جیهانی بێئاگاییدا نوسرابێت: من ئەو خراپەیە لە گەڵ تۆ ئەکەم کە تۆ پێشتر کردوتە، ئەمە نزمیی من نیە سزا و لێپرسینەوەیە. بەبێ ئەوەی بە خۆی بزانێت مانا بۆ خراپەکارییەکەی خۆی ئەدۆزێتەوە.

دەنا دکتۆریی چ پەیوەندییەکی بە دارکاریی خەڵکەوەیە؟ ئەوەی لێرەدا مەبەستمە ئەوەیە کە زەحمەتە پاسەوانەکە بتوانێت خۆی بێت، ئەیەوێت لە ژێر پەردەیەکدا خۆی بشارێتەوە، کاتێک ڤیکتۆر ئەڵێت بە خێرایی چارەسەری خەڵک ئەکەم بیانومەکەی کە ئەو قاوغەیە خۆی تیا شاردۆتەوە ئەکەوێتە خوارەوە و قنی رووتی دەرئەکەوێت. ئەمە ئەبێتە هیستریا و دەکەوێتە سەرکوتکردنی ڤیکتۆر.

**خۆبوون لە کارەکتەری نێگەتیڤا زەحمەتە، هەمیشە دەموچاوێک ئەبەستێت.** ئەوانەی کە حوکمیش ئەکەن تەنها لەو شتانەدا ئەتوانن خۆیان بن کە پۆزەتیڤە، دەنا هەمیشە قاوغێکی تیوری، ئایدۆلۆجی،..بە دەوری خۆیانا دەرئەدەن.

**مام جەلال** لە بڵاوکراوەیەکدا دەنووسێت: ٣( بە سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرمەوە بە هەموو *لایەکتانی ڕادەگەیەنم کە سەرکردایەتی ی ن ک* دەسەڵاتی پێدام کە مۆژدە موبادەرەیەکی *یەک لایەنی ی ن ک تان پێ ڕابگەیەنم دەربارەی* . .) چونکە بە گوێرەی شارستانی ئەوە نێگەتیڤە کە سەرچاوەی بڕیار تاکە کەس بێت ئەوا هەر یەکە و میکرۆفۆنی کۆمیتەیەکی گرتووە بە دەستەوە. فۆرمی کۆمیتەکان هەر چۆنێک بن، مەکتەبی سیاسی یان پەرلەمان لە ناوەندێکدا هەر ئەوەن کە دەنگەکەیان پیا ڕەت ئەکرێت. ڕاستەکەش ئەوەیە کە مام جەلال ئەتوانێ دەسەڵاتی ڕاگەیاندنی مۆژدە موبادەرەیەک بدات بە سەرکردایەتی ی ن ک نەک بە پێچەوانەوە. بەڵام بێگومان سەرکردایەتیەکان هەمیشە پێیان خۆشە بەبێ ئەوەی خۆشیان ئاگایان لێ بێت دەستەڵات بدەن بە سەرکردەکانیان.

**کاک مەسعود بارزانی** دەربارەی کورتەی ژیانی خەباتگێڕانەی وەکو کاک **کەمال میراودەلی** داوای لێ ئەکات ئەڵێت ؛٤(: *لە ساڵی ٦٢ دا شەرەفی پێشمەرگایەتیم وەرگرت و تا ئەمڕۆش هەر پێشمەرگەم.)*

چونکە بەگوێرەی خوێندەواریی ئەو زەمانەی ئێمەشی تێ کەوتوین، سەرکردەیی حیزب و بڕیاری چارەنووسی میللەتێک بەپێی نەریتی خێڵایەتی کارێکی نێگەتیڤە، ئەوا کاک مەسعود ناچارە شاعیرانە وەڵام بداتەوە. واتە وەڵامەکەی کۆنکرێت نیە، بۆیە کاتێک بە چەند پرسیارێک هەڵی ئەپچڕین ئەبینین هیچی تیا نیە؛ لە کام پەل؟، کەی بوویت بە سەر لق؟ چەند جار بریندار کرایت؟ یان کەی بوویت بە ئەندامی ناوچە و لە کوێ؟ مەکتەبی سیاسی، سەرۆک؟

ڕاستەکەش لای هەموومان دیارە: کاک مەسعود لە جێگای باوکی دانیشتووە. ئەوەی لای من گرنگە ئەوە نیە کە یەکێک چۆن بووە بە سەرکردە بەڵکو ئەوەیە کە خۆی کێیە و چیمان بۆ ئەکات. ساڵی ١٩٨٠ لە شاخ مارکسیەکی زۆر سوور و ڕۆشنبیر لە کۆنفراسێکدا

دەرنەچووبوو وتی: توخوا من زۆر ترم کردووە یان فلانە کەس؟ لە ڕاستیدا ئەوە نیە کێ چەندی کردووە. جەوهەری کێشەکە ئەوە نیە کێ چەند بکات بۆ ئەوەی خاوەنمان بێت، بەڵکو ئەوەیە کێ لەو ئیشە باش ئەزانێت. ئەوجا چەندکردن تا چ ڕادەیەک پەیوەندی بە لێزانینەوە هەیە ئەوە کێشەیەکی ترە. دیموکراسی لەم بابەتەدا لەوەدا خۆی دەرئەبڕێت کە کۆمەڵگا وەکو گشتێک بتوانێت لێزان و توانای خۆی بخاتە ئەو شوێنەوە. سوودەکەشی ئەوەیە کە، ئەمە نەک هەر لەبەرخاتری ئەو کەسە بەڵکو لەبەر هەمووومان، تەنانەت لەبەر ئەو کەسەش کە جێگاکە چۆڵ ئەکات. پێوانی پلەی دیموکراتی لەم بوارەدا بریتیە لەوەی کە ئایا لەناو ئێمەدا تا چ ڕادەیەک ئەمە ڕەخساوە؟. کە کاربەدەست و بیرکەرەوەکانی هێزەکان باسی دیموکراسی ئەکەن پێویستە بە لایەنی کەمەوە کۆنکرێت هەبوون و نەبوونی ئەو ڕەخسانبوونە لەناو هێزەکانی خۆیانا دەست نیشان بکەن. دەنا دەرهێنانی وشەی سەوز و سوور لە دۆلابی خوێندەواریی و بەکارهێنانیان کە بناغەیەکی زهنی و ستڕەکتوریکی بیرکاریی هەیە نەک بابەتی و فاکت، هەر دەربڕینی خۆنەبوون و خۆداپۆشینە کە نەک سودی نیە بۆ میللەت و داهاتوی خۆشیان بەڵکو پاراستن و بەردەوامبونی ژێرکەوتنمانە.

هەروەها کاک مەسعود لە وەڵامی پرسیارێکی ترا دەربارەی ناکۆکی و مونافەسەی نێوانیان وەکو خۆیان ئەڵێن دەنووسێت: ( *پاراستنی ئەزموونەکە و پێشکەوتنی لەبنەڕەتدا پشت بە پێوەندی نێوانمان دەبەستێ و ئەو پەیوەندیە دەپارێزین. ئەگەر گیروگرفتیش هاتە پێش، ئەوا گفتوگۆ بۆ دۆزینەوەی باشترین چارەسەر بەکار دەهێنین. ئەمە پاشەڕۆژی هەموومان دەگرێتەوە.* ) بۆ قەحسکردنی ناوەرۆکی ئەو وشانە هەر وەڵامەکەی کاک مەسعود خۆی بەکارئەهێنین. ناوبراو دەڵێت: ( دەمەوێ *دڵنیاتان* بکەم کە هەرچی دەوترێت و نەخشەی بۆ *دادەنرێ لە لایەن سەرچاوە و لایەنی جیاوازەوە، گوایە بەربەرەکانی و بەرەنگاربوونەوە لە نێوانماندا هەیە، تەنیا پشت بە خەیاڵ و واهیمە دەبەستێ*).

کاک مەسعود ئەم قسانە لە ٤/٢٠ / ٩٤ دا ئەکا و لە سەرەتای مانگی پێنجدا، واتە دوای نزیکەی دە ڕۆژ، شەڕ دەست پێ ئاکاو تا ئێستاش کە ١٥ / ٦ / ٥ هەواڵی چارەسەری نەهاتووە. لەبەرئەوەی ئەندامان و زۆربەی هەرە زۆری ڕۆشەنبیران و نووسەران ماف و غیرەتی ئەوە بە خۆیان نادەن قسە لە قسەی سەرکردەکانا بکەن، ئینشەڵڵا ئەو شەڕە وەهم و خەیاڵە و ئەوانەی لە پرسەی کوژراوەکانیشیانا دانیشتوون شێت بوون.

جاران مارکسیزم مادەی خەڵک کۆکردنەوە بوو، بەڵام ئێستا باوی دیموکراتیە. بۆیە هیچ لای من سەیر نیە کە هەر ئەوانەی جاران مارکسی بوون ئێستا قسەش بۆ دیموکراتی بکەن. چونکە ئەوەی ئەوترێت هەر ڕوخسارە مەرج نیە پەیوەندی بە ستڕەکتورەوە هەبێت. ساڵی ٩٨٠ یەکێک لە سەرکردەکانی کۆمەڵەی ئێران لە باسی مێژووی کۆمەڵەدا وتی: جاران ماویی بووین، بەڵام دوایی کە زانیمان بە عەمەل نایەت بوین بە مارکسی-لینینی. لە

سەر ڕەوتی جلگۆڕین. هەر هەمان ماتریاڵە بە ڕەنگی جیاوازەوە.

دیموکراسی و چەکی کیمیاوی دوو بەرهەمی شارستانین ، یەکەمیان چەکێکی سیاسی گەورە و دووەمیشیان چەکێکی بەکۆمەڵکوژی جەنگیە بە دەست دیکتاتۆرەوە. دیکتاتۆر ئەتوانێت لەپێشدا دیموکراسی بکات بە چاوبەست ، پاشان بە لەزگەی دەم و کەلەپچە، لەدوایشدا بە پەتی سێدارە.

پێش ئەوەی کۆتایی بەم بەشە بهێنم ئەمەوێت دەست بۆ ئەوە ڕاکێشم کە دیموکراتیبەکارهێنان شتێک نیە زەمینە و جێگای کۆمەڵایەتی خۆی نەبێت. ئەوانەی ئەکرێن بەرهەمی ئەستێرەیەکی تر نین ، کەرەسەکەیان لە زەویەوە هەڵ ئەگیرێتەوە. چۆن ؟ دەمێنێتەوە بۆ هەڵێکی تر.

سەرئەنجام : لە هاتنەپێشەوەی کێشەی دیموکراتیدا یەکەم شت ئەبێت ئەوە ساغ کەیتەوە؛ کام دیموکراتی؟ دیموکراتی وەکو دیموکراتبوون یان وەکو دیموکراتیبەکارهێنان؟

بۆئەنجامدانی ئەم کارەش دەبێت بزانین دیموکراتی چیە؟ ئەی خۆمان کێین؟ دەمێنێتەوە بۆ هەڵێکی تر.

**سەرچاوەکان:**


١- ل، ١٢٦،ژ ٩، ڕابوون.

٢- ل، ، ڤیکتور فرانکل، ژیان ئەبێت مانای هەبێت، پەراوێکە بە سویدی.

٣- یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان ، سکرتێری گشتی. بە بۆنەی ئەم شەڕەی ئێستاوە بڵاوکرایەوە.

٤- ژ ٤، هەنگاو.

# لە شاخەوە بۆ شار
# ڕۆڵی حزب و حکومەت!

**کەمال میراودەلی**

یەکەمجار گەڕانەوەم بۆ کوردستان لە ئەیلوولی ١٩٩٢دا، چەند مانگێک دوای هەڵبژاردنی پەرلەمان بوو. گەرچی ئەوسا قۆناغێکی ناسک و شڵەژاوی دوای ڕووداوەکانی ڕاپەڕین و تالان و فەرهوودی دەزگا دەوڵەتییەکان و بەرژەوەندییە گشتییەکان بوو، کەچی ورەی خەڵکی بەرز بوو... ئاوازی ئازادی هەموو ئاژاوە و ناسازییەکانی کپ کردبوو: هیوا، ئاوت، خەونبینین لە برەودا بوو... پەرلەمان: وشە سیحرییەکە بوو... خەڵکی بەتاسەوە، بەبڕواوە، بەهیواوە بەرەو پیری هەڵبژاردن چوون. هەموو، یان زۆربەی وایان دەزانی بە هەڵبژاردنی پەرلەمان و ئەوسا دامەزراندنی حکوومەت، هەموو یان زۆربەی دەردەکان دواییان دێ بە ئاشتی، یاسا، شارستانییەت سەقامگیر دەبێ، خەونە دێرینە خوێناوییەکەش، خەونی ئازادی، هێدی هێدی، دەبێ بە حەقیقەت، گەڵ لە باوەشی ئاساییش و خۆشگوزەرانیدا دەحەوێتەوە و دەحەسێتەوە. یاسا دەبێتە سەروەری کۆمەڵ، برایەتی و یەکبوون یەکتامانجی دەبێتە ڕەوشت و ڕێباز. دەسا کێ دەیەوێ داگیرکەر بگەڕێتەوە؟ کێ دەیەوێ ئەنفال دووبارە و چەندبارە ببێتەوە؟ کێ دەیەوێ بەنرخترین و پیرۆزترین دەسکەوت و بەهای ئینسانی کە ئازادییە لە دەست بدا؟ ئەمانە ئەو بیر و خەونانە بوون کە لە فەزای پەرلەماندا وەک پەلکەزێڕینە نەخشا بوون. کۆمەڵانی خەڵک هەقیان بوو هیوای گەورەیان هەبێ. هەقیان بوو خەونی ڕەنگاوڕەنگ ببینن. هەر مرۆڤێکی ئەم میللەتە لە لەش و دڵ و ویژدانیدا برینێک یان دەیان برینی هەڵگرتبوو... لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان لە سلیمانی وتم: من هیچ گلەییم لە گەلەکەمان نییە. لە چوار ئەزموون و هەڵوێستی مێژوویی گەورەدا، مرۆڤی کورد مەزنیی و جوانمەردی و هەست و هەڵوێستی ئازادیخوازانە و شارستانیخوازانەی خۆی سەلماند:

یەکەم: لەو یەکێتییە بێوێنەیەدا کە لە ڕاپەڕینی مێژووی بێوێنەی ئازار و نیسانی ١٩٩١دا نیشانی دا.

دووەم: لەو کۆڕەوە مەزنەدا کە بە دنیای سەلماند کورد مەرگی ناو ئامێزی چیا سەرکەشەکانی بەلاوە پەسەندترە و هیچی تر دیلێتی و چەوسانەوە و قڕان و قەلاچۆکردن قبووڵ ناکا و مافی چارەی خۆنووسینی دەوێ.

سێیەم: لەو موقاوەمە جەماوەرییە بێوێنەیەی کە بەرامبەر کشانەوەی ئیدارەی داگیرکەران و بڕینی مووچە و ئازووقە و بژێوی ژیان، نیشانی دا.

چوارەم: لەو هەڵوێستە شارستانیی و دیموکراتییە بێوێنەیەدا کە لە پرۆسەی هەڵبژاردنی یەکەم پەرلەمانی سەربەخۆی کوردستاندا نیشانی دا. ئەم هەڵوێستەیان ئەوەی سەلماند کە گەر گەلەکەمان ڕێبەری ژیر و دڵسۆز و بەویژدان و دووربین و زانای هەبێ، بەڕاستی دەتوانێ موعجزاتیش دروست بکا و لە (توقعات)ی دۆست و دوژمنیش تێپەڕێنێ. بەڵێ: ئەمە خاڵە هەرە گرنگەکەیە. لە کۆمەڵانی شەرقیدا بەگشتی، دەوری سەرکردایەتی و ڕێبەری گرنگە. حاکمێکی دیکتاتۆر دەتوانێ وڵاتەکەی بکاتە دەریای خوێن. حاکمێکی خوێنەویست و دیموکراتیش، دەتوانێ، گەر وزا لە خۆپەرستی و بەرژەوەندیی تەسکی خۆی و دەستە و تاقمەکەی بێنێ، هەر نەبێ زەمینەی بیر و بۆچوون و ژیانێکی شارستانیی نوێ خۆش بکا. وەک ابن خلدون سەدان ساڵ لەمەوپێش دەستنیشانی کردووە، لەو جۆرە کۆمەڵانەدا سەرەتاکەی "الناس على دين ملوكهم"، یاسایەکی کۆمەڵایەتی-سیاسیی گرنگە... مەبەستم ئەوە نییە بڵێم: گەلەکەمان هێشتا هێندە دواکەوتووە، کە ئیرادەی خۆی نییە و خۆ تەسلیمی سەرکردە و ڕابەران دەکا. بەڵام دەمەوێ دەستنیشانی ئەو ڕاستییە بکەم، کە هێشتا، بۆ چاکە یان بۆ خراپە و تێکدان، دەوری سەرکردە و ڕابەران و لەمەوە دەوری حیزبەکان کە زۆربەی جەماوەریان گرتۆتە خۆ، دەورێکی سەرەکییە و چارەنووسسازانەیە. تا ڕادەیەکی زۆر دەشێ ئاوی ئیدارەی ژیانی کۆمەڵایەتی و شارستانیی خەڵک، لە سەرچاوەوە پاک و سازگار، یان لیل و ناساز بێ.

بەڵێ: پەرلەمان هەڵبژێردرا، بە تاسە و دڵەخورپێ و ترس و هیوا و چاوەڕێی ئەنجام کرا. سەرکردەکان ئەنجامەکەیان قبووڵ کرد و، دەستیان خستە دەستی یەکەوە و، خەڵکیش کردیانە شایی و زەماوەند و دنیاش، هەموو دنیا، بوو بە شایەدی لەدایکبوونی کۆرپەیەکی نەشمیل و بێوێنەی دیموکراتی لە خاکێکی وێران و بریندار‌دا.

لێرەوە، دەبێ وانەی یەکەم فێر بین. وانەی یەکەمی گوازتنەوە لە خەباتی شاخەوە بۆ خەباتی شار. لە (پارت) و (پاوان)ەوە بۆ (پەرلەمان)، لە قووەتەوە بۆ قانوون، لە پێشمەرگەوە بۆ پۆلیس، لە چەکەوە بۆ چرای زانست، لە بەربەرەکانییەوە بۆ برایەتی، لە ئاژاوەوە بۆ ئارامیی، لە ساوێلکەییەوە بۆ ستراتیژیەت، لە ئۆتۆنۆمییەوە بۆ ئازادی، لە یەکەوە بۆ زۆر، لە زۆرەوە بۆ سەلماندنی تاکێتی هەموو تاکێک.

بەڵێ، وانەی یەکەم ئەوەیە کە دەبێ دەسپێشخەری هەموو ئەو هەوڵانە، لە سەرکردەکانمانەوە بێ... کۆمەڵەکەمان ئاوایە. هێشتا مرۆڤی تاک لە دایک نەبووە... کە تاک تاکەش هەبن، یا دەبنە خۆراکی خەم و بێهومێدی و هەڵدێن، یان شێتی یەخەیان دەگرێ و یەخ دادەدەن. چار نییە دەبێ سەرکردەکان نموونە بن، لە بیر و ڕەفتاردا، لە

بۆچوون و کرداردا.. لە قبوولکردنی دیموکراسی و زۆریتیی (تعددیه) و ڕەوشتی شارستانیانە و یاساخوازییدا. ئاوە پاک و سازگارەکە دەبێ لە سەرچاوەوە هەڵڕژێ.... تا ئەو کاتەی دڵۆپ دوای دڵۆپ، چۆرە چۆرە، جۆگا بە جۆگا، دەگەین بە زەریا، زەریای ژینی نوێی کۆمەڵگای شارستانیی نوێ.

بۆیە هەرچی هەڵە و ناتەواوییەک بێ، یەکەمجار، یەخەی سەرکردەکانمان دەگرێتەوە... ئەو سەرکردانە، کە ئێستا، شەرعییەتی هەڵبژاردنیان هەیە، شەرعیەتی ئیرادە و خواستی خەڵکیان هەیە. ئەمە بە نیسبەت وڵاتە دیموکراتییە هەرە پێشکەوتووەکانیشەوە ڕاستە. سەرکردەکان، باری هەر ناڵەباری و هەڵە و ناتەواوییەک هەڵدەگرن... ئەوەندە بەسە گوێ لە ڕادیۆکان بگرین یان ڕۆژنامەکان بخوێنینەوە، تا بزانین هەر کاتێ هەڵەیەکی زەقیان کرد، یان سیاسەتێکیان سەری نەگرت و ئازاری بە بەرژەوەندیی نەتەوەیی گەیاند، چ حەشرێکیان پێ دەکرێ، یان چەند بەئاسانی حیسابیان لەگەڵدا دەکرێ، یان دەگۆڕدرێن.

مەبەستم لەم ڕوونکردنەوەیە، سەلماندنەوەی ئەو ڕاستیەیە کە چ بە حیسابی سەرەتاکەی دواکەوتنی "الناس علی دین ملوکهم" و چ بە حیسابی نواندنی ئیرادەی خەڵک لە سەرکردەی هەڵبژێردراودا، دەوری سەرکردەکان دەورێکی مێژوویی نموونەیی کاریگەرە... خۆ بە نیسبەت ئێمەوە کە بەرهەمی مێژووییەکی نزیکی دووبەرەکی و چەندبەرەکی و شەڕی ناوخۆیین، ئەو دەورە ناسکتر و، گرنگتر و چارەنووسسازانەترە.

کەوایە، دەبوو وانەی یەکەمی قۆناغی نوێ، قۆناغی خەباتی شار و خەسڵەتی شارستانێتی، قۆناغی پەرلەمان و پلورالیزم (تعددیه) لە لایەن سەرکردەکانمانەوە، فێری خەڵک کرابا.

لە مانگی ١٠ی ١٩٩٢دا، کە لە کوردستان بووم لەو چاوپێکەوتنەی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستاندا کە پێشتر ئیشارەتم پێ کرد، سێ داوام لە سەرکردەکانی کورد کرد، کە بەلای منەوە پێداویستییەکی جەوهەری قۆناغی نوێ بوون، قۆناغی گواستنەوە لە شاخەوە بۆ شار، ئەوانیش ئەمانە بوون:

١- پێکهێنانی یەک سوپای یەکگرتووی کوردستان و تەمانی میلیشیای تایبەتی حیزب و گرووپەکان.
٢- گواستنەوەی دەسەڵات لە حیزبەکانەوە بۆ پەرلەمان.
٣- چەسپاندنی یاسا و نیزام.

ئەم هەنگاوانە، مەرجی سەرەکی بوون و مەرجی سەرەکین، بۆ خوڵقاندنی هەلومەرجی سەقامگیربوونی کۆمەڵگای شارستانی و سەرهەڵدانی عەقڵ و هەڵسوکەوت و موفرەداتی

خێتابی کۆمەڵگای شارستانی. بەڵام، دوای زیاتر لە ساڵ و نیوێک بۆ نەبوون؟

ڕاستە، دەتوانی زۆر هۆم بۆ ڕیز کەی، ڕابردوومان، دواکەوتووییمان، وەختمان نەهاتووە، زۆرمان ماوە، ئەزموونمان ساوایە، کێشە و ئاستەنگمان زۆرە... ئەمانە هەموو بەجێن، بەڵام تەسلیمبوونی واقیع نابێتە هۆی گۆڕینی واقیع. گۆڕینەکە دەبێ ببێ، دەبێ لە سەرەوە بێ. گەر ئەمە خواستی مێژوو بێ، گەر پێداویستییەکی مێژوویی وەک خۆر ئاشکرا بێ، بۆ لە سەرەوە نایا؟ سوپا بوو بە یەک؟ ئەرێ بوو بە یەک، چۆن یەکبوونێک؟

نامەوێ سەلبی بم و سەلبی بڕوانم. هەموو یەکبوونێک باشە. تەنیا ناوەکە و پێکەوەبوونەکە، گرنگی سایکۆلۆژی و ئیداریی خۆی هەیە. بەڵام ئەوە بەس نییە. زرووفمان ناسکە، دوژمنمان زۆرە، ژیانمان دژوارە، دەرفەتمان لە دەست دایە، بۆ بەکاری نەهێنین؟ بۆ بە شێوەیەکی کاریگەرتر بەکاری نەهێنین؟ بۆ ڕوواڵەت دروست بکەین و بە ڕوواڵەت ڕازی بین؟ بۆ سوپایەکی بەڕاستی تەدریبدار، بەڕاستی یەکگرتوو، بەڕاستی نەتەوەیی و کوردستانی دروست نەکەین؟ دوو هێزیی حیزبی لێک جیا، بیر جیا، فەرمان جیاواز، سوپایەکی یەکگرتوو دروست ناکەن... دوو لەتە ستێوی ڕەنگ و ڕابردوو جیاواز، ستێوێکی یەکگرتووی ساغ دروست ناکەنەوە. پێویستمان بە زەمینەیەکی جیاواز و تۆوێکی نوێ هەیە. سوپا لە پێش هەموو شتێکدا دەبێ یەک عەقیدە و یەک ئامانج بێ. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ سوپای نەتەوە و خاک بێ، نەک حیزب. دەبێ ئینتیمای بۆ چیا و دۆڵ و دەوەتی کوردستان بێ. دەبێ فەرمان لە ئیرادەی میللەت و نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان و سەرکردە باوەڕپێدراوەکانی وەرگرێ. دەبێ بۆ دیفاع لە خاک و ئازادی خەڵک بێ و لە هیچ هەلومەرجێکدا، بۆ سیاسەتی حیزبی و خۆخۆیی بەکار نەیەت.

ئەمە هەمووی کار و کاتی دەوێ. بەڵام لە پێش هەموو شتێکەوە بناغەی دروست و ساغ پێویستە بۆ ئەوەی کار و کاتەکە بێهوودە نەبێ... بۆ ئەوەی ڕەنجەکە بێبەر نەبێ، بۆ ئەوەی ڕابردوو بۆ سبەی هەڵنەگرین.

پێشمەرگە، سوپا، دەبێ لە پێش هەموو شتێکی تردا، ببێ بە دامەزراوەیەکی نەتەوەیی، بە ڕوویەکی کوردستانی، بە واقیعێکی شارستانی. ئەمەش بەوە دەبێ لەسەر بناغەیەکی قەومی، نەک حیزبی، دروست ببێ، دەزگایەکی بێلایەن بێ، پەروەردە و تثقیف و تەدریبێکی نوێ و نەتەوەیی بدرێ... میکانیزمی کارکردن و هەڵسووڕانی بە دەست سەرکردایەتیی سیاسیی یەکگرتوو و لیژنەیەکی پەرلەمانییەوە بێ. بەڵێ، دەشێ ئەمە بکرێ، گەر ئیرادەی سیاسی هەبێ، گەر عەقڵی سیاسیی هاوچەرخ هەبێ، گەر دووربینی و بیرکردنەوە لە سبەینێی نەوەکانمان هەبێ. ڕاستە، ئێمە لە زۆر وڵاتی تر باشترین. ئێمە سۆماڵ و ئەفغانستان نین. بەڵام ئێمە دەوڵەتیش نین. کە هەڵوەشاین، جێگەی خۆمان ناگرینەوە. دەزانم هۆی دەرەکی زۆرن و باسیان دەکەم، بەڵام دەبێ لە ناوەوە هەڵنەوەشێین. دەبێ لە

ناوەوە بەڵگە و بەهانە و کون و کەلێن بە دەستەوە نەدەین. لەجیاتی ئەوەی هێز و وزە و ئەزموون و تاقیکردنەوەی دەوڵەمەند و بەهێزی هەردوو حیزبە سەرەکییەکە لە موئافەسەی بێمانا و ڕقەبەرایەتی و کۆنەقین و گومان و بەشی خۆ زیاتر ڕاکێشان سەرف بکەین، پێویستە ببنە هێزێکی ئیجابی بۆ دوو ئەوەندە تەبایی، دوو ئەوەندە وریایی، دوو ئەوەندە بنیاتنان و داهێنان، دوو ئەوەندە پاڵنانی ئەزموونەکەمان بۆ پێشەوە لە ناوەوە و دەرەوەدا. گیروگرفتی ئێمە، بە پێچەوانەی بیروڕای سادەی باو، گیروگرفتی فیفتی /فیفتی خۆی لە خۆیدا نییە. پەنجا /پەنجا پێویستییەکی مەنتیقی مێژوویی بوو، دەستەبەرێک بوو بۆ ئاشتی و بۆ فێربوونی پێکەوە ژیان و پێکەوە کارکردن و پێکەوە خەباتکردن لە هەموو ڕوویەک و بوارێکدا: عەسکەری، سیاسی، ئیداری، دیپلۆماسی و...هتد. قۆرتەکە لە شێوەی بەکارهێنانی فیفتی /فیفتی یە، لە بەکارهێنانێتی لە زۆربەی کاتدا بۆ موئافەسەی بێبەر و بێئەنجام و زیانبەخش لەسەر حیسابی خەڵک، لەسەر حیسابی بەرژەوەندیی گەل، لەسەر حیسابی بەهای شارستانی و یاسا و عەدالەت. فیفتی /فیفتی بەم مانایە بۆتە شمشێرێکی تیژی دوو سەر، نەتەوەکەمانی لەناو قەدەوە لەت کردووە: دوو سەرکردە، دوو حیزب، دوو قوتابیان /خوێندکاران، دوو ژنان /ئافرەتان، دوو هونەرمەندان، دوو سوپا لە یەک سوپادا، دوو وەزارەت لە هەر وەزارەتێکدا، ئەوسا دەبڵکردنی ئەو دووانە لە هەموو بوارەکانی ئیداری و کۆمەڵایەتیدا. بۆچی بەزۆر یەک گەلی ئەنفالکراو، یەک گەلی شەهید، یەک گەلی برسی و ماندوو، یەک گەلی هەژار و گوێڕایەڵ و یاساخواز و نیزامخواز دەکەن بە دوو؟ زیانی ئەمە تەنیا لە یەکخستنی ژیان و کاروباری ئیداریدا نییە. زیانەکەی گەلێ گەورەترە. ئێمە بە واقیع سەربەخۆین و خاوەن قەوارەی خۆمانین. بۆ سەرخستنی ئەمەش پێویستمان بە مۆسساتە (دامەزراوەکان)؛ مۆسساتی قەومی، ئەمە کارێکی بە پەلەیە. پێویستە ئەو مۆسساتانە دروست بن و بکەونە کار و جێگای مۆسساتی حیزبی / عشائری /ناوچەیی بگرنەوە؟ ئەمە ئەرکی گواستنەوەیە لە شاخەوە بۆ شار، لە بزووتنەوەی چەکدارییەوە بۆ کۆمەڵگای شارستانی، لە 'صراع' و بەربەرەکانێوە بۆ 'حوار' و برایەتی. لێرەدایە، کە بە باوەڕی من عەقڵی سیاسیمان کورتی دێنێ... گەر گرنگی ئەمەش تێ بگەین، قەناعەتی پێ ناکەین، یان نازانین چۆن ئەنجامی بدەین.

ڕاستە، گەر سەیری ساوایی تەجروبەکەمان و ڕابردووی زۆر نزیکمان بکەین، دەبێ بڵێین هەقە خۆمان لە گێژاوێکی سیاسی /ئیداریدا ببینینەوە، کاتمان دەوێ.

بەڵام، زەمان، هەل، دەرفەت، لە سەرمان ڕاناوەستێ. دەبێ دە هەنگاو بە هەنگاوێک ببڕین، دە دەرس بە دەرسێک فێر بین. گیرکاریی (اشکالی) گەورەی تەجرەبەکەمان ئەوەیە، کە بە عەقڵی شاخ و پێوەندیی شاخ و بیرکردنەوەی شاخ بەرەو ڕووی ئەرکەکانی ئێستای 'شار' بووینەوە. ئێستاش هەردوو حیزبە سەرەکییەکە گەرچی لە حوکم دان، حکوومەتن، حاکمن، خاوەنی پەرلەمان و وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییەکان و ئیدارە و ئاسایش ژیانی گەلن، هێشتا خۆیان وەک (حیزبی ناو بەرە)، یان بزووتنەوەی شاخ سەیر دەکەن. هێشتا

بە تەنگ زیادکردنی هێز و ژمارە و بەربەرەکانی و دروشم و ڕووالەت و شتی قەبە و بێناوەڕۆکەوە دێن.

کەوایە چۆن مۆسساتی شارستانی دروست دەبن و چ عەقڵێکی سیاسی پێویستە بۆ دروستبوونیان و چەسپاندنی کۆمەڵگای شارستانی و دیموکراسیەت و یاسا؟

ئەرکە مێژووییەکە تا بڵێی گەورەیە، گرنگە، تازەیە، هەر میللەتێکی تر و سەرکردایەتییەکی تر لە جێگەی کورد بووایە، تووشی شپرزەیی و هەڵە هەر دەهات. دیارە زۆر کراوە. جێگای شانازییە کە وەزارەتەکان و سەدان دەزگا و دایەرەی سەر بە ئەوان ڕۆژانە کاروباری هەزاران ڕۆڵەی ئەم وڵاتە بەڕێوە دەبەن.

بۆشایی ئیداری پڕ کراوەتەوە. ئیدارەکان دەوری ڕۆتینی و ڕۆژانەی خۆیان بە باشی دەبینن. پاشماوەیەکی کارەساتاوی ئەنفال و پاشماوەی میراتی (بە ناو سۆسیالیستی) بەعسی فاشیست لە شێوەی دەیان هەزار مووچەخۆری بێکار، یا بێکاری مووچەخۆر یا بێ مووچە، بارێکی قورسی خستۆتە سەر سەرکردایەتیی سیاسیی حکوومەتی هەرێم. گیرگروفت و نەریتە کۆمەلایەتییەکانیش خۆیان لە خۆیاندا هەن و بەردەوامن و پێویستیان بە زۆر ڕەنج و ئیمکانیات هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەیان، سەربارى چارەسەری ئەم واقیعە زیندووەی ڕابردووی کارەساتاویمان، ئەرکی بەپەلەی دروستکردنی سبەینێیەکی جیاواز و دیموکراتی و شارستانی بەرەو ڕووی سەرکردایەتی سیاسی و حکوومەت بۆ ئەوەیە هەر گەلێکی شارستانی لە جێگەی ئێمە بایە، ئەمەی بۆ قەزا و قەدەر و پێشهاتی ڕۆژانە نەدەهێشتەوە، بەڵکو بیری لێ دەخرایە کار و بەرنامەی بۆ دادەندرا. بۆ ئەم مەبەستەش باشترین شێوە بەستنی کۆنفرانسێکی فراوان یا چەند کۆنفرانسێکی اختصاصی بوو کە هەموو خاوەنبیر و بەهرە و ئیمکانیاتی نەتەوەکەمانی لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات بۆ بانگ بکرابان، بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی گیروگرفتەکان و ڕەنگرێژکردنی بەرنامەی چارەسەری و هەڵسەنگاندنی هۆیەکانی بابەتی و خۆیی و، ئیجابیات و سەلبیات، لە هەموو بوارێکی سیاسی /کۆمەلایەتی /ئابووری / پیشەیی /پەروەردەیی /ڕۆشنبیری و دیپلۆماسیدا. بۆ کردنی ئەوانەی کە خۆمان دەتوانین بیان کەین بە شێوەیەکی باشتر و بەرهەمدارتر، بۆ چارەسەری ئەو کێشانەی هەن و نەهێشتنی سەرهەڵدانی کێشەی نوێ، بۆ پەروەردەکردن و ڕۆشنبیرکردنی کۆمەلانی خەڵک، بۆ دانانی بەرنامە بۆ باشترکردنی ژیان و گوزەرانی و دەرفەتی کار و ڕاهێنان بۆ لاوانمان...هتد.

بەکورتی: بۆ گەلالەکردنی ئاخاوتنی (خیتابی) سیاسی و شارستانی کورد لەم قۆناغەدا. هیچ گەلێک ناتوانێ خۆی بناسێ و گرفتەکانی بناسێ و دەرفەتی ئەرکە تەواو تازە و خێراکانی گواستنەوە لە قۆناغی "شاخ" بۆ قۆناغی "شار"بێ بەبێ ئەوەی هەوڵ بدا باشترین عەقڵی هەڵبژاردەی نەتەوەکەی و تەنانەت شارەزایی و ڕاوێژکاری و ئامۆژگاری و

پسپۆڕی دۆستانی بێگانەش بەکاربێنێ. ئەمە کارێکی پێویستە بۆ ئەوەی تایبەتێتی تەجرەبەی خۆمان تێ بگەین و بەپێی پێداویستییەکانی ئەو تایبەتێتییە هەڵسوکەوت بکەین و بکەوینە کار.

ساتەوەختی پەرلەمان، ساتەوەختی گواستنەوەیە بۆ قۆناغێکی شارستانی نوێ و لەمەوە شێوە کارکردنی شارستانی نوێ و ڕەفتاری ڕۆژانەی نوێ. پەرلەمانمان هەیە و بمانەوێ و نەمانەوێ بە حوکمی ئەو بوونەی وەک مۆسسەیەکی نەتەوەیی نوێ، پێکەوە دادەنیشین، پێکەوە باسی کێشە و گیرکارییەکان دەکەین، ئاخاوتن و حوار لە جێگەی "صراع" و هەرا، بەکار دەهێنین،... وەزارەتەکانیش، دایەرەکانیش، بوارەکانی تری پێکەوە کارکردنیش هەمان دەور دەبینن. خۆ گەر سەلبیاتی فیفتی/فیفتی نەبا، ئەمە خۆی لە خۆیدا گۆڕانێکی شارستانی گەورەیە. هەر چۆنێ بێ گۆڕانەکە، واقیعەکە گەورەترە لەو سەلبیاتە. بە تێپەڕبوونی کات تەجرەبەکە دەچەسپێ و سەلبیاتەکانی دەکەونە پەراوێزەوە. بەڵام دوژمنمان زۆرە. هەلومەرجی دنیا لە گۆڕانی بەردەوامدایە. بۆیە پێویستە عەقڵی سیاسی کورد لە بیرکردنەوەی شاخ دەربازی بێ و موفرەداتی شارستانی نوێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و دامەزراندنی مۆسساتە قەومییەکان دەستنیشان بکا و بخاتە کار. باسکردنی ئەم مەسەلە بەدرێژی وەختێکی زۆری دەوێ. تەنیا چەند نموونەیەک لە تایبەتێتی تەجرەبەی خۆمانەوە باس دەکەین... تەجرەبەی گواستنەوە بۆ کۆمەڵگای شارستانی:

١- حکوومەت: گرنگە حیزبەکان "بەتایبەت دوو حیزبە سەرەکییەکە" کە حکوومەت پێک دێنن وەک حکوومەت سەیری خۆیان بکەن نەک حیزب و لێرەوە لێپرسراوی خۆیان وەک حکوومەت تێ بگەن و دەزگا و دامەزراوەکانی حکوومەت بەهێز بکەن. کەچی بەداخەوە بەپێچەوانەی ئەوەوە، هێشتا مەکتەبی سیاسییەکان و مەڵبەندەکان و لقەکان زۆربەی کاروباری ڕۆژانەی خەڵک بەڕێوە دەبەن و ئیدارەکانی حکوومەتیش بێ توانا و دەسەڵات و دارایین.

٢- پەرلەمان: پەرلەمان گرنگترین زاراوەی قۆناغی شار-مانە. پەرلەمان پێویستە ببێتە دایکی هەموو دامەزراوەکانی تر، شیردەر و بەخێوکەر و فێرکەریان دەربارەی شێوەی پێکەوە کارکردن، حوار، ڕەخنەگرتنی توند و تەنک، بەکارهێنانی شێوەی دەنگدان و کۆمیتە و دیراسە و باس و ڕاپۆرت...هتد ئیشکردن بۆ بەرژەوەندی باڵای نەتەوە و سەرخستنی بەسەر بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتیدا.

شەرعیەتی سیاسی و یاسایی حیزبە دەسەڵاتدارەکان لە پەرلەمان و هەڵبژاردنەوە دێ. بۆیە ڕێزگرتنی پەرلەمان و بەهێزکردنی، ڕێزگرتنی و بەهێزکردنی شەرعییەتی خۆمانە خۆ ئامادەکردنێکی هێمنانە و ژیرانە و وردبینیانە و دووربینیانە بۆ هەڵبژاردن و پەرلەمانی ساڵی ١٩٩٥، پێویستە هەر لە ئێستاوە خۆی بۆ ئامادە بکرێ و دووەم پەرلەمانی

کوردستان، پەرلەمانی چەسپاندنی یاسا و دیموکراسیەت و کۆمەڵگای شارستانی و دەسەڵاتی نەتەوەیی بێ.

٣- هاودەسەڵاتێتی (ئیئتیلاف). شێوەی هاودەسەڵاتێتی شێوەیەکی پێویست و تەبایی دروستکەری حوکمە و هەموو نەتەوەکان لە کاتی تەنگانە و گرفتاری نەتەوەییدا شێوەی هاودەسەڵاتێتی لە نێوان حیزبەکاندا بەکارهێناوە... ئێمەش کە ئێستا لە قۆناغێکی زۆر ناسک و خەتەرناکداین و هیچ هێزێک و حیزبێکی سیاسیی کوردی بەتەنیا ناتوانێ و زاتی ئەوەی نییە زۆر بڕیاری گرنگ و چارەنووسساز بدا، یان کێشە سیاسی و ئابووریو کۆمەڵایەتییە گەورەکان چارەسەر بکا، شێوەی هاودەسەڵاتێتی باشترین شێوەی بەڕێوەبردنی حکوومەتی هەرێمە. لە پێشەوە دەکرێ بۆ ئەم مەبەستە بەرەی کوردستانی بژێندرێتەوە و بخرێتەوە کار، بەلام نەک وەک گرۆ و عەقڵێتی حیزبی بەڵکو وەک لایەنی شارستانی بەشدار لە بەڕێوەبردنی دامەزراوەکان و ئیدارەی دەوڵەتدا. سەلماندنی ڕۆحی هاودەسەڵاتێتی و هاولێپرسراویی و هاوکاری و دڵنیاکردنی ئەوەی کە هەر حیزبێک گەر لە هەڵبژاردنیشدا زۆرترین دەنگ بێنێ، هێشتا شێوەی هاودەسەڵاتێتی قبووڵ دەکا، بۆی هەیە هەلومەرجێکی ئیجابی لەبار و دوور لە گومان و مەترسی دروست بکا: واتە ئەو مەترسییە نەمێنێ گەر حیزبێکیش دەنگی زیاتری هێنا، دەسەلات هەمووی بەر ئەو بیڕێ و هێزەکانی تر لە حکوومەت دوور بخاتەوە. ڕۆحی هاودەسەڵاتی و باوەڕبوون پێی بۆی هەیە هەستی هاوکاری و هاوخەباتی و هاوچارەنووسی بەهێز بکا و ببێتە چوارچێوەیەک بۆ پەروەردە و هۆشیارکردنەوەیەکی نیشتمانیی نەتەوەیی دوور لە قاوغ و قاڵبی تەسکی حیزبایەتی.

٤- بیری هاونیشتمانێتی: گەر حیزبەکان حکوومەت بن، دەبێ خۆیان وەک حکوومەت سەیر کەن، نەک حیزب. دەبێ وەک حکوومەت ڕەفتار کەن نەک حیزب. ئەرکی هەرە پیرۆز و گەورەی هەر حکوومەتێکیش دابینکردنی ئاشتی و ئاسایشی کۆمەڵە لە ڕێگای بەکارهێنانی یاسا و دەسەڵاتی یاساوە. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ حیزبەکان /حکوومەت خەڵکی هەموو مرۆڤێکی کورد وەک هاونیشتمانییەک (مواطن citizen) بکەن، نەک وەک بوویەکی عەشیرەتی (جاف، هەمەوەند، سورچی، میراودەلی...هتد) یان چینایەتی (کرێکار، ئاغا، فەلاح، بۆرژوا)، یان ناوچەیی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک...)، یان بنەماڵەیی (مەلا، شێخ...)...هتد. بیری هاونیشتمانێتی بنەمایەکی سەرەکی کۆمەڵگای شارستانییە. بۆچوونی ئایدۆلۆژی مرۆڤ لە قاڵبدەر پێچەوانەی سەرەتای مافی مرۆڤ و جەوهەری کۆمەڵگای مەدەنییە. پێویستە لە عەقڵی کۆنی حیزبایەتی، کلێشەیی، ئایدۆلۆژی، دەرباز بین. پێویستە حکوومەت هەموو ڕۆڵەیەکی ئەم نیشتمانە وەک هاووڵاتییەک سەیر کا کە یەکسانن بەرامبەر یاسا. خاوەن ماف و ئەرکی وەکو یەکن. ئەوی لە یاسا لایدا، هەر کەسێ بێ و هەر ڕەنگێ بێ، دەبێ بەر سزای یاسایی بکەوێ. ئیشکردنی سیاسی بۆ بەرژەوەندی چینێک، یا دەستە و توێژێکی کۆمەلایەتی، یان گرۆیەکی خاوەن حاڵەتی

تایبەتی (وەک شەهیدان، ئاواران...) دیسان دەبێ لە ڕێگای یاسا و خواست و بڕیاری پەرلەمانەوە بێ. حیزبەکان دەبێ بینینی خۆیان وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی، یا چوارچێوەیەکی ئایدۆلۆژی /حیزبی، لە دەوری خۆیان وەک حکوومەت جیا کەنەوە. ئەمەی دواییان گرنگە و پێویستی خەباتی شار و خولیای شارستانێتی-مانە. دەوری حیزبی حاکم ئەوە نییە دەسەلاتی بۆ بەهێزکردنی حیزب لەسەر حیسابی حکوومەت بەکاربێنێ... شتی وا تەنیا لە ڕژێمە فاشی و دیکتاتۆرییەکاندا بەرچاو دەکەوێ. بەپێچەوانەوە، دەبێ ئەو حیزبانە لە ڕێگای جێبەجێکردنی بەرنامەی حکوومەتی خۆیان و بەهێزکردن و ناوبانگ باشکردنی حکوومەتەکەیان، جەماوەرێتی خۆیان زیاد بکەن. بینینی مرۆڤی کورد وەک سەوز یان زەرد، وەک جاش یان باش، وەک عەشیرەت یان شاری، هەڵوێستی شارستانیانە دەشێوێنێ و عەقڵییەتی شاخ و جیاوازخوازی دەسکرد و کڵێشەیی دەسەپێنێ. گەر حیزبێ بیەوێ بۆ نموونە بۆ بەرژەوەندی جووتیاران یان شەهیدان یان ئافرەتان کار بکا، ئەوە بەوە ناکرێ کە خۆی لەوانە بەرێتە پێشەوە و بیانکاتە موڵکی خۆی! بەڵکو بەوە دەبێ کە پێشنیازی یاسایی پێشکەش پەرلەمان بکا و تێبکۆشێ پەرلەمان بڕیاری یاسایی بۆ قازانجی ئەو گرۆیانە دەر بکا و زامنی جێبەجێکردنیان بێ!!

ئەمەیە بۆچوونی شارستانی-پارتایەتی و تاقمگەری دژی ئەم بۆچوونە دەوەستێتەوە.

## ٥- مافی مرۆڤ و یەکسانی دەرفەت Equal opportunity

هەموو تاقیکردنەوەی مێژوویی داگیرکردنی خاکی ئێمە، بریتییە لە تاقیکردنەوەی کارەساتاوی پێشێلکردنی مافی مرۆڤایەتیمان. بۆیە پێویستە (مافی مرۆڤ) بنەمای هەرە بنچینەیی دامەزراندنی کۆمەڵگای شارستانی و ڕێنوێنی حکوومەتی هەرێم بێ. مافی ژیان و کەرامەت و دووربوون لە مەترسی کوشتن و لەناوبردن پێویستە بەبێ مەرج و قەید، بۆ هەموو تاک و گرۆیەک دابین بکرێ. بەشێکی تری سەرەکی ئەم مافە، مافی یەکسانی دەرفەتە لە مەیدانی کار و دامەزراندن و دابینکردنی گوزەران و بژێویدا. بۆیە دامەزراندنی خەڵکی لەسەر ئەساسی واسیطە و حیزبایەتی و لیست، پێچەوانەی مافی یەکسانی دەرفەتە. دەبێ ئەم مافە بە یاسایەک بسەلمێندرێ و ئەنجوومەنێکی کارپێدان (مجلس الخدمە) دروست بکرێ بۆ سەرپەرشتی جێبەجێکردنی یاسایەکی وا و هەر کارێک دێتە پێش پێویستە ڕابگەیەندرێ و لەسەر بنچینەی کەفائەت و توانست و لێهاتوویی شیاویی بۆ کارەکە خەڵکی بۆ دابندرێ.

ئەمانەی سەرەوە، هەموو چەند بیر و هەنگاوێکن بۆ دەربازبوون لە پاشماوەی بیری شاخ و سەلماندنی بۆچوونی شارستانییانە و ریفۆرمیستانە.

بەڵام ئاشکرایە کە تەجرەبەی ئێمە بەندە بە هەلومەرجی دەرەکی و هەڵوێستی جیهانییەوە؟ چۆن خیتابی سیاسیی کوردی ئەو هەلومەرجە ناسکە دەخاتە بەر چاو و، تەجرەبەکەمان بەرەو کوێ دەڕوا؟

ڕاستە، ئەم تەجرەبەیەی ئێمە بەبێ هۆکاری دەرەوە، نەدەبوو و نابێ، پاراستنی جیهانیمان نەبێ، مەترسی زۆرە. هەر ئەو پاراستنەش مەترسییەکانی زیاتریش کردووە. داگیرکەران وەک هەمیشە هاودەنگن لە چەوساندنەوە و کوشتن و بڕینی گەلەکەماندا. بۆیە مامەڵەکردن لەگەڵ جیهانێتی مەسەلەکەماندا گرنگترین لایەنی ستراتیژیەتی سیاسی ئەمڕۆمانە. لێرەشدا دەبێ بەتایبەتێتی مەسەلەکەمان و مێژووی کارەساتاوی نزیک و دوورمانەوە بۆ ئەم لایەنە بچین. بۆ هەمیشە هەڕەشەی مەرگ و ئیبادەمان لەسەرە؟ بۆ ئێستا لە خوارووی کوردستان کەمێ حەساوەین (بەو مانایەی کە ناکوژرێین) کەچی بەرامبەر ئەوە باکووری وڵاتەکەمان گڕ و خوێنە؟! ئەمە ئەو پرسیارەیە کە ناتوانین خۆمانی لێ بدزینەوە. بمانەوێ و نەمانەوێ هەمیشە لەگۆڕێیە. بەکورتی: تا حاڵەتی داگیرکردن هەبێ، سێبەری مەرگ و ئیبادە بەسەرمانەوە دەبێ. چارەی دواییمان وەکوو هەموو گەلێکی تر، بەوە دەبێ چارەی خۆمان بنووسین، ببینە خاوەن کیانی خۆمان لەسەر خاکی خۆمان. بمانەوێ و نەمانەوێ، ئێستا تەجرەبەی خوارووی کوردستانمان تەجرەبەی لەدایکبوون و پیادەبوونی ئەم کیانەیە.

دوژمنان وای تێدەگەن و بەم پێیە ڕەفتار دەکەن. بۆیە دەبێ ئێمەش وای تێ بگەین و بەم پێیە ڕەفتار بکەین. خیتابی سیاسی ئەمڕۆمان، کە نییە یان ئاشکرا خۆی دەرنەخستووە، پێویستە لە دەوری ئەم ئیعتبارە مەرکەزییە خۆی دارێژێ و موخاتەبەی دۆست و دوژمن بکا... خۆگێلکردن دادمان نادا... شتێک کە لە واقیعدا لە گۆڕێ بێ، دەبێ لە سیاسەتیشدا عەکس بێتەوە... پیلانمان هەر لە سەرە، پیلان بۆ لەباربردنی ئەم تەجرەبەیە. پیلاندانەرانیش ئاشکران، دەوڵەتە داگیرکەرەکانن. بۆیە دەبێ ئەم حەقیقەتە بەڕاستگۆیی و بێدوودڵی بۆ هەموو دنیا، بەتایبەتی بۆ وڵاتانی غەربی و ئەوانەی پاراستنی ناوچەی کوردستانیان خراوەتەوە ئەستۆ ڕوون بکرێتەوە. دەبێ جەخت لەسەر ئەوە بکرێ کە کەمترین ساردی و سستی لە پاراستن، دیفاعکردن لە هەرێمی کوردستان، گەورەترین هەڕەشە و تراژیدیای بە دەمەوەیە. چارەسەری دواییش بە سەلماندنی مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کوردستان دەبێ کە ئەمڕۆ شێوەی پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانە لە دەوڵەتانی فیدرالیدا چارەسەرێکی مێژوویی واقیعی و گونجاوە، بۆیە لە دارشتنی خیتابی سیاسی کوردیدا پێویستە ئەم خاڵە سەرەکییانەمان لەبیر بێ:

١- تراژیدیای کورد ئەنجامی دابەشکردن و داگیرکردن و زەوتکردنی خاک و ئازادی و مافی چارەی خۆنووسییەتی. ئەنجامی پرۆسەی ئەو داگیرکردنە چەوساندنەوەی بەردەوام و جینۆساید بوو، بۆیە تاقە ڕێگایەک بۆ وەستاندنی ئەم پرۆسە نائینسانییە و گەڕانەوەی مافی ژیان و کەرامەت بۆ نەتەوەیەکی ٣٠ ملیۆن نفووسی ئەوەیە مافی ژیان و بوونی لە ڕێگای دامەزراندنی دەوڵەت یان دەوڵەتانی فیدرالی خۆی زامن بکرێ. بەتایبەتی لە باشووری کوردستان و (ئێستا لە باکووریشدا) تەجرەبەی جینۆساید کارێکی وای کردووە کە جەماوەری کورد نەتوانێ بەبێ زامنی پاراستنی جیهانی و کیانی نەتەوەیی سەربەخۆ،

پاراستراوی خۆی لە خاکی خۆیدا بژی.

٢- هەروەکوو چۆن ئیبادەی جوولەکەکان لە لایەن هیتلەر و نازییەکانەوە عەتفی دنیای بۆ ڕاکێشان و ئەم عەتفەیان کردە زەمینەیەکی گرنگ بۆ بانگی ئازادی و دەوڵەتی قەومی، پێویستە خیتابی سیاسیی کوردیش کارەساتی ئەنفال و جینۆسایدی لە باشووردا کە بەزیندوویی و چڕی لە هەزاران بەڵگەنامەدا هەیە و دنیا پێی دەزانێ، بکاتە ئەساسێکی ئینسانی و ئەخلاقی و یاسایی پتەو بۆ سەلماندنی مافی هەبوونی کیانی نەتەوەیی خۆی وەک زامنێک بۆ دوارۆژی رۆڵەکانی و پێویستی سزادانی داگیرکەران بە تاوانی جەریمە بەرامبەر مرۆڤایەتی.

٣- تەجرەبەی زیاتر لە حەفتا ساڵمان لەگەڵ عەرەب (هاواری برایەتی و یەکێتیی مێژوو و چارەنووس...هتد) و تورک (پێکەوەژیان و تەبایی سەردەمی عوسمانی) و ئێران (یەک ئایینی و هاوکاری نزیک) ئێمەی لە چەوساندنەوە و کوشتن و ئیبادەی ئەوانە نەپاراستووە. کولتووری بەربەریزم و جەنگەڵی و شۆڤینی و فاشی بەسەر واقیعی فیکری و سیاسەتی ئەو نەتەوە و دەوڵەتانەدا زاڵە. هیچ زامنێکی دیمۆکراسی و مافی مرۆڤ و پەیمانێکی جیهانی نییە کورد لە تاوانی بێوچان و بێپایانی ئەوان بپارێزێ. بۆیە خەبات بۆ ئازادی کورد لە هەمان کاتدا خەباتە بۆ ئینسانیکردن و دیمۆکراتیزەکردنی ئەو کۆمەڵگا و کولتوورانە، بۆ دەرهێنانیان لە قاوغی بەربەریزمەوە بەرەو جیهانی نوێی ئینسانییەت. بۆیە ئاخاوتن و دایەلۆگی ئێمە لەگەڵ هەموو دەستە و گرۆ و مرۆڤە ئینسانی و دیمۆکراسیخواز و مافی مرۆڤخوازەکانی ئەو نەتەوانە دەبێ بەبێ سێودوو لەسەر بنچینەی سەلماندنی مافی ئازادی و کەرامەتی نەتەوەیی یەکتر بێ لە پێش هەموویانەوە مافی خاکێکی ئازاد و گەلێکی ئازاد.... هیچ کەس دۆستی ڕاستەقینەت نییە کە ئینسانییەتی تۆ نەسەلمێنێ، ئینسانییەتی هیچ کەس و مرۆڤێکیش بەبێ ئازادی و لە ژێر سێبەری چەقۆی داگیرکەردا ناسەلمێندرێ. ئاشتی و ئازادی تەنیا ئەو کاتە لە خۆرهەڵاتی ناوەندا دەچەسپێ، کە نەتەوە و کەسایەتییەکانی ناو ئەو وڵاتانە مافی ئازادی و چارەنووسی خۆنووسینیان زامن بکرێ.

٤- بە دەرکەوتن و سەرکەوتنی وەکوو تەجرەبەیەکی دیمۆکراسی و ئینسانی و ئاشتیخواز و دواکاری پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانە و عەسرییانە و ئینسانیانە لەگەڵ هەموو دراوسێکانی، کوردی باشوور سەلماندویانە کە شایانی ئەوەن خۆیان حوکمی خۆیان بکەن و کاروباری ژیانی خۆیان بەڕێوەبەرن. پتەوکردنی بەرەی ناوخۆ و هەنگاونانی چالاکانە و بەردەوام بەرەو چەسپاندنی کۆمەڵگای مەدەنی ئەم بنەمایەی سەربەخۆیمان بەهێز دەکا.

٥- کوردستانێتی مەسەلەکەمان حەقیقەتێکی ئاشکرایە... نەخشەی داگیرکەران هەمیشە لەئاردایە بۆ لەباربردنی هەموو تەقەلایەکی ئازادیخوازانە. تاکتیک و واقیعبینی

پێویستە، بەڵام نەک لەسەر حسابی خوێنی براکانمان لە هەر بەشێکی کوردستاندا بێ. پێویستە هەرگیز خۆمان نەخەینە حاڵەتێکەوە لە دوژمنانمان بترسین و هەموو ڕێگایەکمان لە خۆمان بەستبێ، باوەڕ بکەن ئەوەی دوژمن دەیکا، دەیکا، تۆ هەر چۆنێ موساوەمە بکەی. ئەگەر ئەمڕۆ نەیکا، سبەینێ دەیکا. بۆیە نابێ لە هیچ کاتێکدا هیچ دەرفەتێک بۆ دەرخستنی ڕەوایی مەسەلەکەمان و پێشخستنی فرامۆش بکەین... دەبێ بەئاشکرا بە (غەرب) بڵێین ئێوە لێپرسراون بەرامبەر ژیان و چارەنووسی ئێمە، دەبێ بەڵگەی مێژوویی و جوگرافی و ئابووری و ئینسانی مافی ئازادیمان بە هەموو کەس بڵێین و بسەلمێنین.

٦- چارەنووسی تەجرەبەی ئێستامان بە دوو هەلومەرجی زۆر گرنگەوە بەستراوە:

ئا- چونێتی پێشکەوتن و چارەسەری مەسەلەی کورد لە باکووردا. تورکیا ئێستا بە هەموو هێزێکیەوە دەیەوێ بە شەڕ بێ یان بە پیلان و فشار، تەجرەبەی باشوور لەبار بەرێ و ئەنفالی باکووریش بکا. پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا ئەوان ئابووری بەهێزتر و سوپای بەهێزتر و تاوانی بەهێزتریان لە صەددام هەیە؟ ئایا ١٥-٢٠ ملیۆن کوردی باکوور تا کەی و چۆن قڕان و ژێردەست دەکرێن؟ ئایا ئەمە لەگەڵ واقیعی توانستی ئابووری تورکیا و واقیعی سیاسی ئەو وەک بەشێک لە کۆمەڵگای ئەوروپایی دەگونجێ؟ ئایا تورکیا ڕۆژێک دێ سیاسەتی بگۆڕێ یان چۆک دادا؟ ئەوسا چ دەرفەتێک بۆ کورد دروست دەبێ؟ یا بۆ ماوەیەکی درێژ دەتوانێ درێژە بە سیاسەتی داپڵۆسین بدا، ئەوسا ئێمە چی دەکەین و غەرب چی دەڵێ!

ب- چارەنووسی ڕژێمی صەددام و عێراق، لەم بارەوە سێ "ئیحتیمال" لە ئارادایە:

١- گۆڕینی صەددام بە ڕژێمێکی سەر بە غەرب کە فیدرالیزمی ئێستای کوردستانیش بسەلمێنێ. ئەمە گەرچی بە ڕواڵەت بۆ ئێمە باشە، لە ئاسۆی دووردا مەترسی بە خشە، مانەوەی کورد وەک بەشێک لە عێراق، ئەو مەترسیەی هەر هەیە کە بە بەهێزبوونەوەی ئابووری و سوپای عێراق، لەگەڵ هەر کودەتایەکی سەربازیدا بگەڕێنەوە سەر سفر و بە هەموو تەجروبەی شۆڕش و ئەنفالدا تێپەڕینەوە. بۆیە زامنی تەنیا دروستبوونی دەوڵەتی فیدرالی کوردییە وەک هاوتای دەوڵەتی فیدراڵی عەرەبی لە عێراقدا.

٢- لابردنی گەمارۆ لەسەر کوردستان. ئەمە گرنگە و دەبێ تەئکیدی لەسەر بکەین چونکە هەنگاوێکی گرنگە بۆ سەربەخۆیی ئابووری و سیاسیمان. پێویستە داواکاری مەرکەزیمان لە غەرب پاراستن و لابردنی گەمارۆ و دروستکردنی فڕۆکەخانەیەک بێ لە کوردستاندا.

٣- مانەوەی صەددام و لابردنی گەمارۆ لەسەر هەموو عێراق، کە ئەمە ڕووسیا و فەرەنسا و تورکیا بەتایبەتی کاری بۆ دەکەن. سیناریۆیەکی ئەم ئیحتیمالە، زەغتکردنی بەتایبەتی تورکیایە لەسەر کورد بۆ "مفاوضە" لەگەڵ صەددام و هەڵوەشاندنەوەی تەجرەبەی فیدرالی کوردستان.

خیتابی سیاسیی کوردی دەبێ لەسەر بنچینەی سەلماندنی مافی چارەنووس، کوردستانیزم، و فیدرالیزم و پەرەپێدانی تەجرەبەی باشوور بەرەو سەربەخۆیی لە ڕێگای لابردنی گەمارۆ لەسەر کوردستان و بەردەوامی ئاخاوتن لەگەڵ غەرب و هێزە دیموکراتی و ئینسانییەکانی عەرەب و تورک و فارس بێ.

ئەم باسەی برادەر کەمال میراودەلی، وەڵامی پرسیارێکی "کوردستانی نوێ" بوو کە لە نیسانی ١٩٩٤ ئاراستەی نووسەری کردبوو.

# دەوڵەتێکی کوردی: بەشدارییەکی پێویستە بۆ پاراستنی ئاشتی لە خۆرهەڵاتی نزیکدا

نووسینی: پرۆفیسۆر-دکتۆر رۆناڵد مۆنش
ئەڵمانیا-بریمن BREMEN
گۆڕینی لە ئەڵمانییەوە بۆ کوردی: دکتۆر هەژار

## پێشەکی

... ڕادەی باس و لێدوان لەمەڕ بیر و بۆچوون و ئەگەرەکان، یان تەنانەت روانینێکی روون و یەکگرتوو -وەک ئەوەی من لێرەدا نوێنەرایەتی دەکەم: فیکری دەوڵەتێکی کوردی- تا ئێستا نە لەناو دەزگا کوردییەکاندا نە لەناو پارچەکانی کوردستان خۆیدا یەک نییە. ئەمە لە ڕوانگەی دیموکراتییەوە شتێکی ئاساییە، بەڵام لە بارێکی ترییەوە هەمیشە روون و ئاشکرا نییە و زیانبەخشیشە. ڕادەی باس و لێدوان لە نێو وڵاتانی گەورەی پەیوەندار بە خۆرهەڵاتی نزیکەوە جێی شەرمەزارییە. لە جەوهەردا هەڵوێستی وڵاتانی دابەشکەرە (وڵاتانی داگیرکەر-و): تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا لە هەموویان روونترە. بیر و بۆچوونی موناقەشەکراو و پیادەکراوی ئەم دەوڵەتانە بێگیان و مردارەوە بووە، سەرگێژکەر و سەرسوڕهێنەرە، بەڵام بە هەمان ئەندازە سیاسەتی بەرژەوەندی ڕۆژانەیانە.

کورد بە "٣٠" سی ملیۆن کەسەوە گەورەترین گەلی ئەم زەوییەیە کە دەوڵەتی نییە، کەچی کێشەکەی هێشتا هەر بەهایەکی کەم و بگرە فرەتر بەهایەکی ڕۆمانتیکی پێ دراوە. ئەمە لەگەڵ قەوارە و چۆنایەتی کێشەکەیدا ناکۆکە و ناگونجێ، چونکە ئەم کێشەیە هەموو دەوڵەتە گرنگەکانی خۆرهەڵاتی نزیکی گرتۆتەوە.

زانست و زانیاری شکستی هێنا و لە واقیعدا هیچ بۆچوون و دید و ڕێگەچارەیەکی شایان باسی نەهێنایە گۆڕێ.

ئەمەش بەڕوونی و ئاشکرا دەچوێندرێ بەو سەرەگێژەیەی سیاسەتی نێونەتەوەیی بەرامبەر بە یەکێتیی سۆڤیتی جاران و یۆگۆسلاڤیای فرەنەتەوە و لە حاڵی هەڵوەشاندنەوەدا، ئەو سیاسەتەی کە بێ ڕاوێژکردن بە زانستی سیاسەت بەڕێوە دەبرێ و هەر بۆیەش پاشەڕۆژێکی روونی نییە.

بەپێزی هەویری بابەتە جیاجیاکانی ئەم کۆنفرانسە (کۆنفرانسی ئازادی بۆ گەلی کورد، ڤیەننا ٢-٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢ -و-) دەری دەخات کە دید و بۆچوونەکان و هەلومەرجەکانیان چەند فرەتوێژن. من بەسەر گرنگترین دید و ڕاکاندا تێ دەپەڕم و دەچمە ناو باسی دید و ڕای دەوڵەتی کوردی و چۆنێتی بە کفر لە قەڵەمدانی و بەڵگەکانی بۆ دەوڵەتی کوردی و دژی دەوڵەتی کوردی. هەلومەرجەکان دەخەمە ڕوو ئاماژە بۆ پرۆسە و ڕەوتێکی شیاو و ڕێتێچوو یا مومکین دەکەم.

## دید و ڕاکان

(١) ڕێگاچارەی، یان تێزی پیادەکراوی تا ئیمڕۆ (چۆن بووە هەروا): ئەنجامنامەی بارودۆخی کەرتبوون و دابڕانی سی ساڵەی دنیا بۆ خۆرهەڵات و خۆرئاوا (بلۆکی خۆرهەڵات و خۆرئاوا) و حەفتا ساڵەی دنیا بۆ باکوور و باشوور (وڵاتانی جیهانی سێ و وڵاتانی پیشەسازی و پێشکەوتو) بەڵگەی دژی ئەم تێزەن: وەزعێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و وێران و داتەپیو، نەداری کولتوری و، سەرکوتانەوە و چەوسانەوەی ڕۆژبەڕۆژ سەختتر و پڕ کارەساتتر، شەپۆل و لێشاوی هەڵهاتن و کۆچکردن و ڕاگوێزان و ئاوارەیی، تێوەگلان و گرێدانی بەردەوامی چەند بەشێکی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بە پیلان و دەسیسە و شەڕ و ناکۆکییەکانی هەر چوار وڵاتی دابەشکەر، دەستتێوەردانی هێزە دەرەکییەکان بەتایبەتی چالاک و گورج و گۆڵیەکانیان کە بریتین لە ئەمریکا، بەریتانیا، ئەڵمانیا و فەرەنسا، ئەوەی ئایا ڕوسیای ئیمڕۆش بخرێتە خانەی ئەم چوار دەوڵەتەوە جارێ بە هەڵپەسترێردراوی دەیهێڵمەوە. ئیسرائیلیش ڕۆڵێکی تایبەت دەبینێ لە مەسەلەکەدا.

بەڵگەیەکی تری دژی ئەم تێزە بەهێزبوونی کوردایەتی خۆیەتی، کە لەگەڵ هەموو ناکۆکی و جیاوازییەکانیدا یەک یەکە پێک دەهێنێ. بەرەبەرە کوردەکان چیدی بەو ستەمەی دەرهەقیان دەکرێت ڕازی نابن. تالان و بڕۆی نیشتمانەکەیان وایکردووە کە بە دەگمەن کەسێک دەبیترێت شتێکی مابێت لە دەستی بدات. لێرەدا دەشێت هەڵوێستی پارتی کرێکارانی کوردستان (پ. ک. ک.) و پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە یەکتر جیاواز بن.

لەژێر مۆرکی کارتێکردنی ڕزگاری و سەربەخۆیبوونی گەلانی چەوساوەی یەکێتیی سۆڤێتی جاران، خۆئاگایی و ئامادەیی بۆ خەبات لەناو کورددا -بەلایەنی کەمەوە هەر نەبێ بە هێندەی چەوسانەوەی کورد لە لایەن دوژمنەکانییەوە- گەشەی کردووە. ئەم چەوساندنەوەی کوردە لە هەر چوار پارچەکەدا تەنیا فاکتەری بە یەکەوەبەستنی ئەم دنیا عاجباتی و بێسەروبەرەی خۆرهەڵاتی نزیکە.

تا ئێستا دیارە وا باوە کە کێشە جیهانییەکان تەنیا ئەو کێشانەن کە لە ڕێی هۆکانی ڕاگەیاندنەوە دەخرێنە سەر مێزی لێکۆڵینەوە. لەگەڵ هەموو درامای کۆچ و ڕەوی کورد لە

باشوری کوردستاندا لە مانگی نیسانی ١٩٩١دا ڕۆڵی دنیای هۆکانی ڕاگەیاندن ئامادە و بەرچاو و دیار بوون ئەو دنیایەی کە لە لایەن سانسۆری شەڕی ئەمریکا و عێراقەوە ڕێی کاری ئازادی لێ گیرا بوو وە نائومێد کرابوو. وێنە زیندوو هەژێنەرەکانی ڕاگەیاندن بەڕوونی دەری خست کە چیدی تێزی تا ئیمڕۆ پیادەکراو دەرهەق بە کورد ناتوانرێت قبوڵ بکرێت، ئەم وەزعە دەچوێندرێت بە باری دوا قۆناغەکانی ئەمریکا لە ڤێتنامدا.

مانەوەی وەزعی کورد بەمجۆرەی کە تاکو ئێستا بووە مانای مانەوەی زەبروزەنگی دەوڵەتانی دابەشکەر و مانەوەی ئەو زەبروزەنگەی لە ئەنجامی بەرەنگاربوونەوە و شۆڕشی کوردەوە دروست دەبێت، ئەم وەزعە و ئەم ڕێچارەیە نابێت و ناتوانرێت تاسەر بمێنێتەوە. لێرەدا هەڵسەنگاندنی زەبروزەنگی کورد (بەرامبەر داگیرکەرانی نیشتیمانەکەی -و-) لە لایەن وڵاتانی ڕۆژئاواوە زۆر جیاوازە و شایانی تێڕوانینێکی وردترە: قبوڵکردنی شەڕی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستاندا (کوردستانی عێراق)، بێموبالاتی و پشتگوێخستن و گوێ پێنەدانی لە هەمبەر خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا (کوردستانی ئێران)، مۆرلێدانی تێرۆر بە تەوێڵی شۆڕشی کورد لە باکوری کوردستاندا (کوردستانی تورکیا) مرۆڤ خەریکە گومانی ئەوە دەکات کە شۆڕشی کورد لە باکووری کوردستاندا ڕێگەچارەی قبوڵکراوی ڕۆژئاوا بووە.

(٢) ڕێگەچارەی لەناوبردنی بەکۆمەڵ: لە نێو ژەنەراڵەکانی تورکیادا سەرلەنوێ باس و لێدوان لەسەر چارەسەری یەکجارەکی کێشەی کورد دەکرێت کە بریتییە لە لەناوبردنی بەکۆمەڵ و بە یەکجاری. هێشتا لە بیر نەچۆتەوە کە گەورەترین قەلاچۆکردنی گەلێک لە سەدەی ئێستادا لە تورکیادا بوو کە دەرهەق بە ئەرمەنییەکان کرا و ئەڵمانیای هاوپەیمانی ئەوسای تورکیا و دواتریش هاوپەیمانەکانی تری تورکیا بە قڕ و قەپکردن لێی دەستخۆشانەیان لێ کرد. هیتلەریش لە یەکێک لە کۆبوونەوە نهێنییەکانیدا بە هێماکردن بۆ قەلاچۆکردنی جوولەکە ئاماژەی بۆ ئەم قەلاچۆکردنی ئەرمەنە کرد بوو. ئێمە دڵنیاین کە لە عێراقدا زۆر بەئاستەم بە جۆرێکی تر بیر لە مەسەلەی کورد دەکرێتەوە. ئەم بیرکردنەوەیەی ترۆیکی ڕابەرایەتی و چەقی دەستەڵات و هێز لە تورکیای ئەندامی ناتۆدا لێردا بێ تعلیق بۆ خوێنەری جێ دەهێڵم.

(٣) تێزی گەڕانەوە بۆ دواوە: بۆ پێکهاتە و شێوازەکانی ئیمپراتۆریی عوسمانی. لە نێو کۆڕە حکومەتییەکانی تورکیادا بەئاشکرا بیر لە سنوورەکانی باشووری دەوڵەتی عوسمانی جاران دەکرێتەوە. لێرەدا نامەوێت لەوە بدوێم کە ئایا گۆڕانێکی وا بەتەنێ وەزعی کورد باشتر دەکات؟ دیارە لە تورکیادا هەتا ئێستا بیر لەوە نەکراوەتەوە بەپێی سیستەمی میللەتی عوسمانی جاران حاڵەتێکی یاسایی بدەن بە کورد (وەک گەلێکی جیا لە تورک -و-)

(٤) تێزی بە دیموکراتیکردنی وڵاتانی دابەشکەر: ئەم تێزە دەنگدانەوەیەکی باشی هەیە لە گوێی ڕۆژئاوادا، چونکە:

یەکەم: تێزێکی گشتیی و ئانەتەوەییە.

دووەم: لە مەیدانی واقیعدا خۆی خۆی پیادە دەکات و بە ئەنجام دەگەیێنێت (ڕۆژئاوا بێ سەرئێشە خۆی لە مەسەلە کە دەردەهاوێژێت. -و-)

ملهوڕی و بێپەروایی دەوڵەتانی دابەشکەر: سوریا، ئێران، عێراق، لەوەدا دەردەکەوێت کە هیچ پێویستییەکان بە ناو و ناوبانگباشی دیموکراتی نییە کە لەم تێزەدا هەیە، هەتاکو بیکەنە چەمکی خۆیان و وێردی سەر زمانیان.

دانپیانان بە دیموکراسی لە ماوەی پتر لە چل ساڵی ڕابردوودا لە تورکیا حەماسێکی سیاسی ڕوو لە زۆری لە ئەورووپا هێناوەتە گۆڕێ. دیپلۆمات و عەسکەری و پەرلەمانتارەکان لە ئەورووپا لەسەر ئەوە یەکن و هاوڕان کە پرۆسەی بەدیموکراتیکردن سەختە، بەڵام ئامانجەکەی ڕاست و ڕەوایە، ئا لێرەدا خۆیان گێل دەکەن و گوێ نادەن بەو سێ کودەتا سەربازییەی کە تاکو ئێستا لە تورکیادا ڕووی داوە، لایان وایە کە لە ڕێگەیەکی ئاوا سەختدا وردە لادان و هەڵە و کەموکوڕی نابێت گەورە بکرێ و بە شێوەیەکی تراژیدی سەیر بکرێت و وەربگیرێت. دەیان هەزار کوژراوی ژێر ئەشکەنجە و هەزاران پاکسازی لە ماوەی چل ساڵی قۆناغی بەدیموکراتیکردن لە تورکیادا ئایا واقعێکی ئاوا هیچ پێویست ناکات بە جیدی وەربگیرێ و مرۆڤ لەسەری بێتە دەنگ!

گرنگترین ڕەخنە لەم دەرمانە بێ وێنە و دانسقەیەی دیموکراتی لە شێوەی تەئسیری دیموکراتی خۆیدایە، کە بریتییە لە مافی فەرمانڕەوایی زۆرایەتی بەسەر کەمایەتیدا بۆ کاتێکی دیاریکراو و لە سیستەمێکی شەرعی سەقامگیربووی ساف و ڕوون دا کە بە شێوەیەکی دەوری ئاڵوگۆڕ و گوێزانەوەی دەستەڵات ڕێک دەخات. کەواتە دیموکراتی ڕووت بەتەنێ بۆ نەتەوەیەکی وا گەورە نابێتە ڕێگەچارە، لە کاتێکدا بەشەکانی ئەم نەتەوەیە لە دەوڵەتانی دابەشکەردا بە کەمایەتی بمێننەوە. ئەمە بەسەر کورد لە هەموو وڵاتانی دابەشکەردا تطبیق دەکرێت.

کەوابێت دیموکراتی وەک ڕێگەچارە کاتێک بەکەڵکە کە بەشێک بێت لە دەوڵەتی یاسای موتڵەق، واتە، تەنانەت ئەگەر ئاڵوگۆڕی دەستەڵاتیش ڕووی نەدا دەوڵەتی یاسا هەر بەرقەرار و فەرمانڕەوا بێت. دیموکراتی دەبێت بە دامودەزگا فیدراڵییەکانەوە (لامەرکەزی)، بە خربوونەوە و چەقبەستنی دەستەڵات لە پەرلەماندا گرێ درابێت. تێکڕای ئا ئەمانە لە تورکیادا بوونیان نییە: پەرلەمان کۆڕ و جێگەی منەتبارانی ژەنەڕاڵەکانە، دەوڵەتی یاسا وەکو جاران وشەیەکی نامۆیە، دەوڵەت دەوڵەتێکی مەرکەزییە.

کەواتە بە دیموکراتیکردن لە تورکیادا بەو شێوەی تا ئێستا پیادە کراوە بۆ کورد نەک هەر ڕێگەچارەیەکی خۆیی و ڕەسەن نییە، بەڵکو شێوەی تورکیی دیموکراتی ئەمڕۆ هەڕەشە لە ژیان و مانەوەی کورد دەکات. بەڵام دیموکراتی وەک بەشێک لە چەند ڕێگەچارەیەکی فراوانتر و بەرینتر شتێکی بەسوود و بەکەڵکە.

ڕاستییەک هەیە دەبێت بگوترێت کە تورکیا وەستالێزانێکی کارامەی نێونەتەوەییە لە بەکارهێنانی ئەو چەمکانەی لە ڕۆژئاوادا -زۆرجاریش بە شێوەیەکی ناواقیعیانە- نرخیان بۆ دادەنرێت. بە پەیوەند لەگەڵ ڕەنگدانەوەی سیاسی داوا ڕەواکانی کورد لە دەوڵەتانی (گریمان دیموکراتیدا): شێوەی تایبەتی تورکی لە بەدیموکراتیکردندا بۆ کورد هەر پڕ مەترسییە. ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان دەوڵەتی تورکی (یان ئەوانی دیش -و-) بوو بە دیموکراتی کە بەپێی تێگەیشتنی هەموان دەوڵەتێکی ئاوا، بەسوود و مرۆڤدۆست دەبێت، ئا لەمەوە خێرا ئەنجامگیری دەکرێت و بێ بیرکردنەوە و تێڕوانین لە واقیعی ئەو دەوڵەتانەی کە فرەنەتەوەن و دەگوترێ: دەی کەوابێت چی لەوە باشترە.

(٥) تێزی تورکی: دیموکراتی، دەوڵەتی یاسا و لەناوبردنی بەکۆمەڵ بەرنامەیەک دەهێننە گۆڕێ بۆ بزووتنەوە سیاسییە نوێخوازەکانی و لەژێر سایەیدا کۆمەڵانی خەڵک دەتوانن سوود لە یاساکان وەربگرن بۆ بەدەستهێنانی مافی خۆیان. بەڵام لە وڵاتێکی فرەنەتەوەی وەک تورکیادا لە ماوەی پتر لە حەفتا ساڵ لە چەوساندنەوە و توانەوە، نکۆڵی لەم بناغە و ئوسوڵی دیموکراتییە دەکرێ و پووچەڵ دەکرێت. ڕێگەچارەی تورکی بەمجۆرەی لای خوارەوەیە: دیموکراتی و دەوڵەتی یاسا ڕێک و ڕەوان وەک بلیتی چوونە ژوورەوە بۆ دنیای شارستانییەت سەرف دەکرێت و وەک قسەی بەتاڵ سەیر دەکرێت. دیموکراتی بەپێی بار و دۆخ و قۆناغەکان لە لایەن ناوەندی دەستەڵاتەوە کە سوپایە لە ناوچە تورکییەکانی تورکیادا بە نابەدڵی قبوڵ دەکرێت، بە مەرجێک تا ئەو جێگەیەی گرنگی و هەیبەتی ئەم ئامێری دەستەڵاتە نەخرێتە ژێر پرسیارەوە و کۆمەکی گرنگی وڵاتانی دیموکراتی وەک ئەڵمانیا درێژەی هەبێت. بەڵام لە هەمان کاتدا سیمای دیموکراتی بەرامبەر بە کورد بەردەوام توند و تیژتر شێوازی سیاسەتی لەناوبردنی بەکۆمەڵی ڕۆشنبیرانی کوردپەروەر و، تیرۆری دەوڵەت بەرامبەر بە کۆمەڵانی هەراوی خەڵک وەردەگرێت. جاران سانسۆری ڕۆژنامەگەری لە تورکیادا تەئسیرێکی وای نەبوو بەڵام ئێستا سانسۆر بە شێوەیکی ڕەسمی هەڵگیراوە و ئەوروپاش بۆ ئەم هەنگاوە ئاسوودەیە و سەری ڕەزامەندی دەلەقێنێ، بەڵام لە هەمان کاتدا کوشت و بڕی ڕۆژنامەنووسان هەم ئەنجامدانی ئاسانترە و هەم تەئسیریشی بۆ سەر دیموکراتی جەرگبڕترە. تەنیا لە کانونی دووەمی ١٩٩٢ەوە نۆ ڕۆژنامەنووسی نوێنەری ڕۆژنامەکانی Yeni Ülke و Gündem کە سەر بە کوردن لە باژێرە کوردنشینەکاندا کوژراون. Lord Avebury لە ڕاپۆرتەکەی نیساندا شکاتی لەوە کرد کە ڕاپۆرتگوزاری لە کوردستاندا بوونی نییە. بەپێی ئەم سیاسەتە پێش دوو هەفتە (موسا عەنتەر)ی ڕۆژنامەنووس و نووسەری بلیمەتی کورد لە تەمەنی ٧٤ساڵیدا بە

دەستی هێزەکانی ئاسایش کوژرا. لەژێر سایەتی ئەو بارە نائاساییەی بەسەر زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا سەپێنراوە، ماشینی کوشتوبڕی دەوڵەتی تورک بەبێ لێپرسینەوە هێشتۆتەوە. تیرۆری دەوڵەت لەهەمبەر دانیشتوانی مەدەنی و بێتاواندا بەوەدا دەردەکەوێت کاتێک کە شاری (شیرناق) بە بۆمباران کاول دەکرێت و دانیشتوانە بیست هەزارییەکەی دەربەدەر دەکرێت، ڕای گشتی تورکی هەستی بە ئۆخژن و ئاسوودەیی کرد، منی ئەڵمانی کە ئەمە باس دەکەم زۆر دڵگرانم چونکە ئەمجارەشیان تانکە ئەڵمانییەکان بوون کە تۆپبارانیان دەکرد، بەلام ئەمجارەیان سیاسەتی ئەڵمانی کڕ و بێ وەلام بوو، بە پێچەوانەی ١٩٩٢/٣/٢١ (کاتێک ئەڵمانیا وەک کاردانەوە بەرامبەر کوشتوبڕی دەوڵەتی تورکی لە نەورۆزدا بۆ ماوەی چەند مانگێک چەک و جبەخانە ناردنی بۆ تورکیا وەستاند و لێلییەکی دیپلۆماسی کەوتە نێوان تورکیا و ئەڵمانیاوە -و-) ئێستا سیاسەتی تورکی بەرامبەر بە کورد جێی خۆی کردۆتەوە.

(٦) تێزە نێونەتەوەییەکان: لە ژێر ئەم سەردێڕەدا پوختەی چەند دید و ڕایەکی ناکۆک و دژ بە یەک باس دەکات. تێزی کلاسیکی دەوڵەتمەداران هەتاکو ئێستا ڕووی لە دەوڵەتانی دابەشکەر و، ناوبەناویش و بە ڕاگوزاری ڕووی لە چەند بەشێکی بزووتنەوەی کوردایەتی بووە. ئەم تێزانە بە ڕوونی ڕەنگدانەوەی سیاسەتی بەرژەوەندەی واقیعی و ڕۆژ بووە. هەموو تێزەکانی دەوڵەتمەداران بۆ خۆرهەلاتی نزیک شکستیان خواردووە، کەچی بێ وەڕزبوون و بێزاری هەر لەسەری دەڕۆن.

ئەڵتەرناتیڤ دەبوو تێزی دوورەپەرێزی دەستتێنەوەردان بووایە. ئەگەر هێزە دەرەکییەکان بە تەواوی دوورەپەرێز بن دەوڵەتێکی کوردستانی یەکگرتوو ساڵێکی نەدەبرد دەهاتە کایەوە و سەقامگیر دەبوو. ئەمە وەک خەون و خەیالێک (یۆتۆپیا) دەردەکەوێت. بەلام ئایا سیاسەتێکی لووت تێوە نەژەندنی ئاوا دژی بەرژەوەندی هێزە دەرەکییەکان نییە؟

بڕیارنامە و ئامۆژگارییەکان ئەو ڕێگەیە دەستنیشان دەکەن کە دەبێت بگیرێتە بەر، بۆیە بریقەدار و هەڵخەڵەتێنەرن. فاوست (Faust)ی (گۆتە)ی شاعیریش بە درێژایی دەیان ساڵی ڕۆشنبیریی خۆی بە کتێبەوە سەرگەرم کردبوو، بەلام ئەوەیش کە زۆر پیر بوو بۆی دەرکەوت کە کتێبەکان و فایلە قەبە پڕ لە بەلگەنامە و دۆسیەی کۆنفرانسە نێونەتەوەییەکان، بڕیارنامە و بانگەوازە پرشکۆکان لەگەڵ ژیانی واقیعدا جیاوازن. بە واتایەکی تر لە کاتی کەرتبوونی دنیاوە بۆ باکوور و باشوور ژمارەی بڕیارنامەکانی لەمەڕ پاراستنی مافی مرۆڤ و مافی کەمەنەتەوەییەکان و یاسای نێونەتەوەیی چەندین قات زیادی کردووە. بەلام شانبەشانی ئەمە چەوسانەوەی کورد لە لایەن دەوڵەتانی دابەشکەرەوە، ئەو چەوساندنەوەیەی کە دژی یاسای نێونەتەوەییە، ڕوو لە زۆرییە و بێ لێپرسینەوە و سزا ماوەتەوە. بریسکەبریسکی پێڕەو و بەرنامە چڕ و پڕەکان کە بۆ بەرگری لە کورد ڕاگەێندران هیچ تیشکێکی نەگەیشتە ژیانی تاریکی کورد و هەر لە جێگەی خۆیدا

وەک وشە و هێمای جوان و مژدەی خۆش بە چەقیوی مایەوە. هۆی ئەمەش نەبوونی دەزگایەکی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارنامانەیە کە بۆ پاراستنی کورد دەرکرابوون، نەبوونی لێپرسینەوە و سزا لە حاڵەتی جێبەجێنەکردنیدا. ئاسمانی مژدە و بەڵێنە پیرۆز و خۆشیهێنەرەکانی بڕیارنامە نێونەتەوەییەکان ڕۆژ بە ڕۆژ لە واقیعی ڕۆژانەی کورد دوورتر دەکەوێتەوە. مەبەستم لەوەیە کە ئەمجۆرە هەڵوێستە نێونەتەوەییانە مژدە و بەڵێنگەلێکی ڕووتن و بەس، ئیمڕۆ زۆر بەئاستەم دەتوانرێت بە کورد بفرۆشێت دنەدان و هاندانی ئەو ڕەوانبێژییەی لەم هەڵوێستگەلە پڕ لە وردەکاری و جوانکارییەدا خۆی حەشارداوە بێ هوودە نییە، بەڵام ئەم ڕێچارە مادییە بەرجەستەکە نییە بۆ کورد.

ئەڵتەرناتیڤی ڕاستەقینەی هەڵوێستەی نێونەتەوەیی ئیمڕۆ بریتییە لە گۆڕینی شۆڕشگێڕانەی یاسای نێونەتەوەیی بە جۆرێک کە دەسگایەکی تەنفیزی هەبێت کە ئەنجامدانی بەڵێن و پەیمانە بریقەدارەکانی بخاتە ئەستۆ و ئەگەر ناچاریش بوو بەزۆر پیادەی بکات و لە حاڵەتی کەمکاری و تەنفیزنەکردندا بەرپرسیار بێت. ئەوەی تا ئێستا کراوە جێبەجێکردنێکی ئۆپۆتۆنیستانە بووە بە واتای هەوەسیان لێ بووبێ کردوویانە و بەڵام مەجبوور نەبوون بە کردنی.

ئایا مرۆڤ دەتوانێ تەکلیفی وا قورس لە کورد بکات! کە چاوەڕێی ئەو گۆڕانە شۆڕشگێرییەی یاسای نێونەتەوەیی بکات؟

شێوەیەکی دانسقەی تێزی نێونەتەوەیی بریتییە لەو پەیوەندی و وتووێژە نارەسمییەی نێوان هاوپەیمانەکان و کوردەکان لە ناوچەی ئاسایش (کوردستانی عێراق)دا. ئەمە بەشێکی تێزی حکومی و ڕەسمییە و بەشێکی تێزی سەدەقە و دەسگیرۆییە. لەم تێزەدا مەترسیی زۆرتر هەیە لەوەی بە ڕووکەش دیارە. ئەم تێزە توند گرێدراوە بە بەرژەوەندی هەموو ڕۆژێ لە تازەبوونەوەی گەرەنتیدەرەکانی ناوچەی ئاسایش و تورکیای دوژمن بە کورد. ئەم تێزە هەتا زۆر درێژە بکێشێ ئەوەندەی تر کورد دەکات بە سەدەقەوەرگر و دەستگیرۆییکەر و ئەم پرسیارە بەپێزە دێنێتە پێشەوە: ئایا وە تا چ ڕادەیەک ئەم داهاتە -کۆمەکەی بێکاری (وەک ئەو داهات و کۆمەکەی بە کەسانی بێکار دەدەرێ لە ئەورووپای ڕۆژئاوادا بۆ دابینکردنی لایەنی هەرە کەمی ژیانی ماددی-و-) کە بە کورد دەدرێ لە باشووری کوردستاندا نابێتە هۆی تەشەنەکردنی بەرتیلخۆری و فەساد و بنجداکوتانی دەسگا و کەسان و مەسئولانی سواو و لەکەلککەوتو و بێخێر؟

ئەم تێزە بەر لە هەموو شت بەندە بە فاکتەرێکەوە کە سوکانەکەی لە دەست کوردا نییە، ئەویش ئاڵوگۆڕی وەزعە لە بەغداد. یەکەمین دانپیانانی بەغدادی دوای قۆناغی صدام بە دۆستایەتی لەگەڵ ڕۆژئاوادا، کۆتایی بە بەرژەوەندیی ڕۆژاوا لە ناوچەی ئاسایشدا دێنێ و ئەوسا کورد دەبێ بەپێی سەرجەمی ئەزموونە مێژووییەکانی ئەو ئەنجامگیرییە بکات: کە

ئەشێ و دوور نییە وەزعی بەرەو خراپتریش بروات.

(٧) تێزی پاراستنی کەمایەتییە نەتەوەییەکان: ئەوەی کە مەسەلەی پاراستنی کەمەنەتەوەییەکانی وا بە گرنگی هێناوەتە پێش ئەو وەزعە تازەیەی یۆگۆسلاڤیا و یەکێتیی سۆڤیێتی جاران نییە. بەڵکو ئەوە کێشەی کۆنی ناکۆکی نێوان سنووری دەوڵەتان و سنووری نەتەوەکانە، کە بە هۆی چەقبەستن و خڕبوونەوەی دەسەڵات لای نەتەوەی گەورە لە لایەک و کەنار و پەراوێزکەوتنی نەتەوەی بچووک لە لاکەی تر. ئەم ناکۆکییە لە ڕۆژگاری ئیمرۆدا توند و تیژتر بووە و داوای چارەسەری خێرا دەکات. ئەم تێزە هەر چۆنێ دارێژرێ، لە ژێر هەمان خەوش و کەموکوڕیدا دەناڵێنێ، کە ئەویش پێشمەرجە فیکرییەکەیەتی کە بریتییە لە لکاندن و خستنە ژێر ڕکێفی کەمایەتی بۆ ناو دەوڵەتێک کە نەتەوەی گەورە بەسەریدا زاڵە و حوکمی دەکات. چەند پێشمەرج و سەرەتایەکی نالەبار و خراپە! لەو شوێنانەی کە ئێمە بۆ پاراستنی کەمینەکان هاوار و شیوەن دەکەین دەوڵەتانێک لەسەر کارن کە تێگەیشتنێکی پێش ئەوروپاییان هەیە بۆ دەوڵەت (واتە وەک دەوڵەتە ئەوروپاییەکان پێش دوو سەد ساڵ-و-) ئەمانە دەوڵەت وەک تاکە دەسەڵاتی بێ قەید و بەند (موتڵەق)ی کارا و دەسبەکار پێناسە دەکەن، و هیچ نەریت و پێشینەیەکی دەوڵەتی یاسییان نییە بیخەنە ڕوو.

(٨) تێزی ئۆتۆنۆمی: ئۆتۆنۆمی چەمکێکی فراوان و نەرمونیانە (لاستیکی) کە چەندین جۆر ڕێچارە دەگرێتە خۆ وەک ئۆتۆنۆمی شەخسی، ناوچەیی، کولتووری، ئابووری و سیاسی. ئۆتۆنۆمی وەک مەبدەئێکی تەمومژاوی دەشێ چەندین لق و پۆپی لێ ببێتەوە و بە چەندین جۆر لێکبدرێتەوە. پەیوەندی و نزیکییەکی زۆر هەیە لە نێوان بەرنامەی ئۆتۆنۆمی و بەرنامەی پاراستنی کەمینەنەتەوەییەکان. ناچارم بە خەست و چڕی باسی گرنگترین ڕەدد و بەرپەرچەکانم بکەم بەرانبەر هەموو بەرنامەکانی ئۆتۆنۆمی یا پاراستنی کەمینەکان، با ئەم بەرنامانە بە نیازێکی باشیش دارێژرابن. هەموو دەوڵەتانی خۆرهەڵاتی نزیک تا ئیمرۆ مەرکەزی دامەزراون و ڕێکخراون. هەموویان جگە لە ئیسرائیل دیکتاتۆریی ئایینین یا دیکتاتۆری عەسکەرین یا دەوڵەتی مەرکەزی عەسکەرین و ڕووی ڕاستەقینەیان بە ئارایشێکی دیموکراتیانە شاردۆتەوە وەک تورکیا. بەڵام مەرجە سەرەکییەکانی پێڕەوی بەرنامەی ئۆتۆنۆمی بریتین لە دیموکراتی، دەوڵەتی یاسا و فیدرالیەت. ئەزموونەکانی تورکیا لەمەڕ پاراستنی یۆنانی و ئەرمەنییەکان بەپێی پێڕەوی بەرنامەی پاراستنی کەمینەکان لەسەر بناغەی ڕێکەوتننامەی (لۆزان) تاریک و تۆقێنەرن. لە ژێر سایە و خێر و فەڕی ئەم بەرنامەیەدا، ئەم دوو گەلەی هەزاران ساڵ لە ئاسیای پێشەوەدا نیشتەجێ بوو، ئێستا لە تورکیادا بزرن و ئاسەواریان نییە. بێگومان هەر بە تەنێ خودی بەرنامەی پاراستنی کەمینەکان لێپرسراو و هۆکاری بڕیاردەری ئەم بزربوون و ئاسەوارنەمانە نەبوو. ئەزموونەکانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردی عێراق سەلماندیان کە ژیانی ڕۆژانەیان بریتی بوو لە هەڵمەت و دەسدرێژیی دەوڵەت و بەرگری و لەسەرخۆکردنەوەی کورد، هەتا شەڕی دووەمی

کەنداو (عێراق-ئەمریکا) کە لە ئەنجامیدا بارودۆخ و چارەسەرێکی ناسک و لەقولۆقی زۆر تایبەتی و بێوێنەی هێنایە گۆڕێ. لێرەشدا (وەک لە هی ئەرمەنی و یۆنانییەکانی تورکیادا) ئۆتۆنۆمی خودی خۆی زەمینە و هۆی ئەم هەڕەشە ڕۆژانەیەی لە کورد دەکرا نەبوو، بەڵکو سروشتی تایبەتیی مەسلەحەتە ئاڵۆسکاو و تێکچرژاوەکان بوو کە بەپێی دەرس و ئەزموونەکانی تا ئێمرۆش نایانەوێ کورد لە باشووری کوردستاندا لە باری ئابوورییەوە لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ. مەسەلەی هەڕەشەی ڕۆژانە کە لە بوون و مانەوەی باشووری کوردستان دەکرێت یا بخرێتە لاوە و لاقە نەکرێ.

من جارێکی تریش دەڵێمەوە: بەرنامەی ئۆتۆنۆمی و کەمینەنەتەوەییەکان لەو جێیانە بابەتی باس و وتووێژن کە خۆسەپاندن و ملهوڕی، چەوسانەوە، تواندنەوە و هێچاندن و نکوولیکردنی کولتوری، کوشت و بڕ و تیرۆری دەوڵەت باوە و فەرمانڕەوایە. چ شیزۆفرێنیایەک ئەگەر بۆ پاراستن لەم دەسدرێژی و ناهەقیە ڕۆژانەیەی لە کورد دەکرێ چاوەڕێی ئەو دەسگا دەوڵەتیانە بکرێ کە هەر خۆیان بە هۆ و پاڵپێوەنەری (مۆتیڤی) جۆراوجۆرەوە سیاسەتی دژ بە کوردییان بە هەموو پلە و نمرەکانیەوە داڕشتوە و ڕۆژانە پیادەی دەکەن. لێرەدا ئەوەیان پرسیارێکی ئەکادیمییە کە ئایا بەرنامەی ئۆتۆنۆمی یا بەرنامەی کەمینە نەتەوەییەکان کێ زەمانەتی پیادەکردنی ڕاستەقینەی دەکات؟ دەوڵەتی دابەشکەر؟ دەسگا نێونەتەوەییەکان؟ یا زلهێزە زەمانەتکەرەکان؟ وتم پرسیارێکی ئەکادیمییە، چونکە لە دوو ساڵی دواییدا بە ڕوونی دەرکەوت کە لەم دەوڵەتانەدا (دەوڵەتانی دابەشکەر-و-) دەسگا نێونەتەوەییەکان کە سیان بە تەواوەتی پێ ناپارێزرێ. سیاسەتی ڕاگوزاتن و دەربەدەرکردن کە دەیان ساڵە بە تێرۆر و تۆقاندن لە لایەن دەوڵەتی تورکیاوە پیادە دەکرێ بۆتە هۆی دروستبوونی ئاوارەیەکی زۆر و زەوەندی کورد لە تورکیای تورکیدا. بەم پێیە ئەستەموول بەو نزیکەی ٣ ملیۆن کوردەی تێیدا دەژی ئێمرۆ گەورەترین شاری کوردنشینە.

دانپیانانی مافە کەسایەتییەکانی کورد (نەک مافی ناوچەیی بۆ باکووری کوردستان-و-) لە چوارچێوەیەکی یاساییدا دوای حەفتا ساڵ سیاسەتی شۆڤێنی تورکی وەک شۆڕشێک وایە لە سەرتاسەری تورکیادا کە لەوانەیە تەئسیر و ئەنجامەکانی قوڵتر و هەمەلایەنتر (درامیتر) و ئاڵۆزتر بن لە بچووکبوونەوەی تورکیا و دانانی ڕێچارەیەک بۆ گەڕانەوەی کوردە ئاوارەکان لە تورکیای تورکییەوە بۆ نیشتمانەکەیان (کوردستانی جیابۆوە لە تورکیا-و-) کەواتە مەسەلەکە بەو شێوەیە نییە وەک بە ڕوواڵەت و ڕووکەش دیارە: مشتومڕی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد مەترسیی بۆ دەوڵەتی تورکی زۆرترە لە تێزی دەوڵەت بۆ کوردستان.

دەرگای ئەم جۆرە مشتومڕە ئاڵۆز و تاوسەندووەی لێرەدا کردمەوە بە تایبەتی تورکیا دەگرێتەوە نەک دەوڵەتە دابەشکەرەکانی تر. لەبەر هەر هۆیەک بێت، پێشمەرجی تێزی

ئۆتۆنۆمی و پاراستنی کەمینە نەتەوەییەکان درێژەپێدان و داسەپاندنی واقیعی دابەشبووی کوردستانە. بەڵام لەتلەتکردنی نەتەوەیەکی یەکگرتوو -کە خۆیشی هەروا خۆی دەناسێ- خۆی لە خۆیدا فاکتەری نائارامی و پشێوییە لە هەر ناوچەیەکدا بێت.

ئەم تێڕوانینە فیکریانەش -وەک تێزی دیموکراتی کە پێشتر باسمکرد- نەفی ڕێچارەیەکی پلە بە پلەیی ناکەن، بەڵام دەبێت لامان ڕوون بێت کە ئەمجۆرە ڕێچارانە گەرای ئاڵوگۆڕی بەردوام و هەڕەشەی مەترسی بەردەوام لە ناخی خۆیاندا هەڵدەگرن، بۆیە مەرجی سەرکەوتنیان بریتییە لە زەمانەتێکی نێونەتەوەیی بەردەوام و کارا و باڵادەست کە لە کاتی مەترسی و هەڕەشەدا ئامێر و شێوازی گونجاو بخاتە گەڕ بۆ پاراستنیان.

(٩) تێزی دەوڵەت بۆ کوردستان: بە خەستی و چڕی بیروڕای خۆم لەمەڕ ئەم تێزە دەردەبڕم کە هەتاکو ئێستا بە تێروتەسەلی باس و لێدوانی لەسەر نەکراوە و ڕوون نەکراوەتەوە، ئەو بەڵگانەی کە تێزی دەوڵەتی کوردی بە ڕاست و دروست دەزانن و ڕەد و بەرپەرچەکانی تێزی دەوڵەتی کوردی.

### بەکفردانانی تێزی دەوڵەتی کوردی:

هەتاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆ تەنانەت باس و لێدوانی دەوڵەتی کوردی لەبەر چەندین هۆی دەربڕاو و دەرنەبڕاوی جیاواز کفر و حەرام بووە. پێم وایە ئەم هۆیانەی لای خوارەوە بە تایبەتی شایانی باسن بۆ ئەم بە کفر و حەرامدانانەی دەوڵەتی کوردی: چۆنێتی دروستبوونی دەوڵەتانی خۆرهەڵاتی نزیک بۆ ئێمە مەسەلەیەکی تەمومژاوییە. ئەم دەوڵەتانە وەک سوریا و عێراق دەستکردنی کۆلۆنیالیستی ئەم دواییە بوون لە پێناوی ئامانج و سوودی کۆلۆنیالیستەکان خۆیاندا، بەبێ بوونی ڕێ و ڕەسم و دەستوورێکی کۆمەڵایەتی تیایاندا، هەر بۆیەش سەرچڵ و بێ سەروبەر و سەخت بوون و هەن. کەواتە ئیتر بۆچی سەرباری ئەمانە دەوڵەتێکی تریش بێتە کایەوە؟ دەوڵەتانی خۆرهەڵاتی نزیک جگە لە ئیسرائیل، هەموویان بە شێوەیەکی خراپ و کارەساتاوی حوکم دەکەن: لە ڕووی سامانی سروشتییەوە دەوڵەمەند و پڕ فەڕ و بەبرشتن، بەڵام زۆربەی ئەم سامانە لە ڕێی ئابوورییەکی خێڵەکی و بەرتیل و فەسادەوە لە پرۆژەی چەکداری و مەزنخوازی و شکۆداریدا خەرج دەکرێت. بۆ ئەوانەی دەرەوەی ناوچەکە کە لە شێوەی چەندین پەیوەندی بازرگانی و سەربازییەوە توندوتۆڵ چنراونەتە ناو تەونی ناوچەکە، ئەم واقیعە واقیعێکی ناکۆک و دژ بە یەک و جێی مشتومڕی درێژە، هەر بۆیەش خستنە خانەی ئەم دەوڵەتە زۆر دەوڵەمەندانە لە حاڵەت و ئاستی وڵاتێکی (نامی)دا شتێکی زۆر ناستەم و ستەمە. دەوڵەتانی خۆرهەڵاتی نزیک جگە لە ئیسرائیل بوونەتە دژە جەمسەرێکی ناوەخت و ناتەبا و ناهاوتا بەرامبەر چۆنێتی تێگەیشتنی هاوچەرخانەی ڕۆژئاوا بۆ دەوڵەت و دەستوور. بەستنەوە و سنووردانان بۆ دەستەڵاتی موتڵەقی دەوڵەتی جاران (لە ئەورووپادا-و-) بە هۆی فیکر و ئایدیاکانی ڕێنیسانس و ڕووناکبیرییەوە، وە ئەنجامەکانی ئەم بزووتنەوە

مێژووییە هەر لە مافەکانی مرۆڤ و دەوڵەتی یاسا و سیستەمی ئاسایش و بەرگری بە کۆمەڵ هەتا کەمکردنەوەی هۆشیارانە و ئارەزوومەندانەی سەروەری دەوڵەت لە ڕۆژئاوادا ئەمانە هەر هەمووی بە زەقی دژ و ناکۆکن لەگەڵ تێگەیشتنی سەرەتایی و بەسەرچووی دەوڵەتان و فەرمانرەوایانی خۆرهەڵاتی نزیک سەبارەت بە دەوڵەت کە بە دەزگایەکی ملهوڕ و سەربەخۆ و هەموو شت دادەنرێ. دەستەڵاتی موتڵەق و بێسنوور هێزەکانی ئاسایشی تورکی و مەلاکانی ئێران و حافظ اسدێک و سەددام حسێنێک و دەزگاکانی ئاسایشیان دەوڵەت لە خۆرهەڵاتی نزیکدا دەخەنە ژێر باری قورسی گومان و دڕدۆنگییەوە. لە خۆرهەڵاتی نزیکدا چینی بۆرژوازی ئاوەند نیە، ئەو چینەی کە بەپێی نەریت لە ڕۆژئاوادا هەڵگری سیاسەتێک بوو کە سنووری بۆ دەستەڵاتی دەوڵەت دانا، سیما و نەریتی سیاسەتی دەوڵەتانی خۆرهەڵاتی نزیک لە نێوان ئۆپەرێت و واقیعی حاڵێکی خلتانی خوێندا دێت و دەچێت.

بۆیە هەر دەوڵەت دروستکردنێک لەم ناوچەیەدا بەرەنگاری ئەم جۆرە ترس و گومانانە دەبێتەوە یا نەشهێنرێنە سەر زوان و نەدرێن بە ڕوودا، مەرجی هەرە بنەڕەتی دەوڵەتی کوردی -ئەگەر بیەوێ ڕۆژئاوا پشتگیری تەواوی بکات یان هیچ نەبێت کۆسپ لەرێیدا- بریتییە لە بەدەستهێنانی بڕوا و متمانەیەک لایان کە دەوڵەتانی دابەشکەر نەیانبووە و نیانە. ئەو کوردایەتییەی کە تێزی دەوڵەتی کوردی هەڵدەگرێت دەبێت بە ڕوونی ڕێگە و ئامانجی خۆی لە تیۆری و پراکتیکی دەوڵەت لە خۆرهەڵاتی نزیکدا جیا بکاتەوە.

لە ئەڵمانیادا دەوڵەت دروستکردن بە تایبەتی لای چەپەکان تابوکراوە: ئەڵمانیای ولهێلمی (قەیسەری-و-) و لەویش خراپتر ئەڵمانیای نازی بۆ چەند دەساڵێک مەسەلەی دەوڵەت دروستکردن و کێشەی نەتەوایەتیان کردە تابویەک. گەر ڕێم بدەن زۆر سادەی بکەمەوە ئەوا دەڵێم کە لای ئەڵمانیە ڕاستڕەوەکان فیکری هاوسەنگەریی بە لای کەمەوە لە دوورەوە و بۆ ماوەیکەی زۆر زەمینەیەکی بە پێتی لایەنگری ئەڵمانیا بوو بۆ تورکیا. تورکیای ئەتاتورکیش بە تایبەتی -هەرچەندە ئەم ڕژێمە لە خوێنی کورددا خلتان بوو بە هۆی پەنادان و داڵدەدانی دۆستانەی ئەڵمانییە سۆسیال دیموکرات و جوولەکەکان کارێکی زۆری کردە سەر هەڵوێستی دۆستانەی چەپەکان بەرامبەر تورکیا. هەڵوێستی تەمومژاویی بزووتنەوەی کوردایەتیش خۆی، کە تا ئێستا نەیتوانیوە بەرنامەیەکی ڕوون دابڕێژێ و بڵاو بکاتەوە، بەشدا و لێپرسراوە بەرامبەر بەم بەتابوکردنی دەوڵەتی کوردییە. پ. ک. ک. کە ئێمرۆ گرنگترین بەشی کوردایەتییە لە تورکیا و سوریادا وەک گرنگترین بەشی کوردایەتی تێزی دەوڵەتی هەڵبژارد، بەڵام ئەمیش ڕۆڵی خۆی بینی لەم بەتابوکردنەدا: تێزی کۆمەڵێکی سۆسیالیستی وەک ئامانجی باوی نزیکەی گشت بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی تری دوای جەنگی دووەمی جیهانی لەگەڵ مۆر و داخی تیرۆر کە لە لایەن تورکیاوە هۆشیارانە دراوە بە تەختی تەوێڵی پ. ک. ک. دا و سیناریۆکەی دەردەهێنێ، ئەم دوو فاکتەرە بوونەتە هۆی ئەوەی باس و لێدوانێکی کراوە و بێلایەن و ناحیزبی زۆر سەخت بێت. لە پێناوی ئاشتیدا دەبێت تابوکردنی پ. ک. ک. کۆتایی پێ بهێنرێت.

باس و لێدوان لەمەڕ کورد و مەسەلەیەکی تەنانەت لە ڕووی ئەکادیمی و زانستیشەوە، لە گشت دەوڵەتانی داگیرکەر دانابڕێن و دەرکردن لە کار و قەدەغەکردنی پیشەی بە دوایە (بۆ نموونە ئیسماعیل بێشکچی لە تورکیا-و-)، لە ئەڵمانیاشدا فشار و زۆربۆهێنانی لە لایەن نوێنەرانی دیپلۆماسیی دەوڵەتانی دابەشکەری بەدوایە. بە نیسبەت هەردوو دەوڵەتی کۆنە کۆلۆنیالی بەریتانیای گەورە و فەرەنساوە هێشتا ئەم تابوکردنە وەک جاران هەر درێژەی هەیە و لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە دوانی گرنگی لە دەوڵەتانی دابەشکەر (عێراق و سوریا-و-) داتاشراو و دەسکردی خۆیانن. دەوڵەتانی ڕۆژاوا تێکڕا نەیاندەویست دەوڵەتانی دژی کۆمۆنیزم (تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا لە سەرەتادا) لاواز بین. وە ئیمڕۆش بۆ بەرەنگاربوونەوەی بونیادگەریی ئیسلامی سەرلەنوێ پێویست بە مانەوەی دەوڵەتانی دەوڵەتمەداران هەیە و ئیتر چیدی جێ بۆ دەوڵەتێکی کوردی نەما بوو کە بێگومان شتێکی تازە دەبوو لە ناوچەکەدا.

وەزعی ئیمرۆی یۆگۆسلاڤیای جاران هۆیەکی ترە بۆ دردۆنگی و گومان بەرانبەر بەو ڕێیەی گیرایە بەر (لە یۆگۆسلاڤیا) بێ بە خۆدا چوونەوە و ڕەخنە لە خۆ گرتن، بە ئەسپایی ئاوەڕوو دەکرێتەوە بۆ دردۆنگی و گومان بەرانبەر خودی ئامانج (کە دەوڵەتە بۆ هەر یەکە لە گەلانی یۆگۆسلاڤیا-و-). ئەگەر نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ سەربەخۆیی سلۆڤێنیا و کرۆواتیا و بۆسنیا وا بهاتنایە مەیدان وەک کاتی دوا قۆناغە بڕیاردەرەکانی سەربەخۆیی کۆلۆنییەکان، ئەوا بە دڵنیاییەوە ڕێگای گیراوە بەر جۆرێکی تر دەبوو. بەڵام دیارە هێشتا سۆز و مەیلێکی دەربڕاو یا دەرنەبڕوا بەرانبەر سربییەکان و مۆسکۆ بەسەر چەپەکاندا زاڵە. لێرەدا حەقیەتی لەگەڵ خودی خۆماندا ڕاستگۆتر بین لەوەی کە هەین. سەیر و سەمەرە ئەوەیە ئەگەر کورد بکرێتە قوربانیی ئەم بێتوانییەی ڕۆژاوا لە چارەسەرکردنی مەسەلەی یۆگۆسلاڤیادا.

## بەڵگەکانی دەوڵەتێکی کوردی

کەواتە گرنگترین بەڵگەکانی ڕاستی و ڕەوایی تێزی دەوڵەتێکی کوردی کامانەن؟

١- لە ڕووی یاساییەوە نەتەوە یەکگرتووەکان مافی چارەی خۆنووسینیان سەلماندووە و، هەروەک لە بڕیارنامەکانیدا بۆ سەربەخۆیی کۆلۆنییەکان ڕەنگی داوەتەوە. بەڵام بڕیارنامەکانی کۆنفرانسی ئاسایش و پێکەوە کارکردنی ئەورووپا کە لە سنوورێکی زۆر تەسکدا کوردیش دەگرێتەوە لە هەمبەر بڕیارنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا گەڕانەوەیەکە بۆ دواوە چونکە پرۆسەی ئەم کۆنفرانسی ئاسایش و پێکەوەکارکردنی ئەورووپایە لەم ڕووەوە لەسەر فیکری دژی دەوڵەتی نوێ بنیات نراوە و گرنتی دراوە، بۆیە ئەمڕۆ پایەکانی ئەم کۆنفرانسە دوای هەڵوەشاندنەوەی بلۆکی ڕۆژهەلات چیدی لەگەڵ واقیعدا ناگونجێ و بەسەرچووە.

٢- ئەو فەرهەنگ و کولتورانەی لە لایەن دەوڵەتانەوە پارێزراوان و خزمەتکراون (کولتوری گەلی دەوڵەتدار-و-) دەریان خستووە کە ئەو دەوڵەتەی لە بنەڕەتدا لەسەر بناغەی کولتورێکی هۆمۆگێن (هی یەک نەتەوە-و-) دامەزراوە، گەرەنتی پاراستن و گەشەکردنی کولتورەکەی- کە بەشێکی تەواوکەری میراتی کولتوریی مرۆڤایەتییە- باشتر و ئاسانترە لە هەر جۆرە ڕێچارەیەکی تر. من زۆر بە گرنگی دەزانم کە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵی مرۆڤایەتی بە چاوێکی پڕ بەهاتر سەیری کولتوورە جیاجاکان بکات و بیانپارێزێ، هەتا سوودی بازرگانیی کەمخایەن، بۆ نموونە بازرگانی لەگەڵ ئێراندا.

٣- تێزی دەوڵەت ڕێچارەیەکی سروشتی و نۆرماڵە بۆ نەتەوەیەکی لە قەبارە و ژمارددا ناوەند. پێویست ناکات کورد بەڵگەی ڕاستی ئەم تێزە بخاتە ڕوو، بەڵکو ئەمە ئەرکی سەرشانی هەموو ئەوانەن کە کورد لەم تێزە بێبەش دەکات. کام سیاسیی ئەڵمانی بە خۆشی خۆی و بە خۆشحاڵییەوە دەست لە دەوڵەتی ئەڵمانی هەڵدەگرێت؟ کام دانیمارکی؟ فەرەنسی، سویدی؟ ئەگەر ئەم دەوڵەتانە زۆر بە وردی سەیر بکەن جوان و ڕوون بۆیان دەردەکەوێت کە چەند ژیانی ڕۆژانەی خەڵک لە دەوڵەتانی بەکەڵک و ڕێکوپێکدا بە دەوڵەتەوە گرێدراوە و، دەوڵەت چۆن ژیانی خەڵک ئاسان دەکات و خزمەتی دەکات. خۆ ئەگەریش -وەک کاتێک زۆرتر لە مەسەلەکە سەردبینەوە دەردەکەوێت- مەسەلەکە دوڕدۆنگی و گومان بێت لە چۆنێتی گەیشتن بەم ئامانجە کە دەوڵەتێکی کوردییە، بە واتایەکی تر گومان بەرامبەر ڕێگە و پرۆسەی ئەم ئامانجە، لەم حاڵەتەدا چیدی پێویست بە باسی هەقانییەت و شەرعیەتی دەوڵەتی کوردی ناکات، بەڵکو تەنیا باس و لێدوان لەمەڕ ڕێگەی گەیشتن بەم ئامانجە پێویستە. خۆ ئەگەریش گومان و دڕدۆنگی بەرامبەر دەوڵەتی کوردی لەوەوە سەرچاوە بگرێت، بۆ نموونە لایەنگیریی لە ئێران و تورکیا بکرێت ئەوا ئەم هەڵوێستە لە دوائەنجامیدا پاساودانی تیرۆری ئەو دەوڵەتانە و قبوڵکردنی ڕەفتار و کارنامەی ئەو دەوڵەتە ئیرهابییانەیە و خۆ دیتنەوەیە لە ڕیز و پلەی ئەم دوڵەتانەدا.

٤- بازووی کوردایەتی ئەستوور و بەهێز بووە، مەسەلەی کورد خۆی کۆتایی بە خۆی ناهێنێ و لەناو ناچێت. هەتاکو بزووتنەوەی کوردایەتی بەهێز بێت لەوانەیە زۆرتر تێزی دەوڵەت لە لایەن ئەو بەشانەی تری کوردستانیش کە هەتاکو ئەمڕۆش خۆیان مات کردووە هەڵبژێردێ و بکرێتە بەرنامەی خەبات. هەر ئەمڕۆ دەتوانرێ بگوترێ کە گەورەترین بەشی کوردستان و زۆربەی کورد بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی نکولیکردن و پەژیوانی عێراق لە ئۆتۆنۆمی و، سیاسەتی لەناوبردنی کورد لە تورکیا و ئێراندا تێزی دەوڵەت لەنێو کورداندا بۆتە تێزی زاڵ و باوی زۆربەی کورد، بەڵام بۆچی ئەمە لە زۆربەی کاتدا تەنیا بە نهێنی و بە شێوەیەکی نارەسمی دەگوترێت ئەمەیان پێویستی بە باس و لێدوانێکی تر هەیە.

٥- تایبەتمەندی پێوەری (پارامیتەر) کوردایەتی لە کۆڕ و مەیدانی گرژ و سەختی هەڕەشە لە بوون و مانەوەی وەک نەتەوەیەک لە لایەک و پشتگیرکردنی سەرزارەکی لە

لایەکی ترەوە درێژەی هەیە و دەبێت. ئەم تایبەتمەندییە -کە هەر یەکە بریتییە لە بەدەستهێنان و گەیشتن بە ئامانجە کەم و کورت مەوداکان لە رێی یارمەتی وەرگرتن لەو دەوڵەتە دابەشکەرەی کە ناکۆکی هەیە لەگەڵ ئەو دەوڵەتە دابەشکەرەی کە خۆی تێیدا دەژی، وە بگرە هەندێک جاریش تەنانەت دژی کورد لە پارچەیەکی تردا. بەم پێیە دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی کە بەشی هەرە زۆری خاکی کوردستان بگرێتەوە گرنگییەکی زۆری هەیە و لە دوائەنجامدا یەکێک لە کوانووە گەورە و کڵپەسەندووەکانی خۆرهەڵاتی نزیک دەکوژێتەوە.

٦- دەبێت لە قەناعەتی ناوەوە و تەواوی کورد خۆیەوە شتێکی بەڵگەنەویست بێت کە دەوڵەتی کوردی لە رووی تیوری و پراکتیکی دەوڵەت لە خۆرهەڵاتی نزیکدا دەبێتە نموونەیەکی هاوچەرخ. چونکە کورد دەبێت دەوڵەتەکەی لەبەر رۆشنایی ئەزموونەکانی لەناو دەوڵەتە تۆتالیتێر و دابەشکەرەکاندا بە جۆرێکی نوێ پێناسە بکات و بە شێوەیەکی ئیجابی خۆی لە ئاستی سیاسەتەکانی ئەتاتورکێک و ئینۆنۆیەک و ئەسەدێک و سەدام و خومەینییەک جیا بکاتەوە و بەرز رابگرێت.

دیموکراتی و مافی مرۆڤ و دەزگا فیدرالییەکان و بەرنامەی پاراستنی کەمایەتییەکان و سنووردانان بۆ ئەو موتەڵەقییەتەی لەسەری راهێنراوە و باوە پێشمەرجی دەوڵەتایەتی کردنن. لەوانەیە ئەمە بە وەهم و خەیاڵ بدرێتە قەڵەم، بەڵام وا نییە. کورد بەگشتی ئازاری زامە قوڵەکانی دەوڵەتی موتڵەقیی چەشتووە. توێژی سەرکردایەتی کورد ناچارکراوە و هۆشی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مرۆڤدۆستی خۆی تا رادەیەکی زۆر لە تاراوگە (ئاوارەیی) لە رۆژئاوادا بە دەست بهێنێت، نە وەک لە سوپای تورکی یان لە قوتابخانەکانی قورئان لە ئێران یان لە ئەکادیمییە سەربازییەکانی سەدام.

٧- روون و ئاشکرایە کە دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی یان هەر گۆڕانێکی تری ئەم وەزعەی ئێستا کوردی تێدایە تەنیا لە ژێر کارتێکردن و تەئسیری بڕیاردەری ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیادا دەتوانرێت بهێنرێتە دی و جێبەجێ بکرێت، هەرچەندە زۆر کورد هەیە ئەمەی پێ ناخۆشە چونکە ئەم دەوڵەتانە و یەکێتیی سۆڤیەت بوون و هەن کە بەرپرسیاری بەشێکی ئەو زوڵم و ناهەقیەن کە رۆژانە لە کورد دەکرێن. ئەگەر بتوانرێت قەناعەتی سیاسی لەم چوار دەوڵەتە مەزنەدا بە سوودی کورد بگۆڕدرێت ئینجا ئیحتمالی دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی دێتە پێشەوە. شتێکی بەسوود و رەوایە کە نیشانەکانی ئەم ساوا دەوڵەتە بریتی بن لە پراکتیکی سیاسەتێکی ناوەوە و دەرەوەی دارێژراو لەسەر بناغەی فیکری دۆستی و هاوکاری و هاوئاهەنگی. وەک هەنگاوێک بەرەو ئەم سیاسەتە بڕیارنامەی ١٩٩١/١٢/١٦ی دەوڵەتانی بازاڕی ئەوروپایی هاوبەش لەمەڕ پێشمەرجەکانی دانپیانان بە دەوڵەتانی تازەدروستبوودا پێڕەو بکرێت. لە ڕاستیدا چاکتر وایە هەر دەوڵەت دروستکردنێکی کوردی بە پێوەندگی خاسیەتە دەسنیشانکراوەکانی ئەم بڕیارنامەیە

بپێورێت.

٨- کێشەکانی ناوچەی ئاسایش لە باشووری کوردستاندا نیشانی دەدەن کە ئەو بڕیارانەی لەسەر زەمینەیەکی شل و خاوی دوودڵی و گومان دراون چەندین پرسیاریان بێ وەڵام هێشتۆتەوە و، پارەیەکی زۆریان تێدەچێت، هەروا ناسک و بەرگەنەگرن و تەنانەت بە هۆی کاروباری ئاڵۆزی ئیدارییەوە (کۆجیستیک) دەتوانرێت هاوپەیمانەکان بخرێتە ژێر فشاری سیاسییەوە (بۆ نموونە لە لایەن تورکیاوە-و-).

٩- ئینکار و نکولیکردنی زۆربەی سیاسییەکانی باشووری کوردستان لە ئامانجی هێنانە دی دەوڵەتێکی کوردی شتێکی نەک بە تەنیا ناسروشتی و ڕیاکارانە و زۆرلەخۆکردنە و بگرە کەسیش چیدی بڕوایان پێ ناکات ئەم هەڵوێستە وەک خۆخەڵەتاندنێکی پیاوچاکانەیە و بۆ شەرمەزارنەبوون و ئابڕوونەچوونە بەرامبەر تورکیای هاوپەیمان و ئێرانی شەریکە بازرگانی ڕێزلێگیراو و هاوڕێی تازە پەیدا کراو ئەسەد.

١٠- کارتێکردنی ڕاستەوخۆی ئەمریکا و ئینگلتەرا و فەرەنسا و ئەڵمانیا لە ژێر دنەدانی بەهێزی وڵاتە ئەوروپاییە بچووکەکانی تر، وەزعێکی لەباری تر دێنێتە کایەوە بۆ هەنگاونانێکی چەند لایەنی لە هاوکاری و دۆستی و هاوئاهەنگیی نێونەتەوەیی لە خۆرهەڵاتی نزیکدا و واوەتر لە مەسەلەی ئیسرائیل-فەلەستین. بە واتایەکی تر پێشمەرجی لەدایکبوونی دەوڵەتێکی کوردی بریتییە لە قایلبوونی بە نیمچە سەربەخۆییەک (نەک سەربەخۆیی تەواو) لە سیاسەتی دەرەوەیدا. جگە لەمە دەبێ لە وتووێژی چەند لایەندا چەندین کێشە و مەسەلەی تری گرنگی حەل بکرێت: سنووری دەوڵەتی کوردی و مەسەلەی کەمایەتییەکانی ناوی، گێڕانەوەی ئاوارە و ڕاگوێزراوان، مەسەلەی ئاسایش و پاراستن. دووبارەی دەکەمەوە: مافی مرۆڤ، دەوڵەتی یاسا، دیموکراتی، فرەلایەنی، سیاسەتێکی دەرەوەی هاوبەش لەگەڵ دەوڵەتانی تردا، نیمچە سەربەخۆیی، ئەمانە پێکەوە پایە و بناغەی پێویستی دەوڵەتە لە ڕۆژاوادا. کورد دەبێت لە قەناعەتی ناوەوەی خۆیەوە و بە پشتگیری و هاوکاریی دەوڵەتە مەزنە زامنکەرەکانی دەروە ئەم خاسیەت و چەمکانە بکاتە مەرج و سیمای جەوهەریی دەوڵەتەکەی. هیچ ئەلتەرناتیڤێکی باشتر لەمە نییە بۆ دەوڵەتەکەی. ئا لێرەدا پێویستە ئاماژە بکرێت بۆ زیرەکی و شەیتەنەتی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا: مەفهووم و بەها و مەیدانە ئیجابییەکانی وەک: ڕۆژاوایی، جیایی دەوڵەت لە ئایین، دوژمنایەتی کۆمۆنیزم، دیموکراتی، دەوڵەتی یاسا، سیاسەتی دژی مەوادی موخەدیر، دژایەتی تێرۆر، ئا ئەمانە هەمووی لە مێژە بوونەتە ویردی سەر زمانی تورکیا. ئەوەی ئەم چەمکانە دەکاتە هی خۆی و ویردی سەر زمانی وا چاکە ڕاستگۆیانەش پیادەی بکات، نەک وەک کوپەی نوێ بۆ شەرابی کۆن بەکاری بێنێ. دیارە ئەمە بۆ تورکیا ئاسان نییە، بەڵام بێسوود و بێهوودەش نییە چونکە گرنگی شوێنی تورکیا لەبەرچاوانە و پێویست بە لێکۆڵینەوە و سەلماندن ناکات. بەڵام لەمە نارەحەتتر بۆ ئێمە ڕاستکردنەوەی ئەو چەواشەکردن و ڕێلێوێنکردنەیە بە هۆی گەمەکردنی ئاگایانە و ئارەزوومەندانە بە هەندێ

چەمکی وەک تیرۆر، چونکە بە هەڵە بەکارهێنان و پۆخڵکردنی چەمکەکان لای ئێمەی ڕۆژاوایی دیاردە و کاری ڕۆژانەمانە.

شەرمەزارییە بۆ کورد کە بە ئاشکرا باسی دەکەن گوایە هەندێ گروپ و ڕێکخراوەی کوردی بە بەکارهێنانی هەمان ئەو چەمکانەی تورکیا کردوونیە ویردی سەرزمان خۆیان خزاندۆتە ناو دڵی سیاسییەکانی ئەورووپاوە و بەم چەمکانە خۆیان لایان خۆشەویست کردون. لێرەدا لای من روون و ئاشکرایە کە پیادەکردنی ئەم چەمکانە بە تایبەتی لە ژێر بارودۆخی چەوسانەوە و ناپاساییدا (خەباتی ژێرزەمینیی شار و، خەباتی پێشمەرگانە-و-) کارێکی ئاسان نییە و بگرە پڕ کێشەیە. بەڵام لەم بوارەشدا بزووتنەوەی کوردایەتی چەند بە شێوەیەکی پۆزتیڤ (ئیجابی) خۆی لە ئاستی واقیعی دەوڵەتانی دابەشکەر جیا بکاتەوە و بەرز بکاتەوە ئەوەندە زیاتر هەل و شانسی باشی دەبێت و بەمە دەتوانێت سیما و شەخسیەتێکی تایبەت بە خۆ و بنیاتنەر و ڕێزلێنراو بۆ خۆی بخوڵقێنێ. هەر ئەم هەل و شانسی کوردایەتیەش هەل و شانسی دراوسێ ئەورووپاییەکانێتی.

١١- دەوڵەتی کوردی و دەوڵەت بەڕێوەبردنی کورد دەبێ بریتی بێت لە هەست بە لێپرسینەوە کردن و مشوورخۆری، ئەمە پێشمەرجی بنەرەتیی ئەوەیە کە دەوڵەت بتوانێ ئەرکە سەرەکی و جەوهەرییەکانی خۆی ئەنجام بدات کە بریتین لە نیزام و ئەمن و ئاسایش، مشوورخواردن و قایمکاری بۆ ژیان و مانەوەی خەڵک، بنیاتنانی ژێرخانی ماددی و گەشەپێدان و پێشخستن. ئەمانە ئەو جیاوازییە زەق و پێویستەن لە بارودۆخی ئێستای کوردستان لە ژێر باری دەوڵەتە داگیرکەرەکاندا: ملهوڕی و دەستدرێژی لەبری ئەمن و ئاسایش، وێرانکردن لەبری گەشەکردن و پێشکەوتن خاوەنی دەوڵەتبوون بلیتی چوونە ژوورەوەی ئەو دەسگا و کۆڕ و کۆمەڵانەشە کە بەپێی یاسای نێونەتەوەیی بەرپرسن لە پاراستنی ئەندامەکانیان لە دراوسێ دەستدرێژکەر و ملهووڕەکان. ئەگەرچی ئەم دەسگا نێونەتەوەییانە سزایان پێنادرێ، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕۆڵی گرنگ و بەرچاوی خۆیان هەیە.

١٢- دەوڵەتی کوردی مەرجی پێشکەوتن و پەرەسەندنی پێویستە لە کوردستاندا. تەنیا ئەمەیە کە بۆ ماوەیەکی زۆر شەپۆلی کۆچکەران بۆ دەرەوەی کوردستان دەنیشێتەوە. ئەورووپای ڕۆژاوا بە ڕوونی لە ژێر باری ناکۆکی بنەڕەتیدا دەناڵێنێ.

دیپلۆماسیی کلاسیکیی ئەورووپایی و هاوپەیمان لەگەڵ دەوڵەتانی زاڵم و ناڕەوا، ئەم دەوڵەتانە پڕ چەک دەکەن و دەیانکەنە گیانی گەلەکانیان. ئەنجام و بەری ئەم سیاسەتە کۆچکردنە کە ئەمیش بە دەوری خۆی دەبێتە هۆی بێزاری و ناڕەزایی ڕۆژ بە ڕۆژ زۆرتری ئەورووپاییەکان بەرانبەر کۆچکەرە بیانییەکان. سیاسەتێکی دەرەوەی سەربەخۆ و نوێخواز بە توندوتۆڵی گرێدراوەتەوە بە سیاسەتێکی ناوەوەی داڕێژراو لەسەر بناغەی سنگفراوانی

بەرانبەر بیانییەکان و بە دانانی یاسایەک کە کۆچکردن بۆ ئەڵمانیا ڕێک بخات. سیاسەتی ئەوروپایی بەرانبەر بە کورد بە ڕوونی ئەم ڕاستیە دەسەلمێنێ. لەبری سیاسەتێکی ئاوا دەبینین وەزیرێکی ئابووری وەک پیشەی جاران و بێ وەرسبوون دۆستایەتی لەگەڵ دەوڵەتێکی تیرۆریستیی وەک ڕژێمی ئێران درێژە پێدەدات و چەندین ساڵیش لەگەڵ عێراق. وەزیرێکی دەرەوەش گرەو لەسەر ئەو دۆستایەتییە کۆنەی تورکیا و ئەڵمانیا لە شەڕی جیهانی یەکەمدا دەکات و بەم جۆرە و بەپێی توانا هەڤاڵی وەزیری ناوخۆی بەرنەگار دەکاتەوە لەگەڵ کاروانی ئاوارە و پەنابەران کە ڕوو لە ماڵەوەی (ئەڵمانیا) دەکەن و چیدی بۆی کۆنترۆڵ ناکرێ.

١٣- دەوڵەتێکی کوردی -ئەمەش لە ناوەڕۆکدا دیسان هەمان خاڵی پێشووە- مەرجی مانەوەی میترۆپۆلەکانی تورکیایە (شارە گەورەکان-و-) و لە بەرژەوەندیانە، چونکە لە ژێر هوروژمی کۆچ و ڕەوی ناوخۆی کورد لە کوردستانی تورکیاوە بۆیان، ئەم میترۆپۆلانە خەریکن هەناسەیان لێ دەبڕێ و دەپرووکێن، بۆیە هەموو هەوڵێک دەدەن بۆ گێڕانەوەی ئەم ڕەش و ڕووت و ئاوارانە بۆ ڕۆژهەڵاتی تورکیا (باکووری کوردستان).

١٤- دەوڵەتی کوردی هەروەها لە سوود و قازانجی ریشەیی پێشکەوتن و گەشەسەندی ئابووری و کۆمەڵایەتیی دەوڵەتە دابەشکەرەکان خۆیشیانە. هەتا ئیمڕۆ پشکێکی گەورەی داهاتی نەتەوەیی لەبری بۆ خۆشگوزەرانی و ئاوەدانی خەرج بکرێ، دەکرێ بە گەرووی دەسگا عەسکەری و ئەمنییەکاندا. پەلاماردان و داگیرکردنی قوبرسی لێدەرکەیت سەرجەمی سوپای تورکیا ماوەی ٧٠ ساڵە تەنیا لە کوردستاندا چالاکیی نواندوە. هەمان شت بە نیسبەت دەوڵەتە دابەشکەرەکانی ترەوە: ئەگەر ئەو ماوانەی لێدەربکەین کە سوریان و عێراق لە شەڕ و کێشەدا بوون لەگەڵ ئیسرائیل، هەروەها شەڕی عێراق و ئێران. چ بە تەڕندان و بێهوودە خەرجکردنێکی شێتانەی بەشێکی گەورەی سامان و فەڕی ئەم وڵاتانەیە.

١٥- بەلام بەرژەوەندی دەوڵەتە دابەشکەرەکان لە بوونی دەوڵەتێکی کوردیدا تەنیا لە ئاستەنگیی مەسەلە ئابوورییەکەدا قەتیس نامێنێ و کۆتایی پێ نایەت، بەڵکو مەسەلەکە مەودایێکی ئەخلاقیی گرنگیشی هەیە. سیاسەتی تواندنەوەی کورد، چەوساندنەوە و تیرۆر و کوشت و بڕ هەرەشە و زیانی گەورە بە ناوک و ناوکرۆکی ئەخلاقیی (بە مەعنا فەلسەفی و جوانکارییەکەی-و-) کۆمەڵگای تورکی و عەرەبی و فارسی دەگەیەنێ. درندایەتی و وەحشیگەریی ڕۆژانەی ئەم دەوڵەتانە، کوشتنی بێ موحاسەبەی ڕامبۆ-تورکەکان و موخابەراتی عێراقی و ئێرانی و (دیپلۆماسییەکانیان) زەربەی گورچکبڕ و زامی قووڵ بە جەرگەی ئەم کۆمەڵگایانە دەگەیەنن و تەشویهیان دەکەن. لەڕاستیدا ئەوەی کە پێی دەوترێ مەسەلەی کورد، لە هەمان کاتدا مەسەلەی مان و نەمانی تورک و عەرەب و فارس خۆشیانە.

١٦- جگە لەوانە ئەگەر بە وردی بروانرێتە مەسەلەکە بە باشی دەردەکەوێ کێشە عەمەلییەکانی دەوڵەت دروستکردن ئەوەندە سەختتر نین لە هەنگاوە عەمەلییەکان بۆ پیادەکردنی بەرنامەی ئۆتۆنۆمی یا پاراستنی کەمایەتییەکان. جگە لەوەی کە لە حاڵەتی دەوڵەتدا پێویستیی لەسەرکردنەوەی (دیفاع) ڕاستەوخۆ و درێژخایەن لە شێوەی تەدەخولدا، بە گشتی کەمتر دەبێت. ئەم تێزە مۆدێرنەی دەوڵەتی کوردی کە لێرەدا پێشنیاز کراوە بە نیسبەت دراوسێکان و دەوڵەتانی دابەشکەر و کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان مەترسیی زۆرتر و واوەتری نییە لە پیادەکردنی تێزی ئۆتۆنۆمی و تێزی پاراستنی کەمایەتییەکان.

١٧- لێرەدا ناچمە ناو باسی سنووری ناوچەیی (جوگرافی) ئەم دەوڵەتە کوردستانییە و ئەم پرسیارە بێ وەڵام جێدێڵم. ئەی بۆ چەند دەوڵەتێکی کوردی دروست نەبێ؟ ئەی بۆ دەوڵەتێکی کوردی نەبێ و ئۆتۆنۆمییەکیش لە دەوڵەتێکی دابەشکەردا؟ باشتر و ڕاستتر وایە کە بیری دەوڵەت دروستکردن نەبێتە دۆگمای ڕەق و بێگیانی دەوڵەت. لێگەڕێن با کۆمەڵانی خەڵکی کورد خۆیان بڕیار بدەن. گرتنەبەری چەند ڕێگاچارەیەکیش لەوانەیە خراپ نەبێت. ئامانجی من تەنیا ئەوە بوو کە تێزی دەوڵەت لە ئاسمانی ئەفسانە و غەیبەوە دابەزێتە سەر زەویی واقیع و ببێتە شایستەی خستنە ڕوو هەڵگرتنی لەناو کۆڕ و کۆمەڵدا.

## ئەو بەڵگانەی لە دژی دەوڵەتی کوردین

بەڵگەکانی دژی دەوڵەتی کوردی زۆرن و زۆرتریش باس و لێدوانی لەسەر دەکرێت، بەڵگەکان ئەمانەی خوارەوەن:

١- دەوڵەتی کوردی دەبێتە هۆی گۆڕانی سیاسیی ڕیشەیی و فراوان نەک هەر لە دەوڵەتە دابەشکەرەکاندا. دەیان ساڵە سیاسەتی دوژمنانەی دەوڵەتە دابەشکەرەکان دەرحەق بە کورد لە لایەن دەوڵەتانی دەرەوە چاوپۆشی یا پشتگیریی لێدەکرێ. ئەم واقیعە لە لایەن دەسگا دوڵەتی و دیپلۆماسییەکانی ئەم دەوڵەتانەی دەرەوە بووەتە شتێکی سروشتی و نەریت و عادەت، بۆیە گۆڕین و ترازان لەم هەڵوێستە کارێکی سەختە. خۆ ئەگەر دەوڵەتی کوردی بە ڕەسمی بناسن ئەمە خۆی لە خۆیدا داتپیانێکی ناڕاستەوخۆیە بە بەرپرسیاری یا بەشێکی بەرپرسیاری و ئۆباڵ و گوناهی ئەوەی تا ئێستا بەسەر کورددا هاتوە.

٢- پێشمەرجی دەوڵەتی کوردی زانیاری و زانست و ئاگادارییە لە دونیا. دەسگا سیاسی و دیپلۆماسییەکانی کورد تا ئێستا تا ڕادەیەکی زۆر بێئاگا و بێخەبەر و بێمەعلوومات. دەسگا ڕاوێژکارییەکانیان تا ئیمرۆ بێغیرەت و کورتبین و ئاستەنگن، بۆیە ئەرک و فەرمانی پەنابەرانی کورد زۆر گەورەیە.

٣- زۆرجار گومان لەوە دەکرێ کە دەوڵەتی کوردی بتوانێ لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ و

درێژە بە ژیان و مانەوەی خۆی بدات. دەوڵەتی کوردی لە هەر شوێنێکی کوردستان دابمەزرێ، لە ڕوانگەی جوگرافیای ئابوورییەوە ئەم گومان و دوودڵییە بێ بەڵگە و بناغەیە. چونکە کوردستان خاوەنی سامانێکی گەورەیە لە نەوت و بەر لە هەموو شت لە ئاو. هەژاری و نەداریی ئیمڕۆی کورد ئەنجامی ئەو سیاسەتەیە کە مەبەستەکەی نەک هەر بندەستکردن و زەلیلکردنی فیزیکی (جەستەیی و ماددی) کوردە، بەڵکو بەر لە هەموو شت وەک چەکێکی دەروونی (سایکۆلۆژی) لە شەڕی دژ بە کورددا بەکاردەهێنرێ. لێرەدا لەبری ئەوەی شۆڕببمەوە بۆ قووڵایی بابەتەکانی کۆمەڵناسی-ئابووری (سۆسیۆئیکۆنۆمی) دەمەوێ ئەوەی (مەهدی زانا) پێش چەند ڕۆژێ بۆی باسکردم، بۆ خوێنەری بگێڕمەوە.

مەهدی زانا، کە پێش کودەتا سەربازییەکەی ۱۹۸۱ پارێزگاری هەڵبژێردراوی دیاربەکر بوو، -کە پایتەختی کوردستانە- کاتێ لە ساڵی ۱۹۹۱دا لە زیندان ئازاد کرا، لە دیدارێکی تەلەفیزیۆنی تورکیدا موعەللیقێک بە لاقرتێ و گاڵتەجاڕییەوە پێی وت: ئەگەر کورد خۆی لە تورکیا (لێرەدا مەبەستی لە ڕۆژئاوای تورکیایە) جیا بکاتەوە ئەوا لەوێ (مەبەستی لە کوردستانی جیابۆوەیە لە تورکیا) هەر چۆنێک بێت هیچیان پێ ناکرێ و کوردەکان بەبێ کۆمەکی ئێمە تەنانەت ناشتوانن دەرپێیەکی ژێرەوە دروست بکەن. مەهدی زانا ڕەددی دابۆوە و پێی وتبوو: دە کەوا بێ ئینجا کوردستان دەبێتە یەکەم دەوڵەتی ڕووت و قووتەکانی ئەم گۆی زەوییە و ئا لێرەشەوە ژیان وردە وردە بەرەو باشی هەڵدەکشێ.

٤- ڕەدو بەرپەرچی ئەوەی گوایە دەوڵەتی کوردی لە ڕووی مێژووییەوە شەرعیەتی نییە ساختەبەڵگەیە و هیچی تر. چونکە تەنیا ژمارەیەکی کەمی ئەندامانی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم جۆرە شەرعیەتەیان هەیە. دەوڵەتانی نوێ لە وڵاتە فرەنەتەوە و موستەعمەرەکاندا هەمیشە مۆرکی تایبەتیی خۆیان پێوە بووە کە جیای کردوونەوە. گەر چاوێک بە مێژووی کورددا بگێڕین نیشانی دەدات کە ئەو ماف و ئەرک و دەسەڵاتانەی بە درێژایی چەند سەدەیەک میرنشینە کوردییەکان هەیانبووە و بەکاریانهێناوە ئیمڕۆ بە توخم و پێکهاتە سەرەکییەکانی دەوڵەت دەژمێردرێ. بێ هۆ نییە کە کورد ئەو کاتانە بە چەرخی زێڕینی ناو دەبات.

٥- ڕەدد و بەرپەرچی ئەوەی گوایە کۆمەڵگای کوردی کرچ و کاڵە و هێشتا پێنەگەیوە بۆ دەوڵەت بەڕێوەبردن بە هەمان ئاقاری پێشوودا و بە هەمان مەبەست ڕێدەکات. بێگوێدانە ئەوەی پێودانگ و زانیارییەکان لە کوێوە سەرچاوە هەڵدەگرن. ئەم ڕەدد و بەرپەرچە لەسەر تەختی ناکۆکییەکانی ناوەوەی خۆی ورد و خاش دەبێت. باکووری ڕۆژئاوای کوردستان کە لە ئەم ۲۰ ساڵەی دواییەدا بە تەواوەتی گۆڕاوە، نزیکەی تێکڕای کۆمەڵگایەکی یەکسانی لە ڕەش و ڕووتان و بەلەنگازان پێکهێناوە، بێگومان لە کوردستانی داگیرکراوی ئێران یا ناوچەی ئاسایش (باشووری کوردستان) مۆدێرنترە. بەشێکی زۆر پ. د. ک. و ی. ن. ک. هێشتا هەر تازە حیزبی عەشیرەت و بنەماڵەکانن. بەڵام لە چەند دەوڵەتی تردا ئەم واقیعە

جۆرێکی ترە؟ ئایا مۆدێرن بوون بلیتی چوونە ژوورەوەیە بۆ ناو بینا و ساختمانی خاوەن دەوڵەتان؟ وە ئەگەر مۆدێرن بوون، ئەوا پ. ک. ک. کە زمانی حاڵ و دەربڕی ئەم پرۆسەی مۆدێرنبوون و نەداری و هەژاریی گشتییەی کۆمەڵگای باکوور و ڕۆژاوای کوردستانە. هەر بۆیەش شتێکی رێکەوت نییە کە داوای مافی دەوڵەتی کوردی ڕەپ و رەوان لە لایەن ئەمەوە بەرز دەکرێتەوە.

بەڵام ئایا لەم حاڵەتەی لەمەڕ ئێمەدا، مۆدێرنبوونی کۆمەڵی کوردی و هی ئەو حیزبەی تا رادەیەکی زۆر نوێنەرایەتیی دەکات، دانەنرێ بە مەرجی وەرگرتن لە یانەی خاوەن دەوڵەتاندا؟

٦- بێگومان لە یەکەم سەیرکردندا وا دێتە بەرچاو کە ناووناوبانگی خراپی پ. ک. ک. لەمپەرێکە لە ڕێی دەوڵەت دروستکردن بۆ کورددا. لێرەشدا هەمیسان دەبێ زۆر بە وردی بڕوانینە مەسەلەکە، چونکە تێزی دەوڵەتی کوردی بە هەمان شێوە رەوا نابینرێ بەو حیزبە کوردیانەش کە بە موعتەدیل ناویان دەرکردووە. بە گاڵتە نەبوو کە سولەیمان دیمیریل لەم دواییەدا ناراستەوخۆ ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە چۆن دەوڵەتی تورکی زیرەکانە توانیویەتی مۆر و داخی تیرۆر بدات لە تەوێڵی پ. ک. ک. لە هەندەراندا. لێرەدا نامەوێ خۆم بدەمە دەم باس و لێکۆڵینەوەی وردی تیرۆر -کە بریتییە لە تۆقاندن و ترساندن لە ڕێی بەکارهێنانی هێمایی زەبروزەنگ- بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو. ئەم سیفەتانەی تیرۆر لە پ. ک. ک. دا نییە. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە تورکیا لە ململانێیێکی چەکدارانەدایە، لە شێوە شەڕێکی ناوخۆ (ئەهلی) لە نێوان هێزە ئەمنییەکانی دەوڵەتی تورکی و بەرەیەکی ڕزگاریخوازی چەکدار. بێ دوودڵی ئەم شەڕ و ململانێیە خوێناوییە، بە داخەوە خوێناوییە وەک زۆربەی ئەزموونە مێژووییەکانی تری ڕزگاری و سەربەخۆیی گەلان لە دەست هەلومەرجی شەڕوشۆڕ و زەبروزەنگ لە وڵاتانی کۆڵۆنی و نیمچەکۆڵۆنیدا. هۆی ئەمەش کەمی و نەبوونی ئومێدە بە پرۆسەی پێچارەیەکی ئاشتیخوازانە بووە و هەیە. پێناسەی زانستیی تیرۆر پڕ بە پێستی ڕەفتاری رۆژانەی هێزە ئەمنییەکانی تورکی و عێراقی دوێنێ و ئێرانی ئیمڕۆیە. بەڵام ئەمە شتێکی ئەکادیمییە و لە واقیعی ڕۆژانەدا ئەوە پ. ک. ک. یە کە ئیمڕۆ خزێنێنراوەتە خانەی تێرۆرەوە (ئەوەک دەوڵەتی تورکی-و-). لەوانەیە یەکێ لە هۆ گرنگەکانی ئەم پ. ک. ک. بە تێرۆریست ناسینە ناکۆکی و ڕقەبەرایەتی باڵەکانی تری بزووتنەوەی کوردایەتی بێت لەگەڵ پ. ک. ک. بۆ گۆڕینی ئەم واقیعەش کار و خەباتی هۆشیارکردنەوە و ڕۆشنبیریی زۆر پێویستە.

٧- سەرچاوەیەکی تری ڕەد و بەربەرچی دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی بریتییە لە ئەزموونەکانی شەڕ و شۆڕ لە رابردوودا و لە زەبروزەنگی پیشخواردو و دەرنەبراو یا دەربراو لە ئەنجامی ئەو خەبات و گۆڕان و هەوڵانەی بۆ دروستکردنی دەوڵەتانی نوێ دراوە، ڕەفتار و سیاسەتی دەوڵەتە نوێکانی سۆڤێتی جاران و بە تایبەتی ڕەفتاری سربیا.

لێرەدا ڕاست نییە باجی ئەم ئاڵوگۆڕە خراپە کورد بیدات، چونکە سیناریۆ کە هەر ئێستا بەشی خۆی پڕ زەبروزەنگ و خوێناوییە.

ئەگەر -وەک پێشتر هەوڵمدا بیسەلمێنم- دەوڵەتی کوردی ڕەوابوون و شەرعیەتی قووڵی خۆی لە پرۆسەیەکی درێژخایەن بۆ نەهێشتنی خوێنڕێژی دیبێتەوە، ئیتر چیدی ئەم ئەزموونە تۆقێنەر و ترسناکانە نابنە هۆی پووچەڵکردنەوە و بێبایەخکردنی ئامانجە دوورەکە، بەڵکو بە دارشتنەوە و پەیڕەوکردنێکی خوڵقێنەرانە و داهێنەرانەی گونجاوی بڕیارنامەکانی وەزیرانی دەرەوەی بازاڕی ئەوروپایی هاوبەش هی ١٩٩١/١٢/١٦ دەتوانرێت پرۆسەی دروستبوونی دەوڵەتانی نوێ لە ڕێگەی (کولتورێکی سیاسی پرۆسەی جیابوونەوە) کە ئاشتیخوازانەتر بێت لەوەی تا ئێستا جێبەجێ بکرێت. دەوڵەتانی دابەشکەری کوردستان لە کولتورێکی ئاوهاوە ئێستا زۆر دوورن.

تایبەتمەندییەکی مێژووی کورد لەوەدایە کە کوردستان یەکسەر دوای قۆناغێکی مافیەکسانی لە دوو دەوڵەتی فرەنەتەوەدا (دەوڵەتی عوسمانی و ئێران-و-) لە ماوەی دە ساڵی ١٩٢٠-١٩٣٠دا لە ژێر باری پرۆسەیەکی تیژڕەو و کوتوپڕی کوشتوبڕ و خوێنڕێژیدا هێنرایە خوارەوە و گۆڕدرا بە حاڵەتێکی نیمچە کۆڵۆنی. ئەگەر کوردستان کۆڵۆنییەکی بەریتانی بووایە -کە دەوڵەتی یاسا تیایدا بەرقەرارە- ئێستا لە مێژ بوو -دوای چەند قۆناغێکی خەباتی ڕزگاریخوازی کە عادەتەن بێ شەڕ و پێکادان، واتا لە ڕێگەی وتووێژەوە- ئازاد و سەربەخۆ دەبوو. مانەوەی حاڵەتی نیمچەکۆڵۆنی کوردستان لە هەر چوار دەوڵەتی دابەشکەردا بۆتە هۆی ئەوەی کە پرۆسەی ڕزگاری و سەربەخۆیی کۆڵۆنییەکان لە دەست کۆڵۆنیالەکان کوردستان نەگرێتەوە. ئەوەی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕووی مێژووییەوە بە پلەی شەرەف گەیاند پشتگیریکردنی بوو بۆ ئەم پرۆسەی ڕزگاری و سەربەخۆییە. تەنیا لەم دواییانەدا و لە ئەنجامی کەرتکەرتبوون و نەمانی یەکێتیی سۆڤیەتدا کۆڵۆنییە داخلییەکان قوت بوونەوە و بوونە جێی سەرنج و لێدوان. بە تایبەتی دەوڵەتە ئەوروپاییەکان دەتوانن بۆ هێنانەکایەی ئەم کولتورە سیاسییە ڕۆڵێکی گرنگ ببینن بە هاندان و دنەدانی وتووێژ و بگرە لە کاتی پێویستیشدا بە سەپاندنی وتووێژ لە ڕێی خستنەکار و بەکارهێنانی فاکتەری جۆراوجۆرەوە. بەڵام بۆ کارێکی ئاوا دەبێت خودی دەوڵەتە ئەوروپاییەکان تابوەکانی خۆیشیان بشکێنن.

٨- ڕەد و بەرپەرچێکی تری هاوپەیوەند لەگەڵ خاڵی پێشوودا مەسەلەی پاراستنی مافی کەمایەتییەکانە لە دەوڵەتێکی کوردی تازەدروستکراودا. بۆ ئەمە من نامەوێت لێکۆڵەرەوەیەکی ئەوەندە شکلی بم و بڵێم مافی کەمایەتییەکان لە هیچ یەک لە دەوڵەتانی دابەشکەردا نەڕاگەیندراوە و نە پیادەش کراوە. بە نیسبەت پێشنیارەکەی من بۆ پرۆسەی دروستکردنی دەوڵەت لەسەر بناغەی بڕیارنامە و ڕاسپاردەکانی دەوڵەتانی بازاڕی هاوبەشی ئەوروپایی دابینکردنی مافی کەمایەتییەکان ئەرکێکی پێویست و بەڵگەنەویستە.

خۆ ئەگەر هەر ئێستا بەرنامەی پاراستنی مافی کەمایەتییەکان وەک ڕێچارەیەکی تایبەت بە کوردستان بە جدی لە ئارادایە ئەوا بە تایبەتی لە کوردستاندا دەبێت دارشتن و هێنانەدی بەرنامەیەکی نموونەیی و پرشنگدار شیاو و مومکین بێت. ئەزموونی بزووتنەوەی کوردایەتی لە خوارووی کوردستاندا لە هەمبەر ئاسورییەکان دڵخۆشکەر و نموونەیی یە. ئاشکرایە ئەگەر دەوڵەت دروست بکرێت کێشەی گێرانەوە و گەڕانەوەی کوردە کۆچکردو و ئاوارەکان لە بەشی تورکی تورکیاوە بۆ کوردستان دێتە ئاراوە. لەم بارەیەوە دەشێت سوود وەربگیرێت لە ئەزموونی داهاتووی کۆمارەکانی باڵتیک بە تایبەتی لیتوانیا و ئۆکرانیا کە هەر ئێستا دەستەویەخەی هەمان کێشەن. ئەم ڕەد و بەرپەرچەش ئاراستەی خودی ڕێچارەی دەوڵەتی کوردی نابێتەوە، بەڵکو پەیوەندی بە توانا و ئامادەیی دڵسۆزانە هەیە بۆ پلانڕێژیی پرۆسەی ڕێکەوتن و ئاشتبوونەوەیەکی هەمەلایەن. بە واتایەکی تر پەیوەندی بە کولتوری سیاسی دەوڵەتی تازە دروستکراوەوە هەیە کە چۆن ئەرک و وەزیفە سیاسییەکانی ڕۆژانەیی دەستنیشان و جێبەجێ دەکات.

٩- لە ڕاستیدا پاڵفتە و ناوکرۆکی بەرپەرچ و ڕەدەکان بریتییە لەو سیاسەتەی بەرژەوەندی ڕۆژانە کە دەڵێ: گوایە توانای دروستبوونی دەوڵەت لە ئارادا نییە، یان دەوڵەتی کوردی نەبوونی باشترە چونکە زیان بە بەرژەوەندەی خۆیان دەگەیێنێ بە هۆی لاوازکردنی فەرمانڕەوا دۆست و بەتوانا و دەرهاتووەکانەوە. لەم سۆنگەیەوە بەردەوام نموونەی گرنگی تورکیا وەک بەربەست و قەڵایەکی بەهێز دژی بونیادگەری ئیسلامی دەهێنرێتەوە. چاودێران و پسپۆڕانی گۆڕانکارییەکانی تورکیا باش دەزانن کە تورکیای ئەمڕۆ (بە تایبەتی بەشە تورکییەکەی) چیدی ئەو کۆمەڵگا لایتی (عیلمانی)یە (جیایی دەوڵەت لە ئاین-و-) نییە کە خۆی پێوە دەنازێ و ئیدیعای دەکات. بەڵام تێکڕای ئەزموونەکان لەگەڵ فەرمانڕەوایان لە خۆرهەڵاتی نزیکدا نیشانیان دا کە درێژخایەن و سەقامگیر و هەتاسەر نین. کەواتە ئەم سیاسەتی بەرژەوەندی ڕۆژانە و ڕەسمییە کورتبینە. ئەو ئێرانەی وا پتر لە دە ساڵە ئاشە خوێنینە بێوێنەکەی دەسووڕێ و زیندانەکانی لێوانلێوە وەک شەریکە بازرگانێکی جێ بڕوا و متمانە زوو زوو بە شان و باهویدا دەگوترێ و ستایش دەکرێ. بە هەمان شێوە عێراقیش پشت ئەستوور بە نەهاتنە دەنگ و کش و ماتی جیهانی عەرەب و ئیسلام وەک جاران بەرقەرارە و دەپارێزرێ. ئێرە جێی ئەوە نییە بە بەهانەکانی ئەم سیاسەتە ڕەسمی و بەرژەوەندییە ڕۆژانەیە یەک بە یەک پووچەڵ بکەمەوە. باشان مافی چارەی خۆنووسینی گەلان کە وەزیرانی دەرەوەی دەوڵەتانی بازاڕی هاوبەشی ئەوروپایی لە ١٩٩١/١٢/١٦دا بە ڕوونی دانیان پیادا نا دەربڕ و بەرجەستەی نەک هەر پێوەر و مەودایەکی نوێی یاسای نێونەتەوەیییە بەڵکو دەربڕی مەودایەکی ئەخلاقی نوێیشە.

مرۆڤ بە ئاوەز (عەقڵ) و لۆژیک بە تەنیا ناتوانێ ناکۆکی نێوان ویژدان و ڕەوشت (مۆراڵ) لە لایەک و سیاسەتی بەرژەوەندی ڕۆژ و ڕەسمی لە لایەکی تر نەهێڵێ و لایبەرێ. دەوڵەتی کوردی وەک زەمانەت و گرنتی ئازادی بۆ کورد لە دوا بڕیاردا هەر مەسەلەیەکی ئەخلاقی و ویژدانییە و هەرواش دەمێنێتەوە.

١٠- ڕەد و بەرپەرچی نوێنەرانی سیاسەتی بەرژەوەندی ڕۆژ و سیاسەتی ڕەسمی زۆرجار بەو سەرنجە سادە و سەرپێییە دەگاتە لوتکەی خۆی کە گوایە دەوڵەتی کوردی یۆتۆپیایە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە سیاسەت تەعبیرکردنە لە واقیع و ڕووداوی بزۆک و ڕوو لە گۆڕین، پاش سێ ساڵ لە ڕووخانی دیواری بەرلین دەبووایە ڕوون و ئاشکرا بووایە کە لە سیاسەتدا یۆتۆپیا نییە. بیروڕا دووربین و ئاسۆڕوونەکان لە ئاسمانەوە نەباریون، و لەسەر زەمینێکی کەسنەزانەوە هەڵنەقووڵاون. ئایا بۆچی ئەوەی بۆ ئەڵمانییەکان شیاوکرا و هاتە دی بۆ کوردەکانیش سەرنەگرێ و نەکرێ؟

## پێشمەرج و پێویستییەکانی دەوڵەت

ڕوونی و ڕەوینەوەی تەمومژ لە خودی بزووتنەوەی کوردایەتی خۆیدا لە شێوەی پرۆسەیەکی هاوئاهەنگی و ڕێکەوتن و تەبایی نێوان بەشەکانیدا. داهێنان و خوڵقاندنی شێوەگەلێک لە دەستەڵاتداریتی و لێپرسراویتی پەرلەمانی تەنانەت لە ژێر هەلومەرجی نایاسایشدا. ئەمە بڕوابوون و دانپیانان بە مەبدەئی فرەحیزبی و فرەڕێکخراوەیش دەگرێتەوە. بەپێی نەخشە و پلان خوڵقاندنی ئەو زەمینە کۆمەڵایەتی-کولتورییەی بۆ دیموکراتی و دەوڵەت پێویستن.

ڕوونکردنەوەی بەردەوامی پێکهات و دەزگا و ئامانجەکانی ئەم دەوڵەتە بە ڕای من لەسەر بناغە و لەبەر ڕۆشنایی ڕاسپاردەکانی وەزیرانی دەرەوەی دەوڵەتانی بازاڕی هاوبەشی ئەورووپایی. باشی و سوودبەخشی دەوڵەتی کوردی بۆ کورد خۆی و، بۆ دەوڵەتانی دابەشکەر و بۆ هێزەکانی دەرەوە دەبێت بەردەوام بسەلمێنرێت. ئەمەش ڕاگەیاندنی هەنگاو و ئامانجەکانی دەوڵەتی کوردی لە بەرامبەر ئەم لایەنە جیاوازانە دەگرێتەوە یان بە تەعبیرێکی ئابووری: کاڵای سیاسەت دەبێت لە بازاڕی خۆیدا بە شێوەیەکی مۆدێرن ساغ بکرێتەوە، کاڵای ناسکی دەوڵەت دەبێت بفرۆشرێت. لێرەدا مەبەستم لە کەموکوڕییەکانی بزووتنەوەی کوردایەتییە کە هەتا ئێمڕۆ نەیتوانیوە ئامانجە ڕەواکانی خۆی بە لایەنە بڕیاردەرەکان بفرۆشێ و ساغ بکاتەوە. دوا نەک دوایین شت بریتییە لە ڕاهێنان و فێرکردن و پێگەیاندنی کادیرانی ڕابەر و بەڕێوەبەری دواڕۆژ لە بوارە زۆر و زەوەندەکانی زانست و پسپۆڕی کە بۆ دەوڵەت بەڕێوەبردن پێویستن: هەر لە بانقی دەوڵەتی و ئیدارەی داراییەوە بگرە هەتا پێگەیاندنی مامۆستایان، ئەگەر بڕیار وا بێت لە دواڕۆژدا قوتابخانەی کوردی بکرێتەوە. پێویستە بەپێی توانا سوود لە ئەزموونە دیموکراتییە سەرکەوتووەکان وەربگیرێ. بۆ ئا ئەمە بەر لە هەموو کەس دەبێت بیرۆکراتەکانی ئەورووپا ئامادەی یارمەتی دڵسۆزانەی کورد بن. لە سەرەتا پڕ گرێ و گۆڵەکانی دەوڵەت دروستکردندا: وەرگرتنی کاتی (میوانداری) شاگردان و کادیرانی پاشەڕۆژی دەوڵەتی کوردی لە دەزگا و دامەزراوە ئەورووپاییەکاندا، ڕاوێژکاری و ڕاهێنانیان لە بوارە ئاڵۆزەکانی دەوڵەت بەڕێوەبردندا، ئەمانە هەمووی یارمەتیی گرنگن بۆ کورد. بەئاگاییەوە ئاماژە بۆ ئەم مەسەلەیە دەکەم چونکە لە پاش نزیکەی ٣٠ ساڵی خەبات لە باشووری کوردستاندا دەرکەوت هێشتا

ئۆتۆنۆمی کەموکوریی کادیران و پسپۆڕانی هەیە. دیارە لەم شتە پراکتیکیانەدا دەوڵەت و ئۆتۆنۆمی جیاوازییان نییە.

## پرۆسە، چۆنێتیی پیادەکردن و جێبەجێکردن.

بێگومانە ئەوەی ئایا ئۆتۆنۆمی یان دەوڵەت کامیان دەشێ بەدەستبهێنرێ، لە مەیدانی پیادەکردندا لێکچوونێکی زۆر نزیک هەیە بۆ گەیشتن بە هەر یەکەیان. یەکەم هەنگاوی پراکتیکی بریتییە لە ئامادەکردنی شێوە فیلمنامە و سیناریۆیەک بۆ پرۆسەی پیادەکردن، دەستنیشانی روون و کۆنکرێتیی ئەرک و فرمانەکانی رۆژانە، پیاچوونەوە و دەسکاریکردنیان بەپێی گۆڕانەکانی واقیعی بزۆک.

چەند فاکتەرێکی تری زۆر گرنگ و پێویست: لایەنی هەرە زۆری جێی متمانەبوون و راستگۆیی، کراوەیی و ئاسۆفراوانی، مەبدەئی فرەحیزبی و فرەڕێکخراوەیی، ئاگادارکردنەوە و راوێژکردن لەگەڵ هەموو لایەنە پەیوەندار و تێکڵاو و گرنگەکانی مەسەلەکە کە بریتین لە: کۆمەلانی خەڵکی کورد لە هەموو پارچەکاندا، دەوڵەتانی دابەشکەر، زلهێزەکانی دەروە و گشت ئەندامانی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە مەسەلەکەیان بەلاوە گرنگە و بەر لە هەمووانیش کۆمەڵە و دەسگا و رێکخراوە نادەوڵەتییەکان. پێویست و گرنگە کە بە وردی و ئاگایی تەواوە زنجیرەی وتووێژ و راوێژکاری و کۆبوونەوەی جۆراوجۆر رێکبخرێ. دەتوانرێ سوود وەربگیرێ لە نموونەی تێکڕای پرۆسەی سەربەخۆیی و رزگاری لە دەست دەوڵەتە کۆلۆنیالەکان، لە پرۆسەی کامپ دێڤید و وتووێژی فەلەستین. لە مەسەلەی ئەفغانستاندا رێکەوتننامەکان لەسەر کۆتاپهێنان بە لووتژەندنە کاروباری ناوخۆی ولاتانەوە کاریگەریی ئەم جۆرە رێکەوتنانە دەردەخات. کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوەکانی سەر بەو، دەوڵەتانی بازاڕی هاوبەشی ئەورووپایی و دەسگاکانی سەر بەو رۆڵی مەزن و بەرچاویان هەیە. تەنیا ئاماژەکردن بۆ ئەم مەسەلانە هەقیەتی بەس بێت بۆ دەرککردنی بزووتنەوەی کوردایەتی بەوەی کە پەروەردەکردن و راهێنانی پسپۆڕ و کارگێڕەکانی چەند گرنگ و پێویستە، نییەت و نیازی باش بە تەنیا بەس نییە. گرتنەبەری رێبازێکی تەواو ئاشتیخوازانە باشتر و لە پێشترە هەتا رێبازی زەبروزەنگ و شەڕوشۆڕ. سیاسەتی ئاگایانەی خاوکردنەوە و هێورکردنەوەی وەزع دەبێت وەک نیشانەی خورتی و بەهێزی بزاڤی کوردایەتی لێکبدرێتەوە نەک وەک لاوازی و پاشەکشەی ئەم بزاڤە.

ئەم جۆرە بڕیارە سیاسییانە کاتێ سوودی هەیە و جێی خۆی دەگرێ، کە بەپێی توانا و بە شێوەیەکی فراوان راگەیەندرێ و بلاوبکرێتەوە و روونبکرێتەوە.

ئەو بێدەنگی و قروقەپەی ئیمڕۆ کە بەتایبەت سیفەتی دەوڵەتانی دابەشکەرە دەبێت رێگا چۆڵ بکات بۆ رادەربڕین و ئامادەیی بۆ وتووێژ.

بەکورتییەکەی: مافی مرۆڤ، دەوڵەتی یاسا، دیموکراتی، فرەحیزبی و ڕێکخراوەیی، سنگفراوانی و بەویژدانی، کراوەیی و توانای ڕادەربڕین و قسەکردن. ئەمانە دەبێ ببنە نیشانە و جیاکەرەوەی (مارکەی) بزووتنەوەی کوردایەتی.

ئینجا، تەنیا ئەوسا و بەس تەنانەت دەوڵەتی کوردی وەک ئامانج دەتوانێ بێتە دی.

# دەربارەی کەسایەتیی کورد

حسین محەمەد عەزیز

نەتەوەی کورد وەکوو هەموو نەتەوەکانی دیکەی سەر ڕووی ئەم زەمینە، خاوەنی خاڵی لاواز و بەهێز و خەسڵەتە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤە نەتەوەییە تایبەتییەکانی خۆیەتی. لە خەسڵەتە چاکەکانی، ئەوەیە کە کوردستانەکەی خۆیان گەلێک خۆش دەوێ، زۆر تامەزرۆی ژیانی ئازادی و سەربەخۆین، هەمیشە دژی ژێردەستی و چەوساندنەوە لە تێکۆشاندان. نەتەوەی کورد بەدرێژایی مێژوو ئازا و گیانباز بووە (ئەگەر تووڕە بن لە شێر توندترن، ئەگەر ڕاپەڕن لە بروسکە سوکترن.)(١٣٢،٤) کورد لە تۆڵەسەندنەوەدا زەبری زۆر توند دەوەشێنن و تۆڵەی خۆیان یەک بە هەزار دەستێنن. پارێزگاری زمان و کلتور و داب و نەریتی نەتەوایەتی خۆیان کردووە. زۆر ڕێز لە میوان و بێگانە دەگرن، بۆ ڕێزگرتن ناو لە کورد نراوە (قورەیشی عەجەم)(١٣٢،٤) کەم ڕێک دەکەوێ کە کورد بەرانبەر بە بێگانە بەدگومان بن کە ئەمە ماکی هەموو دەردێکمانە.

بەڵێن بردنە سەر و پەیمان نەشکاندن، زۆری زیان بە کورد گەیاندووە، چونکە دوژمنەکانی نەتەوەی کورد هەمیشە خەریکی فرتوفێڵ و هەڵخەڵەتاندنی کورد بوون، سەدان پەیمانی درۆیان داوە، پاشان کە لە بەرژەوەندییان نەبووە، بە نووکەقەڵەمێک هەڵیانوەشاندۆتەوە. سادە و ساکاری و ڕاستگۆیی یەکێک لە خەسڵەتە دیارەکانی کورد پێک دەهێنێت، کە ئەوە هەمیشە لە قازانجی دوژمنان و داگیرکەراندا بووە، بە گاڵتە هەندێ لە بێگانەکان بە کوردیاندا هەڵنەداوە. Henri Binder لە ١٨٨٧دا گوتویەتی: "بە شێوەیەکی گشتی کوردەکان ژیکەڵەن، بەهێزن، تێگەیشتوون و دەچنە دڵەوە. ئەگەر هەلی ژیارییان بۆ هەڵکەوێت، توانای پێشکەوتنیان لە دراوسێکانیان زۆر زێدەتر دەبێت."(١، ٣٧٧) نووسەری ئەرمەنی بەناوبانگ ئابوڤیان دەڵێ: "مرۆ دەتوانێت بە مانای وشە کوردەکان بە شۆڕەسوارانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناویەرێت. پەیمان نەشکێن و میوان دۆستێکی بێ وێنەن."(١، ٣٧٨) دکتۆر شاکیر خەسباکیش دەڵێ: "بەڕاستی کوردەکان سەربازی نەناسراون. گەلەک جار بەناهەق بە خراپە باس دەکرێن. کورد ڕووخۆشن، دڵپاکن، بەخشندە و لێبووردەن، خێزانی خۆیان خۆش دەوێت. وڵاتەکەیان دەپەرستن. زۆر بە نەتەوەکەیان دەنازن." (١، ٣٨١) زۆر کەسی دیکەش لەو بارەیەوە بە کوردیاندا هەڵداوە.

لە خەسڵەتە خراپەکانی کورد ئەوەیە، کە هەمیشە لەنێو یەکدیدا ناکۆک و یەکنەگرتوون. خواجە سەعدەدین کە مامۆستای سوڵتان مرادخانی عوسمانی بووە، دەربارەی کورد لە مێژووەکەیدا نووسیویەتی: "هەموو کوردێک بۆ خۆی سەربەخۆیەکە و ئاڵای ملهوڕی و

زۆرداری بەرزکردۆتەوە و لەناو ئەو شاخ و کێوانەدا بەسەربەستی دەژی، ئەگەر سەرنج بدەیە باری یەکدیگیری و هاوبیری و هاوکارییانەوە تەنیا لە شادە و ئیمانهێناندا نەبێ لە هیچ شتێ تردا یەکتر ناگرنەوە."(٣٦،٤) زۆر بیر لە دوارۆژ ناکەنەوە، باوەڕی تەواویان بە خۆیان نییە، باوەڕکردنی کوێرانەیان بە خەڵکی گەلێ جار بە خراپ بەسەر کورددا شکاوەتەوە. دوژمنان لەژێر پەردەی برایەتی و هاوئایینی و ڕێزی درۆدا گەلێک جار لە خشتەیان بردوون و سوودیان لێوەرگرتوون. داگیرکەرانی کوردستان هەر لە دێرزەمانەوە تاکوو ئەورۆش، هەر کوردیان بە کورد بەکوشت داوە، کوردیان پێش خۆیان خستووە و بەگژ دوژمنیاندا کردووە. سوڵتان سەلیمی عوسمانی گوتویەتی: "مێش کێشەیان دەناو کەوێ، پیاو دەتوانێ تێر بخەوێ."(٣٧،٤) میرە کوردەکان لەسەر هیچ شتێک پێک نەهاتنیایە، تەنیا لەسەر ئەوە پێک دەهاتن، کە هەرگیز پێک نەیەن. هۆی دواکەوتن و سەرنەکەوتنمان لە مێژووی تاڵماندا گەلێک زۆرە، بەڵام دڵپاکی و سافیلکەیی و خۆشبڕوایی و باوەڕکردن بە دوژمنان و داگیرکەران سەربازی هەمووانە. سەردار و میرە کوردەکان نەیاندەزانی کە پەیمان و بەڵێن و سوێندنی فەرمانڕەوایان و دەستەڵاتدارانی داگیرکەران بێ بنج و بناوانن و بنیان شرە و زوو پەشیمان دەبنەوە و هەڵدەوەشێنرێنەوە، یا کە مردن دوای خۆیان یەکێکی دیکە گوێ بۆ ئەو پەیمان و بەڵێنانە شل ناکات. لەبەر لاوازی هەستی نەتەوەیی و نەبوونی بیروباوەڕێکی ڕەسەنی کوردی و کزی پلەی نیشتمانپەرستی و سڕکردنی دەماری بیر و هۆشی ئەو فەرمانڕەوا کوردانە بە قەوانی برایەتی و هاوئایینی و لەبەر ڕاستگۆیی و بێفێڵی و کاڵوکرچییان، کە ئەوانە لە کاروباری جەنگ و ڕامیاریدا بێکەڵکن، زۆرجار دەبوونە کەوی خۆخۆر و لە گیانی یەکدی بەردەبوون و ناپاکییان لە گەل و نیشتمانەکەی خۆشیان دەکرد، کەچی ئەگەر سەردارێکی کورد بە دەیان ساڵ نۆکەری بۆ داگیرکەران بکردایە، بەس بە تەنیا هەڵەیەکی بکردایە، بێگانە قەت لە بیریان نەدەچۆوە، داگیرکەران هەرگیز شتیان لە کورد قەبووڵ نەکردووە، ئەگەر دەستەڵاتیشیان نەبووبێ، یا دەستیان پیانە گەیشتبێ، ئەوە هەرگیز هیچیان لە یاد نەکردووە و لە کاتی خۆیدا کە هەلیان بۆ هەڵکەوتبێ، تۆڵەیان لێسەندوونەتەوە. شەرەفخان دەڵێ: "چونکە کورد نەهاتۆتە ژێر فەرمانی تاکە فەرمانداریکەوە، بۆیە لە یەکتر نامۆن و خوێنی یەکتری دەڕێژن و گوێ نادەنە هێمنایەتی و ڕێکوپێکی و لەسەر زۆر کەم زوو هەڵدەچن."(١٣٢،٤) ئەمین زەکی دەڵێ: "لە ئیبتیدای تاریخەوە تا ئیمرۆ ئەگەر بەدیققەت تێبفکرین ئەبینین کە پەشێوکی و ماڵوێرانی ئەم قەومە، هەموو نەتیجەی نیفاق و تەفرەقەیان بووە و تا ئەم حاڵەیان دەوام بکا دائیمەن لەژێر دەست و پێدا ئەچن."(١٣٨،٧) شەهید قاسلمۆش دەڵێ: "نەتەوەی کورد لە مێژووی خۆیدا لە بنەڕەتەوە حەزی لە ڕێکخستن نەکردووە."(٢٩،٥) "چونکە کورد ئوسووڵەن بۆ کاری نیزامی، بۆ خەباتی چەکداری ئامادەیی زیاترە."(٣٠،٥) دیارە کە هەر ئەو هۆیانەش بووە وای لێ کردوین کە فێر بین بە نۆکەری بژین، خۆمان لە ئاستی داگیرکەراندا بە کەم بزانین، کە ئەوە هەتا ئێستاش سەرچاوەی هەموو دەرد و بەڵایەکمانە و لە خوێنماندا قوڵپ دەدات.

کەسایەتیی نەتەوەی کورد باسێکی زۆر لەوە گەورەتر و بەرفراوانترە وەک لەوەی کە لێرەدا بتوانین لە دووتوێی گوتارێکدا لێی بدوێین، بەڵام ئەوەی زیاتر سەرنجمان رادەکێشێ، وەک فاکتەرێکی نێگەتیڤی تایبەت بە کەسایەتیی کورد، لاوازی هەستی نەتەوەییە، بۆیە دەمانەوێ لێرەدا چەند تیشکێک ئاراستەی ئەو لایەنە بکەین.

بەداخەوە کە باس لە کەسایەتی کورد دەکەین، وەک نەتەوەک لەگەڵ کەسایەتی نەتەوە باڵادەستەکانی تورک و عەرەب و فارسدا بەراوردی دەکەین، بە گەواهی دۆست و دوژمن، کەسایەتی مرۆڤی کورد لە رووی هەستی نەتەوەیی و یەکێتی و تەبایی ریزەکانی گەلی کورد و ویست و ئارەزووی هاوبەشەوە گەلێک لاوازە. هۆی ئەو لاوازییەش هەر لە کۆنەوە تاکوو ئەورۆ بۆ گەلێک فاکتەری دەرەکی و ناوەکی جیاواز دەگەڕێتەوە، کە گرنگترینیان بۆ داگیرکردنی کوردستان و دابەشکردنی بەسەر پێنج دەوڵەت و چوار نەتەوەی جیاوزدا، بۆ نەبوونی دەستەڵاتێکی ناوەندی و دەوڵەتێکی کوردی، بۆ کارتێکردنی داگیرکەرانی کوردستان لە رۆڵەکانی نەتەوەی کورد لەژێر کاریگەرێتی بیروباوەڕی ئایینی و هەڵخەڵەتاندنیان بە قەوانی سوواوی برایەتی درۆزنانەی نێوان هەردوو نەتەوەی داگیرکەر و داگیرکراو، باڵادەست و بندەست، بۆ پێکهاتنی بنچینەی کۆمەلایەتی و روونەدانی گۆڕانە کۆمەلایەتییەکان لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا، بۆ پەروەردەنەکردنی رۆڵەکانی گەل بە بیروباوەڕی کوردایەتییەکی راست و زانستیانە لە لایەن رێکخراوە رامیارییەکانی کوردستانەوە، بۆ هەوڵ نەدان بۆ فێربوونی زمانی کوردی و گرنگی نەدان بە نووسین بە پیتی لاتینی و خوێندن و ئاخافتن بە زمانەکانی تورکی و عەرەبی و فارسی و ئازەری خۆخەریککردن بە هونەر و ئەدەب و فۆلکلۆر و مێژوو و جوگرافیای نەتەوەکانی باڵادەستەوە لەسەر حیسابی هونەر و ئەدەب و فۆلکلۆر و مێژووی نەتەوەی کورد و جوگرافیای کوردستان، بۆ کارتێکردنی نێگەتیڤانەی فەلسەفە و ئایدۆلۆژی کۆمۆنیزم لە رۆڵەکانی گەلی کورد لە رێگەی کۆمۆنیستە کوردستانی و سەرانسەرییەکانەوە و بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی مارکسیزم-لینینزم لە کوردستاندا لە رێگەی دەستی دووەمەوە (واتە رێکخراوە مارکسییەکانی سەر بە نەتەوە باڵادەستەکان) و نەبوونی هەستێکی مارکسییانەی کوردانە لەنێو مارکسییەکانی نەتەوەی کورددا و دانەمەزراندنی رێکخراوی کۆمۆنیستی نیشتمانپەروەری کوردستانی کە پەرە بە بووژاندنەوەی هەستی خۆ بە کورد زانین و خۆ بە کوردستانی زانین بدات، بۆ بڵاوبوونەوەی بیرباوەڕی تورکچێتی و ئێرانچێتی و عێراقچێتی و سوریاچێتی لەسەر حیسابی بە کوردستانی بوون لەنێو زۆربەی رۆڵەکانی نەتەوەی کورددا... دەگەڕێتەوە. لاوازی هەستی نەتەوەیی لای رۆڵەکانی نەتەوەی کورد بە شێوەیەکە، کە نەتەوەکەی بڕبڕ و کەرتکەرت کردووە، کەم نەتەوە هەیە ئەوەندەی نەتەوەی کورد لەنێو خودا ناکۆک و ناتەبا و دژ بە یەک بن، یەکێتیی و برایەتی و یەکگرتنی نەتەوەیی لە فەرهەنگی نەتەوەی کوردا نەبووە و نییە، تاسەر دوو کەس، دوو رێکخراوی ئەدەبی، هونەری و پیشەیی، زانستی، رامیاری، پێشمەرگەیی... پێکەوە هەڵناکەن. هەرچەندە رۆڵەکانی نەتەوەی کورد بەگشتی نیشتمانەکەی خۆیان خۆش دەوێ،

بەڵام لە هەمان کاتدا لەبەر سافیلکەیی و سادە و ساکاری خۆیان زۆر بێگانەپەرستیشن، سەرەڕای ئەو هەموو چەوساندنەوە نەتەوەییە، ئەو هەموو زۆرداری و ستەمە، سەرەڕای قەدەغەکردنی جلوبەرگی نەتەوەیی و زمانی کوردی و سەپاندنی زمانەکانی تورکی و عەرەبی و فارسی لە ئاخافتن و خوێندن و کاروباری دەوڵەتیدا بەسەر رۆڵەکانی نەتەوەی کوردا، سەرەڕای دەستدرێژیکردنە سەر نامووسی کوڕان و کچان و ژنانی کورد، سەرەڕای نەبوونی سەربەستی و ئازادی و بێبەشکردنی کورد لە مافە دیموکراسی و نەتەوەییەکان، سەرەڕای ئەو هەموو وێرانکردن و کاولکردن و کوشتنی بەکۆمەڵ و راگوێزان و بەعەرەبکردن و بەتورککردن و بەفارسکردنە تا دەگاتە بەکارهێنانی گازی ژاراوی و چەکی کیمیاوی و ئەنفالەکان... هێشتا زۆربەی رۆڵەکانی نەتەوەی کورد خۆیان بە هاووڵاتی تورکی و ئێرانی و عێراقی و سوری دەزانن، ئەوە لەبری ئەوەی پێیان شەرم بێ کە نەک هەر خۆیان بە هاووڵاتی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانە بزانن، بەڵکوو تەنانەت ناویشیان بهێنن، هێشتا هەوڵ بۆ پتەکردنی گیانی برایەتی کوردی ژێردەست و نەتەوەکانی باڵادەستی تورک و عەرەب و فارس دەدەن، کە ئەوان بەو برایەتییە سەریان تەقەی دێ و وا دەزانن سووکایەتییان پێ دەکرێ! هەر بە هۆی کزی و لاوازی هەستی نەتەوەییەوە بووە کە بە هەزاران جاشی خوێندەوار و نەخوێندەواریان لەنێودا دروست بووە، کە ئاگرە سوورەکە لە خۆمان بە دوور بووبێ، ئیدی گەر هەموو کوردستانیش سووتابێ، وامانزانیوە بستەخاکێکی ئێمەی تیا نەبووە. هەر لەبەر لاوازی ئەو هەستە پیرۆزەیە کە زۆر زوو شتمان بیر دەچێتەوە، بە دەیان سۆیە و دەکان و قەڵادزێی دووجار کاولکراو و دۆڵی جافەتی و قەرەداغ و هەڵەبجەی شەهید و بادینانی بریندار لە باشوور و (قەسابخانەکانی زیلانی ١٩٣٠ و مەتۆولاچی ١٩٣٧–١٩٣٨، تیلرەدەر و سەفۆ ١٩٤٣)(٧٢،٢) لە باکوور و کوشتن و برینەکانی قەڵای دمدم و موکریان و هەورامان و جوانرۆ لە رۆژهەڵات و عامودا و قامیشلیمان لە خۆرئاوای کوردستاندا لە بیر کردووە، بەڵام هیچ عەرەبێکی فەلەستینی دێریاسین و سەبرا و شاتیلا و تەلزەعتەر و خەلیلیان لە بیر نەچووە و لە بیر ناچێ! هیچ جوولەکەیەک کارەساتە جەرگبڕەکانی هۆردوگا سەربازییەکانی هیتلەی نازییان لە بیر نەچووە و ناچێ! ئەرمەنییەکان هەرگیزا و هەرگیز کوشتارە بەکۆمەڵەکەی سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمید و رێکخراوی (یەکێتی و پێشکەوتن)ی تورکیان لە یاد ناچێ، کە نزیکەی دوو ملیۆن ئەرمەنییان لەنێوبرد، هەر زوویش رێکخراوی (تۆڵە) و رۆڵەکانی گەلی ئەرمەن تۆڵەیان لە سەرکردەکانی ئەو رێکخراوە تورکییە رەگەزپەرستە سەندەوە و هەموویان لە ئەورووپا کوشتن. تاکو ئەورۆش لە کۆماری ئەرمینیا هەموو ساڵێ لەو رۆژەدا یادی ئەو کوشتن و برینە دەکەنەوە کە نزیکەی سەد ساڵی بەسەردا تێپەڕیووە. گەلانی سۆڤیەتی کۆن ئێستاش هەموو ساڵێ لە ٩/٥دا یادی بیست ملیۆن قوربانییەکانی جەنگی دووەمی جیهانی دەکەنەوە، کەم کەس هەیە لەو رۆژەدا بەیانی زوو هەڵنەسێ و بە چەپکەگوڵەوە بەرەو گۆڕستان نەڕوا و نەگری.

هۆی ئەو لاوازی و کزی هەستی نەتەوەییە، بەشێکی زۆری بۆ چەپەکانی کورد

دەگەڕێتەوە، کە هەر لە دێرزەمانەوە جیاوازییان لە میانەی هەستی نەتەوەیی لای نەتەوەی ژێردەست و چەوساوە و نەتەوەی بالادەست و چەوسێنەر نەکردووە. (تێگەیشتنی کوردەکان بۆ نەتەوە پێویستە جیاوازی هەبێت لەگەڵ تێگەیشتنی تورکەکان و عەرەبەکان و فارسەکان بۆ هەمان مەسەلە. نەتەوەیی عەرەبی و فارسی و تورکی دەستدرێژکەر و ناحەزانە و تۆوی ئیمپریالیزمایان پێوە دیارە. نەتەوەیی کوردی پارێزگاری میللەتی کورد دەکات لە پێناوی بەدەستهێنانی هەر هەمان ئەو مافانەی کە تورکەکان و عەرەبەکان و فارسەکان هەیانە و پاراستنی گەلی کورد لە بەرامبەر هێرشەکانی نەتەوەی دوژمن و ئیمپریالیزم و رەگەزپەرستی، نەتەوەیی کوردی ناوەڕۆکێکی دیموکراتیانەی هەیە، چونکە بەرەنگاری ئیمپریالیزم و داگیرکەری رەگەزپەرست دەبێتەوە."(٦١،٢)

لاوازی هەستی نەتەوەی و کزی بیروباوەڕی کوردایەتی بەگوێرەی سەردەمە جیاجیاکانی مێژوو، پارچەکانی کوردستان و دڕندایەتی داگیرکەران دەگۆڕێ. هەستی نەتەوەیی لە باکووری کوردستاندا لە هەموو پارچەکانی دیکە بەهێزترە کە ئەویش بۆ هەوڵ و تەقەلای تەبەردانەی PKK دەگەڕێتەوە، پاشان باشوور و خۆرئاوا، بەلام ئەو هەستە لەنێو رێکخراوە رامیارییەکانی رۆژهەلاتی کوردستاندا هەر لە کۆنەوە تاکوو ئێستاش لە هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان کز و لاوازتر بووە، بەڕاستی کوردەکانی رۆژهەلات خۆیان بە ئێرانی دەزانن، زیاد لەوەی خۆیان بە کوردستانی بزانن.

ئەگەر هەندێ لە رۆشنبیران و پیاوە رامیارییەکانی کورد وا بیر بکەنەوە، کە جیهان بەرەو یەکێتی و نەمانی بیری نەتەوەیی و تواندنەوەی هەستی نەتەوەیی و سڕینەوەی هێڵی نێوان سنوورەکان دەڕوات، ئەوا دیارە ئەوانە تاکوو ئێستاش هەر ئاگاداری بار و دۆخی جیهان نین، چونکە جیاوازی نێوان گەلانی ئەورووپا و گەلانی ئاسیا و ئەفەریقا لە هەموو روویەکەوە ئاسمان و ڕێسمانە. ئەوە جگە لەوەی تەنانەت لە وڵاتەکانی ئەورووپا و ئەمەریکاشدا بەرژەوەندەی نەتەوەیی پێش هەموو جۆرە بەرژەوەندییەکی دیکەوە دەخرێ. (نەتەوە لە ئەورووپا و جیهانی رۆژئاوادا بووەتە تەپاریکی ناهاوچەرخ. لە هەمان کاتدا نەتەوە هێشتا زۆر بەهێزە لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست و ئاسیا و ئەفەریقا و شوێنە لەیەکچووەکانی تریش.)(٥٨،٢) (کاتێ کە لە گۆڕانکارییە نوێکانی ئەورووپا و بازاڕی هاوبەشی ئەورووپا بڕوانین، دەبینین کە نەتەوە و بزووتنەوە نەتەوەییەکان ناهاوچەرخن. ئەورووپا بەرەو یەکێتی هەنگاو دەنێت و ئەمەش کارێکی سروشتییە، ئەم کردارە شێوەیەکی تری هەیە لە کوردستان. لە کوردستان زۆرلێکردن و سەرکوتکردنەوەیەکی گەورە لە ئارادایە. پێویستە لەسەر کوردەکان چەمکی نەتەوە سەرلەنوێ هەڵبسەنگێنن. نابێ پێوانەی چەپی تورکی بۆ نەتەوە وەک پێوەر پەسەند بکرێت. پێویستە تێگەیشتن و دەرکپێکردنی کوردەکان سەربەخۆ و تایبەت بە خۆیان بێت. ئەوەی کە کوردەکان ئەمڕۆ پێویستیان پێیەتی بیر و هەڵوێستی مارکسیزم-لینینزم نییە بەڵکو هەستی نەتەوەییە.

ئێستاش زۆر لە پیاوە رامیارییەکانی کورد، پەیوەندییەکانی نێوان نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی تورک و عەرەب و فارس، بە سەنگ و تەرازووی کۆن دەکێشن. پێیان وایە کە پێویستە نەتەوەی کورد و رێکخراوە رامیارییەکانی، خەبات دژی رژێم و چینی بۆرژوای ئەو نەتەوە سەردەستانە بکەن. کەچی نەتەوە بالادەستەکان بە شێوەیەکی گشتی (جگە لە کەمینەیەکی کەم نەبێ) بە جۆرێکی دیکە، لەو پەیوەندییە دەڕوانن. زۆربەی زۆری رۆڵەکانی نەتەوەی کورد بەشانازییەوە گفتوگۆ بە زمانی داگیرکەرانی تورک و عەرەب و فارسی دەکەن، ئەوە لە کاتێکدا کە بەشێکی زۆری کورد، زمانی نەتەوەیی خۆیان نازانن، بەتایبەتی کوردەکانی بندەستی تورک و هەوڵی فێربوونیشی نادەن.

ئایا رۆژێ لە رۆژان ئەوەتەی خاکی گەلی عەرەبی فەلەستین لە لایەن دەوڵەتی ئیسرائیلەوە داگیرکراوە، کەسێ بیستی کە رۆڵەکانی گەلی عەرەبی بندەستی ئیسرائیل بە زمانی عیبری ئاخافتن بکەن؟ ئایا هیچ عەرەبێکی فەلەستینی (جگە لە هەندێ کۆمۆنیست نەبێ) شانازی بەوەوە دەکات کە کار لە رێکخراوێکی رامیاری ئیسرائیلیدا بکات، وەک ئەوەی کۆمۆنیستەکانی کورد لە ریزەکانی پارتە کۆمۆنیستەکانی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانەی کوردستاندا دەیکەن؟ (هیچ شۆڕشگێڕێی ئیسرائیلی و کۆمۆنیستی جوولەکە پێشنیاری رێکخستنی هاوبەش دەگەڵ فەلەستینیەکان ناکات. فەلەستینییەکانیش داوای رێکخستن ناکەن لە نێو چوارچێوەی پارتی کۆمۆنیستی ئیسرائیل، چونکە رێکخراوی فەلەستینی سەربەخۆ لەو زەوییانەی کە ئیسرائیل داگیری کردوون لە ئارادایە.)(٦٦،٢) بەلام ئێستاش رێکخراوەکانی پارتی کۆمۆنیستی عێراقی و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و سوری و تورکی دژی دامەزراندنی پارتێکی سەربەخۆن بۆ کۆمۆنیستەکانی کوردستان. گەلێک کۆمۆنیستی کوردیش هەن کە تاکوو ئێستاش بڕوایان بە دامەزراندنی پارتێکی سەربەخۆ بۆ کوردە کۆمۆنیستەکانی کوردستان نییە، زۆر بەشانازیشەوە لە رێکخراوێکی تێکەلاوی سەرانسەری کۆمۆنیستی عێراقی، ئێرانی...دا کاردەکەن. ئەو کۆمۆنیستانە ئەوەیان لە یاد کردووە، کە کوردستان کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتییە و دەبێ لە چوارچێوەی رێکخراوێکی کۆمۆنیستی کوردستانیدا خۆیان رێک بخەن و هەموو هەوڵ و تەقەلاکانیان بۆ رزگاری کوردستان لە دەست داگیرکەران بەگەڕبخەن، ئەو کۆمۆنیستانە ئەو کارە لەژێر پەردەی شۆڕشگێڕی و خەباتی هاوبەش و بەرژەوەندی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا و پێشکەوتنخوازیدا بە ئەنجام دەگەیەنن، وەکوو ئەوەی ئەگەر لە رێکخراوێکی کۆمۆنیستی کوردستانیدا کار بکەن، یا هەوڵ بۆ رزگارکردنی کوردستان بدەن، شۆڕشگێڕی و پێشکەوتنخوازی نەبێ، بەڵکوو دواکەوتووی وکۆنەپەرستی بێ! (داوای یەکگرتنی شۆڕشگێڕە کوردەکان لە تورکیا لەگەڵ شۆڕشگێڕەکانی تورک، شۆڕشگێڕە کوردەکان لە ئێران لەگەڵ شۆڕشگێڕانی ئێرانی، شۆڕشگێڕە کوردەکان لە عێراق لەگەڵ شۆڕشگێڕانی عێراقی، داوایەکی شۆڕشگێڕانە نییە، ئەم پێشنیارانە خزمەتی ئیمپریالیزم و داگیرکەران دەکەن.)(٦٧،٢)

ئەو کوردانەی کە پێش هەموو شتێک بیر لە بارودۆخی نەتەوەکەی خۆیان ناکەنەوە، بیر لە رزگارکردنی نەتەوەی کورد و ئازادی کوردستان ناکەنەوە، تەنیا بیر لە سەرکەوتنی پارتە کۆمۆنیستەکان و دەستبەسەراگرتنی دامودەزگاکانی دەوڵەت دەکەنەوە، هەڵگرتنی بیری کوردایەتی و هەستی نەتەوەیی بە دواکەوتوویی و شوورەیی دەزانن، هەرگیز ناتوانن نەک هەر خزمەتی نەتەوەکەی خۆیان، بەڵکوو خزمەتی هیچ نەتەوەیەکی دیکەش بکەن. (ئەو کوردانەی کە کەسێتی خۆیان ناپارێزن و خۆیان ماندوو ناکەن لە پێناوی گۆڕینی باری زەحمەتی میللەتەکەیان کە گەیشتۆتە نزمترین ڕادە، ئەوانە نەک هەر نێونەتەوەیی نین بەڵکوو ناتوانن ببنە دیموکرات و شۆڕشگێری ڕاستەقینەش... کەسێک کە دوور بێت لە ئێش و ئازاری میللەتەکەی ناتوانێت ببێتە شۆڕشگێرێکی ڕاستەقینە... ئەو کەسەی کە شۆڕشگێری میللەتەکەی خۆی نەبێت یاردەدانی ئەو بۆ خەباتی دیموکراتی و ئازادیخوازی گەلانی تر سوودێکی ئەوتۆی نابێت.)(٢، ٧٣)

بەرپرسیاری یەکەمی ئەو گاڵتەجاڕی و کەرەلاوژێی ئایدۆلۆژییە، ئەو سەرلێشواویی و خۆهەڵخەڵەتاندنە، ئەو کزی و لاوازی هەستی پیرۆزی نەتەوەییە لەنێو ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورددا، بۆ گشت ڕێکخراوە رامیارییەکانی کوردستانی مەزن دەگەڕێتەوە. بۆیە پێویستە ئەو ڕێکخراوانە، بە نەخشە و پلانەکانی خۆیاندا بچنەوە، بەرنامەیەکی تایبەتی لەبەرچاو بگرن، کە هەوڵی بووژاندنەوەی هەستی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز بدات، چونکە کاری رامیاری کوردی تەنیا و تەنیا دەبێ لە راژەکردنی نەتەوەی کورد و نیشتمانەکەیدا بێ، لەبەر ئەوەی هیچ جیاوازییەک لەمیانەی بەرنامەی رامیاری و ئامانجە نەتەوەییەکاندا نییە، ئامانجی پۆلێتییش دەبێ بەدیهێنانی ئاوات و داخوازییە نەتەوەییەکان و پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی نەتەوە بێ. بۆیە کێشە و باسی نەتەوایەتی پێویستی بە وردەکاری و سەرنجی قووڵی زانستانە هەیە، چونکە چارەسەری گیروگرفتەکانی ژیانی کۆمەلایەتی گەلان و چارەنووس و پاشەڕۆژی شارستانییەتی مرۆڤایەتی و نەتەوەکان دەکات. بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکان تا رادەیەکی زۆر، پەیوەندییەکی توند و تۆڵی بە کاری رامیاری و پەروەردەکردنەوە هەیە، بەو پێیەی کە پۆلیتیک هۆ و ئامرازە نەک مەبەست و ئامانج. کاری رامیاری لای کۆمەڵگە پێشکەوتنخواز و ئازادیخواز و دیموکراسیخوازەکانی جیهان بە زانستێکی گرنگ دادەنرێ، بەڵام وا دەردەکەوێ، وەک دەڵێن، لای کورد کاسبیەکی بێ سەرمایە بێ و دەستمایەی نەوێ!

پۆلیتیک لە هەر کۆمەڵگایەکدا پێ بەپێی پلەی رۆشنبیری جەماوەر و رادەی پێشکەوتن و بڵاوبوونەوەی بیرباوەڕی ئازادی و دیموکراسی دەگۆڕێ و پێش دەکەوێ. ڕێکخراوە رامیارییە جیاجیاکانی نێو هەناوی کۆمەڵگەی کوردەواری ئەوڕۆش، زۆر بەئاشکرایی بارودۆخی دواکەوتووی نەتەوەکە و رادەی گۆڕان و پێشکەوتن و پلەی پێگەیشتنی رامیاری و ئاستی فەلسەفی و ئایدۆلۆژی نەتەوەکەیان پێوە دیارە.

خەباتی جوولەکان لە مێژوودا نموونەیەکی گەلێک لەبارە، بۆ نەتەوەیەکی پەرش و بڵاو و داگیرکراو و دابەشکراو گەر بیەوێ سوودی لێ وەربگرێ. بەدرێژایی مێژوو جوولەکان چەوسێندراونەتەوە، لە مێژووی هاوچەرخیاندا، لە هەموو وڵاتەکانی جیهاندا دژایەتی دەکردن، تەنانەت لە کوردستانیشدا کە کورد خۆی نەتەوەیەکی ژێردەستە، سووکایەتییان پێ دەکران. بە تەنیا هیتلەر دەوروبەری شەش ملیۆنی لێ کوشتن. بەڵام ئەو هەستە نەتەوەییە خاوێنەی لەنێو جوولەکاندا هەبووە و هەیە، لەنێو هیچ نەتەوەیەکی دیکەدا پەیدا ناکرێ، جوولەکان لەنێو خۆیاندا گەلێک رێکوپێک و یەکگرتوو و برا و تەبان، یەکدیان زۆر خۆش دەوێ. ئایا رۆژێ لە رۆژان بیستراوە کە جوولەکان لەنێو خۆیاندا شەڕی یەکدی و براکوژی بکەن؟ واز لە بیر و باوەڕ و ئایین و نەتەوە و نیشتمانی خۆیان بێنن؟ چەک بۆ دوژمنەکانی خۆیان هەڵگرن و ناپاکی لە گەلەکەی خۆیان بکەن؟ ساتێک لە ئەرکەکانی سەرشانیان بەرانبەر گەلەکەیان دوابکەون؟ جوولەکان بەرژەوەندی بەرزی نەتەوەیی و دەوڵەتی ئیسرائیل پێش هەموو جۆرە بەرژەوەندییەکی تاکەکەسی و بنەماڵەیی و ناکۆکی رێکخراوەیی و جیاوازی رامیاری و دید و بۆچوونە ئایدۆلۆژی و فەلسەفییە جیاجیاکان دەخەن. ئەگەر بەرژەوەندی و چارەنووس و پاشەرۆژی ئیسرائیل بکەوێتە مەترسییەوە، جوولەکان لە هەموو جیهاندا هەرچی لە دەستیان بێ، دەیکەن. سەروماڵیان لە پێناوی گەلەکەیاندا دەبەخشن، تەنانەت ئەگەر لە ئیسرائیل خوێن لە پەنجەی منداڵێکی جوو بێ، بەجارێ دڵی هەموو جوولەکانی جیهان دێشێنێ و زەنگی خەتەر لێ دەدا، چونکە هەستی نەتەوەیی لای جوولەکان پەیوەندییەکی توند و تۆڵ و قووڵی بە گیان و ژیان و بیر و هۆشەوە هەیە، پەیوەندی بە پاشەرۆژ و چارەنووسیانەوە هەیە، لە بەرزترین و گەورەترین پلە و شێوەدایە، تەنانەت (ئایینی جوو، ئاینێکی نەتەوەییە کە تایبەتە بە نەتەوەی جوو... خۆشیان هەوڵ بۆ بڵاوبوونەوەی ئاینەکەیان لەنێو نەتەوەکانی دیکەدا نادەن... تەنانەت ئەگەر جوویەک، ژنێکی ناجوولەکە بخوازێ، منداڵەکەی بە جوو دانانرێ.)(٣١٧،٨)، واتە تەنیا لە رێگەی خوێن و دایکەوە دەبێ، گەر دایک جوو بێ، هەرچەندە باوک جوو نەبێ، منداڵەکە بە جوو دادەنرێ. جوولەکان نەک هەر ناپاکی لە بیر و باوەڕ و نەتەوە و نیشتمانەکەی خۆیان ناکەن، بەڵکوو لە پێناویشیدا دەمرن. تۆڵە لە دوژمنەکانی خۆیان یەک بە دە دەسەنەوە، هەرگیز خوێنی بەناهەقرژاوی هیچ جوویەک بەسەر هیچ دوژمنێکەوە نەچووە، دوای تەواوبوونی جەنگی دووەمی جیهانیش زۆربەی ئەو تاوانبارە نازییانەیان رفاند و کوشت کە دەستیان لە قەڵاچۆکردن و قەسابخانەکانی جوولەکاندا هەبوو، لەنێو جەرگەی پایتەختەکانی دەوڵەتە دژەکانیاندا. تۆڵە لە دوژمنەکانی خۆیان دەکەنەوە، بە دەیان تەبەردی گەورەیان لە هەموو جیهاندا بە ئەنجام گەیاندووە، وەکوو: رفاندنی ئێخمانی نازی لە ئەرژەنتین لە سەرەتای شەستەکاندا کە بە کوشتن و رەوپێکردنی چەند ملیۆنێک جوو تاوانبار بوو، کە پاشتر لە ١٩٩٣/٦/١دا لە ئیسرائیل هەڵیانواسی، رفاندنی فرۆکەیەکی میکی ٢١ی رووسی لە بەغداوە بۆ ئیسرائیل لە ناوەراستی شەستەکاندا کە چەکێکی نوێ بوو، جوولەکان هیچیان لەبارەوە نەدەزانی، وێرانکردنی فرۆکەخانەکانی میسر و تێکوپێکشکاندنی ٣٧٤ فرۆکەی میسری لە کاتی جەنگی شەش رۆژەکەی یونی

۱۹٦۷دا، هەڵکوتانە سەر بارەگای ڕێکخراوی (ئەیلوولی ڕەش)ی فەلەستینی لە نێو جەرگەی بێروتدا لە ۱۰ی ئەپریلی ۱۹۷۳دا کە دەستیان بەسەر هەموو دەکومێنتە نهێنییەکانی ڕێکخراوەکەدا گرت و چەند سەرکردەیەکیشیان لێ کوشتن، دابەزین لە فرۆکەخانەی عەنتیبێ لە ۱٤ یولی ۱۹۷٦دا بۆ ڕزگارکردنی ئەو سەد جووە دەستبەسەرەی کە عیدی ئەمین سەرۆکی ئۆغەندا گرتبوونی، وێرانکردن و تێکوپێکدانی بنکەی ئەتۆمی لە بەغدا لە ۱۹۸۱/٦/۷دا...تاد. هەموو ئەو نەبەردییانەیان بەسەرکەوتوویی جێبەجێ کردووە، چونکە ئیسرائیلییەکان پێیان وایە کە (چاکترین شێوەی داکۆکیکردن لە خۆ، هێرشبردنە سەر دوژمنە، چاکترین شوێنێکیش کە هێرشەکەی بکەنە سەر، دڵی عەرەبی دوژمنیانە... واتا قاهیرە و دیمشق.)(۱۸۹،۳) ئەی ئێمەی کورد تۆڵەی چەند کوشتاری نارەوای ڕۆژی ڕەشی شەشی سەبتەمبەری ۱۹۳۰ بەردەرکی سەرای سولەیمانی و لە سێدارەدانی چوار ئەفسەرەکەی ۲۹ی یونی ۱۹٤۷ لە بەغدا و قەسابخانەکانی سەربازگاکانی سولەیمان لە ۹ی یونی ۱۹٦۳ و ڕەشەکوژییەکانی سۆیە و دەکات لە ۸ی ئۆگەستی ۱۹٦۹ و لە سێدارەدانی خوشکە لەیلا و هاوەڵەکانی لە بەغدای پایتەختی تاوان و خوێن لە بەهاری ۱۹۷٤دا و بۆمبارانی شارۆچکەی قەڵادزێ لە ۱۹۷٤/٤/۲٤ و کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهید لە ۱۹۸۸/۳/۱٦ و ئەنفالەکان و وێرانکردن و کاولکردنی گشت کوردستانمان کردۆتەوە؟ چەند کارگە و کۆمپانیای نەوت و فرۆکەخانە و شوێنە گرنگەکانی دیکەی داگیرکەرانمان رووخان و وێران کرد؟ جگە لە کوشتنی تاوانبار بەدرەدین عەلی، چەند زەعیم سدیق و ملازم موحسین و عەلی کیمیاوی و گشت ئەوانەی کە دەستیان بە خوێنی کورد سوورە، ڕفاند و لەنێوبرد؟

وەتەبێ جووەکان ئەورۆ کە دەوڵەتیان هەیە بۆیە وا لەنێو یەکدیدا ڕێکوپێک بن، بۆ بیروباوەڕ و ئایین و نەتەوەکەی خۆیان دڵسۆز بن، بەڵکوو هەر لە ڕۆژانی ڕەشی دێرینی ژیانیاندا وابوون. لە سەدەی پازدەدا، پاشای فەرەنسە لەگەڵ جووەکاندا زۆر خراپ بووە، زۆری بۆ هێناون کە واز لە بیروباوەڕی ئایینی خۆیان بهێنن و بچنە سەر ئایینی عیسایی و پەسەندی بکەن، بەڵام ئەوان گوێیان بۆ ئەو داواکارییە شل نەکردووە و بەرەنگارییان کردووە، لە ئەنجامدا فەرەنسییەکانیش دەستیان بە ئازاردانیان کردووە و هەوڵی لەنێوبردنیان داون. تا گەورەی جووەکانی ئەو سەردەمە، لە وەڵامی نامەیەکی خۆیاندا، لە ۱٤۸٤/۱/۱۳دا بۆیان دەنووسێ: "پادشای فەرەنسە ناچارتان دەکات ببن بە عیسایی، لەبەر ئەوەی ناتوانن بەرەنگارییان بکەن، بیروباوەڕەکەیان لێ وەرگرن، بەڵام پێویستە لەسەرتان کە بیروباوەڕەکانی موسا لەنێو قووڵایی دڵتانا حەشار بدەن."(۳۱۷،۸)

نەتەوەی کورد جگە لەوەی کە ئایینی نەتەوەیی کۆنی باوباپیرانی خۆی لە دەست داوە، زۆر کەسیش لەنێو کورددا هەن کە تا ئێستا بە چاوێکی سووکەوە سەیری ئایینەکانی کاکەیی و شەبەک و یەزیدی و زەردەشتی.... دەکەن و بە کافریان دادەنێن، کە ئەو ئایینانە هەموویان ئایینی ڕەسەن و کۆنی نەتەوەی کوردن و خاوەنی کتێب و ڕێگە و جێگەی

تایبەتی خۆشیانن، بە هەزاران کوردزمانیشمان هەبووە و هەیە، کە نەک هەر وازیان لە ئایینەکەی خۆیان هێناوە، بەڵکو وازیشیان لە بیروباوەڕ و نەتەوە و نیشتمان و هەموو شتێکی پیرۆزی کوردیش هێناوە، زۆر بەشانازییەوە، بنەوبنەچەیان بە دەیان پشت بۆ سەر تورک و عەرەب و فارس بردۆتەوە، یان بوونەتە نۆکەری رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان و چەکی ناپاکییان دژی نەتەوەکەی خۆیان هەڵگرتووە. ئەگەر ئەوانە هەمووی، هۆکەی بۆ کزی هەستی نەتەوەیی و لاوازی بیروباوەڕی کوردایەتی نەگێرینەوە، دەبێ بۆ چی دیکەی بگێڕینەوە؟ لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە، کە کاتێک دەوڵەتی داگیرکەری عێراقی پەلاماری کوێتی دا و هێزەکانی هاوپەیمان هەڵیانکوتایە سەر لەشکری داگیرکەری عێراقی و تێکوپێکیان شکاندن، خەڵکانێک هەبوون، هەر ئەوە بوو قوڕیان بۆ خاکی عیراق و بەغدای پایتەخت و لەشکری عیراقی تێکشکاو نەدەپێوا و، هەرئەوە بوو بەندی دڵیان بۆ کارگە وێرانکراوەکان و پردە رووخێنراوەکان و سەربازگا کاولکراوەکان نەدەپسا، وەکوو ئەوەی خاکی عێراق، نیشتمانی مێژوویی گەلی کورد بێ، یا بەغدای پایتەخت، پایتەختی ئازادی و دیموکراسی و ئاشتی بێ، یا لەشکری عێراقی، لەشکرێکی نیشتمانپەروەری ئاوەدانکەرەوە بێ، یا بەرووبوومی ئەو کارگانە بۆ خۆشگوزەرانی و بەختەوەریی گەلی کورد بەکاربهێنرێ، یا داهاتی ساڵانەی نەوتی عێراق بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان خەرج بکرێ، ئەمە ئەگەر نیشانەی هەستی خۆ بە عێراقی زانین و نزمی پلەی هەستی نەتەوەیی نەبێ، دەبێ نیشانەی چی دیکە بێ؟ ئایا کەسێ، میللەتێ هەبووە کە تێکشکانی داگیرکەرەکەی، رووخاندنی چوار دیواری بەندیخانەکانی وڵاتەکەی، کردنەوەی کۆت و زنجیری دەستوپێی رۆڵەکانی گەلەکەی پێ ناخۆش بێ؟ کەواتە دەبووایە کاتێک لەشکری سووری سۆڤێتی و هێزەکانی هاوپەیمان، لەشکری نازییەکانی ئەڵەمانیان تێک شکاند و بەرلینی پایتەختیان داگیرکرد، جوولەکانی ئەڵەمانیا، ئەوانەی لە کارگەکاندا سابوونیان لێ دروست دەکردن، قوڕیان بپێوایە، بەرگرییان لە ئەڵەمانیاو رژێمەکەی بکردایە! یا کاتێک هێزەکانی هاوپەیمان لە جەنگی جیهانی دووەمدا بۆ پاککردنەوەی نازییەکان پەلاماری خاکی فەرەنسەیان دا دەبووایە فەرەنسییەکان دژ بووەستانایە! یا ئەگەر رۆژێ لە رۆژان جەنگێکی گەورە لە نێوان ئیسرائیل و هەر دەوڵەتێکی دیکەی ئەم جیهانەدا روو بدات، دەبێ عەرەبە فەلەستینییەکانی بندەستی ئیسرائیل خۆ بکەنە سووری بەر لەشکر و شانبەشانی جوولەکان داکۆکی لە خاکی ئیسرائیل بکەن! کە پارتە رامیارییەکانی باشووری کوردستان و بەرەی کوردستانی عێراقی بە پەلەپرۆزێ بلاوکراوەیەکیان دەرکرد و رای خۆیان دەربارەی ئەو جەنگە راگەیاند و داوای وەستان و کشانەوەی لەشکری بێگانەیان لە نێوچەکەدا دەکرد.

من پێم وایە ئەگەر رۆژێ لە رۆژان ئیمپریالیزمی ئەمەریکی تووشی نوشووستییەکی گەورە بووایە، ڤێتنامییەکان پڕ بە دڵ پێیان خۆش دەبوو، ئەگەر کۆلۆنیالیزمی فەرەنسی لەنێوبچووایە و خاکی فەرەنسە لەتوپەت بکرایە و لەشکرە داگیرکەرەکەی تێکوپێک بشکایە، گەلی قارەمانی جەزایر شایان دەگێڕا، ئەگەر دامودەزگای داگیرکەری ئەسیوبی

لەوە زیاتر سووک و ڕیسوا و لەوە خراپتری بەسەربهاتایە، گەلی هەژار و بندەست و چەوساوەی ئەریتیریا، یەک دڵۆپ فرمێسکیان بۆ نەدەڕشت و حەوت بەردیشیان بەدوادا هەڵدەدا، نەک دڵیان بۆی دابخورپایە! بڕواناکەم، هیچ کەسێک، هیچ گەلێک، نووچدان و ملشکان و تیاچوونی دوژمنەکانی و داگیرکەرەکانی خۆی پێ ناخۆش بێ، بەڵام لەنێو کوردا بە ملیۆنەها لەو بابەتە دەبینرێ کە وێرانبوون و کاولبوون و لەتوپەتبوونی خاکی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و سووریایان پێ ناخۆشە، کە ئەمەش هەمووی بۆ نەگبەتی و نەهامەتی و کزی و لاوازی هەستی نەتەوەیی کوردی دەگەڕێتەوە.

ئەگەر جووەکان پێش زاین، لەسەر خاکی فەلەستین خاوەنی دەوڵەتی تایبەتی خۆیان بووبن، ڕۆمانییەکان لە سەردەمی (نیرۆن)دا توانییێتیان، هەموو خاکی فەلەستین جگە لە (ئیروشەلیم-قودس) داگیر بکەن و دەوڵەتەکەیان تێک بدەن، پاشتریش لە ساڵی ٧٠ی زاییندا شاری ئیروشەلیم بەتەواوی داگیر بکەن، ئەوا جووەکان لەدوای نزیکەی دوو هەزار ساڵ، لە ساڵی ١٩٤٨دا، بۆ جاری دووەم لە مێژوودا، توانییان دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان دابمەزرێننەوە، شاری قودسیش بەتەواوی لە یونی ١٩٦٧دا داگیر بکەنەوە، واتە پاش ١٨٩٧ ساڵ بەسەر داگیرکردنی ئیروشەلیمدا، جارێکی دیکە بیکەنەوە بە پایتەختی دەوڵەتەکەی خۆیان، ئەدی ئێمەی کورد لە دوای ڕووخاندنی ئیمپراتۆرییەتی میدیاوە لە لایەن فارسە هەخامەنشییەکانەوە لە ٥٥٠پ.ز دا، چ نەخشە و پلانێکمان بۆ ڕزگارکردنی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناسیۆنالی کوردی لە کوردستاندا داڕشتووە؟ چ جۆرە هەوڵ و تەقەلایەکی چەکداری، ڕامیاری، دیبلۆماسیمان بۆ ئازادکردنی شارەکانی ئەسکەندەرونە و موسڵ و کەرکووک و کرماشان و گشت کوردستانی داگیرکراو داوە؟

جووەکان کە هەلی جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمیان بۆ هەڵکەوت، ئەگەر لەسەر حیسابی دەربەدەرکردنی گەلی عەرەبی فەلەستینیش بێ، ئەوا ئەو هەلەیان لە کیس خۆیان نەدا و دەستە دەستە و پۆل پۆل لە هەموو قوژبنێکی ئەم جیهانەوە، بۆ ئەو خاکەی کە بە نیشتمانی مێژوویی باووباپیرانی خۆیانی دەزانن، گەڕانەوە و هەر لەوێش دەوڵەتی خۆیان دامەزراند. ئەی ئێمە کە لەسەر خاکی کوردستانەکەی خۆمان وەک جووەکان هەڵنەکەندرابووین، چیمان بە چی کرد؟ چ هەلێکی مێژووییمان قۆستەوە؟ بۆ هەلەکانی جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم و جەنگی کەنداوی یەکەم و دووەم وەک ئاو لە بەینی پەنجەکانمانەوە دەرچوون؟ کەی بیرمان لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناسیۆنال کردەوە؟ ئێمە وا تازە خەریکین لەبری ئەوەی کوردستان ئاوەدان کەینەوە، بەجارێ چۆڵی دەکەین!! ئێمەی کورد تا ئێستاش سەرکردەی ڕامیاری وامان هەیە کە خەباتی خۆی و ڕێکخراوەکەی و گەلەکەی لە چوارچێوەی ئەو سنوورە دەستکردانەدا شەتەک داوە و نایەوێ یا ناتوانێ لە قەپیلکەی تەنگەبەری بیروباوەڕی ئێرانچێتی و عێراقچێتی... خۆی ڕزگار کا و دەرچێ، زۆر شانازیش بەوەوە دەکات کە هاووڵاتییەکی ئێران یا عێراقە... دەشیەوێ کوردستان ڕزگار بکا و بە دەمڕاستی نەتەوەی کوردیش بناسرێ!

لاوازی هەستی نەتەوەیی لای نەتەوەی کورد، هەر لە کۆنەوە تا ئەورۆ، بە یەکەم هۆی راستەوخۆی داگیرکردن و دابەشکردنی کوردستان دەژمێردرێ، هەر کات ئەو هەستە زۆر بەهێز بوو، هەستی نەتەوەیی رۆڵەکانی نەتەوەی کورد بۆ هۆشی نەتەوەیی گۆڕا، وازمان لە هەستی خۆ بەکەم زانین و برابچووکی هێنا، خۆمان بە نۆکەر و کەسی دیکەشمان بە براگەورە نەزانی، خۆمان بە خەڵکی کوردستان زانی و دەوڵەتەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریامان بە چوار دەوڵەتی داگیرکەری کوردستان دانا، ئەو کاتە نەتەوەی کوردیش وەکوو هەموو نەتەوەکانی دیکەی سەر رووی زەمین، بە بەهەشتی ئازادی و سەربەخۆیی شاد دەبێ، هەر گەل و نەتەوەیەکیش هەوڵ بۆ رزگاری و سەربەخۆیی نەتەوەیی نەدا، هەتاهەتایە هەر بە ژێردەستەیی و نۆکەری و برابچووکی بمێنێتەوە، حەز بە ژیانی کۆیلەیی و چەوساندنەوە بکا، ئەوا ئۆبالی هەموو ئەو ژێردەستەیی و کۆیلەیی و چەساندنەوەیە، تەنیا و تەنیا لە ئەستۆی خۆیدایە (کۆیلەیەک لۆمە ناکرێ ئەگەر بە کۆیلەیی لە دایک ببێ، بەلام ئەو کۆیلەیەی نەیەوێت سەربەست بێ و لە سەروو ئەوەشەوە پاکانە بۆ کۆیلەییەکەی خۆی بکات و بیرازێنێتەوە، ئەو جۆرە کۆیلەیە سووک و بێنرخە، بەراستی هەستی رق و کینە و بێزاری دەبزووێنێ.)(٦، ٢٨٢)

**ستۆکهۆلم**

١٩٩٤/٤/٤

**سەرچاوەکان:**

١- د. جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، وەرگێڕانی لە ئەڵەمانییەوە کوردۆ عەلی، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، چاپی یەکەم، سوید، ١٩٨٥.

٢- دوو چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسی لەگەڵ بەڕێزان د. عیسمەت شەریف وانلێ و د. ئیسماعیل بێشکچی، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە مەهاباد کوردی، بنکەی چاپەمەنی سارا، چاپی یەکەم سوید، ١٩٩٢.

٣- رتشارد دیکون، المخابرات الإسرائيلية، ترجمة: محمود فلاحة، دار طلاس للدراسات والترجمة والنشر، دمشق، ١٩٨٧.

٤- شەرەفخانی بەدلیسی، شەرەفنامە، وەرگێڕانی هەژار، چاپی دووەم، تاران، ١٩٨١.

٥- د. عبدالرحمن قاسملو، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، بەرگی یەکەم، کوردستان، ١٩٨٥.

٦- ف. ا. لينين، المختارات، بصدد كرامة الروس القومية، دار التقدم، موسكو، ١٩٦٩.

٧- محمد امین زکی، کورد و کوردستان، چاپخانەی دار السلام، بغداد، ١٩٣١، (چاپکردنەی سیدیان).

٨- مصطفى محمد طحان، القومية بين النظرية والتطبيق، دار الوثائق، الطبعة الأولى، الكويت، ١٩٨٩.

# لە پێناوی ژیانەوەی ئافرەتدا

مەهاباد قەرەداغی

## بەشی یەکەم

بۆ ئەوەی بتوانین کێشەی ئافرەت بخەینە ڕوو پێویستە ئەوە یەکالا بکەینەوە کەی و چۆن ئافرەت ئازادی خۆی لە دەست دا و مافەکانی ونکران و کرا بە خاوەنی ئەم کێشەیەی کە تا ئەمڕۆش بەردەوام لە گەورەبووندایە.

گەڕانەوە بۆ سەرەتا لە خاڵێکدا دەمانوەستێنێ کە دابەشکردنی کار هاتە ئاراوە. لەو دابەشکردنەدا کاروباری ماڵ و خێزان بەسەر ئافرەتدا سەپێنرا و پیاویش کاری سەروەری و مەیدانی فراوانی کاروباری دەرەوەی وەئەستۆ گرت. بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵ و بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی ماڵەوە، کە بریتین لە "چێشت لێنان و پاک کردنەوە و شتن"، ئەرکی سەرەتایی و تا ڕادەیەک بێ بەرهەمن و هیچ جۆرە دەرامەتێکی ئابووری ناهێننە دەست. بەڵام ئەرکی پیاو کە ڕاوشکار و کشتوکاڵ بوون بە پلەی یەکەم دەرامەتێکی ئابووریان دەهێنایە دەست و بە هۆیەوە بەڕێوەبردن و سەرۆکایەتی خێزانیان کەوتە دەست.
لەو ڕۆژەوە کێشەکە دەستی پێ کرد و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی کەوتە دەست پیاو و ژن لە مافەکانی بێبەری کرا و سیستمی کۆمەلایەتیش بوو بە سیستمێکی باوکسالاری.

ئافرەت کە پێشتر لە دەرەوەی ماڵ کاری دەکرد و بە ڕنینی بەری درەختەکان خۆراکی وەدەست دەهێنا و ژیانی پیاویشی دابین دەکرد، خۆی لە خێزاندا خاوەنی هێزی بڕیاردان بوو. دوای دابەشکردنی کار کە تەنیا ئەرکی سەرەتایی و بێ بەرهەمی پێ سپێردرا سەرداریتی و هێزی بڕیاردانی لێ سەندرایەوە و وردە وردە کرایە مرۆڤێکی ماڵی و بێ بەرهەم.

لە قۆناغی سەرەتای مێژووی مرۆڤایەتیدا دیاردەیەک لە ئارادا نەبووە مانای وشەی "خێزان"ی ئەمڕۆ بدات، بەڵکو هەر ئافرەتێک خاوەنی چەند مێردێک و چەندان منداڵ بوون، هیچ پیاوێک منداڵی خۆی نەناسیووەتەوە و بەڵکو پیاوان باوەڕیان وا بووە کە منداڵبوون بە تەنها پەیوەندی بە ئافرەتەوە هەیە و ئەوان بن یان نەبن منداڵ هەر دەبێ، بۆیە ئەرکی ژیاندنی منداڵ و پەیداکردنی خۆراک و پۆشاک بۆ منداڵەکان بە تەنها لەسەر ژن بووە و پیاو لەم بارەیەوە خۆی بە بەرپرس نەزانیووە و ئەو ئەرکەی وە ئەستۆی خۆی نەگرتووە و ژن بە تەنها مشوری پەیداکردنی ئەو پێداویستییانەی خواردووە. لەگەڵ زۆربوونی

پێویستییەکان و گرانبوونی ئەرکی سەر شانی ژن و هەستکردنی پیاو بە گەڕانەوەی منداڵ بۆ هەردوو لا و بیری پێکەوەنانی خێزانی تاک هاوسەری، دابەشکردنی کار لە نێوان ئافرەت و پیاو هاتە ئاراوە. فریدریک ئەنگلس لەم بارەوە دەڵێ: "لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دابەشکردنی کار لە نێوان ژن و پیاودا، لە سایەی ژن و مێردایەتی تاکدا، لە پێناوی گەشەدان بە منداڵ بوو، یەکەم ململانێی چینایەتی ململانێی نێوان ئافرەت و پیاو بوو، یەکەم دەست بەسەردا گرتنی چینایەتیش دەستگرتنی پیاو بوو بەسەر ژنەکەیدا، ئەم ژن و مێردایەتییە تاکە کۆیلایەتی هێنایە گۆڕێ و مڵکایەتی تایبەتی داهێنا، هەر ئەو دیاردەیەشە تا ئەمڕۆ بەردەوامە، هەر لە سایەی ئەوەشدایە کە هەموو پێشکەوتنێک دواکەوتنێکی ڕێژەییە... چونکە پێشکەوتنی کۆمەڵێک کەس دەبێتە هۆی دواکەوتنی کۆمەڵێکی تر."

لەگەڵ سەپاندنی دەسەڵاتی پیاو و دەست بەسەردا گرتنی هۆکانی بەرهەمهێنان وردە وردە ئافرەت مافەکانی لێ زەوت کرا و ئازادی لە دەست دا چونکە بژێوی خێزان و دەرامەتی ئابووری بەسترایەوە بە پیاو و ئەو بەرهەمهێنەر و بەدیهێنەری پێویستییەکانی ماڵ و خێزان بوو، ژن و منداڵیش بەسترانەوە بەو، ئەو بوو بە خاوەنیان.

ئەم خاوەندارێتی و دەسەڵاتدارییەی پیاو و بێدەسەڵاتییەی ئافرەت بوونە هۆی ئەوەی کوڕ لە کچ بەنرختر بێ. لە سەردەمی بابلییەکاندا هەر ژنێ منداڵی کوڕی لەبار خۆ ببردایە تیرباران دەکرا، لە هیندوستاندا هەر پیاوێک ژنەکەی کوڕی نەبووایە دەبوو ژنەکەی لەگەڵ براکانی یان یەکێ لە خزمانی بنوێ بۆ کوڕ، یاخود پیاوەکە ژنێکی تری دەهێنا. ئەم دیاردەی بەنرخی کوڕ و بێنرخی کچە بووە هۆی سەرهەڵدانی دیاردەی "ژنزۆری"، واتە پیاوێک لە پێناوی ئەوەی کوڕی زۆر ببێ چەندان ژنی دەهێنا، ئەم دیاردەیەش ترسێکی دەروونی لە ناخی ئافرەتدا خوڵقاند، چونکە جیابوونەوەی ژن لە مێرد دەبووە هۆی زیادکردنی ئەرکی سەر شانی و، بەخێوکردن و دابینکردنی بژێوی منداڵەکانی دەکەوتنە سەر شانی ئەو و ئەوەش، لە کۆمەڵگای پیاوسالاریدا بۆ ژن کارێکی ئاسان نەبوو. بۆیە ژن ناچار بوو ببێتە کۆیلەی ویستەکانی مێردەکەی تەنانەت ئەگەر مێردەکەی چەند ژنێکی تریشی بەسەر بهێنابایە، ئەو ترسە دەروونیەش وای کرد هەمیشە ژن دڵسۆزتر بێ بۆ پیاو وەک لە پیاو بۆ ژنەکەی، مەسەلەی داوێنپیسی هەردەم لای ژن بە دەگمەن و لای پیاو بێ دەگمەن بێ، ئەو داوێنپیسییە بە دەگمەنەش کە لای ژن ڕووی دا بێ بووەتە هۆی لێدان و سزادانێکی زۆر لە لایەن پیاوەوە، بڕیار و یاسا بێ ڕێ و جێگای کۆمەڵگای باوکسالاری کە هەر پیاو دانەریان بووە هەردەم لایەنگری پیاو بووە بۆ داوێنپیسی، بڕوانە زانا و نووسەری گەورەی ڕۆمانە کۆنەکان ئەو پیاوەی یەکەم جار مێژووی بە لاتینی نووسی (مارکۆس پۆرسیۆس) دوو سەد ساڵ پێش لەدایکبوونی مەسیح چۆن ڕوو لە پیاو دەکا و دەڵێ: "ئەگەر بە داوێنپیسی ژنەکەتت زانی بۆت هەیە بەبێ ترسی دادگا و سزا و لێپرسینەوە لەت و کوتی بکەی، خۆ ئەگەر هات و ئەو بە داوێنپیسی تۆی زانی بۆی نییە

پەنجەت بۆ بهێنێ، هەر چۆنێک بێت ئافرەت ئەو مافەی نییە."
دوای شازدە سەدە لەم قسەیەی مارکۆس پۆرسیۆس مافی پیاو لە ئەوروپای رۆژئاوادا بەم جۆرە تۆمارکراوە: "مێرد دەتوانێت لە هاوسەری بدات و برینداری بکات، بۆی هەیە سەرتاپای داتڵیشێنێ و لە خوێندا بیگەوزێنێ، ئەو پیاوە گوناهی ناکات گەر ئاه لە ژنەکەیدا مابێ برینەکەی بۆ بدورێتەوە."

میسرییە کۆنەکان سزای پیاوی داوێنپیسیان هەڵ دەگرت بۆ رۆژی دوایی، بەڵام سزای ژنی داوێنپیسیان دوا نەدەخست. لە بازاڕی کۆیلەکانیشدا ئافرەت بازرگانی پێوەکراوە و وەکو کەلوپەلێکی هەرزان مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی لەسەر کراوە، یۆنانییەکان بۆ جێبەجێکردنی کاروبارەکانیان پشتیان بە کۆیلە دەبەست، ژمارەی کۆیلەکان، کە زۆربەی زۆریان ئافرەت بوون، بە تەنیا لە شاری ئەتیکا گەیشتە (١١٥٠٠٠) کۆیلە کە بە نرخێکی هەرزانتر لە کۆیلەی پیاو دەکڕدران و دەفرۆشران.

ئەم سەرەتا مێژووییە کورتەی باسمکرد تەنها ئەوە دەخاتە ڕوو کە کێشەی ئافرەت لە خاڵێکی بنەڕەتییەوە دەستی پێ کرد ئەویش کێشەی لەدەستدانی دەرامەتی ئابوورییە کە کردوویەتییە مرۆڤێکی وابەستە بە پیاو.

## کار ـــ ئابووری ـــ ئازادی و ماف

واتە تا ئەو کاتەی ئافرەت کاری کردووە و دەرامەتی ئابووری بە دەستەوە بووە، خاوەنی هێزی بڕیاردان بووە. واتە مافەکانی پارێزراو بوون و خۆشی کەسێکی ئازاد بووە، بە پێچەوانەشەوە کە کاری بەرهەمهێنەری لە دەست داوە و دەرامەتی ئابووری نەبووە، بووەتە کۆیلەی دەستی بەختەوەرەکەی و ئەویش مافەکانی پێشێل کردووە.

کەواتە کێشەی ئابووری و لەدەستدانی دەسەڵاتی ئابووری داهێنەری بنەڕەتی کێشە تەمەندرێژەکەی ژن بووە لە قۆناغی دابەشکردنی کارەوە تا ئەمڕۆی ئێمە، هەر ئەو کێشە ئابوورییەش کێشە کۆمەڵایەتی و رامیاری و رۆشنبیری و رەگەزایەتییەکانی داهێناوە، ئەو کێشانەش هەموویان تێکهەڵکێش بوون و گرێ کوێرەیەکی ئەوتۆیان دروست کردووە بە سانایی نەتوانرێ بکرێتەوە.

ئەم گرێ ئاڵۆزکاوەش لەگەڵ گەشەسەندنی شارستانێتی پیاو کردا ئاڵۆزتر دەبێ، چونکە ئابووری دنیا بە دەست پیاوەوەیە و ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەکە زیاتر لەژێر پێی ئافرەت ڕادەکێشرێ و، ئافرەت دەکرێ بە کۆیلەی ئارەزووە سامناکەکانی پیاو، هەروەک چۆن لە پێناوی سەقامگیرترکردنی دەسەڵاتی خۆیان ئافرەت بەکار دەهێنرێ، بۆ نموونە لە ئەمەریکادا ئافرەت وەکو سەربازە فرۆکەوان و ئەفسەریش بەکار دەهێنرێ، واتە کارێکی وایان کردووە ژن لە دژی بەرژەوەندی خۆی کار بکات، یان بکرێ بە هۆکاری زیاتر

چەوساندنەوەی خود و سەدان ئافرەت لە فیلمی سێکس و لە گۆڤارە سێکسییەکاندا و لە پێشاندانی مۆدێلی جلوبەرگدا لە پێناوی ئەستووربوونی دارایی و ئابووری ئەواندا بەکار بهێنرێ.

ئافرەت بە کۆیلەیی لە دایک نابێ، بەڵکو وەک هەر بوونەوەرێکی تر بە ئازادی دێتە دنیاوە، بەڵام دەوروبەر هەر لە یەکەم چرکەی بوونیەوە نەخشەی دیلبوونی بۆ دەکێشێت. سیمۆن دو بۆڤوار دەڵێ: "مرۆ وەک ئافرەتێک نایەتە جیهانەوە بەڵکو وای لێ دەکەن."

گومانیش لەوە ناکرێ کە کۆمەڵ و پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتی ڕەفتارەکانی مرۆڤ دەستنیشان دەکەن و سیفەتی ژنێتی یان پیاوێتی پێ دەبەخشن و هەستی پیاوبوون یان ژنبوونی تیا دروست دەکەن.

ئافرەت بە سیفەتی ژنێتییەوە لە دایک نابێ، بەڵکو لە یەکەم چرکەی بوونیەوە بەو پەروەردە و ڕەفتارەی کە لەگەڵیدا دەکرێ فێر دەکرێ چۆن سیفەتی ئافرەتێک هەڵگرێ، هەروەکو چۆن واش لە کورێک دەکرێ و فێر دەکرێ سیفەتی پیاوێک هەڵگرێ.

بێگومان لە بارەی بایۆلۆژییەوە هەندێک جیاوازی دەرک پێ کراو لە نێوان لەشی پیاو و ژندا هەیە، بەڵام ئەوە ئەوپەڕی ئاساییە و نابێ بۆ هیچ لایەک بکرێتە خاڵی نەنگی یا هێز، هەروەکو چۆن منداڵدانی ژن کە سەرچاوەی ژیان و خوڵقێنەری مرۆڤە لە جێی ئەوەی بکرێتە خاڵی شانازی پێوەکردن و هێز کەچی ئەم سەرچاوەی ژیانە کراوە بە نەنگی و خاڵی بێهێزی بۆ لەشی ئافرەت و کراوە بە هۆیەک بۆ چەوساندنەوەی و دیلکردنی لە ماڵدا کە هەرگیز ژن لەو بوارە تەسکەدا ناتوانێ پەرە بە بیر و مێشکی خۆی بدا و لە بوارەکانی ژیاندا وەک پێویست داهێنەر بێت.

تەنها پەروەردە کۆمەڵایەتییەکان کە ئەرکەکانی مرۆڤ دەستنیشان دەکەن دەتوانن لە مرۆڤێک کەسێکی بەهێز و لە مرۆڤێکی تر کەسێکی بێهێز دروست بکەن. ژن بوونەوەرێکی لاواز نییە وەک بۆی براوەتەوە و دەوترێ ئەگەر سیفەتی ژن وایە بۆچی ئێستا سەدان ئافرەت لە پێشبرکێ قورسەکانی وەرزشدا لە ئەوروپا و ئەمریکادا بەشدار دەبن، تەنانەت لە یاری هەڵگرتنی بارستاییدا کە جاران هەر پیاو دەیتوانی بەشدار بێ بەڵام ئەمرۆ ئافرەتیش دەتوانێ بەشدار بێ و بارستایی ٢٠٠ تا ٢٥٠ کیلۆ هەڵگرێ، ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێ ژن لە سیفەتیدا بێهێز نییە، بەڵکو کۆمەڵ هێزی لەبەر بڕیوە.

هەرگیز ئەو جیاوازییە بایۆلۆژییانەی نێوان جەستەی پیاو و ژن نابنە هۆی ئەو بارەی کە بەسەر ژندا هێنراوە ئەگەر پەروەردە کۆمەڵایەتییە چەواشەکان ڕۆڵی تیا نەبینن، نموونەشم بۆ ئەم قسەیەم داستانێکی ڕاستەقینەیە کە لە کتێبی (نێری و مێیی) دوو زانای زایەندیی

ئەمریکی (مانی) و (ئیرهارد) دەیگێڕنەوە و باسی ژیانی دووانەیەکی کوڕ دەکەن کە یەکێکیان لە ئەنجامی خەتەنەکردنی هەڵەوە ئەندامی نێرینەی لە دەست دەدا، لە ئەنجامی ئەمەشدا پزیشکەکان ڕاوێژ بۆ دایک و باوکی منداڵەکە دەکەن تا ئەویان کە ئەندامی نێرینەی لە دەست داوە وەکو کچ پەروەردە بکەن و ئەو ڕەفتارانەی لەگەڵدا بکەن کە لەگەڵ کچدا دەکرێت، ئیدی ئەو منداڵە لە تەمەنی ١٧ مانگیدا بۆ یەکەم جار جلی کچانەی لەبەر کرا و پرچی درێژکرایەوە و ناوەکەی گۆڕدرا بە ناوێکی کچانە، دوای چوار مانگ یەکەم نوشداری کراو و وەکو کچ لە جێی ئەندامی نێرینەی خۆی درزێکی بۆ کرا و هۆرمۆناتی کچانەی درایە. مانی دەڵێت: "دوای ساڵێ کە منداڵەکەمان بینییەوە ئارەزووی لە کراسی کچانە زیاتر دەکرد وەک لە پانتۆڵ و حەزی لە قژە درێژەکەی خۆی بوو و بایەخی دەدا بە پاک و خاوێنی و شێوەی خۆی، کە تەمەنیشی بووە چوار ساڵ و نیو دایکی باسی دەکرد کە لە کورەکە زیاتر بایەخ بە پاک و خاوێنی دەدات و نایەوێ جلەکانی پیس بکات، کاتێ تەمەنی دوو ساڵ بوو دەیویست وەکو زۆربەی کوڕان بە پێوە میز بکات بەڵام دایکی بۆی ڕوون کردەوە کە کچ دەبێ چۆن میز بکات، دایکی لە بارەی کچەوە زۆر شتی بۆ ڕوون کردەوە کچ دەبێ وا بکا و کچ دەبێ وا نەکا، لە کاتێکدا هەموو شتێک بۆ ئەم بوونەوەرە بچووکە ڕوون کرایەوە و فێرکرا، وردە وردە فێر بوو لاسایی دایکی بکاتەوە و لە ماڵەوە یارمەتی بدات و ئەنجامیش بەڕاستی کرا بە کچ.

ئەم نموونەیە ئەوە ئاشکرا دەکات کە هۆی جیاوازییەکانی لەشی کوڕ و کچ چەند ڕۆڵێکی لاواز دەبینێ لە چاو ڕۆڵی ڕەفتار و پەروەردەی کۆمەڵایەتی، ڕۆڵی بایۆلۆژیا زۆر کزە لە کردنی مرۆڤ بەو دوو بوونەوەرە جیاوازەی کە ئێستا هەیە و وەکو دوو جەمسەری دژ بەیەک و نایەکسان لە ماف و ئەرکدا بەرچاو دەکەوێت. هەر لەو چرکەیەوە کە مامان مۆژدەی لەدایکبوونی کوڕێک دەدا بە دایک و باوک یان هەواڵی کارەساتی لەدایکبوونی کچێک دەدا بە خێزان هەست بەو جیاوازییە دەستکرد و بێویژدانییە دەکرێت کە دەرهەق بەو ساوا وردیلەیە دەکرێت، ئیدی یاسا و نەریت و ئایین دەبنە زەمینەیەک بۆ دروستکردنی ژن و پیاو لەو بوونەوەرە وردانە و کوڕەکە فێری سیفەتی پیاوەتی دەکرێ کە سیفەتی پیاوانەش لای کۆمەڵ نەبەردی و وریایی و بەهێزی و بەغیرەتییە، کچەکەش فێری سیفەتی ژنانە دەکرێ وەکو جوانی و ناز و شەرمنی و وابەستەیی و بەشەرەفی کە ئەم سیفەتانە مرۆڤێکی بێ کەسایەتی دروست دەکات و بەری ژیان و مەیدانەکانی لێ تەسک دەکاتەوە.

هەر لە منداڵییەوە بۆ کوڕ (دەمانچە و فڕۆکە و ئۆتۆمبیل و ئەسپ...هتد) دەکڕدرێ بۆ کەرەستەی یاری و بۆ کچیش (بووکەشووشە و لانکە و قاپ و قاجاغی بچکۆلەی ماڵ...)، کوڕان هەر لەو دەمانەوە تێ دەگەن ئەرکی ئەوان جەنگ و ڕزگارکردنی وڵات و کاروباری سەختی دەرەوەی چوار دیواری ماڵە، کچانیش تێ دەگەن کە ئەرکی ئەمانیش شووکردن و منداڵبوون و ماڵدارییە، جگە لەوەی منداڵی کوڕ باوکی دەبێ بە نموونە بۆی و ڕۆژانە دەیبینێ دەچێتە دەرەوە و کار دەکات و خۆراک و پۆشاکی خێزان ئەو پەیدای دەکا، کچەکەش دەبینێ دایکی هەردەم خەریکی جلشتن و پاککردنەوە و چێشتلێنان و منداڵ

بەخێوکردنە.

زانستی دەروونیی ئەزموونگەری ئەوەی دەرخستووە کە مێینە ئەم سیفەتانەی کە هەیەتی وەکو:

* کەمتر دژبوون (دژایەتی کردن).
* کەمتر بایەخدان بە شتی زانستی.
* زیاتر نەرێتی (سلبی) بوون.
* کەمتر سەربەخۆ بوون.
* کەمتر داهێنەربوون.
* کەمتر تەماح لێ بوون.

هۆکارەکانیان کۆمەڵایەتین و جۆری پەروەردەکردن دەیانسەپێنێ. بۆ نموونە لە کۆمەڵگای دایکسالاریدا بەپێچەوانەی سیفەتەکانی ئێستای پیاو و ژن، پیاو بوونەوەرێکی عاتیفی بووە، بێهێز و کەمتر سەربەخۆ بووە و هەر ئەویش منداڵی بەخێو کردووە، ئافرەتیش بەهێز و گورج و گۆڵ و سەربەخۆ بووە، بەڵام لە کۆمەڵگای باوکسالاریدا ئەم دۆزەیە پێچەوانە بووەتەوە و پیاو بووەتە خاوەنی هێزی بڕیاردان و سەربەخۆیی بەڵام ژن بوونەوەرێکی سۆزناک و وابەستە و بێویست و کەمتر بایەخی بە کاری دەرەوە داوە و خەریکی پەروەردەکردنی منداڵ و کاری ناوماڵ بووە.

کار و پەروەردەی کۆمەڵایەتی و ئاین سێ خاڵی بناغەیین لە قووڵکردنەوەی کێشەی ئافرەت، ئایینەکان کە کراونەتە دەستوور و یاسای کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتیان بەسەر بیر و بۆچوونی خەڵکدا هەبووە هەمیشە قووڵکەرەوەی کێشەی ژن بوون و ئازادبوونی ژن لە بەرژەوەندی ئەواندا نەبووە، چونکە فەلسەفە ئایینیەکانیش لە ئەنجامی بەربەرەکانێی دەسەڵاتدارانی سەردەمی سەرهەڵدانی ئایینەکەوە هاتوونەتە کایەوە و لە ناخی بیر و پێوەندیە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەڵقووڵاون، هەر بۆیەشە لە هەر سێ ئایینە بەناو ئاسمانییەکانی جوو و مەسیحی و ئیسلامدا ئافرەت کراوەتە پاشکۆی پیاو، ئایینی جوو چیرۆکی ئادەمی داهێنا و حەوایشی کردە یەکێک لە پەراسووەکانی ئادەم، ئایینی جوو باوەڕی وا بووە پیاو بریتییە لە خودی خواوەند بەڵام ئافرەت لە نەتەوەی ئاژەڵ و شەیتانە، هەروەها لە تەوراتدا چیرۆکی لوط دەگێڕێتەوە کە چۆن کچەکانی لە پێناوی هاوڕێ پیاوەکانیا پێشکەش کرد، واتە لوط کەرامەتی هاوڕێ پیاوەکانی پێ بەرزتر و لا مەبەستتر بووە لە کچەکانی خۆی. ئەمەش خۆی نموونەیەکی چاکە دەری دەخات تەورات چەند بە نزمی ئافرەتی باس کردووە و چەند پیاوی مەزن پیشان داوە.

لە سەدەکانی ناوەڕاستیشدا کە ئایینی مەسیحی هاتە کایەوە کڵێسا گەورەترین دەسەڵاتی کۆمەڵ بوو. لەو سەردەمەدا بە ناوی ئاین و پارێزگاریکردنی ڕەوشت و بیروباوەڕ، ئافرەت دەسووتێنرا و ئازار دەدرا، کڵێسا بەڕێوەبەرایەتی و قەشەکان

بەڕێوەبەری کۆمەڵ بوون، ئاوی کڵێسا لەجیاتی داودەرمانی سەدەکانی ناوەڕست دەدرایە نەخۆشەکان، ئەو ژنە دەرمانسازانەش کە لە گژ و گیا دەرمانیان بۆ ئەو نەخۆشانە ساز بکردایە کە ئاوی کڵێسا چاکی نەدەکردنەوە دەکەوتنە بەر سزای کڵێسا و دەسووتێنران و ئازار دەدران و پێیان دەگووتن: (پزیشکە جادووگەرەکان).

ئایینی ئیسلامیش کە لە دوورگەی عەرەبدا هاتە کایەوە بە نیازی پاراستنی پێودانگە کۆمەڵایەتییەکانی نەتەوەی عەرەب و وردە وردەش بە ڕێی شەڕ و شۆڕ خۆی بەسەر زۆر جێگای تردا سەپاند و پەلی هاویشت و ئایەتەکانی بەناو جیهانی ئیسلامدا بڵاوکردەوە گلۆڵەی ژن لەژێر ڕەحمەتی ئەو ئایەتە قورئانیانە و فەرموودەکانی مەحەمەددا کەوتە لێژی و دەیان دیاردەی وەکو چوار ژن هێنان **"فأنكحوا ماطاب لكم من النساء مثنى وثلاث ورباع، وان خفتم الا تعدلوا فواحده"** پیاوێک بەپێی ئەم ئایەتە بۆی هەیە چوار ژن بهێنێ بە مەرجێ بە عەدالەت لە نێوانیاندا بجووڵێتەوە، لێرەدا مەبەست لە عەدالەت ئەوەیە وەکو یەک لایان بمێنێتەوە، ئەو یەکسانییەش کە هەر شەوێ لای یەکێکیان بێت، کە ئەم عەدالەتە خۆی ناعەدالەتە چونکە لەم حاڵەتەشدا کە گوایە پیاوەکە پەیڕەوی ئایینی کردووە و بە یەکسانی دەچێتە لای چوار ژنەکەی ناعەدالەتە، پیاوەکە هەموو کاتێ بۆی هەیە زایەند بکات، بەڵام ئەو مافە بۆ ژنەکەی چوار ڕۆژ جارێکە، زانایان لەو باوەڕەدان مەیلی ژن و پیاو بۆ زایەند چوون یەکە بەڵام ئیسلام لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئایەتەی سەرەوە مافی چوار ژنی بە پیاوێک داوە و مافی چوار یەکی پیاوێکی بە ژن داوە، هەروەها **"الرجال قوامون على النساء"** پیاوی موسوڵمانی کردووەتە زەبر بە دەستێک کە زۆرجار دڕندانە بەردەبنە گیانی ژن و دایدەپلۆسن.

بێگومان نموونەی تر زۆرن بەڵام بەو دوو نموونەیش نیازی ئیسلام دەردەکەوێ لە بە کۆیلەکردنی ژن کە ئەمەش خۆی بە تەنیا لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت و سەربەخۆی گەرەکە.
ئابووری و پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتی و ئایین خوڵقێنەری کێشە گەورەکەی ئافرەتن، کەواتە لە کوێوە دەست بە چارەسەری ئەم کێشەیە بکرێ؟

ئایا لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا کە ڕێژەیەکی زۆری ئافرەتانی دنیا هاتوونەتە ناو بازاڕی کارەوە و دامودەزگا پیشەسازی و دەوڵەتییەکان بەڕێوە دەبەن بووەتە هۆی ئەوەی ئازاد بن؟ لێرەدا دەتوانین بڵێین بە ڕێژە لەگەڵ ئافرەتانی ماڵیکراو ئازادن دەنا لە هەندێ بواردا بووەتە هۆی زیاتر چەوسانەوەشیان. ئەندریە میشیل کە زانایەکی ئافرەتی کۆمەڵناسی فەرەنسایییە دەڵێت: "هەرگیز ئافرەت ئەوەندەی سەردەمی سەرمایەداری دواکەوتوو و چەوساوە نەبووە".

ئافرەت جگە لە کاری دەرەوە کاری ماڵەوەش سەرباری ئەرکەکانێتی و جگە لەوەش کرێی ئافرەت لە هەمان کاری یەکساندا لە پیاو کەمترە، لەم حاڵەتەشدا پیاوی (خاوەنکار) و

پیاوی (مێرد) هاوبەش ژن دەچەوسێننەوە.
لە کاتێکدا کار دەبێتە هۆی ئازادبوونی ژن
١- ئەگەر پیاو بەشداری ئەرکی ماڵەوەی لەگەڵ بکات.
٢- پیاویش لە بەخێوکردنی منداڵدا بەقەد ئەو خۆی بە بەرپرسیار بزانێ و بەقەد ئەو بەشدار بێ لە پەروەردەکردنیدا.
٣- لە هەمان کاری پیاودا هەمان کرێ وەرگرێ.
٤- لە کاتی منداڵبووندا وچانی دایەنی بە مووچەی تەواوە وەرگرێ.

لە مەودای پەروەردەکردنیشدا شۆڕشێکی بەرفراوانی کۆمەڵایەتی پێویستە کە یاسای گونجاو و تەبا و دیراسەکراو و لەبار لەگەڵ ڕۆحی سەردەم دابڕێژرێت. پێویستە یاسا و شەرعی ئاینیش لە دەوڵەت و یاسای دەوڵەت جیا بکرێتەوە و بە هیچ شێوەیەک ئاینن خۆ لە کاری دەوڵەت و تاکەکەسیش هەڵنەقورتێنێ، پێویستە ئاینەکان لە مزگەوت و کڵێسا و ئەو شوێنە دیاریکراوانەی کە پێیان دەڵێن ماڵی خوا دەرنەچن، پێویستە ئاینن خانەنشین کرێ.

## کێشەی ئافرەتی کورد!

ئەی چۆن لەمەڕ ئافرەتی کورد بدوێین و کێشەکەی بخەینە ڕوو؟
بێگومان کێشەی ژنی کورد دابڕاو نییە لە کێشە گەورەکەی ئافرەت بەگشتی، تەنها ئەوەیە ئافرەتی کورد وەک هەموو ئافرەتانی ڕۆژهەڵات تایبەتمەندییەکی خۆیان هەیە، ئەوەش بە هۆی ئەوەی لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا دەژین و یاسا بەپێی شەرع لە بەرژەوەندی پیاو و دژی ئافرەتە، جگە لەوەش ژنی کورد تایبەتمەندییەکی تریشی هەیە کە جیاوازە لە ئافرەتانی وڵاتانی دراوسێشی ئەویش ئەوەیە کە لە میللەتێکی ژێردەستە و لە وڵاتێکی کۆلۆنیکراودا دەژیت، ئەم کۆلۆنیکردنەش ناڕاستەوخۆ کاری کردۆتە سەر دەروونی کەسایەتی ئافرەتی کورد، هەروەک چۆن کاری کردۆتە سەر کەسایەتی پیاوی کوردیش.
لە باسی کێشەی ئافرەتی موسوڵمان لە ڕۆژهەڵاتدا ئاینن یەکەم خاڵی سەرەکی قووڵبوونەوەی کێشەکەیە چونکە یاساکان لەسەر شەرع دارێژراون و شەرعیش درێغی لە پێشێلکردنی ئافرەت نەکردووە.

ڕەوابوونی (چوار ژن بۆ یەک پیاو) لە ئاینی ئیسلامدا کە پێشتریش باسمکرد کارێکی سووک و سانا نییە و سەدان کێشە دەخوڵقێنێ، لە سەرووی هەموویانەوە کێشەی دەروونی، لە حاڵەتی زۆرژنیدا ژن هەمیشە لە زایەندا چەپاوە (مکبوت)، بەپێی پێوەری زایەندیش تاکەکەسی لە زایەندا چەپاو هەمیشە کێشاوی و دەروونئاڵۆز و شێواوە، جگە لەوەی زۆرهاوسەری هەستێک لای پیاو دروست دەکات کە ئەوان پێش هەموو شتێک بوونەوەرێکی سێکسین و ئەوەش دەبێتە هۆکارێک بۆ زیاتر زەلیلکردنی ئافرەت کە پیاو تەنها وەکو دامرکێنەرەوەی ئارەزووی سێکسی تێی دەڕوانێ و هیچ حسابێکی مرۆڤانەی

بۆ ناکا.

ئەم دیاردەی فرەژنییە لە کۆمەڵگای کورددا تا سەرەتای حەفتاکانیش باو بووە و ئێستاش دەیان پیاو لە کوردستاندا دوو یان سێ ژنی لە ماڵێکدا ڕاگرتووە.

پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتیی لای ئێمە، کە تا ئەم نەوەیەش لە سەدا نەوەدی دایک و باوکان نەخوێندەوارن پەروەردەکردنێکی هەڵەیە و بنەماکانی لە سایەی ئایین و ڕێوڕەسمی کۆنەپەرستی و داب و نەریتی بۆگەن داڕێژراون.

منداڵی کورد لە لایەن ئەو دایک و باوکەوە کە ئەوانیش لە باوباپیرانەوە وا ڕاهێنراون، فێر دەکرێن کە ژن و پیاو دوو بوونەوەری جیاوازن، ئەم بێهێز و ئەو بەهێز، ئەم شەرمن و ئەو ئازاد، ئەم بەناز و ئەو دلێر، ئەم خاوخلیچ و ئەو چالاک، ئەم دەبەنگ و ئەو هۆشیار...هتد. هەر لە یەکەم ڕۆژی لەدایکبوونەوە منداڵ ڕادەهێنرێ تا خوو بەو داب و نەریت و شەرع و یاسایانەوە بگرێت.

هەندێ پەندی پێشینانی کوردی، کە هەردەم لەسەر زاری خەڵکی کوردە، کاریگەریی دەروونیشی هەیە بۆ سەر دەروونی ئافرەت وەکو: "ژنی شەرمن شارێ دێنێ، پیاوی شەرمن شانەیەک ناهێنێ." "ژن کۆڵەکەی ماڵە"...هتد. ئەم پەندانە لەناو کۆمەڵدا هێندە بە جددی و بەدڵنیاییەوە لە لایەن خەڵکی گشتی باس دەکرێن و دەوترێن بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریان کردۆتە سەر دەروونی ئافرەتی کورد. ژنی کورد لە پێناوی ئەوەی کەسێکی پەسەندکراو بن، بە گوێی پەندی یەکەم دەکەن و بە سیفەت شەرمن، پەندی دووەمیش هەستی ئەوەیان تیا دروست دەکات کە ژن سەرداری ماڵە و بۆ ماڵ دروست کراوە، ئەو شەرمنییەی ئافرەت ئازادی لێ دەگرێ، لە بواری دەروونناسیشدا مرۆڤ یان ئازادە یان شەرمن، ئەو ماڵیبوونەی ئافرەتی کوردیش لە هەمان کاتدا کە کێشەیەکی گەورەیە بۆ ئافرەت کێشەیەکی گەورەیە بۆ پیاویش، بەتایبەتی لە ئەمڕۆدا کە باری گوزەران لە کوردستاندا ئاڵۆز بووە و پێویستییەکانی مرۆڤ ڕوو لە زۆربوونە و پیاو بەتەنها بە ئەرکی دابینکردنی خۆراک و پۆشاک بۆ خێزانی گەورەی (٧-١٠)کەسی ڕاناگا و بەمەش کێشەی ئابووری بۆ دەخوڵقێ و کێشە ئابوورییەکەش کێشەی دەروونی بۆ ساز دەکا، کەچی کۆنەپەرستیی پیاوی کورد بواری نادا ژنەکەی ئازاد کا و ئەویش بچێتە بازاڕی کارەوە و بەشێک لەو پێویستیانە دابین بکات و کێشەکە سووک کاتەوە، پیاوی کورد ئەمڕۆ لە کێشەدایە و بووەتە قوربانی کۆنەپەرستیی خۆی.

ئەو ئافرەتانەشی کە ئەمڕۆ لە بازاڕی کاردان (کرێکار و مامۆستا و فەرمانبەر و پزیشک و ئەندازیارن...هتد) بە ڕێژەیەکی کەم لەگەڵ ئافرەتانی ماڵیکراو ئازادن، دەنا هەمان زەبروزەنگی مێردیان لەسەرە مافی جیابوونەوەش بە دەستی پیاوەوەیە و یاسا و شەرع پشتیوانی لێ دەکەن لە بە کۆیلەکردنی ژندا.

* ژنی کورد ئازاد نییە لەبارەی خۆیەوە تەنانەت بۆ هەڵبژاردنی هاوسەریش بڕیار بدات. خێزان و کۆمەڵ بڕیاری بۆ دەدەن، ئەو ئافرەتەشی کە کەسێکی خۆش بووێ و بڕیاری شووخوازی لەگەڵ دابێ، کاتێ خۆشەویستەکەی دێتە داواکردنی، باوک و برا و تەنانەت خزمانی نزیک و دووریش کۆمەڵێ کێشەی بۆ دەخوڵقێنن و لە حەوت پشتی دەزگیران دەکۆڵنەوە، خۆ ئەگەر لەو حەوت پشتە کەسێکی کە بە خوێی هەویرێ پێی دەگا ناوبانگێکی زڕاوی هەبوو بێ کارەکەیان هەڵدەوەشێننەوە و خۆشەویستییەکەشیان دەکوژن، ئەمە لەکاتێکدا کە مەسەلەی شووخوازی (ازدواج) مەسەلەیەکی ئەوپەڕی تایبەتییە و پێویستە تەنها ئەو دوو کەسە بڕیاری لەسەر بدەن.

* ژنی کورد خاوەنی جەستەی خۆی نییە. لە کۆمەڵگای موسوڵماندا بەگشتی ئایین و کۆمەڵ بڕیار لەسەر جەستەی ئافرەت دەدەن، خێزان کە باوک بە پلەی یەکەم و برا بە پلەی دووەمە سەردارێتی هەندێ جار دەگاتە ڕادەی ئەوەی کچەکەیان بفرۆشن، بە ناوی شیربایییەوە مامەڵەی لەسەر بکەن، بەڵام ئەگەر کچێک لە دەرەوەی ئەو سنوورە تەسکەی بۆی کێشراوە بڕیار بدات... بۆ نموونە ئەگەر لە ڕێگەی خۆشەویستییەوە پێش مارەبڕین لەگەڵ دڵدارەکەیدا زایەند (سێکس) بکات و کۆمەڵ پێ بزانێ دەکەوێتە بەر نەفرەتی ئایین و کۆمەڵگا و خێزان هەموو جارێکیش بە نرخی گیانی تەواو دەبێ، کە ئەمە کارێکی ئێجگار ئێجگار ناڕەوایە و مرۆڤ (پیاو و ژن) دەبێ خاوەنی جەستەی خۆی بێ و خۆی بڕیاری لەبارەوە بدات، هەرچەندە ئەم قسەیە چاوی کۆنەپەرستان سوور دەکاتەوە و شێتگیریان دەکات، بەڵام درەنگ یان زوو کۆمەڵگای کوردیش دێتە سەر ئەو ڕایەی کە مەسەلەی زایەند (جنس) مەسەلەیەکی تایبەتییە و پێویستە تاکەکەس ئازاد بێ لە بڕیاردان لە بارەی جەستەی خۆیەوە. پێویستە کۆمەڵگای کوردیش ئەوە بزانن ئەو ئافرەتانەی کە تا ئێستا لای ئێمە بە لەشفرۆش ناوبراون لەشفرۆش نین بەڵکو ئەو باوک و برایانە لەشی کچەکان یان خوشکەکانیان بە شیربایی دەفرۆشن و پێویستە بەوان بوترێ لەشفرۆش. چونکە لەشفرۆشی واتە زایەندکردن بە پارە، بەڵام لای ئێمە مانای هەموو شتەکان بە عەقڵیەتێکی ئایینی و کۆنەپەرستییەوە بە هەڵە لێک دراوەتەوە.

* ژنی کورد خاوەنی بیر و بۆچوونی خۆی نییە. بەهۆی ئەو لە قاڵبدان و بەرتەسککردنەوەیەی بۆی دانراوە هەمیشە پیاو، سەبارەت بە ئەرکەکانی ماڵەوە و دەرەوە، بڕیاردەر و داڕێژەری بیر و بۆچوونەکانە.

ژنی کورد بێ پرسی مێردەکەی ناتوانێ بڕیاری چوونە دەرەوە بدات ئەگەر بێت و ئەو چوونە دەرەوەیە بۆ پێویستییەکی گەورەش بێت.

ژنی کورد ئازاد نییە لە بەرگپۆشیندا و کۆمەڵ جلوبەرگی بۆ دیاری دەکات، ئێستاش بەشێکی زۆری ژنی کورد عەبا دەپۆشن، تا سەرەتای حەفتاکان پەچەشیان دەپۆشی،

ئافرەتی فەرمانبەر و مامۆستا و قوتابی و...هتد کە ئەمڕۆ عەبایان فڕێ داوە بەڵام بۆیان نییە هەر جلێکی کە بیانەوێ بیپۆشن ئەگەر حەزیشیان لێ بێ. بۆ نموونە پانتۆڵ لەپێکردن بۆ ژن و کچی کورد وەکو نەنگییەک تەماشا دەکرێت. ئەمە لە کاتێکدا کە کوردستان وڵاتێکی چیایی و بەفراوییە و ئاساییترە پانتۆڵ کە گەرمتر و پۆشتەترە لەپێ بکرێ، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕێورەسمی ئایینی و کۆمەڵایەتی و ئەو پۆشاکەی بە نەنگ لە قەڵەم داوە ژن ئازاد نییە بە ئارەزووی خۆی لەبەری کات کە ئەوە سەرەتاییترین مافی مرۆڤە و ئێجگار تایبەتییە و لە شتە تایبەتییەکانیشدا مرۆڤ دەبێ خۆی بڕیار بدات. بەداخەوە لە کۆمەڵگای ئێمەدا شتی گشتی و تایبەتی تێکەڵ کراوە و هەر هەموویشیان ئایین و کۆمەڵ بڕیاریان لەسەر دەدەن.

ئەم خاڵانەی باسمکردن تێکڕای کێشەکان نین، بەڵکو هەر یەکە و کۆمەڵێک کێشەی لاوەکییان دروست کردووە و ئاکامیش کۆمەڵگای کورد بووەتە کۆمەڵگایەکی پڕ لە کێشە.

ڕێژەی نەخوێندەواری کۆمەڵگای کورد خاڵێکی تری وابەستەبوونیەتی بە ئایین و نەریت و هەندێ پێوەندی کۆمەڵایەتی کە لەسەر بناغەی کۆنەپەرستی هەڵچنراون. بێگومان ڕێژەی نەخوێندەواری لەناو ئافرەتاندا زیاترە، تەنانەت لە چارەکی سەرەتای ئەم سەدەیەدا خوێندەواربوونی کچ لە کۆمەڵگادا نەنگی و ئابڕووچوون بووە و شەرەفی خێزان لەکەدار بووە گەر کچەکەیان ناردبێتە بەر خوێندن.

یەکەم قوتابخانەی کچان لە شاری سلێمانی لە ساڵی ١٩٢٦ کراوەتەوە کە ناوی الزهراء بووە و لە لایەن دوو مامۆستای پێشڕەوەوە بەڕێوەبراون ئەوانیش فاتیمە محێدینی ژنی ئەحمەد بەگی فەتاح بەگی شاعیر و وەزیری دارایی شێخ مەحموود لەگەڵ گوزیدەخانی ژنی عەبدولعەزیزی یامولکی بوون، کە دووەمیان کوردی تورکیا بوو، لەو قوتابخانەیەدا کچانی بیست تا بیستوپێنج ساڵیش فێری خوێندن دەکران.

فاتیمەخان دەڵێ: "ئەگەر گوزیدەخان نەبووایە لەوانە بوو ورە بەردەم چونکە هەر زوو دەمی خەڵکی دواکەوتوومان لێ کرایەوە، هەزارویەک قسەیان پێ دەگوتین، ئەوەیان لێ کردبووینە عەیبە کە کچەکان دوای هاتنە ژوورەوەیان عەبا و پەچەیان دادەگرت، قسەی لەوە خراپترمان دەبیستەوە، زۆر دایک بە ترس و لەرزەوە کچەکانیان دەهێنا و هەر ئەوە بوو کراسی قورئانیان بۆ لەبەر نەکەین تا دڵنیا بن ئاگامان لە شەرەفیان دەبێت و بە خوێندن لەکەدار نابن. دایکی وا هەبوو پرسیاری ئەوتۆی دەکرد بۆ گێڕانەوە ناشێت."

ئەمە لە کاتێکدا بووە کە ئافرەتانی هەندێ وڵاتی دنیا مافی دەنگدانیشیان هەبووە، بۆ نموونە لە سوێد یەکەمجار ژن لە ساڵی ١٩٢١دا مافی دەنگدانی وەرگرت.

لە کاتێکدا کە لە کۆمەڵگای کورد نەنگ بووە ژن بخوێنێ، لە وڵاتانی دنیادا ژن پێشڕەوی

خەبات بووە و سەدە و نیوێک پێش ئەوسا داوای مافی هەڵبژاردنیان کردووە. بۆ نموونە یەکەمجار ئافرەت لە ڕۆژگاری شەڕی سەربەخۆیی گەلی ئەمریکادا لە ساڵی ١٧٨٣ دەنگی بەرزکردەوە و داوای مافی هەڵبژاردنی کرد. جاری دووەم لە فەرەنسا ئافرەت لە چواردەی تەمموزی ١٧٨٩دا یەکەم ئاڵای بەسەر قەڵای باستیلەوە هەڵکرد و نزیکەی هەشت هەزار ئافرەتی سەوزەفرۆش و کرێکار لە ڕۆژی ٥ و ٦ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٧٨٩ بۆ نان و ئازادی مانیان گرت و هێرشیان بردە سەر کۆشکی ڤێرسای، ئافرەتانی ئینگلستان لە ساڵی ١٨٦٧دا داوایەکی ڕەسمییان پێشکەش بە میری کرد و تیایا داوای مافی یەکسانی هەڵبژاردنیان کرد.

کەللەڕەقی پیاوی کورد و خۆگرێدانی بە ڕەوشتی کۆنەپەرستی و ئاینی کارێکی وای کردووە ئافرەتانی کورد سەدان ساڵ لە دوای ئافرەتانی وڵاتە پێشکەوتووەکان بن وەک چۆن خۆشیان سەدان ساڵ لە دوای پیاوانی وڵاتە پێشکەوتووەکانی دنیان.

دڵپیسی سیفەتێکە لە زۆربەی پیاوی کورددا بەدی دەکرێت و حەز دەکەن هاوسەرەکانیان شاراوە بن و پیاوی تر نەیانبینێ، بۆ ئەوەی گومانەکانی خۆیان کەم کەنەوە ژنەکانیان لە قەفەس دەنێن و ماڵی دەکەن، ئەو ماڵیکردنەش بووەتە هۆی بێسوودبوونی ژن لە بوارەکانی زانست و هونەر و ئەدەب و داهێناندا، هەر چەندە ئەمە لە زۆربەی وڵاتاندا پێشتر بەدی کراوە.

بەرتراند راسل لە کتێبی هاوسەرداری و ڕەوشت دا دەڵێت: "لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا ئافرەتان لە هەموو کاروبار و مەسەلە جیهانییەکان بێبەش کراون و بە ئەنقەست گێل کراون تا لە ئەنجامدا بێ سوود کراون، هەموو پیاوێک لە قسەکانی ئیفلاتوونەوە ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کە ئیفلاتوون و هاوبیرانی تەنها مەبەستیان عەشقی پیرۆز بووە، جێگەی سەرسوورمان نییە کاتێ بۆمان دەردەکەوێ هەموو شتێکی دڵپەسەند بۆ ئافرەتانی ئەسینا (مەبەست لە ئەسینای کۆنە) قەدەغە کرابوو، هەروەها تا ئەم سەدەیە هەمان شێواز بۆ ئافرەتانی چین بەکارهێنراوە و لە ئێران لە ڕۆژە مەزنەکانی شیعری پارسیدا ئەم شێوازە پەیرەوی کراوە و لە زۆر شوێن و قۆناغی مێژوویدا هەر وا بووە، ژێرخانی ئەڤین، ئەو ئەڤینەی لە پەیوەندی ژن و پیاودا خۆی دەنوێنێ، لە پێناوی دڵنیابوون لە حەڵاڵزادەیی منداڵەکاندا وێران کراوە، نەک هەر ئەڤین بەڵکو هەموو ئەو خزمەت و یارمەتییەی کە ئافرەت دەیتوانی بە پێشکەوتن و شارستانییەتی بکات بە بۆنەی هەمان شتەوە ڕاوەستێنراوە."

گومان خۆشەویستی کوژە، پیاوانی کۆنەپەرست کە بەهۆی گومانەوە ئازادی لە ژن قەدەغە دەکەن و دیلی دەکەن کەسانێکن خۆشەویستی هیچ مانایەکی نییە لایان. هەرچەندە گومان و بەدبینی کۆنەپەرستان خۆی دەبێتە هۆی گەشەسەندنی دیاردەی داوێنپیسی و

هاوسەرایەتی، بەتایبەت لای ئەو ژنانەی کە بەزۆر دەدرێن بە شوو، یان ئەوانەی دەدرێن بە پیرێکی پەککەوتە، یان ئەوانەی لە لایەن مێردە دڵپیسەکانیانەوە گومانیان لێ دەکرێ و لێ دەدرێن پەنا دەبەنە بەر خیانەتکردن لە مێرد. لەم ڕووەشەوە پیاو دۆڕاو دەردەچێ و دەبێتە قوربانی کۆنەپەرستیی خۆی. بە پێچەوانەشەوە ئەو ڕێژە کەمەی پیاو کە ژنەکانیان ئازاد کردووە و دانیان بە مافیاندا ناوە دڵنیان و خۆشەویستی پیرۆز لە نێوانیاندا ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەدەستێنێ و هەرگیز خیانەت لە مێردەکانیان ناکەن.

هەستی کۆنەپەرستی بەشێوەیەک دەستی لە تەزینی بیری ئافرەت و ئیفلیجکردنی و بێسوودکردنی لە کۆمەڵگادا هەیە کە ئیتر گومانی تیا نامێنێ هۆی سەرەکی ئەم پاشاگەردانییەیە، بۆیە گۆڕان و پێشکەوتن لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئێجگار ئێجگار بە خاوی دەڕوا بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٥٢دا کە بۆ تەمەنی مێژوو دەکاتە دوێنێ لە هەموو پارێزگای هەولێردا تەنها ٧٥٩ و لە هەموو سلێمانیدا ١١٣٢ کچ دەچوونە قوتابخانەی سەرەتایی، ئەوانەی هەولێر ٣٩ مامۆستای ئافرەت و ئەوانەی سلێمانی ٤٩ مامۆستای ئافرەت دەرسیان پێ دەگوتنەوە. واتە لە ماوەی ٣٦ ساڵدا ئەو هەندۆکە گۆڕانە لە بارەی خوێندنەوە بەسەر ئافرەتی کورددا هاتووە. بێگومان لەم چەند ساڵەی دواییدا هێدی هێدی ژمارەی ئافرەتی خوێندەوار زیادی کردووە و تەنانەت هەندێ لە ئافرەتان پلەی بەرزی خوێندنیش تەواو دەکەن و لە بوارەکانی خۆیاندا کاری پێ دەکەن، بەڵام ڕەوشتە سوواوە کۆمەڵایەتییەکان هەروەکو خۆیان ماون و هیچ گۆڕانێکی بینراو یان هەستپێکراویان بەسەر نەهاتووە. ئێستاش ژمارەیەکی ئێجگار کەمی ژن نەبێ ئافرەی کورد نە خاوەنی هێزی بڕیاردانە و نە خاوەنی جەستەی خۆیەتی.

ئەم گۆمە وەستاوە پێویستە بشڵەقێنرێ و بناغەیەکی نوێ و پێشکەوتخوازانە بۆ کۆمەڵی کوردەواری بنیات بنرێ.

## ئافرەتی کورد دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١

پێشتر ئاماژەم بۆ ئەوە کرد کە کوردستان وڵاتێکی کۆلۆنییە و ئەم کۆلۆنی بوونەش ئاکامێکی خراپی بەخشیووەتە دەروون و، کەسایەتی مرۆڤی کوردی لاواز کردووە، کوردستان لە دوای پەیمانی لۆزانی ١٩٢٣وە کرا بە کۆلۆنی چوار دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی عێراق و ئێران و تورکیا و سووریا، گەلی کوردیش لە هەر بەشێکی ئەو وڵاتانەدا سیفەتی کەمایەتی پێ بەخشرا و زمان و کەلەپوری قەدەغە کرا و ڕێگەی پێشکەوتن و زانستی لێ تەسک کرایەوە، گەلی کوردیش هەمیشە شۆڕشی هەڵگیرساندووە بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی، چەندان جار شکستی هێناوە و دووبارە هەڵساوەتەوە و دەستی بە خەبات کردووە، کوردستان هەمیشە مەیدانی جەنگ بووە و ئارامیی نەبینیوە ئەمەش کاریگەریی هەبووە بۆ سەر دەروونی خەڵکی کورد و خێزانی کورد هەمیشە نادڵنیا ژیاون، ژن و پیاوی کورد لە ترسی لە دەستدانی منداڵەکانیان لە شەڕ و پەلامار و بەندیخانە و

ستێدارەخانەکاندا هەمیشە هەوڵیان داوە ژمارەیەکی زۆر منداڵ بهێننە دنیاوە کە ئەمش بە هۆی هەژارییەوە کێشەی تری بۆ دروستکردوون و ژیانێکی ناڵەبار ژیاون. ژنی کورد لە چاو ژنانی میللەتی سەردەستدا شەرمنترە، ترسنۆکترە، شەرمنترە چونکە وەکو میللەت هەمیشە بە کەمایەتی سەیر کراوە، ترسنۆکتریشە لەبەر ئەوەی هەمیشە نادڵنیا بووە کە ژیانی منداڵ یان مێردی بەهۆی شەڕ و پەلاماری رژێمە یەک لە دوای یەکە دیکتاتۆرەکانی ئەو ولاتانەوە لە دەست بچێت.

لە بەهاری ۱۹۹۱دا لە بەشی خوارووی کوردستاندا راپەرینێکی جەماوەری دامودەزگاکانی دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی عێراقیان لە کوردستاندا تێکشکاند و دار و دەستەی حیزبی بەعسی فاشیستیان وەدەرنا، خەڵکی راپەریو بریتی بوون لە (پیاو و ژن) ئیدی بە پیر و گەنجەوە، پیاو و ژن کە کوردستانیان لە دوژمن پاک کردەوە. پارتە کوردستانییەکانیش هاتن و دامودەزگای حکوومەتی کوردستانیان ئاوەدان کردەوە و دروشمی دیموکراسی ئاشکرا کرا و پەرلەمان هەڵبژێردرا... دەبووایە بەرەنجامی ئەو راپەرینەی کە ژن و پیاو ئەنجامیان دا بۆ ژن و پیاو بووایە، بەڵام هەزار ئەفسووس و مەخابن دیسان ژن رەنج بە خەسار کرا و ئەو حیزبانەی کە لە پیاوە و بۆ پیاون مەیدانەکەیان داگیر کرد، پەرلەمانێکی پیاوانە و حکومەتێکی پیاوانە و یەکێتیی نووسەرانێکی پیاوانە و...هتد دامەزرێنرا هەر بۆ چەواشەکردنی دیموکراسیش وەزیرێکی ئافرەت دانرا و شەش ئافرەتیش کران بە ئەندامی پەرلەمان و پێنج شەش یەکێتیی ئافرەتان و یەکێتیی ژنان و... شتی وایان، بۆ بەرژەوەندی حیزبایەتی قووت کردەوە و کێشەی ئافرەتیش نەک هەر وەکو خۆی مایەوە بەڵکو قووڵتر کرایەوە. بۆ نموونە دیاردەی تیرۆرکردنی ئافرەت بە ناوی لەشفرۆشییەوە. لە سایەی دیموکراسیدا پارتەکان وەک خۆیان بە خاوەنی لەشی ئافرەتی کورد بزانن خەریکی راوکردنی ئافرەتن.

من وەکو ئافرەتێکی کورد بەتووندییەوە ئەم رەخنەیە ئاراستەی حکومەتی کوردستان و پارتەکان دەکەم و بە کارێکی نێجگار ناڕەوای دەزانم کە حکومەت هێندە خۆی لە ژیانی تایبەتی تاکەکەس هەڵقورتێنێ، لە کاتێکدا کە دروشمی دیموکراسی هەڵکراوە پێویستە مرۆڤ، ژن یان پیاو، ئەوەندە ئازاد بێ کە خۆی خاوەنی جەستە و بیری خۆی بێ و لەسەر شتی تایبەتی تیرۆر نەکرێ. ئەفسووس... ئافرەتی کورد دوای راپەرینیش هەمان یاساکانی ئەحوالی مەدەنی عێراق دەرهەقی پەیرەوەی دەکرێت.

پێویستە لە سایەی دیموکراسیدا وەزعی ژن هێندە ناڵەبار نەبێ و لەسەر بناغەیەکی پێشکەوتوخوازانە یاسای نوێی بۆ دابنرێت. ئەو یاسایانەش ئاین خۆی تێ هەڵنەقورتێنێ. بۆ نموونە لە مەسەلەی تەڵاق و میراتیدا کە ئافرەت نێجگار بەشخوراوە.

دەمانەوێ ئەمڕۆ سەرەتای گۆڕانەکان بێ و لە سایەی دیموکراسیدا ژن و پیاو یەکسان

بن لە ئەرک و مافدا، تەنانەت ئەرکەکانیان لە سوپاشدا، چونکە کوردستان هەر هی پیاو نییە بەتەنها و پێویستە پێکەوە پارێزگاری لێ بکەن.

سەرەنجام... بۆ ئەوەی رۆحی دیموکراسیەت بپارێزرێ پێویستە بە یاسا دان بەوەدا بنرێ کە ژن و پیاو خاوەنی هەمان ماف بن:

- لە جەنگدا.
- لە فەرماندا.
- لە بەڕێوەبردنی پارتیدا.
- لە کارگێڕاندا.
- لە کاروباری کۆمەڵایەتیدا.
- لە خێزاندا.

شۆڕش ئەگەر بە واتەی گۆڕان بێت پێویستە کۆمەڵی کوردیش تەکان بدا و لە هەموو بوارەکان بەرەو پێشەوە ببرێ دەنا ئەوە شۆڕش نییە و تەنها هەرایەکی پیاوانەیە.

١٩٩٣/١١/١

سوید

**سەرچاوەکان:**


- المرأة والصراع النفسي. د. نوال سعداوي.
- المرأة والجنس، المرأة هي الأصل. د. نوال سعداوي.
- الجنس الآخر. سيمون دو بوفوار.
- المفهوم التأريخي لقضية المرأة. عزيز السيد جاسم.
- تحرر المرأة العاملة. الكسندر كولونتاي.
- المرأة في تراث الإشتراكي. نخبة من فلاسفة.
- أصل الفروق بين جنسين. أورزولا شوي.
- من أجل إرتقاء المرأة. روجيه غارودى.
- اربع زوجات ورجل. اسماء حليم.
- المرأة. بحث في سيكولوجية الأعماق. بيير داكو.
- المرأة والحرية. يوسف ميخائيل اسعد.
- الجنس كهندسة إجتماعية. فاطمة السيد.
- ئافرەت لە مێژوودا. د. کەمال مەزهەر.
- چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد. د. کەمال مەزهەر.
- ئافرەت و ژانی لە دایک بوونێکی نوێ. هەڤاڵ کوێستانی.
- ئادەمیزاد لە کۆمەڵگای کوردەواریدا. عەبدولخالق مەعروف.
- ڕابوون، ژمارە ٦، وتاری کۆڵۆنیالیزم و کەسایەتی مرۆڤی کورد. ئامانج گەرمیانی.
- هاوسەرداری و ڕەوشت. بەرتراند ڕاسل.

MATRIARCHY IN
KURDISTAN
WOMAN RULERS IN KURDISK
HISTORY

MARTIN VAN BRAUINESSEN

# مێ وەجاغی لە کوردستان
# ژنە فەرمانڕەواکان لە مێژووی کورددا

مارتین ڤان برواینیسن

وەرگێڕ: حەسەنی قازی

کۆمەڵگەی کورد وەک کۆمەڵگەیەکی کە لە ژێر دەسەڵاتی نێردایە ناسراوە و، لە گشت مێژووی زاندراویدا هەر وابووە. لەگەڵ ئەوەشدا، بە درێژایی مێژووی کوردان، ئێمە نموونەی ژنی ئەوتۆمان بەرچاو دەکەوێ کە پلەی زۆر بەرزیان وە دەست هێناوە و بوونە ڕێبەری سیاسی و، لە چەند کەیسێکدا تەنانەت ڕێبەری نیزامی جڤاتەکانی خۆیان. زۆر زەحمەتە کە نموونەی جێی بەراوردکردنی ئەوتۆ دە نێو دراوسێ هەرە گرینگەکانی کوردەکاندا، واتە تورەکەکان، عەرەبەکان و فارسەکاندا ببیندرێتەوە، ئەگەر نموونەی ئەوتۆ هەش بووبێ، لەبەر تەعەسوبی دژی مێیان لە مێژوونووسیندا، لە نووسراوە و ئەدەبدا باسێکی وەهایان نەکراوە؛ کەوابێ مرۆڤ دەبێ چاوەڕێی ئەوە بکا کە هەمان شێوەش سەبارەت بە باسی سەرکردە ژنەکوردەکانیش بێتە گۆڕێ. زۆربەی نووسەرانی هاوچەرخ کە سەبارەت بەو ڕێبەرە ژنە هەڵکەوتووانە نووسیویانە، لەڕاستیدا، وا دەردەکەوێ کە ئەوانیان بە دیاردەیەکی تەواو کوردی داناوە.

ئەو نموونە چەند پاتە بوونەوانەی فەرمانڕەوایی لە لایەن ژنانەوە بۆ خۆیان سەرنجڕاکێشن، بەڵام ڕێزە پرسیارێکیش سەبارەت بە کۆمەڵگەی کورد و هەڵوێستی ژنان لەوێدا دەهێننە گۆڕێ. چەند نووسەرێکی پیاوی کورد پێیان خۆش بووە ئەو کەیسانە بە بەڵگە دابنێن بۆ ئەوەی کە ژنان لە کۆمەڵگەیاندا هەڵوێستێکی جێی ڕێز و حورمەتیان بووە، یا تەنانەت ئەوانە پاشماوەی سوننەتی کۆنی یەکسانی جینسەکان بوون. وا وێدەچێ کە ژنانی هەرە ناسراو دە نێو ئەوانەدا بووبنە سەمبۆلی نەتەوایەتی و، نموونە بن بۆ بەرزتربوونی ئەخلاقی کوردەکان بەسەر دراوسێکانیاندا. لەوانەیە فێمینیستەکانیش بەو

فەرمانڕەوا و سەرکردە ژنە کوردانە فروسماو بن، بەڵام نەک ئەوەی ئامادەیی ئەوەیان هەبێ بەو ئاکامە بگەن کە لەبەر ئەوەی هێندێک ژن پلەوپایەی بەرزیان دەست کەوتووە ئیتر هەموو شت سەبارەت بە مافی ژنان لە کوردستان باشە و وەدی هاتووە. لە لاپەڕەکانی دواتردا بە کورتی باسی لێکدانەوەی جێی دەمەقرەی جۆربەجۆر لەمەڕ دیاردەی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی لە لایەن ژنانەوە دەکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا، مەبەستی سەرەکی ئەم نووسراوەیە بەرزەفڕانە نییە و تەنێ دەیەوێ بەسەرهاتی ژنی ئەوتۆی کە بوونە فەرمانڕەوا و دەوری 'پیاوانە'یان لە کوردستاندا گێڕاوە و زانیاری باشیان لەسەر کۆکراوەتەوە شێ بکاتەوە.

## عادلەخانی هەڵەبجە

لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا جاف ڕەنگە عەشیرەتی هەرە گرینگی کوردستانی خواروو بووبن. جاف، وەکو عەشیرەتە گەورەکانی دیکە، لە کۆمەڵگەیەکی بەتوێژ دابەشبووی پتەو پێکهاتبوو و بریتی بوو لە ژمارەیەک بن هۆزی ئەوتۆ کە وەک ئەوانی تر بە جافی ڕەسەن دادەنران، بەڵام پلەی نزمتریان هەبوو و، سەر بە عەشیرەتەکە وە حیساب دەهاتن. ئەو مرۆڤە خێڵەکیانە بەیەکەوە بە سەرتوێژێکی ناعەشیرەتیدا زاڵبوون و دەسەڵاتداریان بەسەرەوە دەکردن. خۆشیان بە نۆرەی خۆیان گوێڕایەڵی خانەدانێکی فەرمانڕەوا بوون کە بە بەگزادە نێودێر دەکران.(١) کەسێکی دوندی ئەو هێرەمە کۆمەڵایەتییەی گرتبۆوە، ڕەنگە تا ڕادەیەک سەیریش (بنوێنێ)، پیاوێک نەبوو، بەڵکو ژنێک بوو، بە نێوی عادلە خانم. ئەو ژنی عوسمان پاشا، سەرکردەی بەگزادە بوو کە لە لایەن حکومەتی عوسمانی ڕا کرابوو بە قایمقامی گشت ناوچەی شارەزوور.(٢) تەنانەت عادلەخانم کاتێ کە مێردەکەی هێشتا زیندووش بوو، وردە وردە دەسەڵاتی کاریگەری وە دەست هێنا. کە عوسمان پاشاش لە ساڵی ١٩٠٩دا سەری نایەوە، عادلەخانم کۆنترۆڵی تەواوی کاروباری لە کیس نەدا و، دەستڕۆیشتوویی و دەسەڵاتی وی بێ ئەوەی لە کزی بدا تا کاتی مردنی لە ساڵی ١٩٢٤دا هەر بەردەوام بوو. عادلە خانم لە هەموو بارێکەوە هەتا بڵێی یایەکی هەڵکەوتوو بوو و، نووسەرانی دوو کتێبی کلاسیک سەبارەت بە کوردستان، ئی. بی. سۆن و سی. جی. ئێدمۆنس (کە هەردووکیان ئەویان باش دەناسی)، بە وشەی هەرە پەسنوێژانە و پێهەڵداگوتندا لەمەڕ وی دەنووسن.(٣)

عادلەخانم لە نێو هۆزی جافدا نەهاتبووە دنیاوە، بەڵکو بۆ خۆی سەر بە بنەماڵەیەکی گرینگی میرنشینی پێشووی ئەردەڵان لە ئێرانی دراوسێدا بوو. ئەردەڵان کە پێتەختیان لە سنە بوو، لە مێژ بوو ئەو شوێنەیان کرد بوو بە نێوەندی دەرباری فەرهەنگ، هونەر و، وێژەی کوردی لە ئێران. تا نێوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم، ئەو میرنشینە ئاخر پاشماوەی سەربەخۆیی خۆی لە کیس دا و، ئەو بنەماڵە کوردەی کە بە ساڵان فەرمانڕەواییان بەسەر ئەو میرنشینەدا دەکرد لە لایەن شاوە لەسەر کار لابران و جێیان بە حوکمدارێکی کە لە نێوەندەوە دیاری کرابوو گیرایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، خانەدانێکی دیکەی نەجیوزادەی کورد،

واتە وەزیرەکانی فەرمانڕەوایانی ئەردەڵان، توانیبوویان هەڵوێست و پلەی خۆیان بپارێزن. عادلەخانم سەر بەو بنەماڵەی وەزیران بوو؛ باوکی کاربەدەستێکی گەورە بوو لە تاران. هۆزی جاف و میرنشینی ئەردەڵان بە ساڵان لە سنوورەکانی عوسمانی و ئێرانی هێزی ناوچەیی گرینگ بوون و، چەند ژنووشوویی سیاسی لە نێوان بنەماڵە دەستڕۆیشتووەکانی هەردوو لای سنووردا کرابوون.

کاتێک عوسمان پاشا عادلەخانمی هێنا، قایمقامی شارەزوور و بێوەپیاو بوو. عادلەخانم هاتە هەڵەبجە بۆ لای هاوسەرەکەی، ئەو شوێنەی کە گوندی نێوەندی لە خاکی جافاندا بوو، لەوێ عادلەخانم بەپێی شێوەی ئاریستۆکراتی فارسی ماڵ و حاڵێکی پێکەوە نا و، ئەمش ئاڵوگۆڕێکی تەواو بوو لەو شێوە ژیانە سادەیەی کە هەڵەبجە خووی پێ گرتبوو. ئەو لە سنەوە سەنعەتکاری هێنا و دوو دەست خانووبەرەی زۆر جوانی دروست کرد، کە لە شێوەی ئەوان تەنانەت لە شاری بە خۆفشی سولەیمانییەشدا پەیدا نەدەبوو. عادلەخانم دەستی کرد بە دارناشتن و باخ دروستکردن بە شێوەی فارسی و هەڵەبجەی لە جێیەکی خەفەی تۆزداگرتووەوە کردە شارێکی بچکۆلانەی خنجیلانە و سەرسەوز. عادلەخانم بازاڕێکیشی لە هەڵەبجە دروست کرد (بەپێی نەخشەی خۆی) و بازرگان و سەوداکارانی بەرەو ئەوێ هێنا (زۆر لەوان جوولەکە بوون) و، چاوی بەسەر ئەوەوە بوو کە هەڵەبجە ببێتە نێوەندێکی گرینگی سات و سەودا. لە سایەی هەوڵەکانی عادلەخانم را، نێو و نێوبانگی هەڵەبجە بە دوور وڵاتانەوە بڵاوبۆوە، ئەو تەنانەت شێوەی ژیانی ڕۆژانەی دەوروبەری خۆشی بە هێنانی کارەکەر و خزمەتکار هەر لە نێو کوردەکانی فارسەوە و بەخێرهێنانی هەر میوانێکی لەوبەری سنوورەوە هاتبا گۆڕێ. هەڵەبجە، بوو بە ئاوێنەیەک، لە سنەی درەوشاوەی پێشوو، لە ڕادەیەکی بەرتەسکدا.

سۆن، کە ئێمە بۆ زۆربەی زانیارییەکانمان سەبارەت بە عادلەخانم قەرزداری ئەوین، یەکەم جار لە ئاخر ساڵانی دەسەڵاتی عوسمانی، لە ساڵی ١٩٠٩، سەری لە هەڵەبجە دا. دوای کارکردن بۆ بانکێکی بریتانیایی لە ئێران بۆ ماوەی چەند ساڵ، دەستی کرد بە سەفەرێکی پڕ لە گێچەڵ بە کوردستاندا و لە دێوجامەی فارسێکدا.(٤) ئەو کە مەنزڵ بە مەنزڵ لە قوستەنتەنییەوە (ئەستەمبووڵ) وە ڕێ کەوتبوو، هەڵەبجەی بە ئاخر مەنزڵ دانا و، نێوبانگ و بەسەرهاتی عادلەخانم بەرەو ئەوێی کێشا. سۆن لەو کارەی خۆی پەشیمان نەبوو. بە شوکرانەی ئەوەی کە فارسییەکی باشی دەزانی و لێوەشاوەییەکانی دیکەی، عادلەخانم داوای لێکرد لە لای بمێنێتەوە و وەک میرزا لە خزمەتیدا بێ. بەو شێوەیە سۆن هەم وەزعی هەڵەبجەی چاک بۆ ڕوون بووەوە و هەمیش زانیارییەکی تەواوی سەبارەت بە بابی یەکەم پەیداکرد. سۆن ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئاوات و ویستەکانی عادلەخانم هەر بە ئەوەوە نەدەوەستا کە دەوروبەری فیزیکی و ئینسانی ئاڵوگۆڕکا و بیبووژێنێتەوە، بەڵکو لێبڕوانە دەورێکی سەرەکی سیاسیشی دەگێڕا:

ورده ورده دەسته‌ڵاتی ڕەسمی کەوتە دەستی. عوسمان پاشا زۆرجار لە دووی دەنرا کە سەفەر بکا و کاروباران ڕاپەڕێنێ و جاروبار دەبوو بچێتە سولەیمانییە، کەرکوک و، موسڵ بۆ کاروباری لەمەڕ حکومەت. جا بۆیە لە نەبوونی ویدا، یای عادلە حکومەتی بۆ دەکرد، ئەو زیندانێکی تازەی دروست کرد و، دادگەیەکی بە داد ڕاگەیشتنی پێک هێنا کە بۆ خۆی سەرۆکی بوو و، بەم شێوەیە هێز و دەسته‌ڵاتی خۆی پتەو کرد و، ئەگەر پاشا، لە هەڵەبجە بانە، کاتی خۆی بە قلیان کێشان، دروستکردنی گەرماوی تازە و، باشترکردنی کاروباری ناوچە ڕادەبرد، لە کاتێکدا ژنەکەی حوکماتی کرد. (سۆن ۲۱۹:۱۹۲٦ داگرتنەوەکە لە لایەن منەوە زیاد کراوە.)

وا وێدەچێ، کە مێردی یای عادلە، عوسمان پاشا، بە خۆشییەوە بە بڕوابەخۆیی و دەسته‌ڵاتی ژنەکەی ڕازی بووبێ، ڕەعییەت و دەستوپێوەندەکانی دەبێ تەواو بە بوونی کەسێتییەکی شارستانی و بەورەی ئەوتۆ لە نێو خۆیاندا فروسماو بووبن. دەسته‌ڵاتدارانی عوسمانی کە هەستیان بە زیادبوونی نفووزی ئێران لە قەڵەمڕەوەی خۆیاندا کردبوو، بەوە شاد نەبوون، بەڵام هیچیشیان لە دەست نەدەهات. ئەوان هێڵێکی تێلێگرافیان بۆ هەڵەبجە ڕاکێشا، بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی خۆیان بەسەر ئەوێدا باشتر بکەن، بەڵام جاف دژی ئەوە بوون و هێڵەکەیان هەڵبڕی. عادلەخانم بە کاربەدەستانی عوسمانی ڕاگەیاند کە ئەوە ساز نەکەنەوە، هەڕەشەی لێکردن کە هێڵەکان دیسان هەڵدەبردرێنەوە و، بەم پێیە توانی پێوەندی باشتر و کۆنترۆڵی عوسمانی دوور ڕابگرێ. (سۆن ۲۲۰:۱۹۱٦)

ئینگلیسیەکی دیکە کە دە ساڵ دواتر، لە نزیکەوە لەگەڵ یای عادلە بوو بە ناسیاوێکی باش سیسل. جان ئێدمۆندس، ئەفسەری سیاسی سەردەمی داگیرکردنی عێراق لە لایەن بریتانیاوە بوو. ئەو کاتی عادلەخانم مێردەکەی مردبوو، بەڵام وەکو ئێدمۆندس دەڵێ، وەک "مەلەکەی بێ تاجی شارەزوور" مابۆوە.(٥) ئەو یەک لەسەر سەرکردە عەشیرەتانەی بوو کە بریتانیاییەکان بە "وەفادار"یان دادەنان. لە ساڵی ۱۹۱۹، کاتێک شێخ مەحموودی سولەیمانییە وورووژا و خۆی بە پادشای کوردستان ڕاگەیاند، عادلەخانم و جافەکانی لای بریتانیایان گرت -جافەکان و شێخ مەحموود هێندەیان حەز لە چارەی یەکتری نەدەکرد. دەزگای بەڕێوەبەری بریتانیا دواتر لەقەبی هیندی "خان بەهادور"ی دا بە عادلەخانم بەڵام وا وێناچێ کە ئەو بایەخێکی ئەوتۆی دابێ بەم لەقەبە بەو جۆرەی کە نووسەرانی برتانیایی دیاردیی بۆ دەکەن.

برتانیاییەکان کوڕی عادلەخانم، ئەحمە بەگیان، کرد بە قایمقام و بە ڕێگەی ویدا بوو کە خانم لەسەر دەکارکردنی نفووزی خۆی بەردەوام بوو. گشت کاربەدەستە ناوچەییەکان فەرمانی ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی خۆیان نەک لە قایمقام بەڵکو ڕاستەوخۆ لە ئەفسەری سیاسی یارمەتیدەری (بریتانیایی) کە لە هەڵەبجە نیشتەنی بوو وەردەگرت. ئێدمۆندس بە نێودێرکردنی عادلەخانم بە مەلەکەی بێتاج دەبێ بیری لە وەفاداری قانوونی و تا ڕادەیەکی

زۆر تەشریفاتی حکومەتی خۆی کردبێتەوە. ئاشکرایە کە عادلەخانم کەمکرانەوەی هێز و دەسەڵاتی خۆی بە سەر و دڵی خۆش وەرنەگرت و پێوەندییەکانی نێوانیان لە ئاخریدا تا رادەیەکی زۆر زۆرەکی بوو. عادلەخانم لە ساڵی ١٩٣٤دا سەری نایەوە، بەلام بیرەوەری وی تەنانەت ئەورۆش لە نێو خەڵکی شارەزووردا بە روونی زیندووە و ماوەتەوە.

## فەرمانڕەوایانی گەورەی ژنی پێشووتر

هێز و دەسەڵاتی بەرچاو و سەرنجڕاکێشی عادلەخانم لە کۆمەڵگەیەکدا کە وەکی دی لە بن نیر و دەسەڵاتی نێردایە، هەڵبەت تا ڕادەیەکی زۆر لەبەر ڕێز و ماقووڵی بنەماڵەکەی، واتە وەزیرییەکانی ئەردەلان بوو. بەبێ بنەچەکە و پێشینەیەکی ئەوتۆ و، بەبێ هەبوونی مێردێکی خۆبەکەمگر و لەسەرەخۆ، زۆر زەحمەت دەبوو ئەگەر کاری گران نەبایە ژنێک پلەوپایەکی وەک ئەو بە دەست بهێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا، شتی سەیری سەرۆکایەتی مێینە وا وەێدەچێ لە نێو کوردان لە زۆر لە کۆمەڵگەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا شیاوی قەبووڵکردنی زیادتر بێ. ئەوە زەحمەت نییە نموونەی دیکەش ببیندرێتەوە کە ژنان سەرۆکایەتی عەشیرەتێکی تەواویان وە دەستهێنابێ. یەکەم ئورووپایی کە باسی ژنێکی کوردی ئەوتۆ بەهێز و دەسەڵات دەکا ڕەنگە گەڕاڵی ئیتالیایی پێترۆ دێلافال PIETRO DELLA VALLE بووبێ. لە دەورووبەری ساڵی ١٦٢٠دا دێلافال و ژنە سوورییەکەی، کە لە بەغداوە ڕایان دەکرد، لە قەسری شێرن لە سنوور ئاوابوون و لە لایەن فەرمانڕەوایەکی مێی کوردەوە بە نێوی خانم سوڵتان زۆر بە گەرمی میوانداریان لێکرا.(٦)

لە هێندێک لە ناوچەکانی کوردستان، فەرمانڕەوایی لە لایەن ژنانەوە ئەوەندە باو بوو کە بەئاشکرایی لە تۆماری بەند و باوەکی (قانوونامە)دا کە لە لایەن عوسمانییەکانەوە کۆکراونەتەوە باسیان کراوە. گەڕیدەکی گەورەی تورکی سەدەی هەقدەهەم ئەولیا چەلەبی، بە سەرسووڕمانەوە باسی ئەوە دەکا. کتێبەکەی چەلەبی سەیاحەتنامە یەک لە سەرچاوە هەرە سەرەکییەکانی ئێمەیە بۆ زانینی ژیانی ڕۆژانە لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە زەمانی ویدا. ئەو جۆرە قانووننامانە بۆ هەر کام لە ئەستانە عوسمانییەکان دوای داگیرکرانیان گەڵاڵە دەکران و بەدەم تێپەڕینی زەمانەوە ئاڵوگۆڕ و پێداچوونەوەیەکی زۆر کەمیان تێدا دەکرا.(٧) ئەو قانووننامانە هەموو جۆرە بابەتێکی سەبارەت بە ڕێوشوێنی بەڕێوەبەری و دارییان تێدا بوو؛ تا ئەو جێی کە بگرێتەوە سەر ئەستانە کوردییەکان لەوانەدا تەبیعەت و دەرەجەی ئۆتۆنۆمی فەرمانڕەوایانی سوننەتی کوردیش لە ئاست دەزگای بەڕێوەبەری عوسمانی دیاریی کرابوون. هێندێک لە مەڵبەندەکان ڕاستەوخۆ لە لایەن ئەو حوکمدارانەی کە لە نێوەندەوە داندرابوون بەڕێوە دەچوون، لە کاتێکدا ئەوانی دیکە لە ژێر فەرمان و دەسەڵاتی فەرمانڕەواکانی سوننەتی کورددا گەڕی ژیانیان بەردەوام بوو. لە میرنیشینی ئۆتۆنۆمی ئەوتۆدا، جێنشینی فەرمانڕەوایەتی و ئەوەی کێ جێی کێ بگرێتەوە لە نێو بنەماڵەی فەرمانڕەوادا یەکلا دەکرایەوە، تەنانەت ئەگەر لە سۆنگەی هێندێک شت فەرمانڕەوای ڕۆژێ لە لایەن حکومەتی نێوەندی لەسەر کاریش

لادرابا.

دەستتێوەردانی حکومەت لە کاروباری ئەو جۆرە میرنشینانەدا بەو شێوەیە بوو کە لەبری ئەندامێکی فەرمانڕەوا ددان بە یەکی دیکەیاندا بهێنێ و لەبن باڵی خۆی گرێ. ئەولیا چەڵەبی دەگێڕێتەوە کە قانوونانەی شارەزوور شەرتی ئەوتۆی تێدا بوو کە ڕێی دەدا کچ ببێتە جێنشین و، دەڵێ جێگرتنەوەیەکی ئەوتۆ تەواو باو بوو و بە ڕوواڵەت کوردەکان تەواو لایان پەسەند بوو و ڕەچاویان دەکرد.(٨)

ئەولیا چیرۆکی بەتایبەتی پایەکی تێکۆشەری بیست کە بەسەر میرنشینی دوو لایەنەی حەریر و سۆراندا (کە لە ناوچەکانی ڕۆژهەلات و باکووری ڕۆژهەلاتی هەولێر پێکهاتبوون)، نەک ماوەیەکی زۆر بەر لە سەردانی ئەو لەو مەڵبەندە، فەرمانڕەوایی کردبوو. لەوانەیە ئەو داستانەکەی هێندێک گەورە کردبێتەوە و ڕازاندبێتیەوە، وەک ئەوەی کە گەڕیدان دەیکەن، بەڵام گومانی تێدا نییە کە ئەو پایەی ئەو نێوی دەبا لە ڕاستیدا هەبووە.

لە زەمانی سوڵتان مرادی چوارەمدا (کە لە نێوان ٤٠-١٦٢٣دا حوکماتی دەکرد) مەڵبەندەکانی حەریر و سۆران لە لایەن پایەکی بەحورمەت بە نێوی خانزادە سوڵتان فەرمانڕەوایی بەسەردا دەکرا. لەشکرەکەی لە ١٢٠٠٠ سەربازی پیادەی چەکدار و ١٠٠٠٠ سوارەی تیرهاوێژ پێکهاتبوو. لە مەیدانی شەڕدا ئەو دەموچاوی بە ڕووبەندێک دادەپۆشی و لەشی لە عەبایەکی ڕەش وەرئینا بوو، ئەوە (قارەمانی ئەفسانەیی ئێران) سام ی کوڕی نەریمان دەچوو، کاتێک کە بە سواری ئەسپە حدوودەکەی دەهات و شەڕەشیری ئازایانەی دەکرد. وەک سەرلەشکری سپایەکی چل تا پەنجا هەزار کەسی چەند جار هەڵی ئەشکاوتە سەر ئێران، هەمەدان، دەرگەزێن، جەمجانئاب و چەند شاری بەرچاوی دیکەی تاڵان کرد و بە سەرکەوتوییەوە، بە دەستکەوتێکی زۆرەوە گەڕایەوە سۆران.

دوو سەدە دواتر، لە ساڵانی ١٨٥٠دا، پایەکی شەڕانی دیکەی کورد سەرنجی ئوروپای بەرەو لای خۆی ڕاکێشا. گوزاریشتی ڕۆژنامەکان هەر بریتی نەبوون لە دەنگوباسی کارەکانی تیمار و لاواندنەوەی فلۆرانس نایتینگێل لە شەڕی کریمەدا بەڵکو باسی قارمانەتی قەرە فاتمە خانم (یای فاتمەڕەش)یشیان تێدا بوو لە مەیدانی شەڕدا. ئەو قارەمانە سەرکردەی مێی عەشیرەتێکی کورد لە ناوچەی مەرعەش بوو. یای فاتمە بە شەخسی خۆی لەو شەڕەدا فەرماندەیی تیپەنێکی کوردی دەکرد، بۆ ئەوەی کە وەفاداری خۆی بە دەوڵەتی عوسمانی بسەلمێنێ. لە ژمارەی ٢٢ی ئاوریلی ١٨٥٤ی ڕۆژنامەی THE LONDON ILLUSTRATED NEWS دا نەخشی ئەو جێیەکی زۆری دراوەتێ و، لاپەڕەیەکی تەواو تەرخان کراوە بۆ کێشانەوەی شکڵی لە کاتێکدا کە لەگەڵ کۆمەڵەیەکی گەورە لە سوارە شەرکەرەکانی عەشیرەتەکەیدا دەگاتە قوستەنتەنییە.(٩)

بەپێی ئەم وتارە کە لەلایەن هەواڵنووسی ئەو گۆڤارە لە قوستەنتەنییەوە نووسراوە

عەشیرەتی قەرە فاتمەخانم (کە بە داخەوە ناوەکەی باس نەکراوە) یەک لە عەشیرەتە هەرە گەورەکانی ئانادۆڵی ڕۆژهەڵات بووە و، لە وزەیدا بووە ٤٠٠٠ هەزار سوار لە دەوری خۆی کۆکاتەوە. سەرکردەی سەرەکی ئەو عەشیرەتە، مێردی یای فاتمە، دەگەڵ حکومەتی عوسمانی تووشی کێشە دەبێ و لەبەر هۆی کە ڕوون نین دەخرێتە بەندیخانەوە (هەواڵنووسەکە باسی "جونجەی پچووک") دەکا. لە ڕۆژی گیرانی مێردەکەیەوە، یای فاتمە وەک سەرکردەی عەشیرەتەکەی ڕەفتار دەکا. بۆ ئاشتکردنەوەی سوڵتان و زەمینەخۆشکردن بۆ بەردرانی مێردەکەی یای فاتمە ئامادەیی خۆی دەردەبڕێ کە بە خۆی و سێسەد کەس لە باشترین جەنگاوەرەکانی لەگەڵ هێزی عوسمانی بکەوێ و لە دژی ڕووسەکان بە شەڕ بێ.(١٠)

وەک THE ILLUSTRATED LONDON NEWSیش باس دەکا، جێی سەرنجە کە لەو بەربەرەکانییانەدا، قەرە فاتمەخانم، براکەشی لە خزمەتدا بووە. بەڵام براکەی نا بەڵکو ئەوە بە ڕاشکاوی خۆی بووە کە فەرماندەری کردووە.

ئەوە هەر ئەوروپاییەکان نەبوون کە فروسماوی یاییەکی ئاوا هەڵکەوتوو بوون، بەڵکو ئەو وەکو جەنگاوەرێکی ژنی تورکیا و وەک ژنێکی بەرگریکار لە ئیسلام (شەڕی کریمە لەسەر پاراستنی خاکی موسڵمانان لە دژ هێرش و داگیرکردنی مەسیحییان بوو) ئاوڕی لێ دراوەتەوە سەری و گەورە کراوەتەوە. ئێمە دەکرێ ناوی وی لە پاڵ دەربڕینی شەرمێونانەی موسڵمانانەدا لە بەشە هەرە دوورە دەستەکانی دنیای موسڵماندا ببیەین.(١١)

## نیشانەیەک لە مافی یەکسانی ژنان لە نێو کورداندا

هێندێک لە نووسەرانی کورد هەبوونی سەرۆک عەشیرەت و فەرمانڕەوای ئاوای ژن لە نێو کورداندا بە بەڵگەی پلەی زۆر یەکسانتری ژنان لە نێو کوردان دادەنێن، بە لانی کەمەوە بە لەبەریەکگرتن لەگەڵ گەلەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. چەندین ناسیۆنالیستی کورد ئیدیعا دەکەن کە ژنان لە سەرەتاوە لە کۆمەڵگەی عەشیرەتی کورددا مافی وەکو یەکیان (لەگەڵ پیاوان)دا هەبووە و ئەو مافەیان تەنێ لەبەر زاڵبوونی ئیسلام، یان لەبەر دەستەڵاتی دوڵەتە پادشاییە نێوەندییەکانی ئێران و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە کیس داوە. زیبا گۆێکالپ یەک لە باوکەکانی دامەزرێنەری ناسیۆنالیزمی تورک (ئەگەرچی لەوانەیە ئەو بۆ خۆی ڕەچەڵەکی کوردی هەبوو بێ)، هەر هەمان قسەی سەبارەت عەشیرەتەکانی ئەسڵی تورک کردووە. زۆر نزیکتر، نووسەری ناسیۆنالیستی ناسراوی کورد موسا ئەنتەر نووسراوەیەکی کورتی بە ناوی "شوێنی ژنان لە مێژووی کورداندا" بڵاوکردۆتەوە و لەوێدا لەسەر هەبوونی پلەی یەکسانیی ژنان لە کۆمەڵگەی کورددا پێی داگرتووەتەوە.(١٢)

یەکەم ڕستەی نووسراوەکەی ئەنتەر بۆچوونی دەردەخا: "بەپێی کتێبە کۆنەکان بۆمان

دەردەکەوێ کە لە نێو کورداندا ژنان لە باری کۆمەڵایەتییەوە وەک پیاوان وا بوون." ئەو لێی زیاد دەکا و دەڵێ لە سەروبەندی ئیسلامیدا ژنانی کورد، بە پێچەوانەی گەلە موسوڵمانەکانی دیکە ناچار نەکران بەوەی کە چارشێو بە خۆدا دەن و ڕووی خۆیان بگرن و، لە باری کۆمەڵایەتیشەوە لە پیاوان جوێ نەبوون.(١٣) جگە لە چەند ئاغای دەرەبەگ و فیئۆداڵ و ئاریستۆکرات نەبێ، پیاوی کوردیش فرەژن نەبوون. لە کاتی شەڕ و نێواناخۆشی لە نێوان دوو عەشیرەت یان دوو فەرمانڕەوادا، ژنانی هەردووک لا تەواو بە سەربەستی دەیانتوانی فیشەک، چەک و تەقەمەنی و تفاق بۆ ئەو پیاوانەی دە شەڕدا بوون بهێنن؛ بەبێ ئەوەی کەس بیری پێشگیرانەوەی ئەوانی بە زەیندا بێ، چ دەگا بەوەی کە هێرشیان بکاتە سەری.

بەڵگەی هەرە پتەو سەبارەت بە پلەی وەکو یەکی ژنان کە ئەنتەر بیری بۆی دەچێ دیسان هەمان هەبوونی سەرکردەی عەشیرەتی مێیە. ئەو باسی چەندێکیان دەکا، لە عادلەخانمی بە نێوودەنگی هەڵەبجەوە دەست پێدەکا و دەگاتە ژنە بەنێوبانگەکانی دەورووبەری مەڵبەندی خۆی، واتە ماردین لە تورکیای ئێستادا. ئی هەرە بەنێوبانگ لە نێو ئەوانەدا ڕەنگە پەریخان خانم بووبێ، کە سەرۆکایەتی عەشیرەتی ڕامان ی دەکرد تا ئەوەی کە کوڕەکانی بە تەمەنێکی ئەوتۆ گەیشتن کە جێگەی بگرنەوە. ئەو ڕاستییەی کە کوڕەکەی ئەمین، کە بۆ خۆی لەبەر لێوەشاوەیی خۆی وەک سەرۆک عەشیرەتێک نێوبانگی دەرکرد، بەڵام هەر بە نێوی دایکی واتە ئەمینی پەریخان هەڵدەدرا و نەک بە نێوی باوکی، نیشان دەدا کە پەریخان خانم زۆر لەوە زیادتر چاولێکراوە کە هەر بە کەفیلێکی مێردە بەڕەحمەتچووەکەی دابندرێ. ژنێکی بەدەستەڵاتی دیکە شەمسی خاتوونی عەشیرەتی عومەریان بووە. ئەو دوای کۆژرانی مێردەکەی محەمەد، سەرۆکایەتی عەشیرەتەکەی بە دەستەوە گرت و ئەو پلەیەی تا ئەو کاتەی کوڕەکەی، کە ئەویش نێوی محەمەد بوو پێگەیشت و لە جێی باوکی دانیشت، پاراست، ئەو کوڕەش بە نێوی محەمەدی شەمسی بانگ دەکرا تا ئەوەی کە بە محەمەدی محەمەد نێوی هەڵبدرێ. ئاخر نموونەی ئەنتەر دایکی خۆی، فەسڵەخاتوونە، کە بۆ ماوەی نزیک چل ساڵان تا کاتی مردنی لە ساڵی ١٩٦٣ سەرۆکایەتی عەشیرەتی تەمیکەی دەکرد. ئەنتەر، لەو بڕوایەدایە، کە فەسڵەخاتوون یەکەم ژن بووە کە ببێتە موختار لە تورکیا (موختار کەیخودای هەڵبژێردراوی گوندە)، ئەوەش لەبەر ئەو هۆ سادەیەی کە هیچ پیاوێکی جێی بڕوا نەمابوو کە فەسڵەخاتوون ئەو کارەی پێ بسپێرێ.

ئەنتەر کە تا ڕادەیەک ئیدیعاکانی خۆی بەرپەر دەداتەوە بە جەختکردنەوەی ئەوەی کە ئەو ژنانە تەنێ دوای مردنی مێردەکانیان بوون بە سەرۆکی عەشیرەت و، بەم شێوەیە ناڕاستەوخۆ ئەوە دەگەیەنێ کە ئەوان پلەوپایەی خۆیان تەنێ لە سایەی سەری مێردەکانیانەوە وەدەست هێنا. لە نموونەکانی دیکەدا، وەک ئەوانەی کە ئەولیا چەلەبی باسیان دەکا، ژنە فەرمانڕەواکان ئاخرەکەی بۆ ئەو پلەوپایەی دەستیان کەوت قەرزداری باوکەکانیان بوون. هەمیشە پیاوێکی بەدەستەڵات لە پشت سەریانەوە بەدی دەکرا. ئەمن بە

هیچ ژنێکی کورد بە بنچەکێکی هەژارانەوە نازانم کە لە سایەی هەوڵ و تێکۆشانی خۆیەوە پلەوپایەی بەرزی وەدەست هێنابێ، لە کاتێکدا نموونەیەکی زۆر و زەوەند لە پیاوی ئەوتۆ هەن کە ئەوەیان بۆ هەڵسووڕاوە. لە کاتێکدا ئەمە دەڵێین، نابێ چاو لەو ڕاستیەش هەڵبڕین کە گشت ئەو ژنە فەرمانڕەوایانەی باسیان کرا بە نێوی خۆیان دەناسران، نەک بە نێوی مێردەکانیان یان باوکەکانیان. لە ڕاستیدا، عوسمان پاشای هەڵەبجە، وەک مێردی عادلەخانم باسی دەکرا نەک بە پێچەوانە. نیشانەیەکی ڕوونی دیکەی کە ئەو یایانە مێردەکانی خۆیان خستبووە بەر سێبەری خۆیان ئەو ڕاستییەیە کە کوڕەکانیان، هەروەک دیتمان، بە نێوی دایکیان نێویان هەڵدەدرا نەک بە نێوی باوکیان.

ئێمە لەوانەیە بگەینە ئەو ئاکامەی کە ئەگەر ژنێک پلەوپایەیەکی بەرزی وەدەست هێنابا -ئەوەیش تەنێ بەوە دەکرا کە لە بنەماڵەیەکی ماقووڵدا چاوی بە دنیا هەڵهێنابا یان مێردی بە پیاوێکی دەستڕۆیشتوو بکردایە و، باو وابوو کە پێویستی لێکدانێکی هەردووکیان لە گۆڕێدا با- ئەودەمی بە ڕوواڵەت ئەوەی کە لە چ جنسێکە ئیتر تەگەرە و ناتوانایییەک نەبوو لەسەر ڕێی. تەنانەت ئەگەر پیاوانی بە پلەوپایەی یەکسانەوە لە دەوروبەری سەریان قوت کردبایەوە، ژنێکی کە ستاتوسی بەرزی هەبووبایە دەیتوانی تەنێ بە زەبری کەسێتی خۆی هەڵکەوتێکی بەدەستەڵات و زاڵ وەچنگ خا. بە ڕوواڵەت پیاوانی کورد ئەوەیان بە کەمایەسییەک بۆ سەر شان و شەوکەتی خۆیان نەدەدی کە گوێڕایەڵی لە ژنێکی ئەوتۆ بکەن و (لەم بارەیەوە کوردەکان دەکرێ جوێ بن لە زۆر لە گەلانی دیکەی موسوڵمان). ئەوە، هەڵبەت، تەنێ مانای ئەوەیە، کە لە دایکبوون لە دەوروبەرێکی بە پلەوپایەدا زۆر لەوە گرینگترە کە ئینسان لە چ جنسێک بێ و، ئەوە ئەنجام لێدەرخستنێکی هەڵەیە، وەک ئەوەی کە هێندێک نووسەری کورد دەیکەن، کە یەکسانی جینسەکان (یان چاو هەڵبواردنی کۆمەڵگە لە فەرق و جیاوازی دانانی جینسی) لەو نموونە تایبەتییانەی تێدەپەڕێنێ و هەمەلایەنە. ژنانی بە پلەوپایەی بەرزەوە دەکرێ شتی ئەوتۆ بکەن کە چییان نەیەتەوە سەری لە کاتێکدا ئەگەر ژنانی ئاسایی شتێکی ئەوتۆیان لێ بقەومێ دەکرێ بە تاوانێکی گەورەیان بۆ دابندرێ. ئەمە دەکرێ بەم دوو نموونانەی خوارەوە، کە یەکیان مێژوویی و، ئەوی دیکەیان ڕەنگ خەیاڵی بێ بنەخشێ.

## ژن وەک ماشقەی ئازا و نەترس

یەزیدییەکان جڤاتێکی ئایینی ناموسوڵمانن، کە بە بەشێکی گەورەی کوردستاندا بڵاوبوونەتەوە و زۆر عەشیرەتی جۆربەجۆر وەبەردەگرن. یەزیدییەکان سیستمێکی پسپۆڕی ئایینی پێچەڵپێچی کاست-ئامالیان هەیە، پلەوپایەی هەرە بەرز لە نێوانیاندا بە دەست تورەمەی کەسێکە بە نێوی چۆل بەگ. دەستەڵاتی هەرە بەرز بەسەر گشت جڤاتی یەزیدییدا بە کەسێک دەسپێردرێ کە لەقەبی میری هەیە و، دەبێ سەر بەو بنەماڵەیە بێ.(١٤) لە ساڵی ١٩١٣وە تا ساڵی ١٩٥٧ ژنێک بە نێوی مایان خاتوون، بە کردەوە ئەو پلەیەی هەبوو. زۆرجار گوتراوە کە مایان خاتوون ڕێبەری هەرە بە دەستەڵاتی بووە کە یەزیدییەکان لە

ڕۆژگاری تازەدا هەیان بووە. ئەو سەرەڕای نێوزڕێنیّ بە ئەوەی دەستی لە مردنی مێردەکەیدا هەبووە بەو پلەیە گەیشت.

مایان خاتوون لە جێی مێردە زۆر لە خۆی بە تەمەنترەکەی، عەلی بەگ، میری پێشوو دانیشت کە لە ساڵی ١٩١٣دا بە مردنێکی نائاسایی و لە هەلومەرجێکی گوماناوییدا سەری نایەوە. چەند قسەی جۆربەجۆر سەبارەت بە هۆی ئەو مردنە هاتووە گۆڕێ، کە یەک لەوان پێوەندییەکی دڵدارانەی ناقانوونی لە نێوان مایان خاتوون و سەرۆک عەشیرەتێکی موسوڵمانی عەشیرەتی دۆسکی، سەفەرئاغایە. بە ڕوواڵەت ئەو شەوەی کە عەلی بەگ کوژراوە سەفەرئاغا لە خانووەکەی شوێنی جینایەتەکەدا بووە و هێندێک دەنگوێ زگڕەشانەی ئەوتۆ هەبووە کە مایان خاتوون بۆ خۆی بەلانی کەمەوە دەستی لەو کارەدا بووە.(١٥) لێرەدا چ لە شتەکە ناگۆڕێ بۆ ئەوەی ئێمە بۆمان دەرکەوێ کە ئەو دەنگۆیانە تا چەندە ڕاستن؛ ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە باوەکوو ئەو دەنگۆیانە جڤاتی یەزیدی، بێوەژنەکە، واتە مایان خاتوونی، وەک سەرپەرشتی کوڕەکەی و فەرمانڕەوای بەکردەوەی ئەو جڤاتە وەخۆکرد و پێڕەوی لێکرد.(١٦) کاتێک کوڕەکەی، سەعید بەگ، پێگەیشت و گەورە بوو، مایان خاتوون کۆنترۆڵی کاروباری نەدا دەست ئەو. سەعید پیاوێکی دەستوپێسپیلکە و کار لێ نەهاتوو بوو و ئەو بەئاشکرایی بێز و قێزی لێ دەکرد. مایان خاتوون وەک سەرپەرستی نەوەکەی تەحسین بەگ، کە ئێستا میری یەزیدییانە درێژەی بە کارەکانی دا. مایان خاتوون تا کاتی مردنی لە ساڵی ١٩٥٧دا کۆنترۆڵی تەواوی بە دەستەوە بوو و گشت ئەو کەسانەی دیتوویانە پەسنی چاکەی دەدەن و بە باشی ناوی دەبەن. سەدیق دەملووجی، عەرەبێکی عێراقی و کاربەدەستێکی پێشووی عوسمانی، کە پێوەندییەکی بەردەوامی لەگەڵ جڤاتی یەزیدیدا هەبووە نزیکەی ٤٠ ساڵ لەمەوبەر، لە ساڵی ١٩٤٩دا سەبارەت بە مایان خاتوون نووسی: ئەو ژیر، زیرەک و بیرکراوەیە و خەڵکەکەی هەم لێی دەترسن و هەمیش ڕێزی لێ دەنێن. دەسەڵاتی بەسەر ئەواندا ئەوەندەیە کە کەس ناوێرێ قسەی دە قسەیدا بکاتەوە و بەرهەڵستی بکا. هەموو کەس بە ئامادەبوونی ترسی ڕێ دەنیشێ و کاتێکیش لەبەرچاو نییە بۆی بەپەرۆشە. ئەو لووت بەرز، شایی بەخۆ و خۆلەکن زۆرە، بەڵام کاتێک مرۆڤ چاوی پێی دەکەوێ گەورەیی و نەجیبوونی کەسێتی ئەو ژنەی لە دڵی دەنیشێ.

ئەو بێز و قێزی لە پیاوانی بەرەوپشت ئەتڵەسی بنەچەکە شازادە دەبێتەوە و خۆشی لە چارەیان نایە. بە لە بنەوەبڕ، کەڵەکباز و پەیمانشکێنیان دەزانێ، ئەو لە دەستی دێ بەوپەڕی بێبەزیی و دڵڕەقییەوە لە دژی دوژمنانی بجووڵێتەوە.

لەم کاتەدا ئەو فەرمانڕەوای بەکارە کە دەبەخشێ و وەردەگرێ، خەڵات دەکا و دەست دەگێڕێتەوە، ماوە دەدا و پاوان دەکا و چۆنی بە باش بزانێ دەجووڵێتەوە. زەحمەتە مرۆڤ پێشبینی بکا کە کاروبار چۆن هەڵدەسوورێن کاتێک ئەو بمرێ، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لە ئاخری ژیانی نزیک دەبێتەوە و هەموو شتێکی لەمەڕ وی پیر بوونە جگە لە هۆش و بیری نەبێ.(١٧)

ژنێک لە پلەی مایان خاتووندا و بەو کەسێتییە پتەو و بەتوانایەوە ئاشکرایە کە لە دەرەوەی کاتەگۆری ئاسایی قەبڵاندنە. هەروەک لە سەرەوەدا باسکرا هێندێک لە نووسەرانی هاوچەرخی بریتانیایی ئاماژە دەکەن بۆ هەبوونی پێوەندی جینسی ئەو لە دەرەوەی ژنووشویی، بە ڕووالەت بە ڕەزایەت و دەستپێشخەری خۆی.

لە فۆلکلۆری کوردیشدا باسی پایانی بەدەستەڵاتی فەرمانڕەوا هاتووە -نیشانەیەکی ڕوون لە قەبوولکران و وەخۆکردنیان وەک ڕاستییەکی ژیان- و لە بەیتی بەنێوبانگی زەمبیلفرۆشدا پایەکە هەموو جۆرە هەوڵێک دەدا بۆ ئەوەی پیاوێکی قۆزی بەژن دەستی لەگەڵ تێکەڵ کا.

قارەمانی سەرەکی چیرۆکەکە پیاوێکە بە نێوی زەمبیلفرۆش. بە ڕووالەت پیاوێکی نەدارە و ژیانێکی مەمرە و مەژی هەیە شار بە شار دەگەڕێ و ئەو زەمبیلانەی کە بۆ خۆی و ژنە بەئەمەگەکەی دەیچنن دەیان فرۆشێ، لە ڕاستیدا زەمبیلفرۆش کوڕی فەرمانڕەوایەکی بەدەستەڵاتە، کە دەستی لە ژیانی شایانە هەڵگرتووە دوای ئەوەی کە چاوی بە مەرگ و نەداری (خەڵک) دەکەوێ، بڕیاردەدا شێوەی ژیانی بگۆڕێ و وەک دەروێشێکی کەڕاڵ بژی. (سەرەتای ئەو بەیتە زۆر بەئاشکرایی لە بەسەرهاتی سیدهارتا گاوتاما دەچێ کە بە دۆزینەوەی هۆ و سۆنگەی ڕەنج و کوێرەوەری بڕیاری دا وەدووی پێوشوێنی بووداگەری بکەوێ.) دوای سەفەری دوور و درێژ، زەمبیلفرۆش و خێزانەکەی دەگەنە پێتەختی میرنشینێکی کورد. کاتێک خاتوون، ژنی فەرمانڕەواکە،(١٨) چاوی بە زەمبیلفرۆش دەکەوێ، دەستبەجێ یەک دڵ نە سەد دڵ عاشقی دەبێ. بە دووی دا دەنێرێ بێ بۆ کۆشک و زەمبیلەکانی نیشان بدا؛ هەر کە زەمبیلفرۆش دەگاتێ شاژن دەستبەجێ ئەڤینی خۆی بۆ دەدرکێنێ و داوای لێدەکا هەر لەوێ دەستی لەگەڵ تێکەڵ کا. زەمبیلفرۆش بەئەدەبەوە ئەو داوایە وەدوا دەداتەوە و دەڵێ: ئەو خەریکی تۆبەکردنە و لەوەش دەرچێ ژنی هەیە کە دەبێ ئاگاداری لێ بکا. (خاتوون) دەڵێ هەموو دەوڵەت و دارایی خۆمت دەدەمێ، بەڵام زەمبیلفرۆش هەر مل نادا. خاتوون فەرمان دەدا لە بەندیخانەی کۆشکدا ڕایگرن، بەڵام ئەو بە خۆ فڕێدان لە پەنجەرەی بورجەکەوە دەرباز دەبێ. لە کیسدانی ئەو خۆشەویستە دەبێتە مەکۆی دەرد و کوڵی قووڵی خاتوون. ئەو ناتوانێ سیمای زەمبیلفرۆش لە زەینی خۆی دوورخاتەوە، ئەو نەبێ هیچ شتێکی دیکە لە دنیادا قەدر و بایەخی بۆ خاتوون نییە. خاتوون جلک دەگۆڕێ و هەموو شار بەدووی زەمبیلفرۆشدا دەرزیئاژن دەکا، ئاخرەکەی ماڵی زەمبیلفرۆش دەبینێتەوە و قسە لەگەڵ ژنەکەی دەکا. بە دانی گەواهێرات و دیاری و دراوێکی زۆر، ژنی زەمبیلفرۆش هەڵدەخەڵەتێنێ و داوای لێدەکا شەوێک نەیەتەوە ماڵێ و جلک و بەرگەکانی لەگەڵ ئی وی بگۆڕێ. زەمبیلفرۆش شەوێ تاریکان دێتەوە ماڵێ و، خاتوون کە ئێستا جلکی ژنەکەی ئەوی دەبەردایە، بە خۆشییەوە بە خێرهاتنی ماڵەوەی دەکا و بەیەکەوە دەچنە نێو جێوە. زەمبیلفرۆش کە دەبینێ ئەو ژنە پاوانەیەکی زێڕی دە لاقیدایە، دەسبەجێ دەزانێ ژنەکەی خۆی نییە. هەر کە بۆی دەردەکەوێ ئەوە خاتوونە لە

پەنجەرەڕا باز دەدا و دەرباز دەبێ. خاتوون دەستبەجێ بەدوویدا دەڕوا. زەمبیلفرۆش کە دەبینێ ناتوانێ لە دەست سمیتانی خاتوون و داواکەی خۆی دەرباز کا لە خودا دەپاڕێتەوە کە گیانی بکێشێ و لەو دنیایەی بباتەوە کە پڕیەتی لە کوێرەوەری و سەخڵەتی. تکاکەی قەبووڵ دەکرێ و گیانی قالبی بەجێ دەهێڵێ. خاتوون هەر کە دەگاتە سەر جەستەکەی، ئەویش دەستبەجێ لە تاوان ڕوحی دەردەچێ. خەڵک ئەوان بە تەنیشت یەکەوە دەنێژن.

یەک لە لایەنە بەرچاوەکانی ئەو بەیتە ئەو دڵسۆزییە کە لە ئاست خاتوون دەری دەبڕێ، ئەگەرچی بەئاشکرایی دیارە کە ئەو هەڕەشەیە کە لەسەر داوێنپاکی قارەمانی نێرینەی چیرۆکەکە. عیشق و دڵپێدانی بەتینی خاتوون بە زەمبیلفرۆش بە زمانێکی تایبەتی سۆفییانە شیکراوەتەوە، کە ئەوەش وێکچوونی میوانی ڕووحی زەمبیلفرۆش جەخت دەکاتەوە. هەردووکیان ئەو قەسر و سەرایەی زەمانێک تێیدا ژیاون بەجێ دەهێڵن، جلک و بەرگی شایانە دەگۆڕن و سیپاڵی هەژارانە دەبەر دەکەن بۆ ئەوەی بەدوای خۆشەویستی بگەڕێن. لە ئاخرپەردەدا، لەوەش زیادتر هەردووکیان تا ڕادەیەک بەو پێگەیشتنەی کە ئاواتیان بووە شاد دەبن.(٣٠) سەرنجڕاکێش ئەوەیە، کە ئەوە خاتوونە بە تەنیشت زەمبیلفرۆشەوە دەنێژرێ، نەک ژنەکەی. وا وەدیدەچێ کە سوننەتی باوەکی، بە حەقی خاتوونی دادەنێ، کە بە زەمبیلفرۆش بگا. لەبەر ئەو خۆ ونکردنەوەی کە تین و تاوی ئەڤین بەسەری هێناوە. وا وێدەچێ، داوەری ئەخلاقی ئاسایی، کە لە لایەن کۆمەڵگەی سوننەتی ڕا سەبارەت بە مردنی ئینسانان دەکرێ، سەبارەت بە بەسەرهاتی ئەو دوو ژنە پایەبەرز و بەدەستەلاتە وەلانراوە. بەتایبەتی لێرەدا بەیتی جەماوەری زەمبیلفرۆش جوان ئەوە دەردەخا بەوەی کە ئاکاری خاتوون وەک هەڵسوکەوتێکی خراپ و نائەخلاقی مەحکووم ناکرێ و قەتیش وەک ڕەفتارێکی ناباو و سەیر نێودێر ناکرێ. لەسەر مایان خاتوونیش هەر وایە، دەنگوێ خراپ جووڵانەوەی ئەو هەرچییەکی بووبێ بە ڕووالەت لە لایەن پیرەوەکانی ڕا هەر گوێشیان نەدراوەتێ. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە هەڵە دەکەین کە لەبەر تەحەمولی ڕواڵەتی کوردان لەسەر ئەو دوو نموونەیە بەو ئاکامە بگەین کە کۆمەڵگەی کورد بە گشتی سەبارەت بە ژنان بیروڕایەکی کراوەی هەیە.

## دیسان، یەکسانی ژنان

ئەو پێکێشییەی کە زۆر لە پیاوانی ناسیۆنالیستی کورد دەیکەن لەسەر ئیدیعای خۆیان لەمەڕ ئەوەی کە ئێستا ژنان لە کۆمەڵگەی کورددا مافی یەکسانیان هەیە زۆرجار بەزەحمەت دەتوانێ ئەوەی کە ئەوان لە ڕاستیدا دەیانەوێ بیڵێن داپۆشێ، واتە ئەوەی کە هیچ پێداویستییەک بۆ ڕزگاری یان ئازادی ژنان نییە. ئەوە ڕاستە کە هێندێک ژن نفوورێکی لە ڕادە بەدەریان لە کۆمەڵگەی کورددا وەدەست هێناوە، بەڵام زۆربەی هەراوی ئەوان چ نفووزێکیان نییە. ئەمە ڕاستە کە لە هێندێک لە بەش و ناوچەکانی کوردستان ژنان هێندێک سەربەستی هەڵسوکەوتیان هەیە، شایەد زۆرتر لە زۆر لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست،(٢١) بەڵام بێ ئەملاوئەولا ئەوە خەسڵەتێکی تایبەت نییە بە سەرانسەری کوردستان.

موسا ئەنتەر، کە لەم نووسراوەیەدا نووسینەکەی سەبارەت بە سەرکردەی ژنی عەشیرەتی و مافی ژنان گێردرایەوە و لە سەرەوە باسکرا ئیدیعاکانی خۆی، شایەد بە ئانقەستە، بە شتی دیپەوە دەلکێنێ، بە یادداشتێکی تەزاوی قسەکانی پێشوو دەخاتە بەر رووناکاییەکی جیاوازەوە. دوای ئەوەی زۆر بە ئاووتاو هەڵکەوتنی ژنان لە کۆمەڵگەی کورددا گەورە دەکاتەوە، لێی زیاد دەکا و دەڵێ ئەوەی کە زیادتر لە هەموو شت دەبێتە هۆی رێز و حورمەتی ژنان ئەرکی پیرۆزی زانی منداڵانە (منداڵی زەور و زەوەند). "وەکو ئەفسەرێکی نیزامی کە بۆ رێزلێنانی بە نیشانە و میداڵ دەرازێندرێتەوە، ژنی کوردیش بە ژمارەی ئەو زگانەی کە دەیکا و ئەوەندە منداڵەی کە دەیبێ پەسن دەدرێ و رێزی لێ دەگیرێ." بە زمانێکی کەمتر تەنزاوی و دەنگێکی زۆر تووڕەتر، نووسەری (وەک دەردەکەوێ مێینەی) کورد ئێف. کاراهان بەم زووانە چووتە سەر بابەتی قسەی نێویەتاڵی هەڵکەوتی جێی حورمەتی ژنان.(٢٢) کاراهان دەڵێ: لە کۆمەڵگەی کورددا، وەکو زۆر لە کۆمەڵگە سوننەتییەکانی دیکە، ژنان وەکو دایک و ژن رێزیان لێ دەگیرێ، بەڵام هیچ کات ئەو رێزگرتنە لەوان وەکو کەسێک و بە شێوەی سەربەخۆ نییە. ئەو رێزگرتنە پارێزگاری ئەوە لە ژن ناکا کە زۆرجار لە لایەن خزمەنێرینەکانی را لێی نەدرێ (بە دەست مێردان، باوکان، برایان، خزمان و تەنانەت کورانیش). مەفهومی تەواو گرینگی شەرەف بەرتەنگی و سنوورێکی زۆر بە دەوری ئازادی ژنان تا پیاواندا رایەڵ دەکا. فیلمەکانی فیلمسازی بەرەحمەتچووی کورد یەڵماز گونەی، بە تایبەتی سورو (مێگەل) و ئەو فیلمەی کە خەڵاتی بردەوە یۆل (رێ)یش، دیمەنێکی زۆر زاڵمانە سەبارەت بە هەڵکەوتی ژنان لە کوردستانی باکووردا دەکێشێتەوە. ژنان لەو فیلمانەدا بێدەگن، بندەستن و لە کوێرەوەریدان و، سەر بە ئێلیتی خوداپێداو نین و دەستەلاتێکی زۆر کەمیان بۆ کۆنترۆڵ و بەرێوەبردنی ژیانی خۆیان هەیە. چارەنووسی ژنێکی بە مێرد لە فیلمی یۆڵدا پێچەوانەیەکی زۆر دڵتاوێنە لە ئاست خاتوونی خۆرزگارکردووی رووهەڵماڵاو لە چیرۆکی زەمبیلفرۆشدا. ئەو ژنە کە گومنای زیانی لێکراوە لە کاتێکدا کە مێردەکەی لە زینداندایە، وەکو حەیوانێک لە لایەن خزمەکانییەوە لە تەویلەیەکدا کۆتکراوە و، هەر کە مێردەکەی دەگەڕێتەوە خزمان دەورەی دەدەن بۆ ئەوەی ژنەکە بکوژێ. لە یەکێک لە دیمەنە هەرە بە کوڵەکانی فیلمەکەدا، مێردەکەی، دوای دڵەڕاوکەیەکی زۆر، بڕیاردەدا کە نەیکوژێ. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرنجڕاکێشە، کە کارگەردانی فیلمەکە چ رێگایەک نابینێتەوە کە بێڵێ ژنەکە بژی و ئاخری لە سۆنگەی شتی دی لێی دەگەڕێ نەمێنێ.

## ژنان لە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورددا

بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد و شەڕ و هەرای پازدە ساڵی رابردوو، شۆڕشی ئێران، شەڕەکانی کەنداو، تێکدان و کاولکردنی بەئانقەستەی بە هەزاران گوندی کورد، دوورخستنەوە و دەرکردن و، تێرۆر شوێنێکی بەرچاوی لەسەر کۆمەڵگەی کورد کردووە و، گومانی تێدا نییە ئەوە هەتەری لەسەر هەڵکەوتنی ژنانیش هەبووە. تا ئەو جێگەیەی ئەمن بزانم، تاکو ئێستا هیچ کەس هەوڵی نەداوە لەوە بکۆڵێتەوە کە ئەو رووداوە پێچەڵپێچ و

شایەد دژ بەیەکانە بە چ شێوەیەک تەئسیریان لەسەر ژنان هەبووە. توێژینەوەیەکی ئەوتۆ کاریکی زۆر دڵگیرە، بەلام لە دەرەوەی مەبەستی ئەم نووسراوەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، لە چوارچێوەی دەقی ئێستادا لە جێی خۆیدایە بگوترێ، ئێمە چەندین ژنی هەڵکەوتوو دەبینینەوە کە لە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورددا دەوری گرینگیان گێڕاوە. هەروەک کۆمەڵگەی سوننەتی کورد، ئەو ژنانە ڕێزپەڕن و، هەڵکەوتوو بوونیان ڕاست لەبەر ئەوەیە کە بە پێچەوانەی ئەوان ژمارەیەکی زۆر لە ژنان بێدەسەلاتن.

ژنێکی کە لە پشت پەردە هێزێکی گرینگ بوو لە کوردستانی عێراق لە ماوەی ساڵانی ١٩٦٠دا ژنی دووهەمی مەلا مستەفای بارزانی حەمایل بوو (دایکی مەسعودی بارزانی). ئەو نفووز و دەسەڵاتەی خۆی قەرزداری ئەو ڕاستیە بوو کە کچی سەرۆک عەشیرەتی بەدەسەڵاتی زێباری بوو، زێبارییەکان ڕەقیبی کۆنینەی بارزانییەکان بوون. لەو چوارچێوەیەدا ئەو جێگەی لەو سوننەتەدایە کە سەبارەت بە پایە بەدەسەڵاتەکان پێشتر باس کرا.

ژنێکی دیکەی جۆرێکی دیکەش هەبوو کە دەورێکی بەرچاوی هەر لەو ساڵانەدا گێڕا. ئەو نێوی مارگرێت بوو و، وەکو یەکەم پێشمەرگەی ژن لە کوردستان (جەنگاوەری پارتیزان) نێوبانگێکی زۆری دەرکرد. ئەو بوو بە کەسێتییەکی ئەفسانەیی؛ وێنەکانی لە جلک و بەرگی پێشمەرگایەتیدا لە سەرانسەری کوردستاندا دەفرۆشران. خەڵک بەشانازییەوە باسی ئەویان دەکرد (دیسان) وەکو بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی هەڵکەوتی یەکسانی ژنانی کورد، زۆرجار ئەوەیان لە بیر دەکرد و گوێیان نەدەدایە کە بڵێن مارگرێت کورد نەبوو و سەر بە یەکێک لە کەمایەتییە مەسیحییەکان بوو. مێردان و باوکانی کورد ڕێگەیان نەدەدا بە کچ و ژنی نێوماڵێ کە بە ڕێبازی مارگرێتدا بڕۆن.(٢٣)

لە بۆچوون بۆ سەر پرسی ژنان، وەکو زۆر لایەنی دیکەش، پارتیا کارکەرێن کوردستان .P. K. Kی تورکیا کە پارتییەکی رادیکالی پۆپۆلیستە دەتوانێ بیسەلمێنێ کە نوێنەرایەتی هەڵبڕانێکی زۆر گرینگ دەکا لەگەڵ ڕابردوو بە لەبەریەکگرتن لەتەک ڕێکخراوە ناسیۆنالیستەکانی پێشووتردا. باڵی نیزامی .P.K.K، واتە ERNK (ئێنییا ڕزگاریخوازێن نەتەوەیێن کوردستان)، دەتوانێ بە هەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگەی (گریلای) مێینە (لە ڕیزەکانیدا) شانازی بکا و وا وێدەچێ کە پرسی یەکسانی جینسەکان لە نێو خۆیدا بە شتێکی جیدی دەزانێ -بەلانی کەمەوە لەم گۆڕەپانەدا، لە پرۆپاگاندە و بانگەشەی پارتیدا سەبارەت بە شەهیدان بیرەوەری ژمارەیەک لە شەهیدانی ژن پیرۆز دەکرێ- هێندێک لەوانە لە شەڕدا کوژراون و، هێندێکی دیکەشیان لە پێناو ئیعتیرازی سیاسیدا ژیانی خۆیان بەختکردووە. پرسی ڕزگاری ژنان دەستی بە ئەوە کردووە کە لە ئاردادوێژ و دەربڕینە گشتیەکانی پارتیدا سەرنجێکی زۆر بدرێتێ. سەرۆکی .P.K.K، عەبدوڵا ئۆجالان، بە شێوەیەکی بەردەوام و نەپساوە مەسئەلەی چەوسانەوە و زوڵم و زۆر

لە ژنانی لە کۆمەڵگەی کورددا لە تەک چەوسانەوەی نەتەوایەتی کوردان بە یەک گرتووە و داوای ڕزگاری دوو لایەنەی بۆ (ژنان) کردووە. گومانی تێدا نییە کە بیروڕاکانی تا ڕادەیەک شێماتیک -بەڵام بە ڕوواڵەت دڵپاکانەی- سەرۆک سەبارەت بە پرسی ژنان تەئسیری لەسەر کۆمەڵانی ئەندامی پارتی دەهێڵێتەوە، ئەگەرچی ئەوە زۆر ڕوونتر لە قسەدا خۆی دەنوێنێ تا ئەوەی کە بەکردەوە جێی خۆی گرتبێ. بۆ نموونە هەتا ئێستاش چەند کەسێک ژن نەبێ، ئەگەر هەر هەبێ لە پایەی فەرماندەی ERNKدا نین. ئاڵوگۆڕ بۆ گۆڕینی دەوری سوننەتی لەنێو جووتی .P.K.K دا وا وێدەچێ زۆر بە لە سەرەخۆیی بڕوا.(٢٤)

لە چوارچێوەی ئەم نووسراوەیەدا، مەسئەلەی یارمەتی ئیحتیمالی P.K.K لە پێناو ڕزگاری ژنانی کوردستان بە گشتی مەبەستی باسەکەمان نییە بەڵکو دەورێکی کە لە لایەن ژنێکی تایبەتی ڕا گێردراوە جێگەی سەرنجی ئەم نووسینەیە. بە ماوەی ساڵان، عەبدوڵا ئۆجالان چەندین جار سەرۆکایەتییەکەی خراوەتە ژێر پرسیار و، ئەو هەڵوێستە کێشە و هەرای لێ ساز بووە و بەئاسایی بە مەرگ یان بزربوونی مودەعییەکان کۆتایی هاتووە. یەک لە مەترسییە هەرە جیدییەکان بۆ سەر پلە و پایەی ئەو لە لایەن ژنێکەوە بووە، ژنی (پێشووی) خۆی کەسیرە یلدرم. کەسیرە یەک لە ئەندامانی دامەزرێنەری P.K.K بوو -ئەو تەنیا ژنێک بوو کە لە نێو ئەو دەستەیەدا بوو- و تا ساڵی ١٩٨٨ ئەندامی پۆلیت بیرۆی پارتی بوو. ئەوەی کە لە نێو پۆلیت بیرۆی پارتیدا بە وردی چ قەوما ڕوون نییە، بەڵام وەک ئۆجالان بۆ خۆی پێی لێناوە کەسیرە هەوڵی داوە کە وەک سەرۆکی پارتی وەلای نێ و بۆ خۆی جێگەی بگرێتەوە. کەسیرە لەو کارەیدا سەرنەکەوت. هەڵات بۆ ئورووپا و، بە هاوکاری لەگەڵ ناڕازییانی دیکە تێکۆشا بۆ ئەوەی کە پۆلیت بیرۆیەکی بەدیل دابمەزرێنێ.(٢٥)

P.K.K لە زۆر بارانەوە دیاردەیەکی بێوێنەیە لە کۆمەڵگەی کورددا. سەرباری ئەوەش، هیچ شتێکی بەتەواوی تازە نییە و، زۆر لە ملە و هەڵسوڕانەکانی دەکرێ بەوەی کە وەکو نموونەیەکی مۆدێرن لە عەشیرەت چاو لێبکرێ سەردەری لێبکرێ، بە عەبدوڵا ئۆجالانەوە وەک شێوەیەکی هاوچەرخ لەسەر دارێکی لە گێچەڵگەڕ کە دەتوانێ عەشیرەتێکی نوێ دامەزرێنێ و سەرۆکایەتی و سەرکردەی لە دەستی ئەو عەشیرەتەی کە هەیە دەربهێنێ. لە ئاستێکی ئەوتۆدا، هەڵبەت کەسیرە ئۆجلان هاوتای عادلەخانمە لە ڕابردوودا. وەک زۆربەی ئەو ژنانەی کە لەم نووسینەدا باسیان کرا، لەوانەیە ئەو بۆ ئەو پلەوپایەی کە لە سەرەتادا هەیبووە قەرزداری مێردەکەی بووبێ و لە سایەی سەری ئەورا وەدەستی هێنابێ، بەڵام لە قۆناخێکدا وا وێدەچێ کە ئەو خۆی بووبێتە بەدیلێکی موعتەبەر بۆ مێردەکەی.(٢٦) هێندێک جیاوازی لێرەدا بەدی دەکرێ، بە پێچەوانەی عادلەخانم یان مایان خاتوون کەسیرە لە بنەماڵەیەکی بەهێز و ماقووڵدا گەورە نەببوو.(٢٧) ئەو وەک خوێندکارێک دەستی بە کاروباری سیاسی خۆی کرد، وەکو هاوکار پیاوەکانی، گشتیان

بنچینە و پێشینەیەکی باوەکییان هەبوو. کەسیرە بە شتێک لە پێشینیاتی زیادتر پێی لە بەرەی خۆی ڕاکێشا و لێی تێپەڕاندن و ئەویش ئەوە بوو کە بەئاشکرایی هەوڵیدا مێردەکەی لەسەر کار لابەرێ و بۆ خۆی پلەی ئەو بگرێتەوە. ئەو شکا و سەرنەکەوت، بەڵام بەو هەوڵە نیشانی دا کە بیری ئەوەی کە ژن ببێ بە ڕێبەرێکی سیاسی بە پشتبەستن بەهێز و توانای خۆی شیاوی ڕێتێچوونە.

## پەراوێزەکان:

* وەرگێڕی ئەم باسە "مێ ومجاغی" لە "دایکسالاری" لەلا پەسەندترە. (ڕابوون)

ئەم وتارە لە گۆڤاری:

THE INTERNATIONAL JOURNAL
OF KURDISH STADIES.
THE KURDISH LIBRARY
VOLUME 6, NUMBERS
1+2 1993 دا بڵاوکراوەتەوە.

١- شیکردنەوەیەکی ورد سەبارەت بە قەوارەی کۆمەڵایەتی ئەو عەشیرەتە چەند دە ساڵێک دواتر لە لایەن FRE-DRIK BARTH ڕا کراوە.

PRINCIPLES OF SOCIAL ORGANIZATION IN SOUTHERN KURDISTAN (SOLO, 1953).

٢- شارەزوور مەڵبەندێکە لە کوردستانی عێراقی ئێستادا، لە لایەن باشوور و ڕۆژهەڵاتەوە دەگاتەوە سولەیمانی؛ هەڵبجە شاری سەرەکی ئەو مەڵبەندەیە. تا شەڕی یەکەمی دنیاگر، ئەم ناوچەیە وەکو باقی عێراق بەشێک لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو و کاروباری لە لایەن حوکمدارێکی کە لە بەغداوە دیاری دەکرا بەڕێوە دەچوو، کە ئەویش بە نۆرەی خۆی کاروباری بە سەرۆک عەشیرەتەکانی ناوچە دەئەسپارد. لە جەنگەی شەڕدا، ئەو ناوچەیە لە لایەن بریتانیاوە داگیرکرا و ئەو داگیرکردنە بەکردەوە تا ساڵی ١٩٣٢ی خایاند. (عێراق لە ساڵی ١٩٢٠ تا ١٩٣٢ لە ژێر ئینتیدابی بریتانیادا بوو.)

3- ELY BANNISTER SOANE, TO MESOPOTAMIA AND KURDISTAN IN DISGUISE (LONDON: JOHN MURRAY, 1912, 1916); C. J. EDMONDS, KURDS, TURKS AND ARABS: POLITICS, TRAVEL AND RESEARCH IN NORTH-EASTERN IRAQ, 1919-1925 (OXFORD: OXFORD UNIVERSITY PRESS, 1957).

٤- ئەوە ڕوون نییە کە سۆن هەر لەبەر ناوی بەرپرسیاری شەخسی ئەو سەفەرەی کرد یان بە سیفەتی مەئموورێکی نیوە-ڕەسمی. لە ساڵی ١٩١٥دا، کاتێک بریتانیا خۆی ئامادە دەکرد بۆ هێرش کردنە سەر عێراقی عوسمانی، ئەو هێزە کە ئەم ئەرکەی پێ ئەسپێردرابوو سۆنی لەبەر زانیاری و ئاگاداری هەموو لایەنە سەبارەت بە کاروباری کورد لەبەر کار نا و، لە ساڵی ١٩١٩دا بوو بە بەرپرسی کاروباری ناوچەی سولەیمانی. بڕوانە بیرەوەرییەکانی SIR ARNOLD T. WILSON سەبارەت بە سۆن لە چاپی ١٩٢٦ی کتێبی TO MESOPOTAMIA AND KURDISTAN IN DISQUISE دا.

٥- بنچەکەی شایانەی عادلەخانم بە ڕوونی لەو دوو وێنەیەی وی ڕا دیارە کە لە چاپی ١٩٢٦ی کتێبەکەی سۆن دا هاتوون.

6- PIETRO DELLA VALLE, DE VOORTREFFELYKE REIZEN VAN DE DEURLUCHTIGE REIZIGER PIETRO DELLA VALLE, EDELMAN VAN ROMEN, IN VEEL VOORNAME GEWESTEN DES WERELTS, SEDERT HET JAAR 1615, GEDAAN...

(AMSTERDAM, 1664-65 ،(وەرگێڕاوی هۆڵەندی

VOL. II, P. 76.

لەو بەسەرهاتەیدا کە دێلا ڤال دەیگێڕێتەوە ڕوون نابێتەوە کە خانم سوڵتان فەرمانڕەوایی بەسەر کوێدا کردووە. مرۆڤ خۆی بۆ ڕاناگیرێ و بیری بۆ خانەدانی ئەردەلان دەچێ، کە پەر لە عادلەخانم چەندین ژنی پەدەستەلاتی دیکەش جێی شانازییانە. بەلام سنە زۆر لە سنوور دوورە. خانم سوڵتان لەوانەیە کەسێکی بەدەستەلاتی ناوچەیی بووبێ لە مەڵبەندی ڕۆژئاوای کرماشان، شایەد سەر بە کۆنفیدراسیۆنی گۆران بووبێ.

٧- سەبارەت بە ئەولیا چەلەبی و سەفەرەکانی بۆ کوردستان بڕوانە سەرەتای کتێبەکەی MARTIN VAN BRUINESSEN, HENDRIK BOESCHOTEN, EVLIYA GELEBI IN DIYARBEKIR (LEIDEN: BRILL, 1998).

٨- (سەفەرنامە) EVLIYA CHELEBI, SEYAHATNAME, VOL. IV. دەستنووسی BAGDAT KÖSKÜ 308 (TOPKAPI LIBRARY, ISTANBUL)، نامیلکەی 372B. باسی سەفەری ئەولیا لە بەغداوە بە کوردستانی خوارووداو، ئەو جێیەی کە ئەو شتانەی لێ بیستووە، لە نوسخە چاپکراوەکانی سەیاحەتنامەدا نییە.

٩- سەرنجی من بۆ سەر ئەو ڕاپۆرتە بە خوێندنەوەی نووسراوەیەک لە گۆڤاری کوردی بەرهەم دا ڕاکێشرا (بەرهەم لە سوێد بڵاو دەبێتەوە.)، لەو نووسینەدا بەرهەم پوختەی وتارەکەی THE LONDON ILLASTRATED NEWS دەگێڕێتەوە:

N. MEDYALI, "KÜRT ASIRET LIDERI KARA FATMA HANIM ISTANBUL DA OSMANLI SULTANI ILE GÖRÜSÜYOR" BERHEM 5 (JUNE 1989): 25-27.

١٠- ئەمن نەمتوانیوە بیدۆزمەوە کە داخودا مێزەرەکەی بەردراوە یان نا، بەلام گۆیا بای فاتمە سوارەکانی بردووەتە مەیدانی شەڕێ.

١١- ئەمن پێم سەیر بوو، کە لە سیمینارێک لە ئێندۆنێزیا، لە جاکارتا، سەبارەت بە ژنان و ئیسلام، نێوی قەرە فاتمەخانم بیست (MUSLIM WOMEN IN TEXT AND CONTEXT, DECEMBER 1991) نێوی قەرە فاتمە لە باسێکدا کە لە لایەن بای حوزەیمەڕا پێشکێش کرا، لەسەر ئەو ژنە موسڵمانانەی کە دەوری سیاسیان گێڕاوە باس کرا.

١٢- لە هەوتوونامەی تورکی زمانی YENI ÜLKEشدا کە لە ئەستەمبوڵ چاپ دەبێ. YENI ÜLKE. NO. 33, 9-15 JUNE 1991 دیتنی زیادتر هەر بەو شێوەیەی کە لە بیرەوەرییەکانی ئەنتەردا لە پەردە داگوێراوە چاپکراوە.

HATIRALARIM (ISTANBUL: DOZ 1990),

بە تایبەتی لاپەڕەکانی ٢١-٣٦.

١٣- ئەمەش ئیدیعایەکی پەسەندە کە لە لایەن زۆر نووسەری کوردەوە کراوە، وا وێدەچێ کە ئەو قسەیەی ئەوان لە لایەن ژمارەیەکی زۆر و زەوەند لە گەڕیدەی لاوەیی ڕا پشتی بگیرێ. بۆ نموونە پێترۆ دێلا ڤال، لە بەرایی سەدەی هەقدەهەمدا دەنووسێ: "ژنەکانیان بە سەری ڕووت بە سەر شەقامەکانی شاردا دێن و دەچن و بە سەربەستی لەگەڵ هەموو جۆرە ئینسانێک، چ بێگانە و چ خەڵکی دی دەدوێن."

(OP. CIT. 17 P. 72)

سەرباری ئەوەش، وا وێدەچێ کە لە هێندێک ناوچەی کوردستان، ژن و پیاو لە یەک جوێ کردنەوە و خۆداپۆشین لە لایەن ژنانەوە رەسم بووە. ئەولیا چەلەبی لە گوزاریشی خۆیدا لەسەر دیاربەکر، کە لە ساڵی ١٦٥٠دا سەری لێداوە دەڵێ: جگە لە چەند پیرەژنێکی کە زۆر تووند خۆیان دایپێچابوو، هیچ مێینەیەک لە کوچە و کۆڵاناندا نەدەبینرا.

١٤- "کاسته" جۆربەجۆرەکان لە لایەن C. J. EDMONDS را بە کورتی شیکراونەتەوە،

A PILGRIMAGE TO LALISH
(LONDON: ROYAL ASIATIC SOCIETY, 1967), PP. 27-37

١٥- ئێدمۆندس لاپەرەی ٣٠ A PILGRIMAGE گریمانەکانی دیکەی کە ئەوانەی ئەو قەتڵەیان کردووە کێ بوون لە کتێبی: JOHN S. GUEST دا THE YEZIDIS: A STUDY IN SURVIVAL (LONDON: KPI, 1987), PP. 166-68 دا باسکراون.

١٦- لە راستیدا، دەنگۆی ئەوەی کە مایان خاتوون لە مردنی مێردەکەیدا دەستی هەبووە لە لایەن نووسەرانی جۆربەجۆری بریتانیاییەوە باسکراوە (رەنگە ئەو قسەیەیان لە زانیاریدەرە یەزیدییەکانیان وەرگرتبێ)، بەڵام ئەوە لە چ سەرچاوەیەکی رۆژهەڵاتیدا، لەوانەش زیانیاریدەرە دوایییەکانی یەزیدیدا ئاماژەی پێ نەکراوە (بڕوانە GUEST, THE YEZIDIS, P. 167 و پەراوێزی 24 لە لاپەرەی 245). ئەوە دەگەیەنێ کە ئەم دەنگۆیانە، ئەگەرچی لە سەرەتاوە بە لانی کەمەوە لە ئاڵقەیەکی بەرتەنگدا بڵاوبوونەوە، بەڵام زۆر زوو لە نێو یەزیدییەکاندا لە بیر کران. کوڕی مایان خانم، سەعید بەگ، بە رێکەوت، دوو لە پێنج ژنەکانی خۆی کوشت، بەبێ ئەوەی کە بە رواڵەت وەزنێک بە بابەی ئەو وەکو میری رواڵەتی بگەیەنێ (ئەویش بە پشت بەستن بە قسەی سەدیق دەملوجی GUEST, OP. CIT, P. 180).

١٧- لە کتێبی GUEST دا هاتووە. THE YEZIDIS, P. 185

١٨- لە هێندێک لە شێوەکانی ئەو بەیتەدا ئەو بۆ خۆی فەرمانڕەوایە و، بەپێی هێندێکی دیکەیان ژنی فەرمانڕەوایە؛ بەڵام لە هیچیاندا مێردەکە دیار نییە و دەورێک ناگێڕێ.

١٩- لە رووی کورتەیەکی (ئەو بەیتە) کە لە لایەن A. GERNAS, "ZEMBILFROS", ROJA NU 33, 1992, PP. 10-14 دا چاپکراوە. توێژەرەوانی سوننەتی سەرزارەکی کوردی شێوەی جۆربەجۆری ئەو چیرۆکەیان لە بەشە جۆربەجۆرەکانی کوردستانی باکوور و کوردستانی رۆژهەڵات کۆ و تۆمارکردووە. شێوەی لە هەمووان تەواوتر لە لایەن:

OSKAR MANN (DIE MUNDART DER MUKRI-KURDEN, VOL. 1 (BERLIN 1906), PP. 275-84;

VOL. 2 (BERLIN 1909), PP. 429-43) بڵاوکراوەتەوە. وەرگێڕاوی ئاڵمانی ئەو بەیتە لە بڵاوکراوەتەوە و لە لایەن برایان ئۆردیخان و جەلیلی جەلیل (ZARGOTINA KURDA, VOL. 1 (MOSCOW, 1978), PP. 189-97) وەرگێڕاوێکی دیکەی ئاڵمانی ئەو بەیتەش لە رووی شێوەیەکی دیکە بە دەستەوەیە، LUISE-CHARLOTTE WENTZEL. ED., KURDISCHE MARCHEN (DÜSSELDORF: EUGEN DIEDERICHS, 1978), PP. 207-9.

گۆڕی زەمبیلفرۆش ئێستاش لە دوو شوێن دیاردیی بۆ دەکرێ، لە نزیک شاری سیلڤان (فارقین) لە تورکیا و لە نزیک باتوفا (لە رۆژهەڵاتی زاخۆ) لە باکووری عێراق، ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە هەردووک ناوچە ئەو چیرۆکە بە هی خۆیان دەزانن.

٢٠- لەم بارەیەوە ئەم چیرۆکە تا رادەیەک وە شێوە ئیسلامییەکانی داستانی JOSEPH AND POTIPHAR`S WIFE واتە، یوسف و زولەیخا دەچێ. لە شێوە ئیسلامییەکانیشدا یوسف قوربانییەکی بێ تاوانە، بەڵام عیشق و سۆزی زولەیخا هەڵدەکشێ بۆ ئاستێکی رووحانی، کە دەیکاتە کەسێتێکی قارەمانی چارەڕەش تا

ئەوەی کە بە ژنێکی داوێنپیس بناسێندرێ.

٢١- بۆ باسی سەربەستی نیسبی هەڵسوکەوتی (ژنان) لە خوارووی کوردستان، بڕوانە:

HENNY HARALD HANSEN, THE KURDISH WOMAN´S LIFE: FIELD RESERCH IN A MUSLIM SOCIETY, IRAQ (COPENHAGEN: THE NATIONL MUSEUM, 1961).

هانسن دەڵێ کە لە کوڕ و کۆمەڵی ناریستۆکراتیدا ژنان لە "تاق خرانەوەی داپۆشراوی-لە کۆران ماتوو"دا دەژین بەلام وەکی دی بەرانبەرن، یان تەنانەت بەسەر هاوسەرکانیاندا دەستیان دەڕوا لە کاتێکدا لە دەورووبەری هەژارانەی گونداندا ژنان ئازادی هەڵسوکەوتیان زیادترە بەلام کەمتر لەگەڵ مێردەکانیان یەکسانن. (تێبینی وەرگێڕ) -کتێبی پای هانسن لە لایەن عەزیز گەردییەوە کراوەتە کوردی و بە نێوی: "ژیانی ئافرەتی کورد لیکۆڵینەوەیەکی مەیدانییە لە بارەی کۆمەڵی ئیسلامی عێراقەوە" لە لایەن کوڕی زانیاری عێراق "دەستەی کورد" لە ساڵی ١٩٨٣دا لە بەغدا چاپکراوە.

22- F. KARAHAN "KÜRT KADINI OLMAK: SOSYO-EKONOMIK YAPI ICINDE KÜRT KADININ STATÜSÜ" DENG 13 (ISTANBUL, JULY 1991)

ژنی کورد بوون: پلە و هەڵکەوتی ژنی کورد لە قەوارەی کۆمەلایەتی-ئابووری دا.

٢٣- لە ماوەی ئاخری ساڵانی ١٩٧٠ و بەرایی ساڵانی ١٩٨٠دا بۆ یەکەم جار چەند پێشمەرگەی ژنی کورد هەبوون. لە ساڵی ١٩٨٥ ئەمن چاوم بە یەکیان کەوت، کە بۆ ماوەی چەند ساڵان شانبەشانی مێردەکەی لە شەڕدا بەشداری کردبوو. ئەو قەت تێوبانگی مارگرتنی پەیدا نەکرد و وەک ئەو بێی هەڵنەگوترا.

٢٤- بڕوانە ڕێپۆرتاژی سەرنجڕاکێشی نووسەری فێمینستی ئاڵمانی HELLA SCHLUMBERGER لە کتێبەکەیدا: DER BRENNEDE DORNBUSCH: IM BERBOTENEN LAND DER KURDEN (FRANKFURT AM MAIN: EICHBORN BERLAG, 1991), PP. 240-320.

شلومبێرگر لە لوبنان چاوی بە ئۆجەلان کەوتووە و لەگەڵ دەستەیەک لە پشتیوانانی نێرینە و مێینەی P. K. K. سەفەری کردووە و، وڵامە ڕاڕاکانی ئەوانی بۆ پرسیارەکانی تۆمارکردووە.

٢٥- ئۆجالان لە چەند وتووێژێکدا باسی ئەو ڕووداوانە دەکا، بە شێوەیەکی تا ڕادەیەک ئاشکرا لەگەڵ شلومبێرگر، OP. CIT., P. 250 ڕاپۆرتی هەرە پڕ لە زانیاری و ئاگاداری، بەلام دەمارگرژانە سەبارەت بەو کێشەیە و کاروبارەکانی دیکەی .P.K.K زنجیرەیەک وتارن کە لە لایەن ISMET G. IMSET لە هەوتوونامەی ئینگلیسی زمانی چاپی ئانکارا "BRIEFING"دا لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٨ و ١٩٨٩دا بلاوکراونەتەوە.

کتێبی تازەی هەمان نووسەر: THE PKK: A REPORT ON SERPARATIST VIOLENCE IN TURKEY, 1973-1992 (ANKARA: TURKISH DAILY NEWS PRESS, 1992).

وا وەدیدەچێ تا ڕادەیەکی زۆر بەپێی سەرچاوەکانی ڕاپۆرتی پۆلیسی نهێنیی تورکیا کەلاڵەکرا جا دەبێ بەوپەڕی ئیحتیاتەوە کەلکی لێ وەربگیرێ.

٢٦- کەسیرە ئاخرەکەی شکا. بەلام بووە هۆی ئەوەی کە خەڵکێکی زۆر بیر لەوە بکەنەوە کە هەڵدانی عەبدوڵا ئۆجالان بۆ پلەی سەرۆکایەتی چەندی لەبەر کروکاش، پشتگرتن و دنەدانی وی بووە.

٢٧- باوکی کەسیرە، عەلی یلدرم، پیاوێکی ئاسایی بوو کە بە لایەنگری لە دەوڵەتی تورکیا لە دژی بزووتنەوەی کورد لە ساڵانی ١٩٣٠دا هێندێک دەستەلات و قازانجی ئابووری بۆ خۆی دابین کردبوو.

# دیاردەی منداڵ زۆریی و دروستبوونی کێشەی خێزانی

ئامانج گەرمیانی

یەکێک لەو کێشە گرنگ و سەرنجراکێشانەی کە ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەی کوردستاندا هەیە، بریتییە لە کێشەی منداڵزۆری، کە گرفتێکی کۆمەڵایەتی ئەوپەڕی مەترسیدارە، بەتایبەتی ئەگەر لە تێڕوانینی دوارۆژەوە سەیری بکەین و بەرپرسیارانە بڕوانینە دوارۆژی کۆمەڵگەی کوردستان، بۆمان دەردەکەوێ کوردستان لە ساڵی دوو هەزاردا دەبێتە کۆمەڵگەیەکی زۆر و بۆر لەجیاتی کۆمەڵگەیەکی پوخت و سوودبەخش و تەندروست. کۆمەڵگەی کوردستان تاکو ئێستاش پێکهاتەی خێزان تیایدا، لە ڕووی ژمارە و تەنانەت لە ڕووی ژیانەوە، وەکو ساڵی پەنجاکانە. لەڕاستیدا خێزانی گەورە دیاردەیەکی قۆناغی دەرەبەگایەتییە لە کوردستاندا، چونکە ئامرازەکانی کار و شێوەکانی بەرهەمهێنان وای پێویست دەکرد کە ماڵە جووتیارێک تاکوو ژمارەی ئەندامەکانی زیاتر بن، کارەکەیان ئاسانتر بێتەوە. بێگومان ئەو سەردەمە ٧٠٪ و زیاتریش لە خەڵکی کوردستان لە گوندەکاندا دەژیان و خەریکی کاری جووتیاری و ئاژەڵ بەخێوکردن بوون. ئەوسا تەنانەت دیاردەی فرەژنیش باو بووە کە ئەویش لە پێناوی منداڵزۆریدا بووە. جیاوازی نێوان ڕەگەزی ژن و پیاو خۆی هۆکارێکی تر بووە بۆ دیاردەی منداڵزۆری، هەندێک جار خێزانێک لە پێناوی بەدەستهێنانی کوڕێکدا حەوت کچیان بووە!!

هۆکارێکی تریش بۆ دیاردەی منداڵزۆری لە کوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ نادڵنیایی دایک و باوکانی کورد لە چارەنووسی منداڵەکانیان بەتایبەتی ژیانی کوڕەکانیان، کە لە ئەنجامی شەڕ و بەردەوامبوونی شۆڕشی ڕزگاریخوازییەوە هەموو کاتێ لە مەترسیدا بووە، هەروەها ناڵەباری شێوەی گوزەران و باری تەندروستی کە بووەتە هۆی مردنی زۆری منداڵان لە کوردستاندا، هۆکارێکی ترە بۆ دیاردەی منداڵزۆری و دروستبوونی کێشەی خێزانی و قووڵبوونەوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان.

شایانی باسە کە ئاین هۆکارێکی ترە بۆ دیاردەی منداڵزۆری، چونکە هەموو شێوازەکانی بەرگری لە منداڵبوون وەکو کەبسول و کۆندۆم و IUD و...هتد بەگوێرەی یاسای ئاین قەدەغەیە! لێرەوە دەمەوێ بچمە سەر باسی شیکردنەوەی دەروونناسی و کۆمەڵناسی ئەم دیاردەیە و چۆنیەتی پەروەردەکردنی منداڵان لە خێزانی نوێی کوردەواریدا.

ئاشکرایە کە کەم و زۆریی ژمارەی منداڵەکان لە خێزاندا کار دەکاتە سەر چۆنیەتی پەروەردەکردنیان بۆ وێنە دوو خێزان یەکەمیان پێنج منداڵ و دووەمیان دوو منداڵی هەبێ، دیارە خێزانە بچکۆلەکە لە رووی گوزەران و باری ئابووریەوە باریان لە خێزانە گەورەکە سووکتر دەبێ ئەگەر هەمان داهاتی سالانەیان هەبێ، هەروەها دایک و باوکی ناو خێزانە بچکۆلەکە کاتیان بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانیان دوو ئەوەندە و نیوی خێزانە گەورەکە دەبێ ئەگەر وەکو دایک و باوکێکی پێشکەوتووخواز بە چاوی یەکسانییەوە، واتە بێ جیاوازیی رەگەزی، منداڵەکانیان پەروەردە بکەن.

پێش ئەوەی باسی شێوەی پەروەردەکردنی منداڵان بکەم، بە پێویستی دەزانم برێک شێوەی پەروەردەبوونی دایک و باوکانی ئەم سەردەمەی کۆمەڵگەی کوردەواری بخەمە روو، چونکە دایک و باوکایەتی کارێکی زۆر پیرۆزە و هەرگیز ئەوە ناگەیەنێ تەنیا منداڵ دروستکردن بێت، دایکو باوکانی ئێستا لە کۆمەڵگەیەکدا پەروەردە بوون کە ٧٥٪ی نەخوێندەوار بووە، ژنان بە هیچ شێوەیەک بواری بەشداربوونیان لە کاری کۆمەلایەتیدا پێ نەدراوە و دامودەزگاکانی فێرکردن و راگەیاندنیان نەبووە یان ئێجگار لە ئێستەش لاوازتر بووە!

پەیرەویکردن لە داب و نەریتە کۆنەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردستان وەکو گەورە و بچووکی لای دایک و باوکان باو بووە، لەڕاستیدا گەورە و بچووکی دیاردەیەکی کۆمەڵگە دواکەوتووەکانە و تا ئێستاش لە کوردستاندا ئەوپەڕی برەوی هەیە، ئەو دایک و باوکانە شەش–حەوت ساڵ منداڵەکانیان فێری قسەکردن دەکەن کەچی کە منداڵێکیان زمانی دێتە گۆ راستەوخۆ بە سەریا دەقیژێن و بێدەنگی دەکەن! ئەی کەوابوو بۆچی فێریان کردون قسە بکەن، دیارە منداڵیش وەکو گەورەکان قسەی چاک و خراپ دەکات، ئەمەش شتێکی ئاساییە، هەر لە سەرەتاوە منداڵان فێری شەرمنی و بێدەنگبوون دەکەن لەجیاتی فێری پرسیارکردنیان بکەن، هەر بۆیەش کاتێ گەورە دەبن، نەک هەر لە خەڵکی بەڵکو پرسیار لە خۆشیان ناکەن!! مرۆڤ پێویستە هەردەم لە پرسیار لە خۆ کردندا بێت... سەبارەت بە خۆی، چارەنووس، رابردوو، سروشت، کۆمەڵگە...هتد. خێزان یەکەمین قوتابخانەی منداڵان و دایک و باوکانیش یەکەمین مامۆستان، دیارە مامۆستاش رووناکبیر و ناڕووناکبیر، شارەزا و ناشارەزایان تێدایە، دایک و باوکان پێویستە کەموزۆر لە بواری تەندروستی و پەروەردە و فێرکردندا شارەزاییان هەبێ، ئەوسا بڕیاری منداڵبوونیان دابێ، تاکو بتوانن جگەرگۆشەکانی خۆیان بە شێوەیەکی زانستی پەروەردە بکەن. ئەوەش دەبێتە بناغە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەی کوردەواری نوێ، شایانی باسە فێرکردنی دیموکراتیەتیش هەر لەناو جەرگەی خێزانەوە دەست پێ دەکات، ئەگەر دایک و باوکانی کورد خۆیان فێری دیموکراتیەت بووبن دەتوانن دیموکراتانەش لەگەڵ منداڵەکانیاندا رەفتار بکەن، هەرچەند لە سەرەتادا رووبەڕووی هەندێ گیرە و کێشە دەبنەوە، بەلام ئەنجامەکەی دەسکەوتێکی مێژوویی گرنگە ئەویش بەدەستهێنانی نەوەیەکی دیموکراتی کورد کە دەبنە بنچینەی

کۆمەڵگەی داهاتوومان لە کوردستاندا. دیارە ئەمەش و زۆر دەستکەوتی تریش هەر بەستراوە بە زیاد و کەمی منداڵانەوە لە خێزاندا بەپێی ڕێگرتن لە زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان، ئەمەش واتە دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی کەم و پوخت نەک زۆر و بۆر لە کوردستاندا لە سەدەی بیست و یەکەم.

کەوابوو دایکان و باوکان لە کاتێکدا ژمارەی منداڵەکانیان کەم بێت، زیاتر بەسەر شێوەی پەروەردەکردنیاندا زاڵ دەبن و فریای سەختی و ئاستەنگەکانی ژیانیان دەکەون. بەپێی زانستی دەروونناسی مرۆڤ یان شەرمنە یان ئازاد! هەر بۆیە ئازادی وەکو واژەیەکی دەروونزانی پەیوەندی بە دەروونی مرۆڤەوە هەیە واتە مرۆڤ زۆرجار لە ڕێگەی شەرمنییەوە ئازادی خۆی کەم دەکاتەوە. لەڕاستیدا ئەو پیاو و ئافرەتانەش کە ئێستا شەرمن تا ئەو ڕادەیەی تەنانەت نەک هەر لە ڕەفتارکردندا بەڵکو لە قسەکردنیشدا ئازاد نادوێن! هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی منداڵی یان شێوەی پێکهاتنی خێزانی و چەشنی پەروەردەکردنیان. ئەمانە لەڕاستیدا ناتوانن منداڵەکانی خۆیان وا پەروەردە بکەن کە بەبێ شەرم بەرگری لە مافەکانی خۆیان بکەن، بەڵام کێشە لەوێدایە کە وشەی (شەرم) لە عەقڵیەتی کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا مانای (ڕەوشت) یان (ئەدەب) دەبەخشێت لە کاتێکدا گونجاوە مرۆڤ بێشەرم و بەڕەوشت یان بێشەرم و بەئەدەب بێت و ڕەوشت و شەرم دوو واژەی لێک جیاوازن نەک وەک یەک. ئاین بە سیفەتێک کە پارێزگاری لە ڕەوشت دەکات هەوڵ دەدات مرۆڤ بکاتە کۆیلەی خوا واتە (عەبدوڵا) بۆ ئەمەش پێویستە مرۆڤ لە حزوری خوادا بەشەرمەوە ڕاوەستێت، لە کاتێکدا بەشەرمە لە حزوری خوادا ڕاوەستان مانای ئەوە نادات کە مرۆڤ ئیدی سیفەتی شەرمنی بەسەرخۆیدا بسەپێنێت، کەچی ئەم سیفەتە لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا دەچێتە ناخی مرۆڤی کۆمەڵگە ئیسلامییەکانەوە، بە شێوەیەکی سروشتی منداڵان لە هەموو کۆمەڵگاکانی مرۆڤدا بۆ فێربوونی هەموو شتێک تەماشای گوفتار و ڕەفتاری گەورەکان دەکەن، "کورد واتەنی‌ش گەورە ئاو دەڕژێنێ بچووک پێی لێ دەخشێنێ، کەوابوو ڕەفتاری گەورەکان لەگەڵ یەکتردا لەبەر چاوی منداڵان شتێکی گرنگ و بایەخدارە و هەموو چرکەیەک پێی بزانن یان نەزانن ڕۆڵی مامۆستا دەبینن بۆ منداڵەکان، منداڵانیش درەنگ یان زوو لاساییان دەکەنەوە. خاڵێکی تر کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئازادییەوە هەیە ئەوەیە کە (مرۆڤ بە شێوەیەکی ڕەمەکی حەز لەو شتە دەکات کە لێی قەدەغە بکرێت)، هەر بۆیە کاتێ منداڵێک پێی دەوترێ وا مەکە! زیاتر حەز دەکات ئەو شتە بکات! یان کاتێک دایکێک لە ماڵەوە شتێک لەبەر دەستی منداڵەکانی لەناو سنووقێک یان لە هەر شوێنێکی تردا دەشارێتەوە و بە منداڵەکانی دەڵێت دەرگای ئەو سنووقە مەکەنەوە، بەپێچەوانەوە ئەوان زیاتر حەز دەکەن و سوور دەبن لەسەر ئەوەی لە یەکەمین هەلدا دەرگاکە بکەنەوە و بزانن دایکیان چی لەوێدا شاردووەتەوە. هەروەها لە خێزانێکی کورددا کاتێک پیاوەکە بە ژنەکەی دەڵێ نابێ بچێت بۆ سینەما ئەوا ژنەکەی زیاتر حەزی دەچێتە سینەما و تامەزرۆی دەبێت و هەموو کاتێک لەبەر خۆیەوە لێکی دەداتەوە ئاخۆ سینەما چۆن بێت! لە کاتێکدا ڕەنگبێ ئەگەر پیاوەکە ڕێی لێ نەگرتبایە ژنەکە خۆی لە سروشتی

خۆیدا هەر حەزیشی لە سینەما نەبووایە! ئیدی هەموو قەدەغەکردنێک لای مرۆڤ خۆشەویست دەبێت و زیاتر مرۆڤ تامەزرۆ دەکات، چونکە مرۆڤ لە سروشتیدا بە شێوەیەکی ئازاد لە دایک بووە و دەیەوێ چۆنیش لە دایک بووە هەر وا بژی. کەوابوو پەروەردەکردنی منالان بە شێوەیەکی ئازاد بناغەی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی نوێی کوردەوارییە و سەرەتای هەبوونی دایک و باوکانی نوێیە کە بەڕاستی شایانی باوک و دایکایەتی بن!

لەم سالانەی دواییدا یان با بڵێم لە حەفتاکانەوە هەزاران منالی کورد چ ئەوانەی لەگەڵ دایک و باوکیاندا ئاوارەی ولاتانی ئەوروپا و ئەمریکا و ئوستراليا بوون و چ ئەوانەش کە لەم چارەکە سەدەیەی کۆتایی سەدەی بیستەم لەم ولاتانەدا لە دایک بوون، لە بەردەم کێشەیەکی تردا خۆیان دەبیننەوە، ئەویش کێشەی مەزن و گەورەبوون لە دوو کولتوری تەواو جیاوازدایە و ئەوان بە دوو زمانی لە یەکتر دوور و جیاواز قسە دەکەن، بە هەر حاڵ... ئەم مەسەلەیە خۆی بەتایبەتی نەک هەر نووسینێک بەڵکو چەندین کتێب بەشی ناکات، گرفتەکەش بۆ ئەو منالانەی لە هەندەراندا لە دایک بوون و گەورە بوون لە کاتێکدا گەورەتر دەبێتەوە کە بۆ کوردستان بگەڕێنەوە و لەوێ بژین -ئەگەر بگەڕێنەوە-!

هەر بۆیە لێرەدا من زیاد لەسەر ئەم مەسەلەیە ناڕۆم و تەنیا ئەوەندە دەڵێم بەداخەوە زۆربەی دایک و باوکانی کورد لە هەندەرانیش دەیانەوێ وەکو نەریتی کۆنی کوردەواری خێزانی گەورە، بێ هیچ هۆکارێک لەو هۆکارانەی لەسەرەتاوە دەستنیشانم کرد، پێک بهێنن! هەندێکیان ژمارەی زارۆکەکانیان دەگاتە شەش یان حەوتیش لە کاتێکدا هەموو شێوەکانی بەرگری لە منالبوون لە ئارادایە و زۆریش بەئاسانی دەتوانن منالیان نەبێت یان زۆر نەبێت، هەروەها هەلومەرجەکانی منال پەروەردەکردن لە هەندەراندا زۆر سەختترە وەک لە کوردستان چونکە لە هەندەران جگە لەوەی دایک و باوکان پێویستە منالەکانیان بۆ باخچەی ساوایان ببەن -داپیرەیەکیان لا نییە تاکو منالەکانیان بۆ بەخێو بکات- پێویستە خۆشیان سەرباری کار هەردەم خەریکی فێربوونی زمان بن و زیاتریش مشووری منالەکانیان بخۆن، تاکو بتوانن بگەنە نزیک! ئاستی هۆشیاری منالانی ئەو ولاتەی خۆیان تیا نیشتەجێ کردووە.

ئاشکرایە تاکو ژمارەی منالەکان لە خێزاندا زیاتر بێت پەروەردەکردنیشیان بە شێوەیەکی زانستی، ئەوەندە سەختتر دەبێت، کەوابوو بۆ خێزانێکی ئاسایی کورد چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوەی کوردستان چەند منال پێویستە؟ بێگومان دایک و باوکان بۆچوونی جیاجیان هەیە، بەلام جێگەی خۆیەتی بڵێم منالێک کەم و سێ منال زۆرە بۆ خێزانێکی ئاسایی، بۆیە دەڵێم دوو مندال باشترە بۆ خێزانێک، چونکە مندال لە مالەوە هەردەم پێویستی بە هاوڕێی بچووک هەیە، جگە لە دایک و باوکان کە دەبێ ڕۆڵی هاوڕێی منالەکانیان لەناو خێزاندا ببینن، دەنا گەورە و بچووکی کردن منالان سەرکوێر دەکات و

تەنیا مانای ڕێزگرتنی یەکلایەنی دەگەیەنێت، واتە ڕێزلێنانی بچووک بۆ گەورە! ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی دیوارێکی ئەستووری ترس لە نێوان منالان و گەورەکانی خێزانێکدا دروست ببێت، لەگەڵ دروستبوونی ئەم دیوارەشدا گەورە و بچووک لە خێزانێکدا هیچ کاتێک لە یەکتر تەواو تێناگەن! ئەمەش واتە لەدەستچوونی دیموکراسیی خێزانی.

ئاشکرایەماڵەوە جێگەی حەسانەوەیە بۆ دایک و باوکان، لە کاتێکدا بۆ منالان تەنیا جێگەی حەسانەوە نییە، بۆ منالان هەموو کات و شوێنێک بێ جیاوازی بۆ یاریکردن دەست دەدات و لەباریشە، هەر بۆیە کاتێک ژمارەی مندالان لە خێزانێکدا زیاد دەکا ڕادەی حەسانەوەی گەورەکان کەم دەکاتەوە و پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە هەر بۆیە ئەو باوک و دایکانەی منالی کەمیان هەیە چاکتر فریای خزمەتکردن و پەروەردەکردنیان دەکەون -بێگومان ئەگەر خۆیان شارەزاییان لە هونەری دایک و باوکایەتیدا هەبێ- بەپێچەوانەشەوە ئەو دایک و باوکانەی لە سیفەتی خۆیاندا هەست بە نائارامی دەروونی و تووڕەیی و فەرامۆشکاریی و...هتد دەکەن ئەوانەن کە ژمارەی منالەکانیان زۆرن و چ لە ڕووی ئابووری و چ لە ڕووی کاتەوە فریای پەروەردەکردنیان ناکەون.

خالێکی تر کە شایانی نووسین بێت ئەوەیە کە لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بیمەی منالان نییە... پێویستە دایک و باوکان خۆیان هەموو قۆناغەکانی گەورەبوونی منالەکانیان پێش لەدایکبوونی تەئمین بکەن. کەوابوو بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی تەندروستمان هەبێ پێویستە بیر لە دوارۆژ و پەروەردەکردنی منالانی کورد بکەینەوە، کە بێگومان ئەو منالانە ژن و پیاوانی سەدەی بیست و یەکی کۆمەڵگەکەمانن، دیارە تەنها ئەم قۆناغە سەختە، تاکوو بە هەر شێوەیەک بێت لە قۆناغێکی تردا میری و دەزگا کۆمەڵایەتییەکان بیمەی منالان بە ئەستۆ دەگرن، بەمەش دایکان و باوکان تەواو یان تا ڕادەیەکی چاک لە کێشەی منالداری باریان سووک دەبێ و ئەوساش دیارە هێندەش سەریان سووک دەبێ کە بتوانن ئاوڕێک لە ڕابردووی خۆیان بدەنەوە و هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵبکێشن و خۆشیان پێش بخەن، دەنا ڕزگاربوونی کوردستان لە پاڵ هۆشیاری کۆمەڵایەتی و گەشەسەندنی ئابووریدا نەبێت ڕەنگە داهاتوومان لە ئێستامان باشتر نەبێت، لێرەدا پێویستە بڵێم کە کارتێکردنی کۆمەڵگە و داب و نەریتی سەدان ساڵەی کۆمەڵگە کارتێکردنی بەتینی هەیە بەسەر تاکەکەسەوە بۆ بڕیارداتی منال هەبوون یان نەبوون... بۆ نموونە ڕەنگبێ بووک و زاوایەک پێش ئەوەی ببنە دایک و باوک خۆیان بڕیاریان وا نەبێ منالیان ببێت، بەلام پاش ماوەیەک و لە ئەنجامی کارتێکردنی خەڵکی ترەوە (کۆمەڵگە) دەشێ بیروڕایان بگۆڕن و بڕیاری منالداری بدەن.

دەگەڕێمەوە سەر باسی منالزۆری و دەڵێم ئاشکرایە دایکێک کە لە سەرجەمی ژیانیدا حەوت مندال دێنێتە دنیاوە لەچاو دایکێکی تر کە تەنیا دوو مندالی بووە لە باری ئۆرگانیسم و ئەندامەکانی لەشیەوە زووتر و زیاتر دەشکێتەوە و ڕەنگبێ زووتریش کۆچی

دوایی بکات! بۆ نموونە ئاستی ناوەندی ژیانی ژن لە وڵاتی سویددا ٨٠ ساڵە و لە پاکستان ٤٦ ساڵە! ئاشکرایە ژنانی سوید لە چاو ژنانی پاکستان، منداڵیان کەمترە، هەروا گوزەرانیان لە هەموو ڕوویێکەوە جیاوازە. جگە لەو مەسەلانەش کە باس کران، منداڵزۆری کێشەیەکی جیهانییە و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی زەوی یەکێک لە هۆکارەکانی خوڵقاندنی ئاستەنگە ئابوورییەکانە لە جیهاندا.

لە کۆتاییدا دەمەوێ بڵێم کە دروستکردنی منداڵ، نابێ لە پێناوی ئەوەدا بێت کە تەنیا خۆشی بە مرۆڤ دەبەخشێ، بەڵکو پێویستە دایکان و باوکانی کورد بە ڕۆحی بەرپرسیارییەوە سەرنجی ئەم مەسەلەیە بدەن.

**سوید**

**١٩٩٤**

# مێژووڵکەی یەکەمین چاپخانە کوردیەکان

فەرهاد پیرباڵ

زۆر ترسم لێ نیشتووە ٥٢٥ ساڵ لەمەوپێش کاتێ گرتەنبێرگ چاپی داهێنا، لەدوای خۆی وەسیەتی کردبێت کە نابێت نەتەوەی کورد چاپخانەی هەبێت.

حافظ مصطفى

مودیری مەسئوولی گۆڤاری (هیوا)

ژ ٧، ٢٦ ١٩٥٨، ل٤

لە سەدەی حەڤدەهەم بەملاوە ئاسووری و عوسمانلیەکان، لە سەدەی هەژدەهەم بەملاوە ئەورووپاییەکان، لە سەدەی نۆزدەهەمیش بەملاوە ئەرمەنیەکان هاتوون زمانی کوردیان خستۆتە دەفری چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەوە: کورد – بۆ خۆی، تاکو کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم هەر نەشیزانیوە چاپخانە چیە. ناوی چاپخانە و چاپەمەنی تەنیا لە شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی دا وەدیار دەکەوێ لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا، کە دەڵێ: "لە دەوری ئێمە ڕۆمان و جەریدە/ئەگەرچی مەقصەدە و زانینی باوە...هتد"

لەم چەند دێڕەی خوارەوەدا دەمانەوێ مێژووی یەکەمین چاپخانەی کوردی ببەستینەوە بە یەکەمین ڕۆژنامە کوردییەکان بە زمانی کوردی.

## ١– چاپخانەی میقداد–مەدحەت بەدرخان

ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی کوردستان ١٨٩٨ لە قاهیرە لە چاپخانەی عارەبان، لە چاپخانەی هلال چاپکراوە، هەروەها ژمارە دوو و سێشی. بەڵام لە ژمارە چواری ئەو ڕۆژنامەیەدا نووسراوە کە (کوردستان) لە چاپخانەی سەربەخۆی ڕۆژنامەی (کوردستان)دا چاپکراوە "لمصرێ ل مطبعا جریدەیا کوردستانێ طەبع بیە." ژمارە پێنجیش لە هەمان ئەو چاپخانە کوردیەی میقداد–مەدحەت دا.

لەم دوو ژمارەیەی ڕۆژنامەی ناوبراودا هیچ باسێک لە بارەی کڕینی چاپخانە و دامەزراندنی چاپخانەیەکی سەربەخۆ بۆ ڕۆژنامەکە نەکراوە، بەڵام لەوە دەچێ کە

میقداد-مەدحەت بەدرخان لەو ماوەیەدا بەراستی چاپخانەیەكی سەربەخۆی بۆ بڵاوكردنەوەی (كوردستان) كڕیبێت.

شایانی باسە، ئەو چاپخانە جوانەمەرگەی میقداد-مەدحەت بەدرخان تەنیا دوو ژمارەی ٤ و ٥ی ڕۆژنامەی كوردستانی پێ چاپ كراوە و بەس. چونكە دوای ئەوەی میقداد-مەدحەت دەگیرێت، دیارە چاپخانەكەش دەستی بەسەردا دەگیرێت و لەناو دەچێ. بۆیە دەبینین ژمارە ٦ و ٧ و ٨ تا ١٩ لە "مەطبەعا جەمعیەتا تفاق و قنجیا مسلمانان طەبع بیە." لە ژنێف، ئەمەش لە لایەن برای ناوبراو، عەبدولرەحمان بەدرخان.(١)

هەرچۆنێك بێ ئەگەر برایانی بەدرخان و ڕۆژنامەی كوردستان ١٨٩٨-١٩٠٢ چاپخانەیەكی سەربەخۆیان هەشبوویێت، ڕاستە بە یەكەمین چاپخانەی كوردی لە قەڵەم دەدرێت، بەڵام هەر زوو جوانەمەرگ كراوە و بەرهەمێكی ئەوتۆی نەبووە: لە ژمارە ٤ و ٥ زیاتر.

### ٣- چاپخانەی ئیجتیهاد ١٩٠٤

ڕووناكبیری هێژای كورد، عەبدوڵلا جەودەت ١٨٦٩-١٩٣٢، كاتێ لە دوورەوڵاتدا ژیاوە لە ژنێف، لە ڕۆژی ١٩٠٤/٨/٤ چاپخانەیەك دەكڕێت و پاشان بەڕەزامەندیی حكوومەتیی سویسری لە ڕۆژی ١٩٠٤/٩/١ یەكەم ژمارەی گۆڤاری اجتهاد بەو چاپخانەیەی خۆی بڵاو دەكاتەوە لە شاری ژنێف لە سویسرا. هەروەها هەر لە ڕێگەی ئەم چاپخانەیەشەوە پرۆژەی بڵاوكردنەوەی زنجیرە كتێبێك دەگرێتە ئەستۆی خۆی، بە زمانی توركیی عوسمانلی و فەرەنسی، كە تا ڕۆژی مردنیشی هەر مابوو.

لە ١٩٠٤/١٠/٣٠ بە فەرمانی باڵوێزی عوسمانی لە ژنێف بڕیار دەدرێت كە لە ژنێف دەری بكەن، ئیدی ناچار دەبێ لە ١٩٠٤/١١/٢ بچێتە شاری ANNEMASSE لە فەڕەنسا. عەبدوڵلا جەودەت كە هەموو سامانی خۆی خستبووە گەری ئەم چاپخانەیە، ئەم دەركرانەی لە سویسرا كۆستێكی سەخت بوو. لەم ماوەیەدا ١٢ كتێبی نایابی بە هەردوو زمانی فەرەنسی و عوسمانی چاپ كردبوو.

عەبدوڵلا جەودەت لە فەڕەنساش ڕاوەدوونرا، لە ساڵی ١٩٠٥دا چاپخانەكەی بردە قاهیرە، تاكو ساڵی ١٩١١ چەندین كتێبی بە زمانی عوسمانی بە چاپ گەیاند، جگە لە گۆڤاری ئیجتیهاد. پاشان، دوای لەناوچوونی سوڵتان عەبدولحەمید و ڕاگەیاندنی شۆڕشی مەشرووطە ١٩٠٨، گەڕایەوە ئەستەمبوڵ و لە ڕۆژی ١٩١١/٦/١٤ بەولاوە دەستی كردە سەرلەنوێ بڵاوكردنەوەی ئیجتیهاد و ژمارە ٢٤ی دەركرد.

ڕژێمی تازەی توركە لاوەكان، لە هەمان ساڵدا، كتێبی "مێژووی ئیسلام"ی نووسراوی

عەبدوڵڵا جەودەت قەدەغە دەکەن و کتێبەکانی دیکەشی دەسووتێنن و فڕێیان دەدەنە ڕووباری ئەستەمبوڵەوە، پاشانیش لە هاوینی ساڵی ۱۹۱۳دا چاپخانەکەی لێ زەوت دەکەن.(۲)

لە ساڵی ۱۹۱٤، دوای وەرگرتنەوەی چاپخانەکەی، ناوی گۆڤارەکەی دەکاتە (اشتیهاد) و پاشان (عالم) پاشان (اشهاد). ئنجا لە ۱۹۱٥/۱۱/۱۲ دواین ژمارەی (اجتهاد)، ژمارە ۱۲۷ دەردەچێت، ئیتر ڕژێمی تورک بەتەواوی قەدەغەی دەکات چونکە لە ۱۹۱٥ بەولاوە تورک بۆیان ساغ دەبێتەوە کە عەبدوڵڵا جەودەت بەتەواوەتی دژی ڕژێمی تورکە لاوەکانە.(۳)

ئەم مێژوولکەیەی ئەم چاپخانەیەی (اجتهاد)ی عەبدوڵڵا جەودەتمان لەبەر دوو هۆ گێڕایەوە. یەکەمیان: لەبەر ئەوەی ئەم چاپخانەیە بە چاپخانەیەکی کوردی لە قەڵەم دەدرێت و خاوەنەکەی کوردە. دووەم: لەبەر ئەوەی ئەم چاپخانەیە چەندین کتێب و چاپەمەنیی نووسەرە کوردەکانی سەرەتای ئەم سەدەیەی بە زمانی عوسمانلی لەبارەی کولتووری کورد بە چاپ گەیاندووە؛ هەروەها چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردیی دیکەش، چ بە زمانی تورکی چ بە زمانی کوردی لەم چاپخانەیەی ئیجتیهادی ڕۆڵەی کورد، عەبدوڵڵا جەودەتەوە چاویان بە ژیان هەڵێناوە، لەوانە، بۆ نموونە: ژمارە دووی گۆڤاری (ڕۆژی کورد) لە ساڵی ۱۹۱۳دا.(٤)

## ۳- چاپخانەی "تعاون وترقی" ۱۹۰۸

ڕووناکبیری کورد، زنار سیلۆپی (قەدری جەمیل پاشا) لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێ:
"خەلیل خەیالی، لەگەڵ هەندێ هاوڕێی ڕووناکبیری دیکەی لە ساڵی ۱۹۰۸دا، لە گەڕەکی گیوویەگ پاشا لە ئەستەمبوڵ کۆمەڵێکیان دامەزراند بە ناوی "جەمعیەتی تەعاون و تەرەقی"، پاشان چاپخانەیەکیشیان بۆ بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەکەیان دامەزراند."(٥)

بەداخەوە، زنار سیلۆپی هیچ ئاماژەیەک بۆ ناوی ئەو چاپخانەیە ناکات و باسی ئەوە ناکات کە پاشان ئەو کۆمەڵەیە چەند پەرتووک و بڵاوکراوەیان و بە چ زمانێک چاپ کردووە!

ئایا تۆ بڵێی چاپخانەی "نجم استقبال" کە ڕۆژنامەی ژین (۱۹۱۸-۱۹۱۹) و ڕۆژنامەی کوردستانی (۱۹۱۹-۱۹۲۰)ی لێوە چاپکراوە، هەمان ئەو چاپخانەیەی کۆمەڵەی "تەعاون و تەرەقی" نەبێت؟ چونکە ئەو چاپخانەیەی (نجم استقبال)، کە بارەگاکەی لە نزیک (بابی عالی) لە شەقامی (ابو السعود) بوو لە ئەستەمبوڵ، بەردەوام لە هەموو چاپەمەنییەکانی خۆیدا بانگاشە و پڕوپاگاندەی بۆ کتێبە کوردی و بۆ گۆڤارە کوردییەکان دەکرد. تاقە

چاپخانەیەکیشە کە لەو سەردەمەدا بانگاشەی بۆ چاپخانە و بڵاوکراوەکانی (اجتهاد)ی عەبدوڵڵا جەودەتی کورد کردبێت.(٦) چاپی یەکەمی مەم و زینەکەی ئەحمەدی خانی بە پێشەکیی هەمزە بەگ، ئەویش هەر لە چاپخانەی (نجم استقبال) چاپ کراوە.

هەرچۆنێک بێ، بە بۆچوونی من، ئەگەر چاپخانەی (نجم استقبال) هەمان ئەو چاپخانەیەی کۆمەڵەی "تەعاون و تەرەقی" نەبێت کە زنار سلۆپی باسی دەکات، ئەوا دەبێ چاپخانەیەکی سەربەخۆی دیکەی کوردان بێت، هی کۆمەڵەیەکی تر.

## ٤- چاپخانەی کوردستان ١٩١٥

حوسێن حوزنی موکریانی (١٨٨٣-١٩٤٧) لە تافی لاوێتیدا مەڵبەندە رۆشنبیریە گەورەکانی وەکو تەورێز و یەریڤان و مۆسکۆ و پەترسبۆرگ و ئەستەمبوڵ هەمووی گەڕابوو، هەر لە تەمەنی بیست ساڵیەوە خۆی فێری زمانی هیندی و عەرەبی و تورکی و فارسی و رووسی کردبوو. لە ئاکامی ئەم زمانزانین و دنیادیدەییەی خۆی، لەناو فارس و ئەرمەن و رووس و تورکاندا باش لە بایەخی چاپخانە و چاپەمەنی تێگەیشتبوو. بۆیە دوای ئەوەی رووسیای بەجێهێشت و چوو بۆ هیندستان، بە رێگای ئەفغانستانەوە چوو بۆ ئەستەمبۆڵی مەڵبەندی چاپەمەنی، لەوێ خۆی فێری هونەری خۆشنووسی و زانستی چاپخانە و چاپەمەنی کرد. ئنجا دوای ئەوە چووە ئەڵمانیا و لەوێ، لە ساڵی ١٩١٥دا، چاپخانەیەکی بە ١٢٠ لیرەی تورکی کڕی و لە هەمان ساڵدا گواستیەوە بۆ شاری حەڵەب لە سووریا.(٧)

حوسێن حوزنی، لە رێگای گۆڤار و رۆژنامە کوردیەکانی وەکو (کوردستان) و (رۆژی کورد) و (هەتاوی کورد) خوێندبوویەوە و دەیزانی کە پیتە عەرەبیەکان و ئەلفبای عەرەبی هێندە لەگەڵ دەنگەکانی زمانی کوردی یەکتر ناگرنەوە؛ مەکینەی چاپی کوردی پێویستی بە چەند قاڵبێکی تایبەتی کوردی هەیە. هەر لە شاری حەلەب، هەندێ قاڵبی تازەی بۆ دەنگە کوردیەکانی وەکو (پ)، (چ)، (ژ)، (گ)، (ڤ)... دارشت. ئنجا بە خۆی و چاپخانەکە و ئەو قاڵبانەوە گەڕایەوە ئەڵمانیا بۆ ئەوەی ئەو قاڵبە کوردیانە لەناو مەکینەی چاپخانەکە دابمەزرێنێ. دوای جێبەجێکردنی ئەو ئاواتە مەزنە، یەکسەر هاتەوە حەلەب و دەستی کردە چاپکردنی کتێبی کوردی. یەکەم کتێب کە لەو چاپخانەیەی خۆیدا چاپی کرد، مەم و زینی ئەحمەدی خانی بوو لە ساڵی ١٩١٥دا.(٨)

بەم شێوەیە حوسێن حوزنی موکریانی بە دامەزرێنەری یەکەم چاپخانەی کوردیی تەمەندرێژ لە قەڵەم دەدرێت لە مێژووی دامەزراندن و پەرەسەندنی چاپخانەی کوردیدا.
ئەم چاپخانەیەی موکریانی، لە چاو چاپخانەکانی میقداد-مەدحەت ١٨٩٨ و عەبدوڵڵا جەودەت ١٩٠٤ و تەعاون و تەرەقی ١٩٠٨، جیاوازییەکەی لەم خاڵانەی خوارەوەدایە:
١- لە هەموویان تەمەندرێژترە و تاکو ئێستاش هەر، وەک یادێکی ئەو مێژووە

شکۆمەندە، پارێزراوە.

٢- لە هەموویان زیاتر بەرهەم و کتێب و بڵاوکراوەی پێ چاپکراوە: لە ماوەی یەکەمین پازدە ساڵی تەمەنیدا، زیاتر لە ١٥ کتێب و ٦ ڕۆژنامەی پێ چاپکراوە، تاکو ساڵی ١٩٧٠ش زیاتر لە ٨٠ بڵاوکراوەی پێ چاپکراوە.

٣- بەشی هەرە زۆری ئەو بڵاوکراوانەی بە چاپی دەگەیاندن بە زمانی کوردی بوون، لە کاتێکدا کە چاپخانەکانی پێش خۆی بەشی هەرە زۆریان بە زمانی عوسمانلی بوون.

٤- چاپخانەکەی موکریانی قاڵبی دەنگە تایبەتیە کوردییەکانی بۆ دروست کرابوو، لە کاتێکدا ئەوانی پێش خۆی نەیانبوو و کەموکورتیی تەکنیکیان هەبوو.

شایانی باسە، موکریانی، لە ساڵی ١٩٢٥دا، لەسەر داخوازیی سەید تەهای شەمزینیی قایمقامی ئەوسای ڕەواندوز، چاپخانەکەی لە شاری حەلەبەوە دەگوازێتەوە شاری ڕەواندوز و دەست دەکاتە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی زاری کرمانجی (١٩٢٦-١٩٣٢)(٩)

لە ساڵی ١٩٤٧ بەولاشەوە چاپخانەکە بە سەرپەرشتی برا بەهەشتییەکەی، گیوی موکریانی، دەگوازرێتەوە هەولێر و ناوی لێ دەنرێت: چاپخانەی کوردستان.

بەم شێوەیە، بەشی هەرە زۆری کتێب و بەرهەمە چاپکراوەکانی شاعیر و نووسەرانی کوردستانی-عیراقی ساڵانی پەنجا و شەستەکان لەم چاپخانەیەی کوردستاندا لە دایک بوون.

## ٥- چاپخانەکەی مێجەرسۆن ١٩١٨

ئینگلیزەکان کاتێ هاتنە عیراق و کوردستانی عیراقیان داگیرکرد، ژمارەیەک چاپخانەی کۆنیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو. یەکێک لەو چاپخانانەیان لە کەرکووک دانا و ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی)یان لە ساڵی ١٩١٨دا پێ بڵاوکردەوە، یەکێکی دیکەشیان، لەسەر پێشنیاری مێجەرسۆن، لە سلێمانی دانا: مێجەرسۆن لە ڕۆژی ٢٩ی نیسانی ١٩٢٠ بەملاوە کەوتە سەر بەکارهێنانی ئەم چاپخانەیە و ڕۆژنامەی پێشکەوتنی تاکو ساڵی ١٩٢٢ پێ بڵاوکردەوە.

ڕۆژی ٣٠ی ئەیلوولی ١٩٢٢، کاتێ شێخ مەحموود شاری سلێمانی خستەوە ژێر ڕکێفی خۆی، ئینگلیزەکان ڕایانکرد و، نەیانتوانی چاپخانەکەیان لەگەڵ خۆیان ببەن. شۆڕشگێڕانی لایەنگرانی شێخ مەحموود دوو ئۆرگانی (بانگی کوردستان) و (ڕۆژی کوردستان)یان بە هەمان ئەو چاپخانەیەی مێجەرسۆن چاپ و بڵاوکردەوە.(١٠)

لایەنگیرانی شێخ مەحموود، دوای بۆمبابارانەکەی ٢٤ی مارتی ١٩٢٣ لە لایەن ئینگلیزەکانەوە، چاپخانەکەیان لەگەڵ خۆیان گواستەوە بۆ ناو ئەشکەوتی (جاسەنە) و ڕۆژنامەی (بانگی هەق)یان پێ دەردەکرد. بەڵام لە مایسی ١٩٢٣دا ئینگلیزەکان دەستیان بەسەر ئەشکەوتەکەشدا گرت و چاپخانەکە کەوتەوە دەست ئینگلیزەکان و سەرلەنوێ هێنایانەوە سلێمانی.(١١)

ڕۆژی ١٩٢٣/٦/١٧ دیسان کورد ئینگلیزیان لە سلێمانی دەرپەڕاند و چاپخانەکە کەوتەوە دەست شێخ مەحموود و (ئومێدی ئیستقلال)یان لە ساڵی ١٩٢٣دا پێ بڵاوکردەوە. لە کۆتایی مایسی ١٩٢٤ ئینگلیز سلێمانییان داگیرکردەوە، چاپخانەکە سەرلەنوێ کەوتەوە دەست ئینگلیز: لە ڕۆژی ١٨ی ئابی ١٩٢٤دا یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (ژیانەوە)یان پێ بڵاوکردەوە.(١٢)

بە بۆچوونی من، ئەم چاپخانەیەی مێجەرسۆن هەمان ئەو چاپخانەیەیە کە ئێمە-خۆمان ناومان نابوو (چاپخانەی بەلەدیە). بەڵگەی ئەم قسەیەش ئەوەیە کە ئینگلیزەکان، لە ڕۆژی ١٩٢٦/١/٢١، لە ڕێگەی شارەوانیی سلێمانیەوە کەوتنە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی (ژیان)، واتە چاپخانەکەیان سپاردبووە شارەوانیی سلێمانی.

لە ڕۆژی ١٩٣٢/٥/٦ بەملاوە، دوای کۆچی دوایی حوسێن نازمی بەڕێوەبەری چاپخانەکە، پیرەمێردی ئەمر سەرپەرشتیکردنی چاپخانە و ڕۆژنامەکەی گرتە دەست. لە ناوەڕاستی مانگی ئۆگەستی ١٩٣٤ بەملاشەوە، چاپخانەکەی بە کرێ گرت و خستیە سەر ناوی خۆی: پیرەمێرد چەندین کتێب و ٥٣٨ ژمارەی ڕۆژنامەی (ژیان)ی بەم چاپخانەیەی (مێجەرسۆن/بەلەدیە) چاپ کرد.

لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٣٧دا پیرەمێرد عەقدی چاپخانەکەی لەگەڵ شارەوانیی سلێمانی تەواو ببوو، شارەوانی چاپخانەکەی لە پیرەمێرد سەندەوە و خستیە ژێر ڕکێفی خۆی.

بەم شێوەیە، دەردەکەوێ کە تاکو ساڵی ١٩٣٧ تەنیا دوو چاپخانە لە کوردستانی عیراقدا هەبووە: چاپخانەی (کوردستان) لە هەولێر و چاپخانەی (مێجەرسۆن/بەلەدیە) لە سلێمانی. پێویستە ئاماژەی ئەوەش بکەین کە لە سەرەتای ئەم ساڵانەی سییەکاندا جەلادەت بەدرخان لە شاری دیمەشق سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی گۆڤاری (هاوار) و (زنجیرەی کتێبی هاوار) بوو، بەڵام چاپخانەکەیان (مطبعە الترقی) لەوە ناچێ سەر بە هیچ ڕووناکبیر و گرووپێکی کورد ببوبێت.

"

## کورد سەحافە و سەقافەی هەیە"

**پیرەمێرد: ژین ١٩٤٦، ژ ٨١٧**

پیرەمێردی دنیادیدە و ڕۆشنبیر زۆر باش لە بایەخی چاپخانە تێدەگەیشت، بەبێ چاپخانە نەدەحەوایەوە؛ لە ڕۆژی ١٩٣٧/٩/٢٠ سەفەرێکی بەغدای کرد و لەوێ چاپخانەیەکی تازەی کڕی و هێنایەوە سلێمانی. لە ڕۆژی ١٩٣٧/٩/٢٠ بەملاوە درێژەی بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی (ژیان) دایەوە.(١٣)

ساڵح قەفتان لە پێشەکیی ژمارەی یەکەمی گۆڤاری (زانستی)دا دەڵێ: "ئێستا شوکر لە شارەکەماندا دوو چاپخانە هەیە. پیاو لە تەنگانەدا دانامێنێ. هەرچەند ڕەفیقی خۆم مەطبەعەی بەلەدیە بوو، بەڵام چونکە ناتوانێ لە هەفتەیەکدا ڕۆژنامەی (ژیان) و مەجەللەکەی منیش لە چاپ بدا، بام دایەوە لای چاپخانەکەی پیرەمێرد، چوومە خزمەت پیرەمێردی موحتەرەم، خوا حەقە تەکلیفەکەی قبووڵ کردم و بێ ئەوەی ئەرکێک یا مەسرەفێک بخاتە سەرم، بۆی لە چاپ دام."(١٤)

بەم شێوەیە، پیرەمێرد و چاپخانەکەی، ڕێگا و ئاوات و کاروانێکی تازە بوون بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی تازە و ژیانێکی ئەدەبیی تازە.

**پاریس: ١٩٩١/٧**

## سەرچاوە و پەراوێز

١- ژمارە ٢٠ و ٢١ سەرلەنوێ لە میسر چاپکراون، بەڵام ناوی چاپخانەکە نەنووسراوە. ژمارە ٢٢-٢٣ هەر لە میسر لە چاپخانەی (هندیە) چاپکراون. ژمارە ٢٤-٢٧ لە لەندەن و لە فۆلکستۆن لە بریتانیا چاپکراون، ژمارە ٢٨ و ٢٩ لە چاپخانەی (انتقام) لە فۆلکستۆن چاپکراون.

2- Encydopedie de L Islam, Dictionnaire geog, Ethnog, et biog. des peuples musulmans, Suplement, Paris: 1933, p. 59-64.

٣- گۆڤاری اجتهاد لە ١٩١٨/١١/١ سەرلەنوێ ژمارە ١٢٨ی لێ بڵاودەکرێتەوە تاکو ژمارە ١٤٤. لەساڵی ١٩٢٢ بەیەکجاری رادەگیرێ و عەبدوڵلا جەودەتیش دوو ساڵ حوکم دەدرێ.

٤- ژمارە ١ی (ڕۆژی کورد) لە چاپخانەی (حقوق)، ژمارە سێیەمیشی لە چاپخانەی (محمود بگ) لە ئەستەمبۆڵ چاپکراوە.

٥- زنار صلوپی: فی سبیل كردستان، ترجمه من الكرديه: د. رضوان علی، منشورات رابطه كاوه، دار الكاتب، بيروت: ١٩٧٨، ص١٨.

٦- بروانه ژماره ٣ و ٤ و ەی ژین (١٩١٨-١٩١٩)، بەرگی دواوەی.

٧- جەلیلی جەلیل: نهضة الأكراد الثقافية، ص٦١.

٨- مەغدید حاجی: یادی حوسێن حوزنی موكریانی، رۆژنامەی العراق، ژماره ١٢٥٧، ساڵی ١٩٧٣.

٩- مەغدید حاجی: كاروانه سەختەكەی چاپخانەی كوردستان، كاروان، ژ٣٢، هەولێر: ١٩٨٥، ل ١٣-١٥.

١٠- كەمال مەزهەر: چەكێك له بارەی یەكەم چاپخانەی كوردی له شاری سلێمانی، كتێبی (چەند لاپەرەیەك له مێژووی گەلی كورد)، بەشی یەكەم، د. پ. ب. ك، بەغدا: ١٩٨٥، ل١٥٢.

11- C. J. EDMONDS: Kurds, Turcs and Arabs, London: 1957, p. 332.

١٢- كەمال مەزهەر: سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٤.

١٣- مستەفا سالح كەریم: دیوانی پیرەمێرد، سلێمانی، ل٣٦-٣٩.

١٤- گۆڤاری (زانستی)، ژماره (١)، ٢٢ شوباتی ١٩٣٨ له سلێمانی، ل٢-٣.

# ئینتەرڤیو لەگەڵ مێژوونـاسی کوردی قەفقاز پرۆفیسۆر شاکرۆ محۆی

**ئاینی ئیسلام رۆڵی خراپی لە تواندنەوەی کوردا هەبووە**

**ئارام عەلی**

**ئامادەی کردووە**

شاکرۆ محۆی لە ١٩٣٠/٤/١٢ لە گوندی ئەلەگەز لە ئەرمەنستان لە دایک بووە. لە ساڵی ١٩٤٨-١٩٥٢ بەشی مێژووی لە زانکۆی یەریڤان خوێندوە و پاشان بۆ ماوەی دوو ساڵ و نیو لە گوندەکەی مامۆستایەتی کردووە.

لە ساڵی ١٩٥٥-١٩٦٠ جێگری سەرنووسەری رۆژنامەی (رێیاتازە) بووە.
لە ساڵی ١٩٦٠وە تا ئێستا لەسەر پرسی مێژووی کورد و بەتایبەتی باشووری



کوردستان لە ئینیستیتوتی ڕۆژهەڵاتناسی کار دەکات.

لە ساڵی ١٩٦٣دا بڕوانامەی کاندیدات ناووک (دکتۆرا)ی لەسەر بابەتی (بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە کوردستانی ئێراق پێش جەنگی دووەمی جیهانی) لە زانکۆی یەریڤان وەرگرتووە.

لە ساڵی ١٩٧٧دا بڕوانامەی دکتۆر ناووک (دکتۆری زانستی) لەسەر (پرسی ئۆتۆنۆمی لە کوردستانی ئێراق) وەرگرتووە.

لە ساڵی ١٩٨٠ەوە پرۆفیسۆرە و لە ١٩٩٠یشەوە ئەندامی ئەکادیمیای زانستەکانی ئەرمینیایە. شایانی باسە کە شاکرۆ محۆی یەکەم ئەکادیمیکی کورد و کوردناسە.

تا ئێستا ٧ کتێب و کۆمەڵێک وتاری زانستی لەسەر پرسی کوردی نووسیوە و جگە لەوەی لە ساڵی ٦٨-٧٥ کۆرسی تایبەتی لەسەر مێژووی کورد ئامادە کردووە.

لە کۆنفرانسەکانی مۆسکۆ و ستۆکهۆڵمدا لەسەر پرسی بزووتنەوەی کوردی لە کۆن و نۆیدا و هەروەها لەسەر ئیسلام بابەتی پێشکەش کردووە.

ئێستاش سەرۆکی ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردییە کە لە ساڵی ١٩٩٣دا لەمۆسکۆ لە لایەن ٥ پرۆفیسۆر و ٤ کاندیداتی زانستی دامەزرێندراوە. دەتوانرێت بوترێت کە ئەم ناوەندە یەکەم ناوەندی زانستی لەو بابەتەیە کە لێکۆڵینەوە لەسەر کورد و کوردستان دەکات.

مامۆستا شاکرۆ تابڵێی مرۆڤێکی سادە و ئێسکسووکە، لەگەڵ ئەو هەموو بڕوانامە زانستییە بەرز و پلە و پایەی هەیەتی، بەڵام زۆر بێفیز و لەخۆبوردووە، دوای ئەوەی کەمێک باسی سەردانەکەی پاری خۆی و لازەریف و حەسرەتیانی بۆ کوردستان کرد، پێم وت مامۆستا پێشەکی هیچ پرسیارێکم بۆ گفتوگۆی ئەمڕۆمان ئامادە نەکردووە و دەمەوێت دوانەکەمان بەبێ سیریمونیا بێت و چی دەخوازیت بفەرمویت. ئەگەر حەزیش دەکەیت پێش بڵاوکردنەوەی ڕەشنووسەکانت پێشان بدەم لە وەڵامدا وتی: کاکۆ! پێویست بەوە ناکات، تەنیا وەکو هاوڕێ و هاوکار تکا لە تۆ و خەڵکی تر دەکەم لە نووسینەوەی مێژوودا سەرڕاستی و فاکتی زانستی ڕەچاو بکەن. گەلەکەمان بە زۆرکردنی ژمارە و جوانکردنی مێژوویی گەورە نابێت.

پاش هەندێک گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە کەوتمە پرسیارکردن و مامۆستاش زۆر لەسەرەخۆ بە وردی و ڕەوانی وەڵامی دامەوە:

- کاریگەری نەمانی یەکێتی سۆڤێت لەسەر کوردەکانی سۆڤێت، یا قەفقاز، چیە؟

- شاکرۆ محۆی: نەمانی یاخود هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤێت بۆ خۆی کێشەیەکی زۆر مەزنە و دەکرێت ئاخاوتنی زۆری لەسەر بکرێت. بەڵام ئەمە پەیوەندی بە بابەتەکەی ئێمەوە نییە. دەتوانم بەم شێوەیە بەرسڤی پرسیارەکەت بدەمەوە: هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤێت بۆ کوردی سۆڤێت زۆر خراپ بوو، زیانێکی زۆر لە ڕەوشی کوردی سۆڤێت دا، چۆن؟

بەر لە هەموو شتێک، ئێستا ناوەندێک نییە کە کۆنترۆڵی باروودۆخی ژیانی نەتەوە بچووکەکان بکات. جاران مۆسکۆ ڕێگەی نەدەدا کە هەندێک ناهەقی و زوڵم و زۆر بکرێت. زۆربەی ئەو وڵاتانەش کە لەسەر شوێنەواری کۆمارەکان دروست بوون، ئایدیۆلۆژیای ناسیونالیستی تەسکیان هەیە و هەرچی نێونەتەوەیی و ڕێزگرتنی نەتەوەکانی ترە تەنیا گوتنە و هیچی تر. ئێمەیش میللەتێکی بێخاوەن و بێوڵات و تەنانەت بێ بەڕێوەبەرییەکین، لەبەر ئەوە ژیانمان زۆر خراپە. لە لایەکی ترەوە دەتوانین نەتەوە بچووکەکانی یەکێتی سۆڤێت بکەین بە ٣ بەشەوە:

١- کەمایەتی نەتەوەیی وەکو ئەرمەن یا رووس یا هی تر کە لە هەندێک کۆماردا بوونیان هەیە، بەڵام کۆمارێکی سەربەخۆیان لەناو سنووری سۆڤێتی جاراندا هەیە.

٢- کەمایەتی وەکو ئەڵمانی یا کۆری کە لەناو سۆڤێتی جاراندا هیچیان نییە، بەڵام لە دەرەوە وڵاتی سەربەخۆ و بەهێزیان هەیە.

٣- ئێمەی کورد و هەندێک نەتەوەی بچووک کە نە لەناو سنووری سۆڤێتی جاراند، نە لە دەرەوە وڵاتی سەربەخۆمان نییە.

باری ژیانی گرووپی یەکەم و دووەم خراپ نیە، چونکە کۆمار و وڵاتەکانیان داکۆکییان لێ دەکەن، بەڵام کەس نییە، چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوە داکۆکی لە کوردی سۆڤێت بکات.

- بەر لەوەی بێینە سەر باسی ژیانی ئەمرۆی کوردەکانی قەفقاز، حەز دەکەم باسی کاریگەری کێشەی نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجان لەسەر کوردەکانی قەفقاز بکەیت.

شاکرۆ محۆی: ئەو شەڕەی نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجان ژیانی کوردەکانی ئەوێی گەلێک خراپ کردووە، چونکە ناوچە کوردنشینەکانی لاچین و کەلبەجار ڕاستەوخۆ بۆتە گۆڕەپانی شەڕ، کاتێکیش شەڕ ڕوو دەدات، هەموو کەس دەگرێتەوە. بەو شێوەیەش کوردەکان دەکوژرێن، ماڵیان وێران دەبێت، ڕادەگوێزرێن.

بەگشتی لە ئازەربایجان، هەموو دەم، ژیانی کورد خراپ بووە. کاتی خۆی ناوچەی کوردستانیان هەڵوەشاندەوە و کوردیان دووچاری تواندنەوە و ڕاگواستن کرد، ئێستاش

هەر بەردەوامن. لە ئەرمەنستان بەپێچەوانەوە، زۆر شت بۆ کورد کراوە و ژیان و خوێندن و کوردناسی هەموو کات باش بووە. بەڵام، بەداخەوە لەوێش لەم ساڵانەی دواییدا کاری خراپ ئەنجامدراوە. کوردی موسوڵمان لە ئەرمەنستان دەردەکرێن و لەناو کوردی یەزیدیشدا دوو تیرەیی دروستکراوە. هەندێک کوردی ناپاک و نەخوێندەوار، کە دیرۆکی خۆیشیان نازانن، دەیانوت گوایا یەزیدی کورد نین و نەتەوەیەکی جیاواز و سەربەخۆیە، بەڵام ڕۆشنبیران و زۆربەی میللەت دژی ئەوانە وەستان، لە ئاکامدا توانرا ئەو جۆرە کەسانە بێدەنگ بکرێن.

ئیستا هەر چەندە وەجاخی کوردناسی لە ئەرمەنستان ماوە، بەڵام وەکو جاران نییە، لاوازە. بێگومان هەندێک فاکتەری دیکەش، جگە لە فاکتەرە سیاسییەکە، وەکو فاکتەری ئابووری ڕێگەی لە پێشکەوتنی کوردەکانی ئەرمەنستان گرتووە، بۆ نموونە ڕۆژنامەی (ڕێیا تازە)، کە تەنیا ڕۆژنامەی کوردییە توانیبێتی بەردەوام بۆ ماوەی ٦٤ ساڵ دەربچێت، ڕێگەی دەرچوونی نەگیراوە، بەڵام لەبەر بێدەرامەتی بەئاستەم مانگی ژمارەیەکی دەردەچێت. بەکورتی ژیانی کوردەکانی ئەرمەنستان خراپە.

ژیانی کوردەکانی گورجستانیش هەروا خراپە، چونکە وڵاتەکە خۆی دووچاری شەڕی ناوخۆیی و سەختی باری ئابووری بووە. هەر بۆیە زۆر لە کوردەکانی ئەوێ دەرچوون و روویان لە مۆسکۆ و کراسنۆدار و ناوچەی تری روسیا کردووە. ئەگەر لە تەواوی یەکێتی سۆڤێتی جاراندا قەیران و سەختی هەبێت، هەڵبەتە لەو ناوەدا کوردیش، بەبێ وڵات، بەبێ خاوەن، خراپتر دەژی. دیارە ئەگەر کەسێکمان هەبووایە، هێندە زوڵم و زۆرمان لێ نەدەکرا.

– بزووتنەوەی کوردی سۆڤێتی، کە لە کۆتایی هەشتاکاندا تین و گوڕی تێکەوتبوو... ئەوە بوو (یەکبوون) و چەند گروپ و کۆمەڵە و سێنتەری کولتوری کوردی لە مۆسکۆ دروست بوو... ئەمڕۆ وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی لە چ بار و دۆخێکدایە.

– شاکرۆ محۆی: لە ساڵی ٨٩-٩٠دا ڕێکخراوێک بە ناوی (یەکبوون) دروست بوو، بەڵام مەخابن هەر بە ناو (یەکبوون) بوو، ئەگینا هەر یەکە بۆ لایەکی ڕادەکێشا.

ساڵی ١٩٩٢ لە ئەرمەنستان ڕێکخراوێکمان، بە ناوی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی دروست کرد، کە من سەرۆکیم. خەباتێکی زۆرمان بۆ هۆشیارکردنەوە و نەهێشتنی دوو تیرەیی نێوان کوردی یەزیدی و کوردی موسوڵمان کرد و تا ڕادەیەک سەرکەوتنمان بە دەست هێنا.

لە گورجستان کۆمەڵەی (روناهی) دروست بوو. لە کازاخستانیش (یەکبوون) هەبوو.

بەڵام لە ڕاستیدا ڕێکخستن و بوونی سیستیماتیک نەبوو، شتێکیان دەکرد و پاشان کز دەبوون، جگە لەوەی پەیوەندی لە نێوانیاندا نەبوو.

لە لایەکی ترەوە، بە دیتنی من، کەسانێک ئەو ڕێکخراوانەیان دروست دەکرد یا بەڕێوە دەبر کە ژێهاتی و زانا نەبوون و ڕێگەی پسپۆڕ و شارەزایان نەدەدا. من ناخوازم ناوی کەس بێنم، بەڵام جێگەی داخە کە ئەو دەردەگرانە لە کوردستانەوە بە ئێمەش گەیشت.

ساڵی پار ئێمە ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردیمان دروستکرد، کە لە جۆری کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی تری سۆڤێتی کۆن نییە و زۆرتر لە ئینستیتوتی کوردی پاریس و ناوەندەکانی تری ئەورووپاوە نزیکە. ئامانجی ئێمە سیاسی نییە، بەڵکو پیشەیی و زانستییە و کەسانی پسپۆڕ و خاوەن بڕوانامەی بەرز، لەسەر مێژوو، ئیتنۆگرافیا، زمان و فۆلکلۆر لەسەر ئاستێکی زانستی بەرز دەکۆڵنەوە. ئێمە ئەمساڵ بۆ یەکەمجار نووسیاری مێژووی کورد بە شێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی لە دەستپێکەوە هەتا ئەمڕۆ بە زمانی ڕوسی دەنووسین. بێگومان لە دواییشدا دەیکەین بە کرمانجی و چەند دانەیەکی بۆ کوردستان و سوید دەشێنین، تا بیکەن بە سۆرانی. پاشانیش دەکرێت بە زاراوەکانی تریش بنووسرێتەوە، بۆ ئەوەی کتێبێکی دروست سەبارەت بە مێژوومان لەبەر دەست خوێنەر و خوێندەواران و زانکۆ و دەزگاکانی ڕاگەیاندندا هەبێت و بزانین ئێمە کێین و لە کوێوە هاتوین.

دەمانەوێت هەر ساڵەی بڵاوکراوەیەک وەک دەسکەگوڵێک یا ئەڵمەناک almank دەر بکەین کە وتاری هەمەڕەنگی لەسەر مێژوو، جوگرافیا، ئیتنۆگرافیا، زمان، فۆلکلۆر، دیموگرافیا و هەرچی لە بارەی کورد و کوردستانەوە هەیە، تێدا هەبێت.

جگە لەمانەش، لە بەشی فیلۆلۆگیاشدا کار دەکەین و دەمانەوێت فەرهەنگی کوردی دەر بکەین. ئێستا خەریکین بە سەرپەرشتی باقی نازێ بە زمانێکی سادە ڕێزمانی کوردی ئامادە بکەین.

ئێمە هەرچەندە گیروگرفتمان زۆرە، بەڵام ئامانجمان ئەوەیە کە ناوەندەکەمان وەرزی نەبێت و چەند ساڵێک کار بکەین و ئیتر تەواو. ئێمە دەخوازین ناوەندەکە لە مۆسکۆ بێت و خاوەنی ئەرشیف و تۆماری خۆی بێت و پەیوەندی بە کوردی کوردستان و دەرەوە هەبێت و لێکۆڵینەوەی جودا لەسەر تەواوی لایەنەکانی کوردی تیا بکرێت.

کاتێک بەرهەمەکانمان دەربچێت، ئەوسا دەردەکەوێت کە ئێمە چۆن و لە چ ئاستێکی زانستیدا کار دەکەین. ئومێدمان وایە کە ناوەندەکەمان ببێتە ناوەندێکی ستراتیژی بۆ یارمەتی و ڕاوێژی سیاسیی و دیپلومات و سەرکردەکانی کورد، هەروەکو چۆن لە تەواوی وڵاتانی دنیادا ئینیستیتوتی تایبەت هەیە کە بە شێوەی زانستی ئەرگومێنت و زانیاری

دەخاتە بەردەم فەرمانڕەواکان، ئێمەش بەو پێیەی بۆ سەربەخۆیی خەبات دەکەین و شۆڕش دەکەین، دەبێت دەزگایەکی لێکۆڵینەوەی زانستیمان هەبێت.

نیازمان لە ڕۆژگارێکی نزیکدا، لە ئینستیتوتی ئاسیا-ئەفریقای سەر بە زانکۆی مۆسکۆ بەشێکی کوردی بکەینەوە، کە هەر خۆمان پرۆگرامی خوێندن ئامادە بکەین و وانەش بڵێینەوە، بۆ ئەوەی کادری کوردی و کوردناسی تیا پەروەردە بکەین. بێگومان ئێمە لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردی، هەر یەکەی لە بابەتێک و قۆناغێکی پرسی کوردیدا شارەزاین بۆ نموونە: لازەریێف لە سەدەی ١٩، من نیوەی یەکەمی سەدەی ٢٠ و کوردستانی باشوور، خاتوو ژیگالینە، کوردستانی ڕۆژهەلات...هتد.

ئەگەر لە لایەنی ئابووری و مۆراڵی و هی تردا کێشەمان بۆ دروست نەبێت، ئەوا دەتوانین بە ئاسانی کارەکەمان بەرینە سەر.

– چارەنووسی ئەو کوردە هەڵاتوو و ڕاگوێزراوانەی ئەم دواییە بە کوێ گەیشتووە؟

– شاکرۆ محۆی: ژیانی هەر هەموو کوردەکان خراپە. ئێستا، هەروەکو پێشتریش لێی دوام، ژیانی ئەو کوردانەش خراپە، کە لە جێگەی خۆیان ماون؛ بۆ نموونە: لە ئەرمینیا قەیرانێکی ئابووری زۆر سەخت هەیە، بێ کارەبایی، بێ خۆراک، بێ سوتەمەنی، موچەیەکی زۆر کەم، نەک تەنیا ئێخەی کوردەکان، بەڵکو ئەرمەنەکانیشی گرتۆتەوە.

ڕەنگە ژیانی کوردە هەڵاتووەکان کە ئێستا لە ڕوسیا دەژین، لە لایەنی ئابوورییەوە باشتر بێت، چونکە ئابووری ڕوسیا خۆی بەهێزترە. بەڵام، بێگومان لەوێش کێشەی مۆراڵی و سیاسی خۆیان هەیە، چونکە تۆماری نیشتەجێی ڕوسیایان نیە و کاری میری و خوێندنی منداڵ و چارەسەری نەخۆشی و کڕینی خواردەمەنی و شتی تریان بۆ دەسگیر نابێت، تەنیا ئەوەیە کە ئەو نەبوونی و گرانیەی لە کۆمارەکانی تردا هەیە لە ڕوسیا کەمترە.

– مامۆستا شاکرۆ! دەمەوێت کەمێک بەرەو پاش بگەڕێینەوە و ئاوڕێک لە مێژوو بدەینەوە. پار، واتە ٩٣ یادی حەفتا ساڵەی دامەزراندنی ناوچەی نەتەوەیی کوردستانی سوور بوو، بەو بۆنەیەوە چی دەفەرموون؟

– کوردستانی سوور، گەر بمایە شتی باشی دەکرد. بەتایبەتیش لەو ناوچەیەدا زۆربەی کورد پێکەوە دەژیان. خوێندن و نووسین و ڕادیۆ و بڵاوکراوەی کوردی هەبوو، کادری کوردی بۆ ناوچە کوردنشینەکان ئامادە دەکرا.

بەڵام ساڵی ١٩٢٥، کاتێک شۆڕشی کوردستانی ژوورو و بە ڕابەری شێخ سەعیدی پیران بەرپابوو، جارێکی تر سیاسەتی دژایەتیکردنی کورد لە لایەن تورکەوە بەگەرمی

سەربەهەڵدایەوە و نەک تەنیا کەوتنە کوشتوبڕی کورد، بەڵکو دەیانویست ناوی کورد وەکو نەتەوەیەک بسڕنەوە و دەیانوت ئەمانە تورکی چیایین. ناسیونالیستەکانی ئازەربایجانیش لەسەر ئەو ئاوازە سەمایان دەکرد و نەیشیاندەویست کێشە بۆ تورکیا دروست بکەن و یەکێتی سۆڤێتیش پەیوەندی لەگەڵ تورکیادا باش بوو. ئینجا لە کاتێکدا نەتەوەیەک بە ناوی کورد نەبێت ئیتر کوردستانی سوور لە پای چی؟!

لە ئەرمەنستان باشتر بوون و دۆستایەتی کوردییان دەکرد، بەلام لە ئازەربایجان ڕۆژ بە ڕۆژ دوژمنایەتیان زیادی دەکرد تا لە ساڵی ١٩٢٩دا ناوچەکەیان تەسک کردەوە و کردیان بە (قەزا). پاش ساڵێکیش ئەویشیان نەهێشت. پاشانیش بە زۆر ڕێگە یا سیاسی، یا ئابووری بڵاوەیان بە کورد کرد و بۆ ناوچەی تریان ڕاگواستن. ئیتر لە ناوچەکەدا کورد لە زۆربەوە بوو بە کەمایەتیەکی زۆر بچووک و وردە وردە کورد لەوێ بەرەو نەمان چوو. لە بیستەکاندا لە ئەرمەنستان ١٠ هەزار کورد هەبوو، لە هەشتاکاندا گەیشتنە ٦٠ هەزار. لە گورجستان ٤-٥ هەزار بوونە ٤٠ هەزار. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە کوردی ئازەربایجان بەو پێیەی موسوڵمان بوون فرەژنی و خێزان گەورەیی لەناویاندا باو بوو کەچی بە پێچەوانەوە هەر بەرەو کەمبوون دەچوون تا لە سەرژمێری ٧٩دا لە ئازەربایجان کورد نەما؟!

هەرچەندە، مەخابن! لەمەشدا ڕاستییەک هەیە. بە دیتنی من وەک مێژووناسێک، لە پاڵ سیاسەتەی شۆڤێنیستانەی ئازەربایجاندا، ئایینی ئیسلامیش ڕۆڵێکی خراپی لە تواندنەوەی کورددا بینیوە، چۆن؟ کوردەکانی ئەوێ ژن و ژنخوازییان لەگەڵ ئازەری (موسوڵمان)دا دەکرد، کوردێک بۆ ئەوەی لە کاردا پێش بکەوێت، وازی لە کوردێتی خۆی دەهێنا. میری ئازەربایجان دەیوت: بەس مەڵێن کوردین، چی دەکەن بیکەن. لەڕاستیشدا ئەوەی پەیڕەوی ئەوەی بکردایە، کاری بۆ دەچووە پێش. کوردی وا هەبوو، وەکو (ئەسکەندەرۆڤ) کە لە شەستەکاندا بوو بە سەرەکوەزیری ئازەربایجان.

کاتێک سەرژمێری دەکرا، کوردەکان دەیانوت: تورکی نازانین*! کاربەدەستەکان دەیانوت: تۆ موسوڵمانیت، کەواتە ئازەریت. کەمجاریش هەبووە کوردەکان دژی ئەم سیاسەتە بوەستن.

ئایینی ئیسلام چۆن ڕۆڵی خراپی لە تواندنەوەی کورددا هەبوو، بە پێچەوانەوە، ئایینی یەزیدی لە ئەرمەنستان ڕۆڵی مانەوەی کوردی بینی. چونکە ئایینی یەزیدی ئاینێکی داخراوە و ژن و ژنخوازی لەگەڵ خەڵکی دیدا ناکەن.

لە هەموویشی کوشندەتر ئەوە بوو کە لەناو کوردەکانی قەفقازدا ئەو داب و نەریت و هۆشیاری و فاکتەرە نەتەوەییە نەبوو، کە لە سابلاخ یا سلێمانی یا جێگەکانی تری کوردستاندا هەبوو، تا بۆ یەکخستن و داکۆکی لە مانەوەیان هانیان بدات.

– مامۆستا! وا بزانم لە ئەرمەنستان کێشەی یەزیدی هەیە. لە سەرژمێری ۸۹دا یەزیدی وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ ناونووسکرا.

– شاکرۆ محۆی: ئەو سیاسەتە لە وڵاتی تریشدا هەیە. ئەوەتا ئێراق هەوڵدەدات یەزیدییەکان جیا بکاتەوە و بەلای خۆیدا ڕایان بکێشێت.

هەڵبەتە ئەو ناکۆکییەی نێوان کورد خۆیشی و زوڵم و زۆری موسوڵمان بەرامبەر یەزیدی وایکردووە کێشەکە قووڵتر ببێت و مرۆڤی دواکەوتوو و نەزانیش ناکۆکییەکەی قووڵتر کردۆتەوە.

من ناخوازم، باسی کوردێتی یەزیدی بکەم. ئەوە بەڵگەنەویستە خێڵی سیپکۆ هەیە، نیوەی موسوڵمانە، نیوەی یەزیدی. واتە ماڵێکە و بۆتە دوو بەش. ئەم کێشەیە چۆن وا هەراش بووە. بە دیتنی من هەندێک ناسیونالیستی ئەرمەنی، بە مەبەستی خۆیان، ئەو کێشەیەیان وا گەورە کردۆتەوە و دوو تیرەییان لەناو کورددا دروستکردووە.... دەبێت ئەوەش بوترێت کە ڕۆشنبیرانی ئەرمەنی دژی ئەوەن، تەنانەت سەرۆکی ئەکادیمیای زانستەکانی ئەرمەنستان، ڤیکتۆر هەبەرتسومیان خۆی بۆ منی باس دەکرد کە ئەوە شتێکی ڕاست نییە و ئەو دژی ئەو جۆرە کارانەیە و ئێمە لەبری ئەوەی شتێک بۆ کورد و کوردستان بکەین، دەچین خۆمان بە شتی وا پرو‌پووچەوە خەریک دەکەین.

دەمەوێت بڵێم هەرچەندە لە ئەرمەنستان دوو تیرەییەکی زۆر هەیە، کە ناسیونالستی ئەرمەن و فەرمانڕەواکان کردوویانە، بەلام تەواوی ڕۆشنبیران دژی ئەوەن. ئەوانەی کە جاران ئالای یەزیدێتیان بلندکردبووەوە ئێستا لای خەڵک ڕووڕەش بوون. پێشی چەند ڕۆژێک شێخێکی یەزیدی پێی دەوتم کە ئەوە تاقیکردنەوەیەک بوو پیایدا تێپەرمان کرد و ئێستا بەشی هەرە زۆری کوردی ئەرمەنستان دەڵێن: ئایینمان یەزیدییە، بەلام بە نەتەوە کوردین و دژی پارچەکردنی کوردین.

– مامۆستا شاکرۆ! دوارۆژی کوردی سۆڤێتی کۆن چۆن دەبینیت؟

– شاکرۆ محۆی: تواندنەوەی کوردی سۆڤێت، ئێستا دژوارە، ئەگەر تا ئێستا نەبووبێت، تازە چیتر ڕوونادات، چونکە وزە و هەستێکی زۆری کوردێتی و کوردایەتیمان لە هەموو پارچەکانی کوردستانەوە بۆ دێت و ئێستا تێکەلاوییەکی زۆر لەگەڵ کوردی دەرەوەدا هەیە. بەلام کێشەکە لەوەدایە چۆن بتوانرێت کوردی ئەو ۸ کۆمارە یەکبخرێت و بە یەک بگەیەنرێن و جۆرە ڕێکخراو و کۆمەڵەیەکی گشتی دروست بکرێت و ناوبەناو کۆنفرانس و کۆبوونەوەی هاوبەش ببەسترێت، بۆ ئەوەی ون نەبین و لە یەک دانەبڕێین، هەرووەک چۆن ئەرمەن یا جوولەکەکان دەیکەن.

بە دیتنی من، ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردی لەو پرسەدا دەتوانێت ڕۆڵێکی مەزن بگێڕێ و سەرپەرشتی بڵاوبوونەوەی خوێندن بە زمانی کوردی و ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیری و هونەری لە نێوان کوردی هەموو کۆمارەکاندا بکات. گرنگ نییە لە هەر کوێ دەژین. گرنگ ئەوەیە لە یەک دانەبڕێین.

ئێستا کۆمەڵەی کوردی وڵاتەکانی سۆڤیێتی کۆن هەیە، بەڵام بەداخەوە لەژێر دەستی PKKدایە. بە دیتنی من، دەبێت کۆمەڵەی نەتەوەیی بێت و بێ پرینسیپی پارتایەتی بێت، هەموو یەک بخات، کۆنفرانسی گشتی، شانۆی گەڕۆک و پێشانگای هونەری ساز بکات و پەیوەندی بە سیاسەتی تاکە پارتێکەوە نەبێت. بێگومان ئەمەش کاتێک دەبێت کە باری ئابووری و سیاسی وڵاتەکانی سۆڤیێت باش بێت. ئێستا بۆ ئەو کارە لەبار نییە، تەنانەت لەبەر گرانی کەس ناتوانێت لە نێوان کۆمارەکاندا هاتوچۆ بکات.

– مامۆستا شاکرۆ! بەڕێزت وەکو شارەزا و پسپۆڕێک لە مێژوودا، بەتایبەتیش لە باشووری کوردستان، ئایا ئەمڕۆی کوردستان و تاقیکردنەوەی فیدرالیزم چۆن دەبینیت، بەتایبەتیش پار سەردانی کوردستانتان کردووە؟

– شاکرۆ محۆی: لە کوردستان لە کۆنگرەی پارتیدا و لەم ڕۆژانەیشدا لە کۆنفرانسێکدا کە PKK لە مۆسکۆ ڕێکیخستبوو وتومە و ئێستاش دەیڵێمەوە: ئەمڕۆ ئۆبجێکت یا ئامانجێکمان هەیە کە دەبێت هەموو کوردێک لە هەر جێگەیەک بێت وەکو بورجێک تەماشای بکات. کوردێک کە خۆی بە نیشتمانپەروەر دابنێت، ئەگەر پشتگیری کوردستانی باشوور نەکات و خەبات بۆ سەرخستنی نەکات، بزانە درۆ دەکات. ئەمڕۆ کێشەی ژمارەیەکی هەموو کورد کوردستانی خاوەن فیدراڵە و دەبێت هەموو کورد کار لە پێناویدا بکات.

بە دیتنی من، ئەمریکا و ئەورووپای ڕۆژئاوا وەکو تاقیکردنەوەیەک لەکوردستانی باشوور دەڕوانن. ئایا شتێک لەم تاقیکردنەوەیە دەردەچێت یا نە؟ ئەگەر سەرنەکەوتین ئەوا پرسی کوردی زۆر زۆر دوا دەکەوێت. خۆ ئەگەر سەرکەوتنیشمان بە دەست هێنا، ئەوا لە پارچەکانی تری کوردستانیشدا بەرو پێشەوە دەچین.

هەڵبەتە ئەمڕۆ لە کوردستانی باشووردا کێشە زۆرە، ڕژێمی سەدام کوردی لەبەردەم دوو ڕێگەدا داناوە: یا واز لە نان یا لە ئازادی بهێنێت... ئەگەر دەخوازیت سەربەست بیت گەرەکە برسی بیت.

بەداخەوە سەختی ژیانی خەڵکەکە کەمێک بە کوردی جێگاکانی تریشەوە گرێدراوە. من لە پێشدا بە خۆم، ئینجا بە هەموو کورد دەڵێم: ئێمە کەمێک بێ(غیرەتین)، نەخێر زۆریش

(بێ غیرەتین) تەنانەت بێناموسیش لەم کارەدا هەیە. ئێمە دەتوانین هەر یەکەی لای خۆمانەوە، چەند ڕۆبڵێک یا دۆلارێک یارمەتی کوردستان بدەین. من خۆم پار لەوێ بووم دەزانم خەڵک لە چ سەغڵەتییەکدا دەژین. کوردستان کەوتۆتە ناو دوو ئابڵۆقەی ئابووری دەرەوە و ڕژێمی ئێراقەوە.

من لەو بڕوایەدام کە هەموو کورد دەیەوێت کوردستانی ئێراق بە ئامانجێک بگات، بەڵام بەداخەوە زۆرتر گوتنە نەک بە کردەوە. من لە کۆنگرەی یازدەی پارتیدا وتومە و ئێستاش دەیڵێمەوە: هێشتا درەنگ نییە و دەتوانرێت فۆندێک دروست بکرێت کە لەژێر دەستی هیچ پارتێکدا نەبێت، بەڵکو فۆندێکی نەتەوەیی کوردی بێت بۆ یارمەتیدانی هەموو جێگایەکی کوردستان. ئەمڕۆ لە کوردستانی باشوور نەبوونی و برسێتییە، با کۆمەکی ئەوێ بکرێت. سبەینێ لە جێگەیەکی دی کوردستان بوومەلەرزە دەبێت، دوو سبەی پێویست دەکات بۆ ئامادەکردنی کادری کوردی کۆمەڵێک خوێندکار بۆ ئۆکسفۆرد یا کامبردج بنێردرێت. با فۆندەکە یارمەتییان بدات.

هەڵبەتە کوردی ئێمە، یا فیدراسیۆن و ڕێکخراوەی تر هاریکاری کوردستان دەکەن و هەر یەکەی شتێک دەکات، بەڵام لە ئاستی پێویستی و مەزنی ئامانجەکەدا نییە، ئەمە لە لایەک. لە لایەکی دیکەوە: بەڕای من شورەییە بۆ کادری کوردی، دکتۆر، ئەندازیار و خاوەن بڕوانامەی بەرز کە لە دەرەوەن و بۆ کوردستان ناگەڕێنەوە. ڕاستە لەوێ ژیان سەختە، بەڵام خۆ دەتوانن هەر یەکەی چەند مانگێک لەوێ بن و خزمەتی کوردستان بکەن.

لە پاشدا، بەڕای من، بەدبەختی و بەختڕەشییە کە ئەمڕۆ ناکۆکی لە نێوان PKK و کوردستانی باشووردا هەیە. ئەمە ماڵوێرانییە. سبەینێ مێژوو بە پیتی ڕەش و بە خوێن لەم کارە دەدوێت، ئەمە شورەییەکی مەزنە. من تێدەگەم کە پارتەکان کێشە و دژایەتیان لەناودا هەبێت، بەڵام دژایەتیکردنی ئەمڕۆی کوردستانی باشوور ناکەوێتە سەری من.

ئەمڕۆ کوردستانی باشوور بەرەی جەنگ و خەباتمانە، گەرەکە لە لایەنی ئابووری، دیپلۆماسی، سەربازی و زانستی و بە هەموو جۆرێک هەوڵی سەرخستنی بدەین. من لەو باوەڕەیشدام کە تەنیا پرینسیپی فیدراڵی دەردی کورد چارە دەکات... هەروەکو بەر لە ١٠ ساڵێک نووسیبووم: "هەرچەندە ڕێگەیان نەدەدا، لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا ئۆتۆنۆمی ناتوانێت ببێتە مۆدێلێکی گونجاو و سەرکەوتوو. ئۆتۆنۆمی بۆ ئەورووپا دەبێت، دوو فاکتەر بۆ ئەمەش هەیە: ئۆتۆنۆمی بەشێکە لە دیموکراتی، کاتێک لە ئێراقدا دیموکراتی نەبێت، چۆن دەتوانرێت لە کوردستاندا پیادەی پرۆسەیەکی دیموکراتی، واتە ئۆتۆنۆمی بکرێت."

هەروەها بەپێی ئایینی ئیسلام دان بە مافی هیچ نەتەوەیەکدا نانرێت و سنووری نەتەوەیی نییە، هەموو بەشێکن لە نەتەوەی ئیسلام. من لەو باوەڕەدام کە فیدراڵی لە

کوردستان سەردەکەوێت و دەبێتە پەندێکی باشیش بۆ نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست...

– پێتان وایە کە ئاسۆیەکی ڕوون لەبەردەم کوردستانی باشووردا هەیە؟

– شاکرۆ محۆی: من باوەڕم بەوە زۆرە کە سەردەکەوێت، بەڵام من شتێکی تریش دەڵێم: بەبێ کۆمەکی دەرەکی کوردستانی ئێراق ناتوانێت هیچ بکات. ئەوە بەڵگەنەویستی و پەیوەندی بەوەوە نییە پارتی یا یەکێتی هەڵە دەکات یاخود پێشمەرگە خراپ شەڕ دەکات. چونکە هێزی کوردستان لە بەرامبەری دوژمندا نابەرامبەرە. دەمخوازم بڕوا بێنم بەوەی کە ئەمریکا و ڕوسیا و ئەورووپا پشتگیریمان دەکەن. ئەگەر نەیکەن ئەوە بۆ نەتەوە یەککگرتووەکان بە بێئابڕوویەکی زۆر دادەنرێت، چونکە ئەگەر ڕێگە بە سەدام بدرێت گینوسایدێکی تر و خراپتر دەکات و ناهێڵێت کوردستان بە ئامانجی خۆی بگات.

لە لایەکی ترەوە ئۆپۆزیسیۆنی ئێراقی هەیە، کە لەناویاندا ئیسلامیش هەیە، پشتگیری پرینسیپی فیدرالیزم دەکەن، ئەگەرچی تاکتیکیش بێت، بەڵام هەر باشە و سوودی بۆ ئێمە هەیە.

من بەم شێوەیە ئاسۆیەکی ڕووناک بۆ کوردستان دەبینم... بەڵام بێگومان دەبێت یەکێتیی ناوخۆییشمان بپارێزین، خوا نەکردە سبەینێ مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی ئێخەی یەکتر بگرن و شەڕی ناوخۆ هەڵبگیرسێنن ئەوا هیچمان بۆ بەدی نایەت. ئەو کاتە دەبێت سەری خۆمان لە قوڕ بگرین و بە هەموو جیهان ڕابگەیەنین کە ئێمە شایەنی سەربەستی نین... ئێمە دەبێت لە ڕێگەی کوردستانی باشوورەوە بۆ هەموو جیهانی بسەلمێنین کە دەتوانین خۆمان بەڕێوەبەرین و بۆ ئەو کارە پێگەیشتوو و ئامادەین. بۆ ئەو مەبەستەش پارتەکان دەبێت هەموو وزەیان بۆ خزمەتی کوردستان و میللەت بەگەڕ بخەن، نەک بە پێچەوانەوە.

# چەند کورتە سەرنجێک سەبارەت بە "کلامەک ژ بۆ بەکۆ"

**فیلمی: کلامەک ژ بۆ بەکۆ.**

**ڕژیسۆر: نیزامەدین ئاریچ.**

**دانا ڕەووف**

بوون و نەبوونی سینەمایەک بە ناوی سینەمای کوردییەوە، ئەمڕۆ زیاتر لە جاران باسی لێوە دەکرێت. زۆر لە پسپۆڕ و ڕەخنەگرەکان تیشکی سەرنج و باری ڕەخنەی خۆیان سەبارەت بەم مەسەلە گرنگە دەردەبڕن. لە هەندەران و، لە ژیانی پەنابەری، تاک و تەرا، لێرە و لەوێ، تەقەلای دڵسۆزانەی پراکتیکی وەدەردەکەوێت. فیلمی گۆرانیەک بۆ بەکۆ (کلامەک ژ بۆ بەکۆ)ی هونەرمەند نیزامەدین ئاریچ سەرەتایەکی پتەوی دامەزراندنی ئەو تەقەلا گرنگەیە. بێگومان پرۆژەی سینەمای کوردی وەک ئاماژەمان بۆ کرد ئەمڕۆ لە کێشە و ململانێیەکی گەورەی بوون و نەبوون دایە و، هەوڵی بێوچانی بۆ دەدرێت، ئەم پرۆژەیەی هونەرمەند نیزامەدینیش دەچێتە خانەی ئەو تەقەلایانەوە، ئەوەی زیاتر جێگای دڵخۆشییە ئەم فیلمە، بە هۆی توانای پراکتیکی خۆیەوە لەسەر پەردەی سینەمای سویدی بۆ ماوەی یەک مانگ پێشکەش کراوە و، وەک ڕووداوێکی گرنگی هونەری مامەڵەی لە تەکدا کراوە و، لە گرنگترین ڕۆژنامەکاندا باس و ڕەخنە و تیشکی سەرنجی خراوەتە سەر.

ڕووداوەکانی کلامەک ژ بۆ بەکۆ لە لاپەڕەیەکی تری پڕ لە تراژیدیای میللەتەکەمان دەدوێت، برایەکی (بەکۆ) لە باکووری کوردستان ئامادە نییە ببێتە سەربازی تورک، ناچار هەڵدێت و، بەرەو باشووری کوردستان دەچێت، کاتی ڕووداوەکانیش گەرمەی دوارۆژەکانی جەنگی عێراق-ئێرانە و، سنوورەکان مەترسییەکی گەورەی لێ دەکرێت، هەڵهاتنی براکەی (بەکۆ) دەبێتە هۆی گیران و هەڵکوتانە سەر بەکۆش، ئەویش ناچار هەڵدێت و، لە گەشتێکی گرانی پڕ لە مەترسیدا بەرەو خوارووی کوردستان دەچێت، لەوێ لە کوردستانی بەشی خوارووودا لە ئۆردوگایەکی بچووکی ئەو کوردانەی بەهۆی ڕووداوەکانی جەنگی عێراق-ئێران و، هێرشەکانی سوپای عێراق بۆ سەر زاد و گوندەکان دەگیرسێتەوە... لەو ئۆردوگایە دەبێتە هاوڕێی گوندنشینەکان و، پەیوەندی و خۆشەویستی لە نێوانیاندا دروست دەبێت، بە تایبەتی لەگەڵ کیژێکی بچووکدا بە ناوی (زینێ).

کاتێ جەنگی عێراق-ئێران، دوایی دێ خەڵکی ئۆردوگاکە جێ دێڵن و، بەرەو گوند و جێگای رووخێنراوی خۆیان دەگەڕێنەوە، بەڵام ڕژێمی فاشی عێراق نایەڵێت ئەو خەڵکە بەئاسوودەیی بژی، لەناکاو گاز و بۆمبای کیمیاوی سەراپای گوند و سروشت و خەڵکەکە شەهید دەکات، بەکۆ دەتوانێ زێنێ بە زامداری دەرباز بکات و، هەردووکیان پێکەوە ڕێگەی ئەڵمانیا دەگرنە بەر، لەولاشەوە براکەی دەگیرێت و، بە گیراوی دەیکەنە سەربازێکی تورک و، لە یەکێک لە هێرش و بۆسەکانی پێشمەرگەدا شەهید دەکرێت.

کلامەک ژ بۆ بەکۆ، پرۆژەیەکی هاوبەشی کوردی و ئەڵمانییە و، لە ئەرمینیا لەبەر نزیکی و لێکچوونی سروشتی ئەرمەنستان لە کوردستانەوە وێنەکانی گیراون و، نیزامەدین هەر خۆشی کاراکتەری سەرەکی و پاڵەوانی فیلمەکەیە... یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی فیلمەکە لە ڕووی نواندنەوە ئەو کۆمەڵە منداڵەیە کە پاڵەوانی سەرەکین و، لەگەڵ بەکۆ هاوکێشەیەکی هونەرییان خوڵقاندووە و، زۆر سەرکەوتوانە پارێزگاری ڕەزم و یەکەی فیلمەکەیان کردووە، ئەوان لە زۆرانبازییەکی گەورەدان لەگەڵ بەکۆ، بەڵکو بەکۆ خۆی لە زۆر دیمەندا لە ئاستی پێویستدا نییە، بەتایبەتی دیمەنی کیمیاویی بارانەکە، بە بڕوای من گەر هونەرمەند نیزامەدین خۆی ڕۆڵی بەکۆی نەدیایە ڕەنگە فیلمەکەی سەرکەتووتر بووایە. جێگۆڕکێی دیمەنەکان زۆر سەرکەوتوانەیە، هەروەها ڕەزمێکی ورد و زانستی پرۆسەی مۆنتاژەکەی بنیات نابوو... مۆنتاژی فیلمەکە هێندە سەرکەوتووانە بەرجەستە کرابوو، کە ڕۆڵێکی گەورەی گێڕابوو لە دیاریکردنی دیدی دەرهێنەر بۆ تێکڕای بنیادی فیلمەکە، ئەمە جگە لە وێنەکان، هەر لە کارتی تەواوەوە، بۆ وێنەی نزیک و، کلۆز و تابلۆی گشتی و تا دەگاتە وێنەکانی شەو و ڕووداوە سروشتییەکان، لەگەڵ جوانی ڕەنگەکان، بە تایبەتی لە گوزارشتی بارە جیاجیاکاندا، بارێکی دراماتیکی و پڕ لە بزاڤیان خوڵقاندبوو... هەروەها گوێزانەوەی کتوپڕی ڕووداوەکان لە کوردستانەوە بۆ ئەڵمانیا و، بەپێچەوانەوە، لەگەڵ ئاشکرانەکردنی کاراکتەری زینێ بە زامداری لە ئەڵمانیا تا کۆتایی فیلمەکە هێندەی تر هێزی بەخشیبووە ئاستی فیلمەکە. ئەمە جگە لەوەی ڕژیسۆر سەرکەوتوو بووە لە خوڵقاندنی کاراکتەرەکانیدا، بۆ نموونە کاراکتەری (شوان)ەکە هەرچەندە تەنها لە دوو دیمەنی کورتدا دەردەکەوێت، بەڵام کاریگەری خۆی هەیە و، لە بیر ناچێتەوە، هەروەها پەیوەندییەکانی نێوان منداڵەکان خۆیان لەناو خۆیاندا لە لایەک و، منداڵەکان و گەورەکانیان و، پەیوەندی هەردوو لا بە (بەکۆ) لە لایەکی دیکەوە لە پرۆسەیەکی پڕ لە بزاڤدا بووە هاوکێشەیەکی دراماتیکی زیندوو کە ڕاستەوخۆ گوزارشتی لە گیانی مرۆڤی کورد دەکرد.

ڕۆڵی تەکنیک بەئاشکرا دیارە، ئەمەش هێندەی تر یارمەتی ڕژیسۆریان داوە لە کردەیەکی پراکتیکی جواندا دیدی خۆی بەئاسانی بەرجەستە بکات و، وێنەکان بەوپەڕی ئارامییەوە پێشکەش بکات... کامێرا وەک پاڵەوانێکی سەرەکی فیلمەکە بە دوای

ڕووداوەکاندا چووە و، بەشێکی پڕ لە کێشە و تراژیدیای کوردی بە شێوازێکی هونەری بەرجەستە کردووە.

ئەم فیلمە تا ئێستا پانزە خەڵاتی پێ بەخشراوە و، لە فیستیڤاڵی وەنیزی ئیتاڵیدا بەشداری کردووە، هونەرمەند نیزامەدین گەرمکیەتی بەردەوامی بە کارەکەی خۆی بدات و، پرۆژەی ئەم جارەی لە خوارووی کوردستان ساز بکات.

**سوید**

**١٩٩٤**



# "خۆش بە حاڵی ئەو کەسانەی -ڕەنگی- خۆشەویستیان بێ سنوورە"*

لە کوردستان لە دایک بوون ڕووداوێکی پڕ لە ئازارە، وەک هونەرمەندێکیش لە دایک بوون ئیدی کارەساتە... هەر لە منداڵییەوە دەبێ ئاشنای وشەی قەدەغە، زیندان، ئەشکەنجە، کوشتن بن ئەڵبەتە نەک بە زمانی زگماکی خۆمان، نەخێر بە چەند زمانێکی بێگانە، زۆر دوورە لەو زمانەی دایکانمان لایەلایەمان بۆ دەکەن. بەم پێیە دەبێ دایکانمان بە چەند



زمانێکی بێگانە لە سەربازی بێگانە بپارێنەوە و هەواڵی جگەرگۆشەکانیان بپرسن.

لە کوردستاندا لە دایک بوون رووداوێکی بێهوودەیە، پێشتر دەزانین کە دەبێ بە زنجیرەی زیندان، ئەشکەنجە، کوشتندا گوزەر بکەین. لە کوردستاندا چارەنووسی مرۆڤ بە دەستی خوا نییە، رژێمەکان رۆژی لەدایکبوونمان بۆ دیاری دەکەن، ئێومان لێ دەنێن -ئێوی کوردی قەدەغەیە- جۆری کارمان بۆ دەستنیشان دەکەن، لە ئیستانبولدا پێڵاو بۆیەکردن و حەماڵیکردن، لە تاراندا حەماڵی و پێڵاو بۆیاخکردن، لە بەغدا و شامدا هەردووکیان... ئەگینا زنجیرەی قەدەغە-کوشتن چارەنووسمانە.

لە کوردستاندا وەک هونەرمەند لە دایک بوون، زۆر بەکورتی، دۆزەخە یان دەبێ پۆرتریتی شا و خەلیفە و سوڵتانەکان بکێشین، یان بەو زنجیرەیە رەد بین. دەبێ بە شان و باڵیدا هەڵبدەین. کتێب بەسەر بەخشندەیی و سوارچاکییان بنووسین. -ئەگەر نەء... تونێلی بنبەستی زیندان- ئەشکەنجە-کوشتن رێگەمانە.

وەک هونەرمەند لە دایک بوون ئەرکێکی گەلێ سەختە. هونەرمەندەکان چۆن لە هەلومەرجی زۆر سەختی کوردستاندا بتوانن هاوکێشەی ویژدان-هونەر-ئەرک لاسەنگ نەکەن -لە کوردستانێکدا کە خودا تێیدا بێدەسەلاتە چۆن زات بکەن ویژدان-هونەر-ئەرک بپارێزن. کارێکی ئەفسانەییە. وەک چاوەڕوانی گۆدۆ بێهوودەیە، وەک تۆڵەی هاملێت ئاڵۆز و بنبەستە، بەڵام وەک خودی هونەر پێویستە. لەکن ئێمە هونەر جێگری ئایەتەکانە، هونەرمەندیش پێغەمبەران. خۆشە بە حاڵی ئەو کەسەی ئەرکێکی ئەفسانەیی دەخاتە ئەستۆی خۆی و وەک پێغەمبەرێکی نەناسراو هەوڵ دەدات کە پێشوەختیش دەزانێ رێگەکەی پڕ لە ئەشکەنجەیە. هونەرمەندانمان دەزانن ئەو رێگەیەی هەڵیانبژاردووە پڕ لە گومان و ئازارە، نامومکینە. ئیدی بۆیە رەشبینیش دەبن، بێهوودانەش بیر دەکەنەوە، ئەڵبەتە کفریش دەکەن و یەخەی خۆشیان دادەڕن، بەڵام بێگومان ژیانیان بۆی تەرخان دەکەن.

مێژووی فایق رەسول بریتیە لەو پرۆسەیەی کە لە باسکردنیداین. فایق نەیویست لەو شارانەی رۆژهەڵاتی ئێوەڕاستدا ببێت بە حەماڵ، کەواتە دەبێ بە زنجیرەکە تێ پەڕێ... فائق زیندانی کرا، ئەشکەنجەی چێژت، کوشتنی بینی... پرۆسەکەی جێبەجێ کرد. جگە لە هونەرەکەی هەموو شتێکی پێشێل کرا. ئیدی دیارە کەس چاوەڕوانی ئەوە نییە فایق هونەرێک بخولقێنێ کە ئاسایی بێت، مەبەستمان کە نائاسایی بێت. بە درێژایی کارە گرافیکەکانی -رەش و سپی- فایق هەوڵی داوە مێژووی کۆنتراستی خوا-شەیتان، چاکە-خراپە، ئاگر-ئاو، ئاسمان-زەویی، پێستەی رەش-پێستەی سپی، نەتەوەی پلەی یەک-نەتەوەی پلەی دوو، بگێڕێتەوە. پرسیاری هەرە زەقی ئەو تابلۆیانە، کێ یاسای ئەو جیاوازییانەی نووسیوەتەوە چۆن ئەو سیستەمانە هاتوونەتە دامەزارندن. فایق بۆ زیاتر وردبوونەوە لە نارەوایی کاری دابەشکردنی شتەکان بەسەر دوو پۆل، پەنای بردە بەر رەنگ

و ڤیگەری پەرش و بڵاو. فایق لە کارەکانی دواییدا لەژێر ئەو هەموو رەنگ و تیشک و ڕۆشناییە مرۆڤگەی، راستر سێبەری مرۆڤگەی دیفۆرمکراو، لە ئێکسیلدا رەتاو و لە خۆ نامۆی شاردۆتەوە... ئا ئەمەش پۆپەیەکی دیکەی ئازارەکانە کە ئینسان لە کوردستان دەرکی پێ ناکات.

کە لە کوردستاندا لەشی ئینسان لە ئەشکەنجەدایە، بەڵام رۆحی گەشە و هەر رۆژێ دەتوانێ بۆنی خاکی ئاشنا بە هەستەکانی بکات، بگرە لە مشتیدا بیگرێت. بەڵام لە هەندەراندا رۆحمان هەپرون بە هەپرونە. نامۆین نەک تەنها لە خەڵکەکەی بەڵکو لە خودی خۆمان... هەمیشە لە خۆ دەپرسین، من لەم ئۆردیل... دۆزەخە چ دەکەم... من لەم جەنگەڵی میتاڵە چ دەکەم وێرای ئەو هەموو ئازارانە دەبێ فایق پەنجەرەیەکی هیوا شک بەرێ ئەو رەنگە گەش و پڕ لە چاوەڕوانییەی کە لە تابلۆکانیدا هەن بێ بناغە نین. ئەڵبەتە جێی سەرسوورمان نییە، چونکە فایق باسی بارودۆخی گۆڕاوی ئەو خەڵکانەی کوردستان دەکات کە مێژووی دەگەڵیاندا هەیە. بەرجەستەکردنی خەونەکانی ئەو خەڵکە ئەڵبەتە پەنجەرەی هیوا دەکاتەوە.

خۆش بە حاڵی ئەو کەسانەی "ڕەنگی" خۆشەویستیان بێ سنوورە.

**سەلام زەندی**

**سوید ۹۳**

* پێشەکی (کتلوک)ی تابلۆکانی هونەرمەند فایق رەسول کە بە زمانی ئەڵمانی نووسراوە.

بدر شاكر السياب

# لە نێوان ڕەشبینی و جەستەی لە کارکەوتوودا

ڕێدار صابر محمد صالح

ئایا هەواڵی زۆرانبازییەکەی سەیاب و قاچە لەکارکەوتووەکەیت پێ گەیشتووە؟
ئەگەر پێت نەگەیشتووە ئەوا خۆی لە قەسیدەی (دارعەسای ناو دۆزەخ) باسی دەکات کە مانگێک بەر لە مەرگی لە نەخۆشخانەی (ئەمیری) لە کوێت نووسیویەتی:

**"خەڵک بەرەو ترۆپک دەڕۆن**

**بەڵام من توانای سەرکەوتنم نییە**

**ئۆف لە قاچەکانم...**

**چرپایەکەم زیندانمە، تابووتمە، مەنفای ئازارمە**

**مەنفامە بۆ نەبوون"**

هیچ نەخۆشخانەیەک نەیتوانی چارسەر بە ژانەکانی ببەخشێ، نەیتوانی ئەو جاڵجاڵۆکەی لە ساڵی ١٩٦١ تا ١٩٦٤ بە قاچەکانیەوە نووسا بوو لە کۆڵی بکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو تلانەوە و ئازار و ئەشکەنجەیە بووە مایەی نووسینی چەندەها قەسیدەی ڕێک و بەتام کە لە ڕووی ئیستاتیکییەوە توانایەکی زۆری بە ڕەوتی شیعری عەرەبی بەخشی.
ئەو قەسیدانەی لە ماوەی چوار ساڵی نەساغی نووسیویەتی مایەی گەرم و گوڕی و تینێکی زۆر بوو بۆ ئەدەبیاتی عەرەبی کە وایان لە سەیاب کرد بەهەق ببێتە پێشەوای تێکشاندنی قاڵبە شیعرییە سواو و مەنلوفەکان.
ئەم شاعیرە لوتکەیە لە سەرەتادا تەنها هەستی بە کەمێک بێجووڵەیی قاچەکانی دەکرد، بەڵام لەدواییدا تەشەنەی کرد و وای لێ هات دکتۆرەکانی زانکۆی ئەمەریکایی نەشتەرگەری بۆ بکەن کە ئەم زانکۆیە لقێکی هەبوو لە بەیروتی پایتەختی لوبنان.
سەیاب دوای لەکارکەوتنی قاچەکانی نەیتوانی هەنگاوێک چییە بیهاوێت.
با ئێستاکە گوێ لەم شاعیرە بگرین و بزانین چی دەڵێ:

**"دەڵێم ڕۆژێک دێ... لەدوای ڕۆژێک بێ یا مانگێک**

**یان لەدوای چەند ساڵێکی نووشوستی**

**یان لەدوای چەند زەمانێک**

**دەڕۆم... دەڕۆم لەسەر قاچەکانم**

**هەما لە دەست... لە دەستی ڕاست**

**ئەی، دوو ئەما**

**لەژێر سکمدا لاشەیەک هەڵدەگرن**

**کە لە ژانەا ئەنا دەبێ"**

مەرگەساتی سەیاب لەو کاتەوە دەستی پێ کرد کە لە تەمەنی شەش ساڵیدا دایکی کۆچی دوایی کرد. ئەو کارەساتە لە دیدەی ئەندێشەی مایەوە تا ڕۆژی مردنی کە ئەکاتە ساڵی ١٩٦٤، بۆیە دەبینین لە زۆربەی قەسیدەکانیدا تارمایی و سێبەری موعاناتی ئەمانی دایکی باڵی کێشاوەتە سەر کارەساتەکان.

بەر لە مردنی بە ساڵێک ئەو ساتەی لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی لەندەن لەسەر چرپایەکەی ڕاکشا بوو، قەسیدەی "ڕەشەبا دەرگاکە دەکوتێ" دەنووسێ کە دەڵێ:

**"با . . . ئەبێ کەس لە دەرگای ئەداوە**

**ئۆه . . . ئەگەر گیانێک لەسەر -با-**

**بەسەر کەنار و وێستگەی ئەوەندەفەردکان بشنێتەوە .**

**لە فەرییەکان بپرسێ، لەو فەرییەی کە هوێنی بوو**

**لەسەر قاچەکانی دەرۆشت، ئەمرۆش بە تێکشکاوی دەخشێ**

**ئەو گیانە گیانی دایکمە، ئەوپەنێکی مەزن دایچلەکاندووە**

**خۆشەویستی دایکایەتی کە دەگری:**

**"ئۆه . . . ڕۆڵە دوورەکەی لە ماڵم**

**هاوار، چۆن دەگەڕێیتەوە، بەبێ ڕێناس و هاوڕێیەک ."**

ئەو ڕۆژەی تەرمی "سەیاب"ی لوتکە لە گۆرستانی "حسن البصری" بە خاک سپێردرا باران بوو، ڕەهێڵە بوو، وەک ئەوەی ئاسمانیش بەشداری لە گریانی خزم و ئازیزانی بکات لە مەراسیمی ناشتنی جەستەیەکی شەکەت و گیانێکی هەڵوەدای گەران و داهێنان.

# ڕۆڵی ڕێکخراوە مرۆییەکان لە تێکشکاندنی کەسایەتی نەتەوایەتی کورد

شوان موسمان

بەر لە هەموو شتێک، دیارە بەپێی گۆڕانکارییەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پێشکەوتنی مێژووی قۆناغەکانی کۆمەڵ، لە ناوەوە و دەرەوەی کیانی گەلانەبووی ئادەمیزاددا... کۆمەڵێک خەسڵەت و سیما و هۆشمەندی و بۆچوون و هەڵوێست و پێشبینی مرۆڤانە و لۆژیکیانەی خودی خۆی سەریان هەڵداوە کە بە ئاوێتەبوونی سەر لەبەریان لەگەڵ یەک (کەسایەتی)یان پێکهێناوە... هیچ زادەیەکیش نییە خاوەنی کەسایەتی خودی خۆی نەبێت، بەڵام ڕادە و ڕێژەی بوون و نەبوونی، دیارە بە دەرکەوتنی خودی ڕەوا و ڕاستەقینەی خۆی لە گۆڕەپانی ململانێ و پەیوەندییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا و هەر یەکە ئەو کاتە بەگوێرەی کەسایەتی سەربەخۆی خۆی دەناسرێ. ئێمەش دیارە وەکو گەلی کورد ساڵەهایە لە دەرئەنجامی نەبوونی قەوارەیەکی نەتەوایەتی و کیانێکی ڕاستەقینە و سەربەخۆی نەتەوەیی، هەمیشە لە قەیرانی نەبوونی کەسایەتی و دیارنەبوونی تانەنەت کیانی تاکایەتیش تا گەردن لە پەلەقاژێی بوون و نەبوون دا بووینە... بەڵام لە سایەی تەبەردی و قوربانییەکانی ٣٠ ساڵەی ئەو گەلە شۆڕشگێڕە، جارێکی تر بڕیار کەوتە بەردەستی خۆمان و گەورەترین کودەتای مێژووی هاتە دی... بەمەش لە باشووری کوردستاندا تا ڕادەیەک لەبەر چاوی دەوروبەردا لەتەک سەرکەوتنی مێژووی، بەپێی بوون و نەبوونی کیانێکی ڕەوای خۆمان شێوەیەک لە (کەسایەتی)مان خستە ڕوو بەتایبەتی دوابەدوای هەڵبژاردنی پەرلەمان و پێکهێنانی حکومەتی هەرێم و دروستکردنی دەسەڵاتێکی ڕەوای ئیداری و سیاسی و پەرلەمانتاری و دانانی دەزگاکانی ڕاپەڕاندن و یاسایی و، هەروەها خۆخڕکردنەوەش لەناو یەک پرۆسەی یەکگرتووی سیاسی هەموو ئەم هەنگاوانەش سەر لەبەریان دەلالەتی ئەوە بوون:

١- تایبەتمەندی کیان و قەوارەیەکی ڕەوایی بەرجەستە بکەن.

٢- ناسنامەیەکی ڕەسمی و شەرعی بوونی کیانێکی نەتەوایەتیشمان لەسەر ئاستی ناوچە و هەرێم و جیهاندا پێ بناسێن.

بۆیە لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگای بەدەستهێنانی خواست و مافی ڕاستەقینەش بەپێی حەزی ئێمە گوڵڕێژ نەکراوە؟ پێم وایە ئەمڕۆکە لە هەموو وەختێکی تر بەتایبەتی لە دوای بڕینی ئەو ئەزموون و بڕینی ئەو قۆناغانەدا، پێویستمان بە جێبەجێکردنی بەرنامە و پرۆگرامێکی دیاریکراو و سەربەخۆی خۆمان هەیە لەمەڕ ئەو هۆکارانەی دەبنە پێشکەوتنی قەوارەکەمان

و ڕادەنەگرتنی خواست و ئارەزووشمان، لەبەر ئەوەی ئیدی بەر لەبەرچاوگرتنی هەندێک گۆڕانکاری جیهانی و هەرێمی و ناوچەیی و هاتنە پێشی ئەو دەستکەوتە مێژووییانەشمان ئیدی ناکرێ زیاتر چاوەڕوانی (گۆدۆ)ی ڕێکەوتی زەمەن و دەستەوپاچەی سوورکەلە چاوشینە مێوانەکانمان بین، تا بڕیار دەدەن و بەرنامەی داڕێژراویان جێبەجێ دەکەن.

بەتایبەتی سەبارەت ئەو هەلومەرج و پێداویستانەی خودی خۆمان کە لەوانەیە ئایندەش لە مەسەلەیکی چارەنووسسازی مەزنتریشدا خۆی بگرێتەوە... بەرنامەکانیش کە ئەمڕۆکە پێویستە بکەونە بەر دەستی خۆمان دیارە (ئازووقە و سووتەمەنی)یە بە پلەیەکی سەرەکی. لە کاتێکیشدا خەونی هەموو کوردێکی ئەو پارچەیەیە، کە ئەو ئەزموونەمان لێ تێک نەشکێت و پەرەش بسێنێت... بەڵام لەوە گرنگتریش دەبێ قەوارەی بڕیار و بەرنامەکان لەناو قاوغی تەسکی خۆیاندا نەمێننەوە، بەڵام بە کام هەوڵ و هەڵوێست؟ پێم وانییە هیچ یەکێکمان حەز بکات کێشەکەمان لە یەک قەوارەی ناوچەگەرێتی بوونی خۆی بمێنێتەوە، دیارە بۆ دەرئەنجامی چاکتریش، سەرەتا لە دەستپێکی هەڵوێست و پێشبینییەکانی خۆمان سەر هەڵدەگرێ، ئنجا ئەوان -دەوروبەرەکەمان- دوایی دێنە سەر باوەڕهێنان بە ڕایەکانمان.

ئەمڕۆکە بڵێین و نەڵێین بە حوکمی زەمەن و بارودۆخی سیاسی-جوگرافی ناوچەکەمان چەندین ڕێکخراوی مرۆدۆست و خێرخوازی هەمەلایەنەی نەتەوەکانی جیهان ئەو دەروازەیان بۆ واڵا بووە کە لێیەوە بێنە ناو جەرگەی واقیعەکەمان بە ناوی هانا و هاریکاری گەلەکەمان، هەروەها دیارە لە بەردەم قەیرانی کێشە ئابووری و ئیداری و سیاسییەکانیشمان تا ڕادەیەکی باش جێبەجێی بەرنامە و بڕیارەکانیان دیارە، وەکو لایەنێکی سێیەمی خودی کێشەکەمان و هەروەها ڕەوایی و ئامادەیی بوونیشیان بووەتە حەتمیەتێک بەتایبەتی لە دوای داهاتنی ئەو گۆڕانکاریانەی جیهان. هاوکات جێی شانازی و سوپاسیشە ڕێز لە هەوڵ و بەرنامەی خزمەتگوزارییان بگرین، بەڵام بە مەرجێک سەرکەوتن و سەرخستنی بەرنامەکانیان لەسەر بنچینەی ژێراوژێرکردنی کەسایەتی و کیانی سیاسی و ئیداری هەرێمی بە فیدراڵی بوومان نەبێ. دەشێت لەو ئەزموونانەی بەر لە ئێستا بپرسین لە بەرامبەر بەرنامەکانیان ئایا چەند دەسکەوت و زیانی کاتی و چارەنووسسازیمان هەبووە؟ یاخود لە تەک هەنگاوە پیرۆزەکانیان کام تارمایی ترسناک هەیە خۆی پێچاوەتە هەنگاوەکانمان؟ بەر لە هەموو شتێک دەبێ لەوە دڵنیا بین (لەنێوان بەیەکداهاتنی دوو کەسایەتی ناهاویەکی هێز و تەرازوودا، هاوکێشەیەکی ناهاوسەنگ و ناتەبای، نابابەتی دێتە کایەوە.) کە کار لە کەسایەتی ڕاستەقینە و ناوەڕۆکی هەموو کێشە و خودێک دەکات. ئەوەتا ڕێکخراوەکان بە کەسایەتییەکی هێزدار و پتەو دێنە بەرچاو لە بەرامبەر کیانی حکومەتەکەمان، لە کاتێکدا بەتایبەتی کە هاوشانی ئەوان خاوەنی وەزارەتێکی تایبەتمەند و هاوچەشنین لەژێر ناوی (وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری) کە ئەرک و کاریان تایبەتە بە کۆمەکی و هاریکارییە نێودەوڵەتی و داهاتنی

ڕێکخراوە خێرخوازەکان. ئایا لە نزیکبوونەوەی ئەو دوو کەسایەتییەدا تا چەند کیان و قەوارەی بەرنامە و بڕیاری کەسایەتی لایەنێک ملکەچی لایەنەکەی تر دەبێت؟ هەرچەندە ئەوان بەگوێرەی بڕیار و بەرنامەی ناوەندێتی خۆیان پرۆگرامی فریاگوزاری خێرخوازی و کۆمەکییانەیان بۆ گەلی کورد جێبەجێ دەکەن، دیارە ڕازیش نابن بکەونە بن کاریگەری بەرنامە و بڕیاری ئێمە، بەڵام خۆ پێویستە تا ڕادەیەک هاویەکی و تەبایی بوونێک لەسەر ئاستی کەسایەتیدا هەبێت یاخود دەبێ وەزارەتی ناوبراوی ئێمە لێرەدا ڕۆڵێکی بەرچاو و بەرنامەیەکی دیاریکراوی هەبێت لە بەرامبەر ئەو نێردراوە کۆمەکی و داهاتانە، بەڵام گوێ نەدانی ئەوان بە بڕیار و بەرنامەکانی ئێمە دیارە هاوشان دەبێ لە تەک بەرژەوەندییە تایبەتەکانیان کە خۆی لە کۆمەڵێک پێشبینیی سیاسی و جیۆپۆلۆتیکیدا دەبینێتەوە، هەوڵ دەدەن لەناو مەزەندە و ئاوەزی ئێمەدا کەڵەکە بکات و لە ئایندەشدا وەکو بەرنامەیەکی سەرکەوتوو گوزەر بکات و پیادە ببێت. ئەگینا لە بەردەوامبوونی ئەو شێوازە بەرنامەیی و بڕیاردانە یەکلایەنییە، دیارە چارەنووسێکی شووم چاوەڕێمان دەکات. بۆیە پێم وایە خەمی وەزارەتەکەی حکومەتەکەمانە کە هەوڵێکی تۆکمە و بەجێی خێرا بدات، بۆ ڕادەدانان لە تەشەنەنەکردنی ئەو ناهاوسەنگییە دروستکراوەی لایەنی سێیەم و دیاریبوونی کەسایەتی کیانەکەشمان... دیارە دانپیانانیش بە ڕەواییبوون ئەرکی هەردوو لایەنە کە لەسەر مەسەلە بنچینەییەکان کە دەبێ پێک بێن، ئەو کاتە ئێمەش لە قەوارەی فریادرەسی و نیگای سۆزنامێزانەوە دەچینەوە نێو قۆناغ و قەوارە و کەسایەتی کێشەی ڕاستەقینەی خودی خۆمان. با چیتر خودی کەسایەتی تێکشکاوی ئێمەی کوردیش خۆی بە تێکشکاوی تر نەبینێتەوە، چونکە وەکو دیارە لە بەردەم داڕشتن و جێبەجێکردنی بەرنامەی کارەکان چەند بوونی کیانی ئێمە و حکومەتەکەمان لە بچووکبوونەوەدایە، ئەوەتا بۆ ڕێکخراوەکان نایێن متمانە بە قەوارەی حکومەت و وەزارەتە تایبەتمەندییەکەی بکەن و بڕیار و بەرنامەی دابەشکردنی (ئازووقە و سووتەمەنی) بخەنە دەستی خاوەنی خۆیان کە ئەمڕۆکە هەردووکیان دوو هۆکاری ژیان و گوزەرانن و دوو ئامرازی هەڕەشە و مەترسیداریشن. ئەم خەسڵەتەش دیارە لە ناهاویەکی و ناعەدالەتی دەسەڵاتی کیان و قەوارەی کەسایەتیدا ئاشکرا دەردەکەوێ کە بێگومان لە ئایندەدا بە زیانی ئێمە دەگەڕێتەوە. هەرچەندە لەتەک ئەو هەوڵانەی ئەوانیش هەندێک دیاردە و خەسڵەتی نێگەتیڤ و نالەبارانەی گەلەکەی ئێمەش هەیە، کە بووەتە هۆی لاوازی بوونمان لە بە خاوەنیبوونی مەسەلەکان. ئەگەر وەزارەتە خۆشەویستەکەمان لەڕێی شەرعیەتبوونی ناوەندێتی دەسەڵاتی حکومەتەکەیدا دەنگی خۆی نەگەیەنێتە گوێی بارەگا و نووسینگەی بەرپرسیار و سەرپەرشتیارانی ئەو ڕێکخراوانە، بۆ هاتنە بەر ڕای کارکردن لەگەڵ کیان و بوونی کەسایەتی دەزگا ئیداری و شەرعییەکانی ئێمەدا، بێگومان ئەگینا فاکتەرەکەی دەرەوە لە بەردەم لاوازبوونی فاکتەری ناوەوە (کە خۆمانین) بەهێزتر و بەرچاوتر دەبێ، هەروەکو مەسەلەکەیشی لێ دێت "ئەوان دەبنە خاوەنماڵ و ئێمەش دەبینە مێوان." لەڕاستیدا لەبەر ئەوەش کە مەسەلەی چارەنووسسازی گەلەکەمان پێویستی بە هەڵوێست وەرگرتنێکی مەبدەئیانەی وا هەیە لە بابەت بڕیار و بەرنامەدا بۆ کەمکردنەوەی ڕەهەند و ئەگەرەکان لە ئاییندەدا، هەروەها پێم

وایە ئەوان جگە لە خزمەتگوزاری تایبەتی و سیاسی خۆیان، هەوڵەکانیان بە زیانی ئێمەش دەگەڕێنەوە کە خۆی لەمانە دەبینێتەوە:

١- چەقین و نەپەڕینەوەی کێشەکەمان بۆ قەوارە و ئاقارێکی تر.
٢- مانەوەی مەسەلەکەمان لە جوغزێکی تەسکی ویژدانیانەدا نەوەک مەسەلەیەکی نەتەوەییانە.
٣- شکستهێنانی پێشبینی واقیع و خەون و هۆشمەندی تازەتر بۆ ئایندە.
٤- زەقبوونەوەی خودی کەسایەتی کوێخایەتی ئەوان و بنبڕبوونی کەسایەتی کوردیش.
٥- کوژاندنەوەی ڕۆڵ و کەسایەتی پێکهاتەی پارت و لایەنە سیاسییەکان و حکومەتی هەرێم.
٦- دیاریکردنی رادە و قەوارەی بڕیار و بەرنامەی هەموو تاکێکی کۆمەڵەکەمان.
٧- بەخاوەنبوونی واقیعەکەشمان کە لە بەقەرزبوونیان بەسەر واقیعدا خۆی دەبینێتەوە.
٨- لەبار یەک دەرهێنانی هاوکێشە و بنەما بابەتییەکان بۆ نەرەخسانی زەمینەی داهاتنی هۆکارێکی تری بابەتی. بەمانەش لە ئایندەدا کیان و قەوارەی کەسایەتی هەر خودێک دەبێتە لەیستۆکێک بەپێی هەوەس و بەرژەوەندی ئەوان دەستکاری دەکرێ. بۆیە لە قۆناغی ئەمڕۆکەدا پێویستە کیانی کوردی کە لەنێو دەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا خۆی دەبینێتەوە و بەرجەستەی کەسایەتییەک دەکا بەتایبەتی لە کوردستانی باشوور، دەبێت خودی خۆی لەبەرچاوی هەردوو فاکتەردا بەرجەستە بکات، ئەمەش کاتێک دەبێت کە بووە بنەما و چاوگێکی بەرفراوانی بەرهەمهێنانی ئابووری و یاخود سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ دابینکردنی نان و ژیان و گوزەران.

**کوردستانی باشوور**

**شەقلاوە ١٩٩٣**

# سوپاس

سوپاسی برای هێژامان کاک ئیبراهیم قوربانی دەکەین، کە بە کۆمەکی ئەو ژمارە (٩) ی ڕابوون لە کوردستان و سوید چاپکرا.

**دەستەی نووسەران**

# تکا

تکا لەو خوشک و برایانە دەکەین کە "ڕابوون"یان لە ڕێگەی پۆستەوە پێدەگات لە کاتی گۆڕینی ئادرێسەکانیان ئاگادارمان بکەن.

# بابەتەکان


ئەمنستی جیهانی داوا لە سەرکردایەتی کورد دەکا ................ ٥
بانگەوازێکی جیهانی بۆ پشتگیری کردنی گەلی باکووری — وەرگێرانی ئەزەند
کوردستان ................ ٨ بەگی خانی
کێ بەرپرسیارە لە تێکشکانی ئەزموونی باشووری کوردستان؟ ١١ کاروان عەبدوڵلا


## باس و لێکۆڵینەوە


ئیمپراتۆریەت بۆ حزب، یان قەوارە بۆ گەلێکی بێدەوڵەت؟ .......... ١٥ هاشم کۆچانی
دیموکراتیبوون، یان دیموکراتییەکارهێنان ؟ ................ ٢٦ ئاڵە حەفید
لە شاخەوە بۆ شار، رۆڵی حزب و حکومەت! ................ ٣٢ کەمال میراودەلی
دەوڵەتێکی کوردی: بەشدارییەکی پێویستە بۆ پاراستنی ......... ٤٦ د. رۆناڵد مۆنش
دەربارەی کەسایەتیی کورد ................ ٧١ حوسێن محەمەد عەزیز
لە پێناوەی ژیانەوەی ئافرەتدا ................ ٨٣ مەهاباد قەرەداغی
من وەجاغی لە کوردستاندا ................ ٩٨ مارتین ڤان برواینیسن
دیاردەی منداڵ زۆریی و دروستبوونی کێشەی خێزان ............ ١١٧ ئامانج گەرمیانی


## دەکومێنت


مێژووی یەکەمین چاپخانە کوردییەکان ................ ١٢٣ فەرهاد پیرباڵ


## چاوپێکەوتن


ئینتەرڤیو لەگەڵ مێژووناسی کوردی قەفقاز: — ئارام عەلی
پرۆفیسۆر شاکرۆ محۆی ١٣١ ئامادەی کردووە


## پانۆراما


چەند کورتە سەرنجێک سەبارەت بە کلامەک ژبۆ بەکۆ ............ ١٤٢ دانا رەئووف
خۆشبەحاڵی ئەو کەسانەی رەنگی خۆشەویستیان بێ سنورە .. ١٤٥ سەلام زەندی
بدر شاکر السیاب لە نێوان رەشبینی وجەستەی لەکارکەوتوودا ١٤٨ ریدار سابیر
رۆڵی رێکخراوە مرۆییەکان لە تێکشکاندنی کەسایەتی .......... ١٥٤ شوان عوسمان

# RaBûN

Cultural Kurdish Journal- No. 10,11/1994

Editor in chief

*Rafik Sabir*

Editorial Board

*Kamal Mirawdali*

*Hashim Kochani*

*Karwan Abdulla*

Technical Editor

*Dylan Dersim*

Sweden

# RaBûN

Cultural Kurdish Journal- No.10,11/ 1994



بەرهەمی هونەرمەند: فایق رەسوول